ژماره (١١) تشرینی یەکەم ٢٠٠٧

گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە مانگانە لە رانیە دەردەچێت

لەسەر ماڵپەڕی www.dengekan.com هەموو مانگێک بخوێنەوە

خاوەنی ئیمتیاز:

ئەردەڵان یوسف محمد

(ئەردەڵان مام وسو دزەیی)

سەرنوسەر:

قادر ئەحمەد عومەر (هەڵگورد)

بەڕێوەبەری نوسین:

غەفور نادر حەمەدەمین

مۆبایل و ئیمەیلی سەرنوسەر:

٠٧٧٠١٤٥٤٣٣٠ئاسیا ٠٧٣٠١١١٣٢١٨ئاسیا

halgordpshdare@yahoo.com

مۆبایل و ئیمەیلی ب. نوسین: :

٠٧٧٠٢١٣٤٧٢٢ئاسیا ٠٧٣٠١٥٢٠٧١٤ئاسیا

gafurranya@myway.com

ئیمێلی گۆڤار

znarmagazin@yahoo.com

ئەدرەسی نوسینگەی گۆڤار:

ڕانیە شەقامی گشتی کتێبخانەی هەنگاو

سەرپەرشتیاری هونەری

سدیق عەلی

sdiqali@gmail.com

کۆمپانیای نێوەند

چاپ و پەخشی دەکات

تیراژ: (٢٠٠٠)

گۆنا سەعید: بۆ ئەوەی بزوتنەوەی ئافرەتان بەهێزبێت



١٠

ڕەوشی ئەمنی ناوچەکانی قەرەتەپەو



١٤

کاری ژن



٢٠

دادگاییکردنی سۆکرات



٢٤

تیپی لاوانی قەڵادزێ



٦٨



ئێستێتیك

٤٣



رۆژنامەنوسی ئەکادیمی و نا ئەکادیمی

٢٢

# ئاستەنگەکانی پیاوی کورد لە بەردەم ژنی نووسەردا

ئیسماعیل کەریم - ئەڵمانیا

نووسین لەسەر هەموو رەهەندە جیاوازەکانی ژیانو لێکدانەوە بۆ پێشهاتی هەموو ئەو ئەگەرانەی رووبەڕوی کۆمەڵگە دەبنەوە، چەندێك ئەرکە لەسەر پیاوی رۆشنبیر، هێندەش ئەرکە لەسەر ژنانی رۆشنبیرو نووسەر بێنە ئەم مەیدانەوە، بۆ رۆشنکردنەوەی ئەو تاریکیانەی باڵی بەسەر مەعریفەی کوردیدا کێشاوە، لە روە کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتیەکانەوە، کە سانا نیە تەنها پیاو بتوانێت بە تاك جەمسەری هەموو برینەکانی کۆمەڵگا سارێژ بکات، ئەگەر هزری رۆشنی ژنی کورد لەنێو ئەم کاروانە رۆشنبیریەدا نەبێت، لە کۆمەڵگاو کلتورە جیاکانی دونیا کەم نین ئەو ژنانەی بە نووسینو بیری ووردیان بە رەخنەو مەعریفەی بەرزیان توانیویانە کۆمەڵگا لە هەموو ئەو قەوزە سەوزانە پاك بکەنەوە کە وەك مۆرانە جەستەی تاکی کرۆشتووە، گۆڕانی گەورە لەسەر دەستی ئەمان روویداوە، رەنگە لێرە ٨ی مارس تەنها وەك نمونەیەك بەس بێت، بۆئەوەی پاساوی پیاوی کورد بێ دەنگ بکات، کە بڵێین نەخێر هەموو دەسکەوتەکانی مرۆڤایەتی تواناو هیممەتی پیاوان بووە. لەکاتێکدا ژنە رۆشنبیر دێتە نێو ناوەندی کارو چالاکی نووسینەوە لەنێو کۆمەڵگاکانی تری دونیا، لەلایەن پیاوانی ئازادیخوازو یەکسانی خوازەوە سەر باری ئەوەی کۆمەکی مادیو مەعنەوی دەکرێت، ئەوا لەلایەن دەسەڵاتیشەوە دەیان دەرگای ئاسودەگی بەڕوویاندا والاّ دەکەن، بە ئومێدی کەڵك وەرگرتن لە هزرو بیرکردنەوەو رەخنەو پێشنیارەکانیان، ئەمەش وا دەکات کە ژنی نوسەر هێندەی تر متمانەی بەخۆی بێت، هەموو ئەو رۆشنبیریو زانستو زانیاریانەی هەیەتی، بیبەخشێتە کۆمەڵگا، بۆ بەرەو باشترکردنی ژیانێکی ئاسوودەتر بۆ سەرجەم چینو توێژەکانی کۆمەڵگا، لێرەدا ئاراستەکانی ژیان بەرەو ئاسۆ هەنگاو هەڵدەهێنن کە هەردوو رەگەزەکە پێکەوە هەنگاو هەڵهێنن، بۆ گەیشتن بە بەختیاریو گەڕان لە دووی وەڵامی هەموو پرسیارە فیکریو مەعریفیەکانی بوون، ئازادی کۆمەڵگا پەیوەستە بە ئازادی ژنانەوە، ناکرێت قسە لەسەر ئازادی میللەتێك بکەین کە نیوەی واتە (ژن) نەك ئازاد نەبن، بەڵکو رۆژانە لە رووبەڕوبونەوەدان بۆ سەدان دەستەواژەی سوکایەتیو کوشتنو بڕین لەلایەن نیوەکەی تری کۆمەڵگاوە واتە (پیاو)، چەوساندنەوەیان بە دەستی ئەم نیوە لەژێر دەیانو سەدان پاساوی رەوشتو ئایینو کلتورو دابو نەریتدا، کە هەرگیز لەنێو ئاوا کۆمەڵگایەکدا ئومێدێك نیە بۆ بەیانی رۆژێکی نوێ، مافو بەهای مرۆڤەکان وەك یەك مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، تا ئەو کاتەی نیوەی کۆمەڵگا (پیاو) بەئاگا دێتەوەو دەچێتە دۆخی رەسەنی خۆی، واتە مرۆڤ بوونیو بە مرۆڤ سەیرکردنی (ژن) لە پێش (ژن) بوونی.

دیارە کارکردنی ژنی نووسەر لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا لە ناوەندێکی رۆشنبیریدا ئاسمانو رێسمانی جیاوازە لەگەڵ کارکردنی ژنێکی ئەوروپی لە کۆمەڵگایەکی ئەوروپیدا، هەتا رادەیەك بە هەندێك مافو ئەرکەکانی خۆی گەیشتوە، وەك مرۆڤێك، وەك ژنێكو هەموو رێگاکانی ژیانیان بۆ والاّیە بۆ ئەوەی بتوانێت پەرە بە هەموو ئەو رۆشنبیریەی بدات کە ئەم وەك ژنێك خاوەنیەتی، ئەمیش چەندە بە هەوڵو کۆششو ماندوو بوونی خۆیەتی، ئەوا بەهێندەش پاڵپشتی یاساو دڵسۆزیو یەکسانیخوازی پیاوانی کۆمەڵگایە بۆ پشت گرتن لە خواستو پێشنیارو دیدو بۆچوونەکانی ئەم، وەك (ژن)ێك، لەبەرئەوەی لای هەموو پیاوێکی یەکسانیخوازو ئازادیخواز ئەوە روونە، گەر ئەو هەموو دەرفەتە لەرووی پیاواندا هەیە بەهێندەش بۆ ژنان هەبێت، ئەوا وەك رێژەش بێت کەم نین، ئەو ژنانەی دەتوانن گۆڕانی بنەڕەتی لەنێو کایەکانی مەعریفەو هەموو رەهەندەکانی ژیاندا بەرپا بکەن، بەڵام بە درێژی مێژووی کۆمەڵگای کوردی ئێستەشی لەگەڵدا بێت پیاوانی هۆش سالاری نەك خزمەتیان بە قەڵەمی ژنە نووسەرو رۆشنبیرەکانی ئەم کۆمەڵگایە نەکردووە، بەڵکو هەردەم (ژن) لای ئەمان نەیتوانیوە ئەو پێناسە کلاسیکیە ببڕێت کە (ژن) ئەرکی منداڵ بەخێوکردنو خواردن دروستکردنو مەخلوقێکی سستو بێ هۆشو زەعیفە، ئەرکی ژن ئەمانەیە، نەك نووسینو بەشداری کردنی لە بڕیارە چارەنوسسازەکانی کۆمەڵگادا، پیاوە بەرهەمهێنەری مەعریفەو ئەدەبو شیعرو چیرۆكو .. هتد،، (ژن) ئەو مەخلوقە ناسكو نازدارەیە کە دەبێتە ئیلهامی ئەمی (پیاو) بۆ هۆنراوەیەك نەك بە پێچەوانەوە دیارە دابڕانی هەندێ (ژن)لە نێو ئەم چوارچێوە تەقلیدیەدا هەروا ئاسان نیە هاتنیان بۆ ناو بواری نوسینو رۆشنبیریەوە، کە هەر لەسەرەتای هاتنە ژورەوەیان بۆ نێو ئەو بوارە روبەڕوی دەیانو سەدان کێشەو تانەو تەشەر دەبنەوە، کە ئەستەمە نەك خودی ژن، بەڵکو هیچ کەسێك بتوانێت لەبەردەم ئاوا هێرشێکی بۆگەناویدا خۆی بگرێت، لە تۆمەتی رەوشتەوە تا چاو سورکردنەوەو دەرگا داخستن، بێ حورمەتی بە کەسایەتی دەکرێت لەلایەن پیاوانی



رۆشنبیرەوە بە گشتیو دەسەڵاتەوە بەتایبەتی، بۆ پیاوی کورد هێندە هەست بەسوکیو کەرامەت شکانی خۆی دەکات کاتێك دەبینێت خێزانەکەی یان خوشکەکەی زۆر لە خۆی زیاتر خاوەنی سەرمایەیەکی فکری زۆرەو پاشخانێکی رۆشنبیری بەربلاّوو تۆکمەی هەیە، ئەوا بەهێندەی ئەوە مایەی شادومانی هاوکاری نیە بۆی، ئەم نەخۆشیەش تەنها لای پیاوی ئەو کۆمەڵگایانەدا هەیە کە (ژن) وەك مرۆڤ نابینن بەڵكو تەنها پێناسی ژن بۆ ئەمان هەر (ژن)ەو بەس، دیارە لەسەرەتاوە ئاماژەم بەوە کرد کە ژن لەنێو بیرکردنەوەی ئەم جۆرە پیاوو کۆمەڵگایەدا ئەرکو مافەکانی چین. ئەگەر چاوێکی خێرا بەنێو رۆشنبیرانو نووسەرانی کوردا بخشێنین، بەهەموو ئەو پیاوانەی لە نووسینەکانیشیاندا هەڵگری مافو پاراستنی کەرامەتی بەرزی ژنانن، ئەوا زۆر کەم یەکێك لەم رۆشنبیرانە توانیویەتی پرۆسەی هاوسەرگیری بکات لەگەڵ ژنە نووسەرێكو هەموو ئەو هەلومەرجەی بۆخۆی دروست کردووە بۆ خێزانە نووسەرەکەشی ئامادە کردبێت، بەڵكو تەواو پێچەوانە زۆربەی خێزانی نووسەران زۆربێئاگان لە دونیای نووسین هەموو وەك ژنە ئاساییەکانی کۆمەڵگە تەنها سەرقاڵی منداڵ بەخێوکردنو خزمەتکردنی قەڵەمی ئەمی (پیاو)ن.

یان بە پێچەوانەوە کاتێك پیاوێکی نووسەرو رۆشنبیر خوازیاری ژنە نووسەرێکە بێتە نێو ژیانیەوە، ئەوا لەکورتترین ساتدا بەپلەی سەدو هەشتا دەگەڕێتەوە دواوە خوازیارە (ژن)ە نوسەرەکەی نەك تەنها قەڵەمەکەی بکاتە قوربانی ژیانی هاوسەرایەتیو ماڵو منداڵەوە، بەڵکو ببێت بە عەبدێکی کڕنووشکاری بیروخواستی ئەو، جا بارۆشنبیری ئەوی پیاو زۆر نزمتریش بێت لە هی ژنە نووسەرەکە، وەك ئەوەی بۆ خێزانێك تەنها نوسەرێك بێت، لێرەدا پێویست بە نمونە هێنانەوە ناکات، چونکە با هەموو پیاوانی نوسەرو رۆشنبیر بە ژیانی

هاوسەرایەتی خۆیاندا بچن‌و سەیری خێزانەکانی خۆیان بکەن، ئەو کات بڕیار لەسەر ئەم نوسینەی من بدەن، دەزانن ئێمە چەند پیاوی ڕۆشنبیرمان هەیە لە سەرجەم بوارەکانی شیعرو چیرۆك ڕۆمان فکر شانۆ؟؟ کواو لە کوێ بۆ جارێ گوێبیستی خێزانەکانیان بین لە یەکێك لەو بوارانەدا قەڵەمی خۆی تاودا بێت؟؟ (ئەڵبەت مەبەستی من لەم بابەتە ڕەهابوون نیە بۆ هەموو کەسێك، بەهێندەی ڕێژەی زۆرینەی نوسەرانە). کام یەك لەو ژنە نوسەرانەی ناو ئەم بوارە لەکاتی نوسینێکدا خەمی ئاگابون لە منداڵ‌و خواردن ئامادەکردن‌و ناو ماڵ پاك کردنەوەی نیە؟ کام ژن لە ماڵەوەی مێردەکەیدا خاوەنی ژورێکە بۆ نوسین‌و خوێندنەوە؟ کام ژنەیە لەسەر نوسینێك دە جار هەڵناستێت بە دەم پیاو منداڵ‌و ئەرکی ناو ماڵ‌و باوك‌و براوە؟ کوا ئەو پیاوەی بۆ ڕۆژێکیش بێت خەمی نوسینی خێزانەکەی لە کۆڵ نابێت؟ کوا دەنگ‌و ڕەنگی ژنی نوسەران‌و سیاسەتمەدارەکانمان لە بوارێکدا؟ کەی‌و لە کوێ ڕێگە والا کرا بۆ ژنانێك بە تواناو هەڵوێست‌و ماندووبوون‌و ڕۆشنبیری خۆیان بۆ ناو کورسیەکانی پەرلەمان بچن‌و خاوەنی بڕیاری گەورەی کۆمەڵگا بن، تەنها ئەوە نەبێت وەك پاسپۆرتێك هەر دەم پێویستیان بە فیزەی باوکی شەهیدو برای شەهیدو چی‌و چی هەبێت؟ کەم نین ئەو ژنە نوسەرانەی ڕۆژانە ڕووبەڕوی دەیان تانەو تەشەری پیاوانی نوسەران دەبنەوە، هەردەم لە پلاندان بۆیان بیانخەنە نێو گێژاوی سوکایەتی‌و شکاندنەوە، کەم نین ئەو ژنە نوسەرانەی لەپێناو خۆشەویستی قەڵەمەکانیان ئامادەن هەتا دەمرن تەنها بژین، ئاخر بە چ پێوەرو یاسایەك ڕەوایە هاوسەرگیرێتی بێتە مایەی بە خاکسپاردنی قەڵەمەکەت؟ تەنها بە یاساو پێوەری هۆشی پیاوسالاری ڕۆشنبیری کوردی نەبێت؟ ئەوەی کە مایەی نیگەرانیە، بیرکردنەوەو هەڵوێستی نوسەرانی ئاوا کۆمەڵگایەك کە هیوای گۆڕانی لێ چاوەڕێ ناکرێت تا ئەو کات کە پیاوی نوسەر ڕاستگۆ نەبێت لەگەڵ ئەو نوسینانەی کە دەینوسێت، ئەو وتانەی لە کەناڵەکانەوە دەیانکات بە گوتار، واتە بەر لە هەر شتێك پراکتیزەکردنی لە گفتارو ڕەفتاری خۆیدا، ئەو کات هەنگاو هەڵهێنان بۆ دەرەوی بازنەی کارکردنی، ئەگینا ئاوا نوسینێك بە هێندەی ڕەشکردنەوەی پەڕە سپیەکانە، بەهێندەی سپیکردنەوەی ئەو مێژو عەقڵە پیاو سالاریەی نیە کە ئەمی نوسەر وەك پیاو گیرۆدەی بوە، ئێستەشی لەگەڵ بێت بۆ تەنها جارێك گوێبیستی پیاوێکی نوسەر نەبوین کە ڕاستگۆ بێت لەگەڵ ویژدانی خۆیدا لە نوسینێکدا ئاماژە بدا کە کاریگەرێتی ژنە نوسەرێکی بە سەرەوەیەو ڕێنمایی ژنێك لە دونیای نوسینیدا ئاسۆی بیرکردنەوەی ئەمی فراوانتر کردووە، ئەمە بە مەرجێ هەموو نوسەرانی دونیا لەسەر ئەوە کۆکن (لەپشت هەموو پیاوێکی بلیمەتەوە، ژنێکی بلیمەت هەیە) ئەدی ئەم جادوە چیە پیاوی نوسەر دەیکات‌و ئاماژە بە ئاوا کاریگەریەك ناکەن؟ من دەمێ ساڵە دڵنیایی گوزەری کردووە بە هۆشمدا کە زۆرینەی ئەم نوسینانە بە تایبەتی لەسەر مافەکانی ژنان تەنها وەك مۆدێلێك لەنێو نوسەراندا هەیە کە قسەو باسی لەسەر بکەن، بەهێندەی ئەمە خەمی گەورەی نوسینی ئەمان بێت، گەر نا ئەی کوا ئەو پیاوە نوسەرەی خێزانەکەشی وەك خۆی لە ناوەندەکەدا ئەسپی خۆی تاودا بێت؟ کەم نەبوون قەڵەمی ئەو ژنە کوردانەی لە ترسی شەرم‌و فشاری مێردو سەختی ژیانی هاوسەرێتی، شکان‌و دەنگ‌و ڕەنگیان بە چوار دیواری سپی ماڵەوە داو بەس.

ئەوەی کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت، بۆ پیاوێکی نوسەرو ڕۆشنبیر ژنە نوسەرێك‌و ڕۆشنبیرێك باشەو دەبێتە هۆی ئاسودەگی‌و دەوڵەمەند کردنی سەرمایەی ڕۆشنبیری. یان ژنێکی بەدبەختی نەخوێندەواری بێئاگا؟ وا زۆرینەی نوسەرانی کورد هاوسەرگیرێتی لەگەڵ ژنێکدا دەکەن کە بەقسەی شاعیرێکی زۆر گەورەی گەلەکەمان دەڵێت خێزانەکەم لە هەموو ئەو دیوانە شیعریەی من هەمە تەنها هۆنراوەیەکی منی لەبەر نیە، یان نوسەرێکی سەرقافڵەی بونیادگەری کورد دەڵێت تاکو ئێستا خێزانەکەم یەکێك لە ڕۆمانەکانی منی نەخوێندۆتەوە، یاخود حاکمێکی سیاسی کورد لە سلێمانی دەڵێ ژنەکەم هەر نازانێ سیاسەت چیە، یان نەقیبێکی مۆسیقای کوردی دەڵێ ژنەکەم نەك هەر نازانێت نۆتەی مۆسیقا چیە، بەڵکو هەر حەزیشی لە گوێگرتنی مۆسیقا نیە.. باشە دەبێت فەلسەفەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرێتیانە چی بێت؟ ئەگەر تەنها وەلانان‌و بچوك کردنەوەی خودی (ژن) نەبێت لەلایەن شێوەی پیاوانەوە؟؟ خۆ ئەم جۆرە پیاوەو جۆرەکانی ترو تازە دەستپێکردوانیش، هەر کە هاتە سەر باسی ژن، باسی پیرۆزی ژن‌و چەوساندنەوەکانی‌و گرفتەکانی کۆمەڵگەی ئێمە دەکەن، هەر ئەو دوو ڕووییەش وای لە هەندێ ژنی نووسەرو هونەرمەند کردوە باوەڕ بە بانگەشەکانیان بکەن، ژیانیان لەگەڵدا پێك بهێنن، بەڵام کە بە پراکتیك دەبینین ئاوا ڕەفتارێك لە پیاوانی کورد تەواو جیاواز لەگەڵ گفتاریاندا بۆیە ناتوانن درێژە بەم چەشنە ژیانی هاوسەرێتیە بدەن، بۆیە زۆرینەی ئەم جۆرو شێوەی پیاوانە هەر زۆر زوو لە ژیانی خۆیاندا تەڵاق دەدەن، نەك بە پێچەوانەوە، بەڵام ئەم دەستە پیاوە ڕۆشنبیرانەی کورد وەك ئەوەی لە ژیانی هاوسەرێتیاندا درۆزن‌و دوو روو بوون لە بەرامبەر ئەو هەموو پەیمان‌و بەڵێنانەی کە داویانە، دواتریش بەوەوە ناوەستن، کە ئیتر ئەمە دواهەمین ساتەکانیەتی لەگەڵ ئەم ژنەدا، بەڵکو هەمیشە لە هەوڵی ناشیرنکردن‌و هۆنینەوەی سەدان گومانی ئەخلاقی دوور لە هەموو یاساو ڕێسایەکی مرۆیانەن (بیرمان نەچێت ئەو جۆرە پیاوە چۆن لە مەسەلەی ژناندا بۆ کۆمەڵ دوو رویی دەنوێنن لە مەسەلە شارستانیەکانیش هەمان دوو رویی دەنوێنن) پیاوی عەقڵ شارستانی کە ژنێك وازی لێ هێنا دەبێت بە هاوڕێی، چاکەی بۆ دەخوازێ، هەر دەرونیشی نەخۆش بوو لانی کەم بە شەرمی دەزانێت سوکایەتی پێ بکات، چونکە دەزانێت هەر سوکایەتی کردنێك چەمکێکی گەورەیە لە کەسایەتی خۆی نەك ژنەکە، ئەو دەردە دەروونیە چیە؟ وا لە چینی بەرزی بەناو هەندێ ڕۆشنبیران کە لە زۆر شوێن‌و ماڵپەڕدا نەك بانگەشەی ڕۆشنبیر بوونی خۆیان دەکەن، بەڵکو باس لە پلەی بەرزی دکتۆراو گۆڕانی کۆمەڵگا دەکەن لەسەر دەستی ئەمان، بە ناوی نهێنی‌و نامەی ژێر بە ژێر بۆ پیاوانی کۆمەڵەکەی سوکایەتی بە ژنێك بکات، تەنها لەبەرئەوەی ژنەکە تەڵاقی داوە، هەر بۆیە ژنانی نوسەران زۆربەی کاتەکان دەگەنە ئەو بڕوایەی ژیان لەگەڵ ئەم جۆرە بەناو ڕۆشنبیرانەدا بەهێندەی مایەپوچیە، ئەوا تەنها بۆ ڕۆژێکیش نابێتە هۆی ئاسودەیی ماڵی دڵ‌و بڕشتی خامەکانیان، لێرەوەیە دەبینین زۆربەی ئەم ژنە هونەرمەندو نوسەرانە دوا مەنزڵگای خۆشەویستیان هاوسەرگیریە لەگەڵ پیاوێکی ئەوروپیدا، ئاخر زۆر ئەستەمە کاتێ ژنێك هەست بکات هاوسەرەکەی لەبری دروست کردنی کەشێکی ئارام بۆ قەڵەمی ئەم ئەوا هەر لەچەند ڕۆژێکی کورتدا هەموو ڕاستیە بۆگەناویەکەی دەربکەوێت، دواتریش بەوەوە نەوەستێت هەمیشە لە سۆراخی کارو کردەی ئەمدا بێت، مەبەستم نیە لەم وتارەدا بە نمونەی هەموو ئەم جۆرە پیاوانە بهێنمەوە، گەرنا ئەوا بەناو ناونیشان، بە ئیمایل‌و نوسینی ڕق ئامێز بەڵگەی ئەم جۆرە مامۆستاو دکتۆرە ساختانەم لەبەر دەستایە، ئەوەی کە ئەمڕۆ بۆتە مۆدێلێك لەنێو ئەم بەناو ڕۆشنبیرانەدا، کەڕۆژانە خۆیان بەهەڵگری بانگەشەی فێمنیستیانە دەزانن، کەچی ئێستەشی لەگەڵدا بێت پەرەگرافێکی ئەم جۆرە کەسانەمان پێش چاو نەکەوت، یاخود نەیان توانی‌و نەیانویستووە خاوەنی ژنێکی فێمینیست بن، چونکە بۆ ئەم دەستە پیاوانە دونیای فێمینیست تا ئەو کاتە خۆشە کە مەرامە پیسەکانی خۆیانی تیادا بەرجەستە دەکەن، بە پێچەوانە کاتێ شەماڵی فێمینیستی خۆی دەکات بەناو خانەوادەی ئەماندا، ئەوا دەست‌و دەم توشی داڕوخان‌و هێستریایان

دەكات، لێرەوەیە وەك ژنە نوسەر كازیوە ساڵح ئەڵێت: نوسەر بوون بۆ ژن لەناو كورددا هێندە سەختە، ئەوەی زیانێكی بچووك بە ژنێكی نوسەر بگەیەنێت، زیانی بە سامانی نەتەوەی كورد گەیاندوە "یان دەڵێ" پێویستە ژن بیت بۆ ئەوەی كۆمەڵگاكەی خۆت بەباشی بناسیت*" مایەی شەرمەزارییە بۆ پیاوانی كۆمەڵگایەك نەتوانن ئەو ترسو دڵە راوكێیانە برەوێننەوە لە ئاست تواناو بەهرەی ژنانی نوسەرو بەهرەمەندا كە دەتوانن چەندین بەرهەمی جوانو مرۆدۆستانە پێشكەشی كۆمەڵگا بكەن، خەجاڵەتیە بۆ پیاوی كورد كاتێ سەیری مێژووی ئەدەبو هونەری ئەم گەلە دەكەین بە شێوەیەك لە شێوەكان تواناو بەهرەی (ژن) نا ئامادەیە بە هێندەی ئامادەی (پیاو) هەیە، كەم نین ئەو ژنە نوسەرانەی خاوەنی هزری بەرزی مرۆیین، خاوەنی رۆشنبیریەكی بەربڵاوو توانای گۆڕانی كۆمەڵگایان هەیە لە هەموو ئاستەكاندا، گەر تەنها نەك دەرفەتیان بۆ برەخسێنین ئیمەی پیاوان، بەڵكو رێگر نەبین لەئاستیانداو نەیان دەینە بەر سەدان تانەو تەشەری نا مرۆیانە، نوسینەكانیان بە هەند وەربگرینو بڕوا بەچاوو هۆشو گوێی خۆمان بكەین كاتێ نوسینی ژنە نوسەرێك دەبینین كە چەند فرسەخێك لەپێش ئیمەی پیاوانەوەن .... ئەم نوسینە تەنها بەئاگا هێنانەوەیەكە بۆ ئەو راگەیاندنانەی پاڵەوانی داكۆكی كاری مافی ژنو مفكرمان بۆ دروست دەكەن بە بێ ئەوەی چوار بەرهەمی نەوازەو كاریكی جدی جیاوازی كەوتبێتە كتێبخانەی كوردییەوە، بەبێ ئەوەی لە ژیانیو عەقڵی راستەقینەی خۆیان كۆڵیبێتەوە. بەئاگاهێنانەوەیە بۆ پیاوی كوردی نوسەرو هونەرمەند كە قەناعەت بكات بەهەستەوەرەكانی وەك خۆی ئەو دەمانەی بەهرەو چالاكی ژنە نوسەرێك دەچێتە بەر دیدی خوێندنەوەی، ئەو كاتانەی كە دەنوسێت بزانێت ئەو هەڵو مەرجەی بۆ ئەو خوڵقاوە، گەر بۆ ژنە نوسەرێكیش دروست بێت ئەوە دوورنیە لەو جوانتر وردتر شارەزاتر بنوسێت لەوەی كە ئەو دەینوسێت، هەموو ئەو دیوارانە بشكێنێت كە تواناو مەعریفە ژنە نوسەرێك نابینێت.

تێبینی: بەهۆی كێشەو هەڵەی ناردنەوە، لەبری ئەم پاكنووسە، رەشنووسی ئەم بابەتەم بۆ هەندێ ماڵپەڕ ناردووەو بڵاو بۆتەوە، داوای لێ بوردن لە خوێنەر دەكەم.

# زمانی زبر



**بەهرە حەمەرەش**

ئەگەر جاران میدیا بە دەسەڵاتی چوارەم دەناسرا، ئێستا لە زۆر شوێن گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی كە میدیا دەسەڵاتی دووەمەو كاریگەری تەواوی لە سەر رەوشی كومەڵگاو ژیانی هاووڵاتیان هەیە، رۆژنامەیەك دەتوانێت وڵاتێك بوروژێنێتو پەردە لە سەر دیمەنە رەشەكان لابەرێت، شتەكان جوانو ناشیرین بكات، زۆر جار گوێبیستی ئەوە بووین كە رادیۆ لە سەردەمی شۆڕشی شاخدا چەندە رۆڵی كاریگەری هەبووە لە سەر بیروڕاو حەماسەتی خەڵك،میدیا هاوكات هەردەم توانیویەتی كاریگەری لە سەر رەوشی ژیانی هاووڵاتیان دروستبكات، بۆیە پێویستە گرنگی فشاری میدیا دەركی پێبكرێتو كەسانی راگەیاندنكار ئامانجی بنەرەتیان بزانن، هەروەها سوپەرمەبەستی میدیا بزانرێت، لە یاساورێسای هەر وڵاتێك میدیا تەواوكەری دەسەڵاتە، بەو مانایەی ئاوێنەی رووداوەكانە، ئەو شتانەی بە سەر دەسەڵاتدا تێدەپەڕن میدیا وەك خۆی بیانخاتەروو هاونیشتمانیانیش ئاگاداری بارودۆخی وڵات بكاتەوە، بە جۆرێك سەرەرای رۆڵ بینینی خۆی بە شێوەی دروست كاریگەر بێت لە سەر رۆڵی ریكخراوەكانی كۆمەڵگاری مەدەنی، مەبەست لە هەوڵەكانیشی (گۆڕان) بێت، نەك وێران كردنو ناشیرینكردنی تەواوی راگەیاندنو دروستكردنی شێوانو شپرزەیی لەو بواردا.

بۆ مەرامو مەبەستە جیاجیاو تایبەتیەكانی هەندێك كەس كە راگەیاندنیان گەندەڵكردووە، ئەوانەش پۆلێن دەكرێن كە دەكرێت بەم شێوە باسبكرێن، بەشێكیان مەبەستیان ماستاو كردنو بەشێكی دی قەڵەم فرۆشیە، بەڵام بەشی سێیەم كە ئەمڕۆ لە پەرەسەندندان سیمای راگەیاندنو راگەیاندكارانی دزێو كردووە، جۆرێك لە تێكەڵ كردن لە نێوان زمانی نووسینو زمانی بازار دروستبووە، كە بوەتە كلتوورێكی باو هاوكات جۆرێك لە ستایلی دروستكردووە كە هاووڵاتیان وا راهاتوون پێویستە رۆژنامە نووس زمانی زبر بێت، ئەو بە شە بە مەرامی ناوبانگ دەركردنی خۆیان، لە بری رەخنەو زمانی راگەیاندن كەچی ناوزڕاندنو وشەی نابەجێو ناشیرنو جنێو بەكاری دەهێنن، هەر كاتێكیش پرسیاریان لێبكرێت لەو جۆرە نووسینەیان دەستبەجێ وەڵامتدەدەنەوە كەدەڵێت "زمانم زبرە"، بێگومان زمانی زبرو زمانی جنێو جیاوازن، هاوكات ئەو كەسانە بە راشكاوی دەڵێن خەڵكی گوێ لە جنێو ناو زراندن دەگرن یان دەسەڵات گوێ بە رەخنەی هێمنو بەجێ نادات، زۆریش لە كۆڕو سیمینار بە هۆی قسەكانیان ژاوەژاوو ئاژاوە دروست دەكەن، تەنیا بۆ ناو دەركرن، لە لایەن رۆژنامەنووسانی راستەقینەو ئاشنا بە یاساكانی رۆژنامەنووسی خەمخۆر بۆ وڵاتو هاووڵاتیان بە ئاژاوەگێڕ ناسراو بەمەستی راستەقینەی ئەوان ئاشكرا بووە ، بێ ئەوەی هەست بەو لێدانو شكست دروستكردنە بكەن ئەنجامی دەدەن، بێگومان ئەگەر دەسەڵات گەندەڵە ئەوا گەندەڵتری دەكەن لە جیاتی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی توندوتیژیو زمانی شەڕو كلتووری شەڕو ئاسەوارەكانی پەرەی پێدەدەن، لە جیاتی هەڵەیەك هەڵەی گەورەو گەورەتر دەكەن پێویستە ئەو جۆركەسانە بەخۆیاندا بچنەوە چیدی هەوڵی بڵاوبوونەوەی زمانی شەڕو توندوتیژی نەدەن بە ناوی نووسین هەست بە هەڵەو ئاسەواری هەڵەكانیان بكەن،چونكە میدیا لە هیچ كوێیەك دژی دەسەڵات نییە، بەڵكو مەبەستی سەرەكی میدیا شۆڕشو گۆڕانە بۆ گەیشتن بە سیستەمی دروستترو وڵاتێكی جوانتر.

# دیموکراسی، کوردستان وەکو نموونە

م. هاوکارحەسەن

لەهەر جێگایەك گەر بمانەوێ، گوزەرێك بەدنیای دیموکراسیدا بکەین، رەنگە راستەوخۆ وتە بەناوبانگەکەی (جان جاك رۆسۆ)مان بەبیربێتەوە، کاتێك دەربارەی دیموکراسی شکستەکانی ئەم چەمکە تەنانەت لە خۆرئاواشدا، دەمانباتەوە سەر ئەو هزرەی کە خۆی دەڵێت " حوکمی دیموکراسی هەرگیز نەبووەو هەرگیزیش نابێت..!" کەواتە ئەگەر لەم رایەی رۆسۆ وردبینەوە، راستەوخۆ دەکەوینە بەردەم دەیان پرسیاری هەڵپەسێردراو، کە دۆزینەوەی وەڵامی لۆژیکیو درووست بۆیان ئەستەمە، ئەو دیموکراسیەی کە لەسەردەمە دێرینەکانی یۆنانەوە دەستیپێکرد، تا ئەمرۆشی لەگەڵدابێ، زادەی هەوڵو ماندووبونێکی قوڵو خەونێکی لەمێژینەی ئەو بیرۆمەندیشانەبوون کە هەموو دەم ویستوویانە جیهانی مرۆڤایەتی ببەنەوە بۆ ئەو جیهانە ئایدیاڵەی کە زەحمەتە لەم چەرخەداو تامەودایەکی دورتریش، بەدیهاتنی ئەو خەونە لە رستی نزیك ببێتەوە، بەم جۆرە دەبینین، کە دیموکراسیو رەهەندەکانی چەمێکی سانایە کە لەماوەیەکی زەمەنی کەمدا بکرێتە پراکتیكو بەسەر کۆی کۆمەڵگاکاندا بەش بکرێت.

وەکو گوتمان، پرسیارگەلی زۆر دەربارەی، بەعەمەلیکردنی چەمکی دیموکراسی لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا دەکرێن! ئاخۆ وەك رۆسۆ دەڵێ:دیموکراسی لەکوێدا پراکتیك دەبێت. یاخود دەکرێت خۆمان ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا، کێ ئامادەکاری دروستکردنی فەزای دەکات، بۆ ئەوەی بەتەواوی بچەسپێتو ببێتە سیمبۆلی کۆمەڵگاکان؟ یان دەکرێ لەخۆمان بپرسین، ئایا.. دیموکراسی تا ئەمرۆ لە چ پنتێکی ئەم زەمینەدا وجودێکی کۆنکرێتی هەیەو دووره لە شێواندنو هەڵەبەری. چەمەکگەلێکی زۆر لەجۆری دیموکراسیو ئازادیو ماف، هەموو دەم کۆمەڵە چەمکێکن کە مشتو مڕو لێکۆڵینەوەی وردیان پێویستە، ئەگەر ئێمە لێرەدا تەنها لەسەر دیموکراسی بدوێین، ئەوا ماقی کەمینەکان لە وڵاتانی خۆرئاوا، لێکجوداکردنەوەی هەرێمە لکاوەکانی چەندان وڵاتی خۆرئاوا لەیەکترو رێگەپێدانی رەشپێستەکان لە ئەمریکاو بەرپاکردنەوەی جەنگی دژە تیرۆر لە جیهاندا، هەموو ئەوانە بەڵگەی ئەوەمان پیشان دەدەن، کە بێگومان بێین لە دیموکراتیزەبوونی جیهانی مرۆڤایەتی بەپێچەوانەوە، زۆرینەی ئەو چارەسەرە کاتیانەی بوونەتە هەوڵی لەباربردنی ئەو خولیایەش کە زەمەنێك کۆمەڵگایەکانە بە چەمکی دیموکراسیەوە بینیویانە !. کەواتە بۆ بالآپۆشینی کۆمەڵگا بە رووپۆشیو دیموکراسی پێویستیان بەوە دەبێت کە سەر راستانە لەگەڵ ئەم چەمکە گرنگەدا مامەڵە بکەینو ماناو هێڵو سنوورەکانی بەتەواوی بنەخشێنن، ئەگەر وەك رۆسو دەڵێ: بەدیهاتنی دیموکراسی لە رۆژئاوادا ئەوەندە ئەستەمو گران بێت، ئەوا تووشی شۆكو گومان نابین، هەرکات ببینین، کەکۆمەڵگا جیاوازەکانو لەناویشیاندا کۆمەڵگای کوردستانو ئەم هەرێمە کوردیەدا رەورەوەی دیموکراسی ئیفلیجو بێ ئەرزش دەرکەوێت، ئەزموونی تاڵی دەسەڵاتە تۆتالیتاریو شۆڤێنیەکانی عێراق، ئەوندە کارەساتاوی بوو، کە ئیدی مەحاڵە جارێکی ترو لە بارودۆخێکی تردا بواری رەها هەبێت بۆ قوتبوونەوەی دیکتاتۆریەت لە کۆمەڵگادا. هەموو ئەمانەش وایانکرد دوای راپەڕنیی ۱۹۹۱بەهەردووبەرەوە( جەماوەر، دەسەڵات) بەخۆیاندا بێنەوەو بەرگێکی تارادەیەك مۆدێرنتری دیموکراسی بەبەری خۆیاندا بکەنەوە، وایتێدەگەم، وریابوونەوەی عەقڵیەتی جەماوەرو گەشەی هۆشمەندیو هوروژمی بیروباوەڕی دەرەوەی کوردستان، بەدیوێکی تردا، هاندەرێکی کارابوون، تا دەسەڵاتیش دووبارە لە تازەکردنەوەی خۆیدا دەست بەخۆییو بە ئەجندای خۆی بخشێنێتەوە. بەسەرنجدانێکی کەمیشبێت، ئەوا لەم بارودۆخەی ئێستادا دەدەکەوێت کە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، دیموکراسیەتێکی رێژەیی بەو مانایەی کە نەبووەتە پەخشێکی رەهاو کۆنکرێتی تا هەموو چینو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی بگرێتەوە، ئازادی رۆژنامەنووسیو بوار لەبەردەم پێکهاتنی حیزبو رێکخراوی سیاسی مەدەنیو خولقاندنی فەزای میدیا بەهەموو جۆرەکانی، ئازادی رادەبڕینو خۆپیشاندانو رەخنەو زۆر دەستکەوتی تر، هەموو ئەمانە، ئەگەرچی لە سنوورێکی بەرتەسکیشدابێت، دواجار دەرهاویشتەیەکن بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین کۆمەڵگەی کوردیش، بەشێك لە پرشنگی دیموکراسی وەرگرتووەو هەوڵیش دەدرێت، تا ئەو پرشنگە سەرتاپای فەزای کولتووریو سیاسی کۆمەڵگە بگرێتەوە. ئەوەی ئاماژەمان بۆکرد، نە ئەوە دەسەلمێنێ کوردستان بەهەشتی دیموکراسیو رووناکییە، نە ئەوەش دەردەخات بڵێین، سەرتاپای غەرقی تاریکیو داپۆڵسینو سانسۆرە، ئەم هاوکێشەش لەهەموو جیهانی مرۆڤایەتیدا هاوشێوەی هەیەو ئەم نموونانە دەبینرێن.بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا هەستی پێبکەین ئەوەیە کە دیموکراتیزەبوونی زۆر لە کۆمەڵگاکانی وەکو نموونەی خۆرئاوا، جیاوازی زۆریان لەگەڵ نموونەی دیموکراسی ئێمەدا هەیە، ئەوەش لە ئەنجامی تێگەیشتنی واقعی خەڵكو دەسەڵاتی ئەوێ لەمەڕ دیموکراسیو رەهەندو سنوورەناواخنەکانی لەچاو خەڵكو دەسەڵاتی کۆمەڵگای ئێمەدا.

ئەنجام، دەگەینە دەرخستنی ئەو پرسەی کە دەکرێ هەنوکە، حکومەتو دەسەڵاتی کوردی بیکەن. ئاخۆ حکومەتو دەسەڵات لەم ئەزموونەی کە ١٦ساڵی رەبەقی کێشا نەیدەتوانی فەزایەکی باشترو لەبارتر بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردی بسازێنێ؟ نەدەتوانرا رێکخراوو حزبو دەسەڵات لەناو کرۆکی خۆیانەوە رێگا لەبەردەم تەوژمی دیموکراسیدا واڵابکەن، تا لەوێوە سودەکانی ئەم چەمکە بۆ ناو ریشە وردو باریکەکانی کۆمەڵگە شۆڕببێتەوە؟ ئایا ئەو دیموکراسیەتەی کە گوتمان رێژەییەو ئێستا وجودی هەیە، دەتوانێ لە ئاستی ئەو بەرەوپێشچوونو گۆڕانە تازانەدا بێ، کە هەنووکە ناوچەکەی گرتۆتەوە، یان دەتوانێ تینوێتی داوکاریە ناوخۆیو دەرەکیەکان بشکێنێ؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری دی کە وەڵامەکەی بەتەنها لای دەسەڵاتی سیاسی کوردییەو بەو پێیە جڵەوی زۆرینەی لەبەر دەستدایە. ئەگەر گۆڕینو گۆڕانکاریەکان بەرو ئیجابیات نەچوون، حکومەتو دەسەڵات لەبری بەخشینەوەی دیموکراسیو کارکردن بۆ ئەکتیڤکردنەوەی ئەم چەمکە لە کۆمەڵگادا، دەبنە بتو پەیکەری ژێرگوشاری ترسو گەندەڵی نابووتبون، کاتێ هاوکێشەکەش بەم جۆرە شکایەوە، هەموومان ئافرەین لە رۆسۆ دەکەینو بەوەی کە ئەو هەر لەسەرەتاوە، هۆشداری لەسەر ئەم پرسە گرنگەداوەو هەنووکەش جیهانی مرۆڤایەتی بە جیاوازی ئایینیو ئێتنیانەوە، نەیانتوانیوە وەڵامێکی جددی زانستی بۆ ئەم تێڕوانینە بداتەوە.

# دکتۆر فایەق: من دژی سیاسەتی شۆڤێنی ئیمپراتۆریانەی دەوڵەتی تورکیام



دیمانە: عەففان ئەحمەد

**بەکورتی:**

دکتۆر فایەق محەمەد گوڵپی لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ە لەگوندی گوڵپ سەر بەدەڤەری هەورامان، دوای تەواوبوونی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی، لەزانکۆی موسڵ لەبەشی پزیشکی درێژە بە خوێندن دەدات، دواتر بروانامەی بەکالۆریۆس‌و ماجستێر لەپزیشکی نەشتەرگەری گشتیدا بەدەست دەهێنێت لەساڵانی ١٩٨١ەوە تاساڵی ١٩٩١ لەریزی پێشمەرگەدا خەباتی کردووە، لەساڵی ١٩٩٢ ەوە تاساڵی ٢٠٠٢ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دەبێت، ئێستاش سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانە.

لەوەتەی مرۆڤایەتی درێژە بەژیانی خۆی دەدات وەك بڵێی مێژوش دەیەوێ خۆی دووبارە بکاتەوە، ئەگەر مێژوو لەبەرژەوەندی هەر گەلێك نەبێت کەواتە دوای دووبارەبوونەوەکەشی هەر لەبەرژەوەندیدا نابێت، ئایا کورد تاچەندە لەم دووبارەبوونەوەیەی مێژوو خۆی پاراستووە؟، زنار بۆ شیکردنەوەی دواین رەوشی سیاسی ناوچەکەو کوردستان بەتایبەت، لەگەڵ دکتۆر فایەق محەمەد گوڵپی ئەم دیدارەی سازکرد...

زنار: بەردەوام گلەیی ئەوە لەرێکخراوو حزبە بچوکەکان دەکرێت کە بەهۆی ئەو یارمەتییە ماددییەکانییان کە لەحزبە گەورەکان وەریدەگرن نەیانتوانیوە سیاسەتێتی سەربەخۆ بگرنە بەر ئێوەش بەدەر نین لەم رەخنەیە، خەڵکی هێشتا بە PKK سەیرتان دەکات‌و تەنانەت وەکو دەگوترێ حیمایەو تەواوی کادری مەیدانیتان لەناو خەڵکی ئەو کەسانەن کە لەچیاکانی قەندیلەوە دێن‌و بەو لەهجەیە لەناو خەڵکدا قسەدەکەن کە گەریلاکان پێی دەدوێن.

دکتۆرفایەق: من حەزمدەکرد ئەم پرسیارە بەش بەشبکرایە، سەبارەت بەهەر هێزێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئیداری‌و هەر دەزگایەك بۆ ئەوەی سەربەخۆیی سیاسی‌و بڕیاریی‌و رێکخراوەیی هەبێ، پێویستە سەربەخۆیی ئابوریشی هەبێت، لەباشووری کوردستانداو لەسنووری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا چالاکی ئابوری‌و داهاتی ئابوری هەمووی لەژێر کۆنترۆڵی هەردوو حزبی دەسەڵاتدارداییە، نەك لەژێر دەسەڵاتی حکومەتتدا بێت، واتە ئابوری کوردستان بەدەست یەکێتی‌و پارتییەوەیە، هەردوکیان هاوکاری حکومەت‌و پەرلەمان‌و هەندێ حزبی بچوکیش دەکەن، هاوکارییەکەیان بۆ حزبە بچوکەکان هێندە نییە کە دەرفەتی پێشکەوتن‌و گەشەکردنیان بدات، هێندەیە بۆئەوەی نەمرن، واتە بژین نەك پێشبکەون، لەبەر ئەوە حزبە بچوکەکان نەیانتوانیوە ببنە حزبی مامناوەندی‌و گەورە تاوەکو رۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینن، زۆرجاریش کە رەخنەیان لەدەسەڵات گرتبێ یان لەحزبە گەورەکان، کە حزبە دەسەڵاتدارەکانیش بینیبێتیان ئەو حزبە بچوکانە خەریکە گەشە دەکەن، لەهەردوو حاڵەتەکەدا سزادراون بەکەمکردنەوەی داراییەکەیان یان برینی، ئێمە وەك پارتی چارەسەری هاوکاری لەپارتی‌و یەکێتی‌و حکومەتیش وەرناگرین، هاوکارییەکەی ئێمەش لەهەر شوێنێکەوە بێت لەگەلەوە یان لەدۆستەکانمانەوە تەنها بەشی ئەوەیە نەمرین بەشی ئەوە نییە کە گەشە بکەین، ئەگەر گەشەش نەکەین ناتوانین ببینە ئۆپۆزسیۆنێکی چالاك، هەرچەندە ئێمە وەکو پارتی چارەسەری لەلایەنی ئایدۆلۆژییەوە لەچاو حزبەکانی دیکە زۆرخۆمان لەپێشتر ئەبینین‌و خۆمان بەچالاکتر ئەبینین، بەڵام ئاستەنگی ئابووری وای لەئێمە کردووە رۆڵی ئۆپۆزسیۆن وەکو رێکخراوێکی سەربەخۆی سیاسی وازی بکەین، بەسەرۆك‌و مەکەتەب سیاسی‌و بەرێوەبەرایەتییەکانمانەوەو لایەنگرانمانەوە ئەو خەڵکانەبوون کە رۆژێك لەرۆژان لایەنگری PKK بوون یان کاتی خۆی ئەندام بوون تێیدا یان گەریلا بوون یان لایەنگری PKK بوون، PKK رێکخراوێکی کوردستانی سەرتاسەرییە ئەندام‌و لایەنگری لەهەر چوارپارچەکە وەرگرتووە، ئەتوانم بڵێم لەکۆتایی ساڵی

١٩٩٧ەوە یەكێك بووم لەلایەنگرانی PKK، ئێمە وەك حزب بڕوامان بەدیدو بۆچوونەكانی بەڕێز عبداللە ئۆج ئالانە، هەم وەكو كەسیش نەزەرییەی (ئاپۆچییەتی) بەكاردەهێنین بۆ كاروباری ڕێچكخراوەیی، سیاسی‌و كلتوری ... ئایدۆلۆژیای (ئاپۆ چییەتی)ش ڕێبەرایەتی PKKو دامودەزگاكانی تری (كۆما جڤاكی كوردستان) دەكات، ئێمە بڕوامان بەیەكێتی نەتەوەیی هەیە، بڕوامان وایە كە چۆن یەكێتی داگیركرانی كوردستان هەیە پێویستە یەكێتی نەتەوەیی لەناو گەلی كورددا دروست ببێ، وەك حزب كاریشمان بۆ كردووەو بۆشی ئەكەین‌و بەئەركی خۆشمانی ئەزانین‌و زەحمەتی زۆریشمان دیوە لەو پێناوەدا، لەم ڕووەوە جیاوازیمان هەیە لەگەڵ حزبەكانی تردا، بۆنمونە ئەو پەیوەندییەی كە لەنێوان حزبی زەحمەتكێشان‌و یەكێتیدا یان پارتیدا هەیە، ئێمە وانییە، ئێمەوە PKK بەچەند شتێكەوە بەیەكەوە بەستراوین، لەڕووی مێژووییەوە كاتی خۆی لەناو ئەواندا خەباتمانكردووە، لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە هەردوولا (ئاپۆچین) لەڕووی ستراتیژییەوە هەردوولامان ستراتیژییەكی نەتەوەیمان هەیە، بەڵام لەڕووی ڕێكخستنەوە، ئێمە ڕێكخستنێكی سەربەخۆین بۆ باشوری كوردستان‌و پەیرەو پرۆگرامی خۆمان هەیە.

زنار: بەردەوام ڕاگەیاندنەكانی PKK باس لەوە دەكەن كە ئۆج ئالان لەژێر فشارو ئازاردانێكی دەروونیدا دەژی، لەهەمان كاتدا PKK پابەندبونێكی توندی هەیە بەو بڕیارانەی كە لەئیمرالییەوە دەردەچن، خۆشت دەزانی كەسێكی وەكو ئۆج ئالان كاتێ لەزینداندا قسەدەكات گوتەو ڕاسپاردەكانی بەناو فیلتەری میتی توركیدا دەڕوات‌و بەدەر نییە لەسانسۆر، PKKش هەر لەژێر ڕێنماییەكانی ئەودایە، تەنانەت بەڕێز قەرەیلان لەچاوپێكەوتنێكدا گوتبوی" ئێمە هیچكات لەڕێنماییەكانی ئاپۆ لەئیمرالی دەرنەچوین.

دكتۆرفایەق: دەوڵەتی تورك بۆیە بەڕێز ئۆج ئالانی دەستگیركرد بۆ ئەوەی مرۆڤێكی ژیرو سیاسەتمەدار لەچالاكی سیاسی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوربخاتەوە، ئامانجی ئەوەبوو كە بەجەستە نەیكوژێ، بەڵام بەسیاسی بیكوژێ، هەم تەنازل بكات‌و واز لەبیروراكانی بهێنێ هەم واش بكات كە گەلی كورد لەدەرەوە بەگوێی نەكات، PKKزوو هەستی بەوە كرد، چونكە گرنگی دانێكی تەواوو بەردەوامی بەڕێز ئۆج ئالانەوە هەیە لەزینداندا، لەم سەردەمەدا زوڵمێكی گەورە لەبەڕێز ئۆج ئالان كراوە، لەسەدەی بیست‌و یەكدا مرۆڤێك لەهیچ شوێنێكی ئەم دونیایەدا جێی نەبێتەوە! نەك لەبەر ئەوەی دژی كردووە یان پیاوی كوشتووە لەبەر ئەوەی داوای مافو ئازادی گەلێكی كردووە، بەرپرسیاربووە لەبزوتنەوەیەكی سیاسی كە نوێنەرایەتی گەلێكی چەوساوەی وەكو كوردی كردووە، بەرامبەر بەوە پیلانگێرییەكی نێودەوڵەتی لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ دا زیندانیكراو تائێستاش لەزیندانێكی تاكە كەسیدایە، بەرامبەر بەمە ئەبێ ڕێزو پێزانینێكی زۆرمان هەبێ بۆ بەڕێز ئۆج ئالان، بۆئەوەی ئەو پیلانەی داگیركەر پوچەڵبكرێتەوە، سەرەرای ئەوەی ئۆج ئالان لەژورێكی تاكە كەسیدایەو ژەهراویشكراوە، بەڵام دەرفەتی بیركردنەوەی بۆ ڕەخساوە، وەكو چۆن جاران بیرمەندە گەورەكان‌و پێغەمبەرەكان چونەتە خەڵوەتەوە بیریانكردووەتەوەو داهێنانیان بەرجەستەكردووە بۆ مرۆڤایەتی، ئەم زیندانییەی ئێستای ئۆجەلانیش بووەتە ئەو جێگەیەی بتوانێت بیربكاتەوەو داهێنانی گەورە بۆ مرۆڤایەتی‌و كوردو بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست بهێنێت، بینیمان لەو كتێبانەی كە نوسیویەتی‌و هاتنەتە دەرەوە بەیەكێك لەمانیفیستۆی ئازادی مرۆڤایەتی ئەژمار ئەكرێ، بەتایبەت هەردوو كتێبی (لەدەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەرەو ...و بەرگریكردن لەگەڵێك) لێرەدا عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەك فەیلەسوفێك‌و بیرمەندێكی گەورەی لێهاتووە، سەرەرای ئەوەی كە ئێستا كتێبێكی تری نوسیوە دەوڵەت ناهێڵێت بێتە دەرەوە لەبەر گرنگیەكەیەتی، دیدو بۆچونەكانی ئۆجەلان چەند بەناو فیلتەری میتی توركیدا تێپەرببێت هێشتا كاریگەرییەكانی بیری ئەو پوچەڵ ناكاتەوە، ئۆجەلان گووتویەتی "من سەركردەی مەیدانی ئێوە نیم، بەڵكو من شتەكان شرۆڤە ئەكەم" برادەرانی PKKئەبینین دیدو بۆچونەكانی ئەو چۆنە ناتوانن دەست بەرداری بن، هەڵسەنگاندنەكانی ئەو شتی باشی تێدایە بۆنمونە ساڵێك پێش ئێستە باسی ئەوەی دەكرد كە ئاگاتان لەمەخمورو شەنگاڵ بێت بەر هێرشێكی شۆڤێنییەكان ئەكەوێ بۆیە بیانپارێزن ئەمەی حەوت مانگ پێش ڕوداوەكەی شەنگال گوتبوی، دیدەكانی هێندە بەهێزن كە ئەیانخوێنمەوە ناتوانم كاریگەریان لەسەرم نەبێت، زۆر سودیشی لێ ئەبینم پێویستە ئۆجەلان وەك سیاسیەكی ئاسایی سەیر نەكرێ، بەڵكو وەكو دیاردەیەكی تایبەت لەناو كۆمەڵگای كوردستاندا كە تائێستا دروست نەبووەتەوە كەی جارێكی تر دروست دەبێتەوە ئەوە نازانم، پاشان لەڕووی سیاسی‌و ئەخلاقییەوە پێوستە وەكو كورد پابەند بین بەئۆجەلانەوە داكۆكی لێبەكەین بەخاوەنی دەربكەوین تارەوشی ژیانی لەزینداندا چاك بكەین‌و ئازادیشی بكەین.

زنار: لەكاتێكدا چاوەروان دەكرا سەركەوتنی حزبی دادو گەشەپێدان دەروازەیەك بەرووی چارەسەری دۆزی كورددا بكاتەوە لەباكوری كوردستان، بەڵام بەپێچەوانەی هەموو بۆچونەكان لەدەسپێكی حوكمرانیاندا نەك هەر باكور بگەرە باشوری كوردستانیشیان خستوەتە ژێر مەترسی هەرەشەكانیانەوە، ئێوە تاچەند پێتان وایە بۆچون تێروانینی ئەوان جیاوازە لەگەڵ دامەزراوەی سەربازی توركیا.

دكتۆر فایەق: من پێم وایە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و زۆر لەدەوڵەتانی دونیاش لەسەدەی نۆزدەهەمەوە تائێستا مەسەلەی نەتەوەیی بوەتە ڕۆژەڤی سیاسی هەموو پێكهاتەی كۆمەڵگا جیاجیاكان، دەوڵەتی توركیا یان توركەكان لەگەڵ فارسەكان‌و عەرەبەكان ئامانجی سەرەكییان ئەوەیە كە ستاتۆی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن‌و پێشیبخەن، توركەكان خەون بەئیمپراتۆریای عوسمانی ئەبینن، لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەكەمدا كەسێكی وەكو كەمال ئەتاتورك بینیویەتی گرێدانی تورك بەئاینی ئیسلامەوە زەرەری هەیە، زوو هەستی بەوە كردووە، باشترین شت كە كردویەتی ئیسلامی سیاسی تەقەڵاق داوەو داوای عەلمانییەتی كردووە، روی كردووەتە ڕۆژئاوا ئەوانیش پشتگیرییانكردووە لەوكاتەوە تائێستا بەئایدۆلۆژییای كەمالیزم درێژەیان بەخۆیانداوەو بمێننەوەو پێگەی باشیان بۆخۆیان سازداوە، بەڵام تیۆریستەكانی تورك باوەڕیان وایە كە ئیتر پێویستیان بەئایدۆلۆژییایەكی ئیسلامی سیاسی لیبراڵ هەیە، ئەو ئیسلامییە سیاسییەی عەرەبەكان نا، ئەو ئیسلامییە سیاسییەی شیعەكان نا كە فارسەكان هەیانە، بەڵكو ئەمان ئیسلامییەكی سوننەی تایبەتیان ئەوێ كەهەم لەبنەما ئەساسیەكانی ئیسلام دووربكەوێتەوەو هەم هەندێ بگونجێ لەگەڵ ڕۆژئاوادا، بەمشێوەیە ئەتوانن هەیمەنەی خۆیان لەناوچەكەو دنیا جارێكی كە دوبارەبكەنەوە، لەسەردەمی عوسمانیدا گەلی كورد مافی نەبوو وەكو موسوڵمانێك سەیردەكرا هەندێ ئازادی هەبوو، بەڵام جینۆسایدیش نەدەكرا، بەڵام كێشەكەی چارەسەر نەكرا وەكو خۆی مایەوە.

زنار: بەڵام لەم دواییانەدا هەندێ قسەكرا لەلایەن خودی ئەردۆغانیشەوە.

دكتۆرفایەق: قسە هیچ نییە، قسە هەزارەو دوانی بەكارە، قسەكان بۆ چەواشەكارییە، ئێستا حەفتا ئەندام پەرلەمانی كورد لەحزبەكەی ئەردۆغاندایە ئەوە بۆ ئەوەیە ئەو جۆرە كوردانە هەڵبخەڵتێنێ، تائێستا بەرنامەی حزبەكەی ئەردۆغان بۆ بابەتی چارەسەركردنی كێشەی كورد باسنەكراوە، لە١/١٠/٢٠٠٦ ەوە PKK ئاگربەستی ڕاگەیاندووە وەڵامی

ئاگربەستەکەی نەدراوەتەوە ئێستاش کە سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی پەرلەمان‌و سەرۆکی حکومەت خۆیانن هەر وەڵامی نادەنەوە، بەپێچەوانەوە ئۆپەراسیۆنەکان زیادبوون، هەروەها پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی‌و ئەندام پەرلەمانە کۆنەکانی تورکیاو کەسایەتییە کوردەکان لەژێر ئەشکەنجەیەکی زۆردان، ئیهانە ئەکرێن‌و ئەگیرێن‌و... سەرۆك شارەوانییەکان زیندانی ئەکرێن‌و ئەوە سێ هەفتەیە پارێزەرەکانی ئۆجەلان ناتوانن موەکیلەکەیان ببینن، رەوشی زیندان‌و تەندروستیشی هیچ باسنەکراوە، دادو گەشەپێدان کەمێ نەرمترە لەچاو حزبەکانی تر، بەڵام بەرنامەی هەر یەك بەرنامەیە تەکتیکەکەی هەڵخەڵەتێنەرە.

**زنار: ئەردۆغان دەچێتە ئەمریکاو ئەڵێ کورد کەمینە نییە لەتورکیا، تۆبڵێی بەم قسانە بیانەوێ ئەمریکا بخەڵەتێنن یان کورد.**

دکتۆر فایەق: هەردوکیان، ئەمریکا بەرنامەی خۆی هەیە لەرۆژهەڵاتی ناوەراست ئەیەوێت ئەو کیانانەی کە دروستبوون وەکو تورکیا، ئێران، عێراق، سوریاو سعودیەو ئەوانە مۆدێلی سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمن‌و نزیکەی سەد ساڵێکە حوکمرانی ئەکەن لەم مێژووەدا گۆرانکاری زۆربووە لەئاستی دونیا ئەم شکڵە دەوڵەتانەی ئێستا لەرۆژهەڵاتی ناوەراست لەگەڵ گۆرانکارییەکانی دنیادا ناگونجێن، سەبارەت بەکوردیش گۆرانکارییەکان لەبەرژەوەندی کورددان، بەڵام دەوڵەتانی ناوچەکە ئامادەنین ئەو گۆرانکاریانە بکەن، عێراق خۆی نەدا بەدەستەوە وای لێهات، ئێران‌و سوریاو تورکیاخۆیان نادەن بەدەستەوە، تورکیا گرنگە بۆ ئەمریکاو ناتۆ، تائێستا ئیشیان پێیەتی لەرووی عەسکەرییەوە چەندان چەکی ئەتۆمی‌و کلاسیکی ناتۆو ئەمریکا لەتورکیادان بنکەی (ئەنجەرلیك) هەیە بۆ پێگەی فرۆکەوانی‌و سەربازی ئەمریکا رەوشی ئێستای تورکیای بەدڵ نییەو ناشتوانێ بەشێوەی عێراق‌و ئەفغانستان هێرشی بکاتە سەری چونکە لەبەرژەوەندیدا نییە، ئەردۆغانیش بەمە ئەزانێ کاتێ کە ئەچێتە ئەوێ هەندێ قسەی لەوبابەتە ئەکات، بەڵام بەعەمەلی هیچ شتێکی نەکردووە ئەگەر بێت‌و بەپراکتیك شتێك بکرێت ئەوا پێویستە لەدەستووری چاوەروانکراوی تورکیادا بکرێ، ئەگەر گۆرانکاری بەخۆیەوە بینی لەناو دەستوردا نوسرا "تورکیا وولاتێکی فرە نەتەوەیە تورك‌و کوردو عەرەب‌و ... تێیدا ئەژین" ئەوکات گۆرانکاری جددی دێتە ئاراوە ئەگەر ئەمەش بوو هەنگاوی یەکەم دەنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکانی تورکیا، ئایا شیمانەی شتی وادەکرێت، ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە دەنگییان داوە بەوەی کەوا باڵی عەسکەری دەتوانێت بچێتە خاکی عێراق، تەنیا باسیان لەPKK نەکردووە بەڵکو باسیان لەو دەستکەوتانەی باشووری کوردستان کردووە باسی فشاری ئابورییان کردووە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، باسی برانی هاتوچۆی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستانیان کردووە، گەلێك کە نوێنەرەکانی ئەوەندە شۆڤێنی بن چۆن دەتوانێ دەستورێکی دیموکراتی‌و فرە کلتوری لەتورکیادا دەستەبەر بکات، تۆزێ زەحمەتە.

**زنار: لەو مامەڵە سیاسییەی تورکیاو ئەمریکادا مەسەلەی ئەتۆمی ئێرانیش لەئارادا هەیە.**

دکتۆر فایەق: ئەمریکا ئیشی بەتورکیا هەیە، ناتوانێ زۆر زەختی بکاتە سەر، ئەگەر بێت‌و ئەمریکا هێرش بکاتە سەر ئێران، یەکێك لەو شوێنانەی کە ئەمریکا هەیەتی بنکەی ئەنجەرلیکە، لەلایەکی ترەوە ئەمریکا دەیەوێ ئێران رووت بکاتەوە دۆستی نەبێت لەناوچەکەدا ئێستا پەیوەندی نهێنی‌و ئاشکرا لەنێوان سوریاو ئێران‌و تورکیادا هەیە، ئەمریکا ئەڵێ ئەگەر هێرش بکەمە سەر ئێران لەهەمانکاتدا شەرکردنەلەگەڵ سێ وڵات، لەلایەکی تریشەوە تورکیا ئەیەوێ ئەمریکا بخەڵەتێنێ ئێستا تورکیا پێگەیەکی مامناوەندی هەیە لەناوچەکەدا، بەڵام کێشەکەی تورکیا ئەوەیە کە هەڵگری کۆمەڵێ مەفهومە کە ناگونجێ لەگەڵ ئەم سەردەمەدا، رژێمی رەگەز پەرستی لەدنیادا نەماوە ئەو ئێستەش نکوڵی لەبوونی کورد دەکات.

**زنار: رژێمێکی دیکتاتۆر لەعێراقدا لاچو تارادەیەك رژێمێکی دیمکوراتییانە شوێنی گرتەوە، پێکهاتە سیاسییەکان دەستورێکیان هێنایە کایەوە لەسەر شاری کەرکوك پێکهاتن لەسەر ماددەیەك، مادەکەش وابەرەو دواین وادەی دەچین هەنگاوەکان زۆر خاون، ئەوەی بیستراوە وادەکەی پاشبخرێ، ئایا ئەمریکا ئەیەوێت چارەسەری کێشەی کەرکوك بکات، یان باشتر نییە un کێشەکە چارەسەر بکات، وەك ئەوەی رێکخراوێکی جیهانییەو چەندین کێشەی تری لەم شێوەیەی لەدنیادا چارەسەرکردووە.**

دکتۆرفایەق: بنەمای کێشەکە ئەوەیە کە کورد بۆخۆی هێزێکی باش نییەو زۆر پەرتەوازەیەو لاوازین ، ئێستا پارتی‌و یەکێتی لەسەر مەسەلە چارەنوسسازەکان بۆچونیان جیاوازە بەتایبەت لەسەر کەرکوك، لەبەر ئەوەی کە هێز نین نەمانتوانیوە کێشەی کەرکوك بگەیەنینە چارەسەری کاتی خۆی لە ساڵانی حەفتا تا حەفتاو چوار کێشەی ئێمە هەر کەرکوك بوو لەسەر کەرکوك پێك نەهاتین‌و شەر بوویەوە ئەوکاتە رژێمی سەدام ئەیوت با کەرکوك پێکەوە حوکمی بکەین، بەڵام دوای روخانی سەدام هێزە کوردییەکان مەسەلەی کەرکوکیان هێندە جددی وەرنەگرت، بەڵام دیاربوو بیریان لەوە کردبووەوە کە ببنە دۆستی ئەمریکاو سەدام بروخێنن، ئەوە ستراتیژییان بوو، ستراتیژیان ئەوە نەبوو کە کاتی خۆی لەگەڵ رژێمەکانی ناوەندی بەغدا بۆچی پێك نەهاتن، ئەبوایە یەکێتی‌و پارتی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی پێش روخانی سەدام رێککەوتنایە لەسەر کەرکوك، ئەگەر بەدڵی کورد نەبوایە ئەوان بەشداری روخاندنی سەدامیان نەکردایە، دیارە ئەوان ئەومەسەلەیان بەلاوە گرنگ نەبووە مەسەلەی سەرەکی ئەوان روخانی سەدام بووە، ئێ خۆ کە سەدام بروخێ مەرج نییە یەکێك بێت لەسەدام باشتر بێت، لەکاتی شەری ئازادیدا ئەبوایە کورد کۆنترۆڵی کەرکوکی بکردایە بەڵام یەکێتی‌و پارتی بەدزی یەکترییەوە چونە ناو کەرکوکەوە، کە چوشن خەریکی خەبات‌و تێکۆشانی سیاسی نەبوون زۆربەی خەریکی شتی لاوەکی بوو، دەستورەکەش بەتایبەت مادەی ١٤٠ ئەگەری زۆری تێدایە، عەقڵیەتی عەرەبی شۆڤێنی قبوڵناکات کەرکوك بگەرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، عەقڵیەتی‌و جدیەتی دەسەڵاتدارانی کوردیش هێندە بەهێز نییە کە قەناعەت بەدەسەڵاتدارانی عێراق‌و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بکات، ئەگەریش بدرێتە un دیسان زەرەری تیا ئەکەین، چونکە حکومەتی عێراق‌و تورکیاش نوێنەریان هەیەو دیبلۆماسییەت ئەکەن خەبات ئەکەن بۆئەوی بریارێك بدرێت لەبەرژەوەندی ئێمەدا نەبێت.

**زنار: پارتەکەی ئێوەو چەند پارتێکی تر بەرەی گۆرانتان پێکهێنا ئێستە بەرەکە دەنگی نەماوەو سست بووە.**

دکتۆرفایەق: ئەو پرۆژەیە لەنێوان حزبی دیموکراتیخوازان‌و حزبی رزگاری‌و بزوتنەوەی دیمکوراتی گەلی کوردستان‌و پارتی چارەسەرو کۆمەڵێ خەڵکی بێلایەن دروست بوو، بۆ ئەوەش دروست بوو کە ببینە ئۆپۆزسیۆنێکی چالاك، لەگەڵ کارکردنمان لەبەرەکەدا حزبە دەسەڵاتدارەکانیش دژی ئێمە کاریان ئەکرد، دوای ماوەیەك بزوتنەوەی دیموکراتی گەل پاشەکشەیانکرد، بەدەر لەئێمە ئەوانی تر هاوکاریان لەیەکێتی نیشتیمانی وەردەگرت مەرجیان بۆ دانابون ئەگەر ئێوە لەبەرەی گۆران بمێنن ئێمە هاوکاریتان ناکەین یان ئەگەر پارتی چارەسەری یان دکتۆر فایەق لەبەرەکەدا بمێنێت ئێمە هاوکاریتان ناکەین، وای لێهات لەسەر بەرەی گۆران خەریکبوو رەوشی حزبەکانیشیان تێکدەچوو، بۆیە



لەبەرژەوەندی ئەو دوو حزبە تا وەکو خۆیان بمێننەوە بریارماندا لەبەرەی گۆران پاشەکشێ بکەین.

زنار: سەبارەت بەو ناوانەی کە دەوڵەتی تورکیا داوایان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە تا تەسلیمی تورکیایان بکات، ئێوە راتان چییە، ناوی تۆی تێدا نییە؟ بەحوکمی ئەوەی تۆ رەخنەی زۆر دەگریت لەسیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا.

دکتۆرفایەق: من نازانم ناوی منیان تێدا بێت یان نا، من دژی سیاسەتی شۆڤێنی ئیمپراتۆریانەی دەوڵەتی تورکیام پشتگیری خەباتی گەلی کوردم لەباکوری کوردستان وەکو ئایدۆلۆژیاش سەر بەو ئایدۆلۆژیایەم کە هێزە کلاسیکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست زۆر لێی ئەترسن، لەبەر ئەوە ئەگەر ناوی منیش لەو لیستەدا هەبێت بەشتێکی ئاسایی ئەزانم، سەبارەت بەتەسلیمکردنی خەڵك بەتورکیا بروا ناکەم شتی واروبدات، هەم رەوشەکە گۆراوە هەم منیش کەسێکی عێراقیم شتی وا یاسایی نییە هەم منیش کەسێك نیم تەسلیمی تورکیا بکرێم بەو شێوەیە بەئاسانی بۆ دەسەڵاتی کوردی هەزم بکرێت کاریگەری زۆر سلبی ئەبێ لەسەر دەسەڵاتی باشوری کوردستان، برواش ناکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژێ لەرۆژان کەسێکی وەکو من یان کەسێکی وەکو دکتۆر مەحمود عوسمان کەئێستا ئەندام پەرلەمانی عێراقە لەلیستی هاوپەیمانی هەڵوێستی زۆر باشی هەیەو داکۆکی لەبزاڤی رزگاری خوازی گەلی کورد ئەکاتو دژی سیاسەتەکانی تورکیایە، شتی وامان لەگەڵ ناکەن کۆمەڵێ سەرکردەی PKK هەن کاتی خۆی لەشاخ بوونو چالاکی سیاسیو سەربازییان ئەنجامداوە ئێستاش لێرە دانیشتوونو ئەوانە تەسلیمی تۆرکیا ناکەنەوە هەموو جارێ تورکیا پێیان ئەڵێ ئەوانەمان تەسلیم بکەنەوە، هەندێ داواکاری تورکیا هەیە زۆر بێعەقڵانەیە، باشترین چارەسەر ئەوەیە کە تورکیا لەگەڵ نوێنەرەکانی گەلی کورد دانیشێت.

زنار: پارتی چارەسەری تا ئێستا مۆڵەتی فەرمی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە وەرنەگرتووە، هۆکارەکەی چییە.

دکتۆر فایەق: ئێمە لەمانگی ٦/٢٠٠٤ ەوە کاتێ دامەزراین داوامان کردووە، تا ئێستا مۆڵەتیان نەداوینەتێ، چەند جارێکیش وەبیرمان هێناوەتەوە، ئەڵێن ئێمە فشاری تورکیامان لەسەرەو بەشێکن لە PKKلەم شەوانەدا مام جەلال لەکەناڵی ئەلعەرەبییەدا قسەی کردوو ووتی ئەو داواکاریانەی تورکیا لەئێمەی کردووە کە دژی PKK چالاکی عەسکەری ئەنجام بدەین ئێمە ئەوە ناکەین، بەڵام ئێمە رێگە نادەین PKK لەکوردستانو عێراقدا پێشبکەوێ، ئەوە ستراتیژی پارتیو یەکێتییە.

زنار: رەوتی رەخنەگرتن لەهەرێمی کوردستاندا چۆن دەبینی.

دکتۆر فایەق: ئەو رەخنانەی کە ئاراستە ئەکرێن زۆر ووروژێنەرە لایەنە کەسایەتییەکانی مەسەلەکان باس دەکەن، رۆشنبیر تەنها رەخنە ئەگرێ هەندێ جار پێشنیار بۆ چارەسەریش ناکات، ئێستا ئەوانەی رەخنە ئەگرن رۆشنبیرن، رەخنەکانیشیان کاڵو کرچییان پێوە دیارەو بەرنامەی گۆرانکاری تێدا نییە، ئەبێ رەخنە لەووروژێنەرەوە بگوازرێتەوە بۆ رەخنەی سیاسیو فکریو زهنی لەدوای رەخنەکانیش پرۆژەی چارەسەریش چارەسەر بکرێ، لەسایتەکانی ئەنتەرنێتو هەندێ لەرۆژنامەکان شتی باش کراوە بەڵام رۆژنامەکانیش لەژێر چاودێریو کۆنترۆڵی ئاسایشو دەزگا سەرکوتکەرەکاندان ناتوانن بەشێوەیەکی لێبراوانە بەتەواوی رەخنە بگرن، هەندێ سایت هەن لەدەرەوەی وولات ئەگەر هەندێ گۆرانکاری بکەن سایتی باش دەبن بۆ نمونە سایتی کوردستان پۆست سایتێکی باشە بەڵام هەندێ جار زۆر شعوری خەڵك بریندار دەکات.

زنار: یەکێتیو پارتی رێککەوتننامەیەکی ستراتیژییان واژۆ کۆدووە، وێرای ناکۆکی نێوانیان خوێندنەوەت بۆ ئەم رێکەوتنە چۆنە.

دکتۆر فایەق: تائێستا بەرنامەی ئەو رێکەوتنە ئاشکرا نەکراوە، بەڵام ئەوەی کە دیم ئەو رێکەوتنە ستراتیژییە هێندە لەهەڵسوکەوتی بەرپرسو کادرو دامودەزگاکانی پارتیو یەکێتیدا رەنگی نەداوەتەوە، هەندێ ئیش دەکرێ بەئاراستەی رێکەتنەکەو هەندێکیش بەپێچەوانەوە، بۆنمونە ئەبوایە دوای رێکەوتنەکە ئەو وەزاراتانەی کەماون یەکیان بگرتایەتەوە، ئەم رێکەوتنە بۆ ئەوەیە کە ئەبینن ئەمرۆ رۆشنبیران هێرش ئەکەنە سەر دەسەڵاتی یەکێتیو پارتی لەسەر گەندەڵی لەسەر شکستی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك لەکۆمەڵێ سیاسەتی تریان کە گرێدراوی دەوڵەتە هەرێمییەکانن ئەڵێن ئەگەر ئەم رەخنانە بەردەوام بن دەسەڵاتمان لەدەست ئەسێننەوە، ئەوەی کە زۆر دیارە بۆ دەست خستە بینەقاقای هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانە.

زنار:ساڵی پار شایەتیتاندا لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەسەر رژێمی سەدام، هەستتان بەچی ئەکرد.

دکتۆر فایەق: هەستم بەسەرکەوتن ئەکرد دوژمنانی گەلی کوردم دی لەناو قەفەسی تاواندا، من دەرفەتم پێدرا لەوەی کە خەڵك بمناسێ من کێمو چیم کردووە، چونکە ماوەیەکی زۆربوو دەسەڵاتدارانی باشوور چەواشەکارییەکی زۆر گەورەیان لەسەر من بەرێوە ئەبرد زۆر دژایەتی من ئەکرا، کە گوایە من مرۆڤێکم دژ بەکوردم دژی ئەم دەستکەوتانەی باشورم، هەندێ شتی تر، بەهۆی هەڵوێستی نەتەوایەتیمەوە دەوڵەتانی داگیرکەر هەموو کاتێ دژایەتییان کردووم هەروەها حزبە دەسەڵاتدارەکانیش، دوای ئەو شایەتییەم بەعسییەکانیش دژایەتی من ئەکەن، لەوانەبێ لەکەمیندابن بۆم هەموو کاتێ، من داوام لەحکومەتی هەرێمی کوردستانکرد کە ئەگەر وەکو کەسایەتیش بێت وەکو ئەوەی کە شایەتییەکی ئەو دادگایە بووم، هەندێ پاسەوانم بۆ دابین بکەن ئەوەشیان بۆ نەکردووم.

# گۆنا سەعید:

# بۆ ئەوەی بزوتنەوەی ئافرەتان بەهێزبێت دەبێ بزوتنەوەیەکی سیاسیو حیزبی پشتیوانی بکات

گۆنا سەعید، نوسەرو هەڵسوری بوارەکانی کارکردن لەسەر ئافرەتو کارمەندی سەنتەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەرگریکردن لەمافەکانی ژنان. بەپێویستمان زانی ڕوانگەو تێگەیشتنی لەهەمبەر پرسو بابەتگەلە پەیوەندیدارەکانی پەوەیوەست بەئافرەتانەوە بۆخوێنەران بخەینە ڕوو..

گفتوگۆی: ڕۆڤار نورەدینی

زنار: پۆلبەندیو ژمارەیەکتان سەبارەت بە کێشەو مەینەتیەکانی ئافرەی کورد لاهەیە، یان ئێوەش وەک زۆرێک لەرێکخراو کەسایەتیەکانی کارکردوی ئەو بوارە بێ پەرواو گەڕانەوە بۆ باری چۆنایەتیو هەڵسەنگاندنە بابەتیەکان هەر قسەدەکەن..

گۆنا سەعید: هەرچەندە کاری ئێمە زۆرتر لەبەریتانیایە، ئەگەر مەبەست لەسەر ئاستی کوردستان بێت پرسیارەکەتان مومکینە لەوێش ئامارو زانیاریەکی ژمارەیی ئەوتۆمان دەست نەکەوێت، سەرەڕاش کێشەو گرفتەکان ئاشکران، زۆرێك هۆکارو فاکتەری دیار وجودیان هەیە، ئەوە مەسەلەیەکە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا جیاجیاکانیش کەم تا زۆر بوونیان هەیە، لەوڵاتێکی وەکو بەریتانیا بەپێی ئامارەکانی پۆلیسی بەریتانی ڕێژەکە لەساڵێکدا بۆ لە ( ١٢٪ ) ڕاگەیەندراوە، ئەگەرچی ئێمە پێمان وایە ڕێژەکە لەحەقیقەتدا لەوە زیاترە، چونکە ئەو مەسەلەیە تا ئەم دواییانەش ئەوەندە جێگەی گرنگیپێدانی دامو دەزگا ڕسمیەکان نەبووە، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەو ژمارانەی کە تاوانو توندوتیژی دەرهەق بەژنان پێدەکرێت زۆر زۆرن بەڵام ئەوانەی لەلایەن نێوەندە ڕسمیەکانەوە دانیپێدانراوەو ڕاگەیەندراون بەداخەوە دەڵێم کەمن، دواجار وەك ئەوەی کەباسمکرد ڕێکخراوەکانی ژنان ئەوەی کەکارییێدەکەنو کاری لەسەر دەکەن هەبوونی بەڵگەو دیاردەگەلێگی زۆرن وەك هەبوونی توندوتیژیەکانی پەروەردەیی خێزانی، مارەبڕینو مەسەلەی هاوسەرگیری، خەتەنەکردن، مەسەلەی شەرەفو زۆر بابەتی تر.

زنار: پێمان خۆشە سەبارەت بەیاسای باری کەسێتی عیراقی قسەمان بۆبکەیت، پێتان وانیە سەرچاوەی هەموو کێشەکانی ئافرەتو تاکی کوردو عیراقی لەوێوە سەرچاوە گرتبێت..

گۆنا سەعید: ئەم یاسایە هێشتا گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووەو هەر هەمان یاساکانی پێشووی ڕژێمی پێشووی عیراقین لەعیراقو لەکوردستانیشدا کاریان پێدەکرێت، ڕاستە یەك دوو بڕیارە سەبارەت بەوەی کوشتنو توندوتیژی بەرامبەر ژنان مەحکومو قەدەغە دەکات، بەڵام لەدادگاکاندا ئەوەی کارییێدەکرێت هەر ئەو یاسایەیە، بۆیە دەتوانم بڵێم یاسای باری کەسێتی، نەك هەمووی بەڵکو یەکێکە لەسەرچاوەی نەهامەتیەکانی ژنان لەعیراقو لەکوردستاندا، بۆیە ئەڵێم کوردستان چونکە هەمان یاسا لەکوردستانیشدا کاری پێدەکرێت، خۆشتان دەزانن ئەم یاسایە هەموو دەسەڵاتێکی داوەتە پیاو، دیارە سەرچاوەی تر زۆرە یەکێك لەوانە نەخشو سیستەمی عەشیرەتییە، ئەویاساو ڕێسا نەنوسراوانەن کارو کاریگەریان بەسەر ژیانو ئازادیو مافەکانی ژنانەوە بەجێهێشتووە، کەمکردنەوەو بنەبڕکردنی ئەو یاساو ڕێسا نەنوسراوانەش لەکۆمەڵگەدا ئەرکی دەوڵەتو دەسەڵاتی یاسادانانو نەخشی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، ئەوە وێڕای ئەوەی کارو ئامانجو بوێری ڕێکخراوەکانی پەیوەست بەژنانیشی لەڕیزی پێشەوە پێویستەو دەبێت ئەوان کۆکبنو ڕیزەکانیان لەو پێناوەدا یەکبخەنو ئاراستە بکەن.



زنار: ڕۆژانە هەواڵی خۆکوشتنو خۆسوتاندنو بابەتەکانی دیکەی پەیوەست بە چەوساندنەوەی ئافرەتان لەسایتو ڕۆژنامەکانماندا بەدیدەکرێن، دەمەوێت بپرسم حاڵی حازر وەکو سەنتەر، چ بەرنامەو چالاکییەکتان بۆ بەرگرتنو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەسەلانە هەیە..

گۆنا سەعید: من دەمەوێت ئەوە دووبارە بکەمەوە کە سەنتەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەرگریکردن لەمافەکانی ژنان، بەهۆی نەبوونی هیچ جۆرە سەرچاوەیەکی دارایی بەردەست نەمانتوانیوە کار لەسەر مەسەلەکانی پەیوەست بەتوندوتیژی بەرامبەر بەژنان لەکوردستاندا بکەین، ئەوەی کردومانە کەمپینو ڕێکخستن بووە، پشتگریکردنە لەبزوتنەوەی یەکسانی خوازی ئافرەتان لەکوردستاندا، بەڵام لێرە بۆ کۆمەڵگە خۆرهەڵاتیەکان ئەو کۆمەڵگایانەی کە کولتوری ئیسلام تیایاندا زاڵە کارمان لەسەر هۆشیارکردنەوەیان کردووە، هەوڵمانداوە بیرو بۆچوونەکانیان لەبەر مافەکانی ئافرەتان بگۆڕین، چونکە هێشتا لێرەش مەسەلەی کوشتن لەسەر شەرەف هەر هەیە بەنمونە کوژرانی هێشو عەبدوڵڵا، کوژرانی بەناز مەحمود، کوژرانی ژنێکی هیندی کە بەدەست خەسوو مێردەکەی کوژرابوو تازە لەدادگادا کەیسەکەی یەکلایکرایەوە، بەشێکی تری کارەکانمان کارکردنە لەگەڵ دامودەزگا ڕسمیەکان، خزمەتگوزاریمان هەیە هەوڵدەدەین ئەگەر ژنانێك لەدەست توندوتیژی نێومالَو خێزان دەربەدەر بوبن هاوکاریان دەکەینو هەوڵدەدەین شوێنیانی نیشتەجێبوونی نوێیان دوور لەتوندو تیژی بۆ بدۆزرێتەوەو مافەکانیان پارێزراو بێت.

زنار: لەسەر ئاستی دنیا، دوو ئاراستەو بیرکردنەوەی فێمینیزمی بەدیدەکرێن، یەکێکیان ئامانجی پاراستنی یەکێتی ڕەگەزی نێوان نێرو مێیەو ئەوەی دیکەیان قسەکردنە لەسەر بەها ئافرەتیەکان، واتە ئامانجی کۆمەڵگایەکە کەتەوەرەکەی ئافرەتبێت، بابزانین هەڵوێستی ئێوەو سەنتەرەکەتان سەبارەت بەم دوو تێگەیشتنە چییە..

گۆنا سەعید: هەڵبەت ئەوەیان ڕەئی شەخسی خۆمەو لەهەمانکاتیشدا هی ڕێکخراوەکەشمانە، ئێمە وەك ئەو فێمینستانە بەو ئاڕاستەیە کارناکەین کە دەیانەوێت ژن تەوەری سەرەکیو سەروەری کۆمەڵگا بێت، ئێمە داوای یەکسانی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە دەکەین، ئێمە دوو کائینینو جیاوازیکردن ڕەتدەکەینەوە، دەمانەوێت مرۆڤەکان بەیەکسانی بژین، دژی هەڵاواردنو چەوسانەوەی ئینسانەکانین بەگشتی.

زنار: لەوەتەی ئێوە لەکارو چالاکی نواندندان، لایەن یاخەڵکانێك هەیە ڕێگەی بەخۆی دابێت بۆمەبەستو ئامانجی سیاسی سنوردار، سودی لەئێوەو سەنتەرەکەتان وەرگرتبێت..

گۆنا سەعید: لەناو هەر ڕێکخراوەیەکدا خەڵکی جۆراوجۆر هەیە، هەرکەسیش ئازادە کە ئەندامی هەر حیزبێکە یان هەڵگری هەر جۆرە بیروڕایەکی سیاسیە، گرنگ ئەوەیە مەسەلەی سیاسی یان حیزبی بوون نەیتوانیوە کاریگەری لەکارەکانی ئێمە بکات، ئێمە ڕێکخراوەیەکی سەر بەدەوڵەت نین، سەر بەهیچ حیزبێك نین، وەك شەخس هەرکەسەو بیرو بۆچوونی خۆمان هەیەو وەك ڕێکخراویش لەسەر ئەوە ڕێکین کەلەبەرامبەر توندوتیژیو چەوساندنەوەی ژنان کاربکەین، وێڕای ئەوەش پەیوەندیمان لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی تری هاوشێوەی خۆمان هەیە کە بیرو بۆچونیشمان زۆر لێك جیاوازە، پێشمان ناخۆش نیە کارەکانمان لەڕوانگەی سیاسی لێکبدرێتەوە، لەهەر وڵاتێکدا بەتایبەتیش لەکوردستاندا ئەگەر بزوتنەوەی ژنان بیەوێت ئامانجەکانی دەستەبەر بکاتو وەدییان بهێنێت دەبێ بزوتنەوەیەکی سیاسی بێت، چونکە ئەگەر ئەوە نەبێتو حیزبی سیاسی پشتیوانی نەکات ناتوانێ گۆڕانکاری بکات دەستکەوت بەدەست بهێنێت مافەکانی ئافرەتان دەستەبەر بکات، بەگشتی بۆ ئەوەی بزوتنەوەی ئافرەتان بەهێزبێت یان ئەبێت خۆی بزوتنەوەیەکی سیاسی بێت یان بزوتنەوەیەکی سیاسیو حیزبی پشتیوانی بکات. ئەگەر چاوەڕوانی ڕێکخراوی بچوك بچوكو خێرخوازی بکەین لەوبوارەدا مافو ئازادیەکانی ئافرەتان دەستەبەر بکات بەدڵنیاییەوە دەڵێم گۆڕانکاریەکی گرنگو بابەتی ڕوونادات، بەڵام ناکرێ نەوعیەتی ئەو حیزبە لەڕووی جۆنایەتییەوە لەبەرچاونەگیرێت، ناکرێ پشت بەحیزب یان بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستانە بۆ ئەم مەبەستە ببەسترێت.

زنار: چ وەك تاكو چ وەك ڕێکخراو، ئافرەتانێکی زۆر تەنانەت لەبوارە کارگێڕیەکانیش لەکوردستاندا بەدیدەکرێنو کار لەسەر ئەوپرسە دەکەن، نەخشیان چۆن لێکدەدەنەوە، بەمانایەکی دیە بەوە ڕازین..

گۆنا سەعید: ئەو ڕێکخراوانە ئەگەر ئامانجی سەرەکییان کارکردنە لەسەر وەدەستهێنانی مافو ئازادیەکانی ئافرەتان، بەبڕوای من دەبێ ڕیزی خۆیان جیابکەنەوە لەوسیاسیو حیزبانەی کەهەڵگری ئەو بیروباوەڕە نین، بەداخەوە ئەڵێم بەشێك لەو ڕێکخراوانە کاریگەر نین نەخشیان نییە، زۆر جار دەبینین دواجار دەگەڕێنەوە بۆ بڕیاری ئەو لایەنو حیزبەی پارەیان پێدەدات، ئەوان نابێ لەسەر حسابی مافەکانی ژنان سازش لەسەر هیچ شتێك بکەن، دیارە ئەو ژنانەی کەخاوەنی پلەو پایە کارگێڕیو ئیداریەکانن لەناو پەرلەمان و لەناو حکومەتدا ئەگەرچی هەیانە پێشتر کاری باشی کردووە پلاتفۆرمی داوە، بەشداریو نەخشی هەبووە بەڵام کەچونەتە ئەوێ بەداخەوە دەڵێم نەیانتوانیوە نوێنەری ئێمەبن کەلەخوارەوەین، نەیانتوانیوە نوێنەری ئەو ژنانەبن کەدەکوژرێن، نەیانتوانیوە نوێنەری ئەوانەبن دەچەوسێندرێنەوە بەهەر بڕو بیانوێك، ئەوەش مومکینە پەیوەندی بەوەوە هەبێت کەسیاسەتکردن لەکوردستاندا خراوەتە چوغزێکەوە یان دەبێت ڕەش بی یان سپی، بۆیە پێموایە بەشێکی زۆری ئەو ژنانە نوێنەری ژنان نامێنن لەناو پەرلەمانو حکومەتدا.

زنار: بەبڕوای ئێوە، ئاینو کۆمەڵگا، حیزبو ئایدۆلۆژیا، چییان لێسەندوینو چیان بەسەردا سەپاندوین، خاوەن یا شیاوی چ جۆرە خەملاندنێکین..

گۆنا سەعید: من ئەزانم ئێستا میدیاو شتەکانی تر باشتر لەجاران ئەرۆن بەڕێوە، تۆجارێ کۆمەڵگا بخەرە بەشی دواوەی پرسیارەکە، ئاینو حیزبو ئایدۆلۆژیا، ئازادییان بەهەموو ماناکانیەوە لەئینسان سەندووە، ئەوە هەر قسەیەکی سەر زارەکی نییەو دەیانو سەدان بەڵگە لەوبارەوە هەیە، بۆیە کۆمەڵگا خەریکە دەتەقێت لەو چوارچێوەدا، بەبڕوای من کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی ڕوو لەپێشە کۆمەڵگەیەکە چاوی بڕیوەتە دونیای دەرەوە، چاوی بڕیوەتە بوژانەوە، چاوی بڕیوەتە ژیانێکی باشتر بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە خەریکە لەو چوارچێوەو سنوردارکردنەیدا دەتەقێت.

زنار: باسەبارەت بەمەسەلەیەکی دیکە بدوێین، ئایا ئێوە لەوباوەڕەدان ئاریشەی هەموو پەیوەندیە ئینسانیەکان، لەپەیوەندیە سێکسیەکاندا بدۆزرێتەوە، هەربەڕاست ئەوەی لەنێوان ئافرەتو پیاودا دەبیندرێت، ئاوێنەو ڕەنگدانەوەی هەموو پەیوەندیە ئینسانیەکانە..

گۆنا: ئەوە زۆر ڕاستە، ئەوە تێڕوانینی سیستەمی پیاو سالارییە، تێڕوانینی دینە بۆ پەیوەندی نێوان ئینسانەکان، تێڕوانینی یاساو ڕێسا نەنوسراوەکانە، چونکە پێیان وایە ژن کائینێکە بۆ منداڵبوون بۆ سێکس کردن، پێیان وایە ژن بۆ ئەوەنیە بەشداری ژیانی کۆمەڵگا بکات، پێیان وایە ئیتر بۆی نیە وەك پیاو مومارەسەی خولیاو مافو ئازادیەکانی خۆی وەك ئەوان کەپیاون بکات، لەحەقیقەتیشدا مەسەلەکە تەواو پێچەوانەیەو ژنیش وەك پیاو توانای بەشداریکردنو سەرخستنی ژیانێکی باشترو جوانتری هەیە، هەروەك چۆن مافو ئازادی خۆشی وەك پیاو هەیە.



# سێکس فرۆشی

م. وریا کانی تووی

لەڕاستیدا مرۆڤ کەشاگوڵی باخی بوونەوەرە، کائینو دروستکراوێکی هەتا بڵێی ئاڵۆزە، تەژی لە هەستو نەستو ویستو ئارەزووە، هەستیارو هەستەوەرە، لەلایەن پەروەردگارەوە ڕێزی لێ گیراوەو لە جوانترینو ناسکترینو سەرنج ڕاکێشترین شێوەدا خوڵقێنراوە، لەم سەر زەمینەدا، چی هەیەو نیە، بۆ ئەوو لەپێناوی بەختەوەری ئەودا وەدی هێنراوە، چی نازو نیعمەتو خۆشیو لەزەت هەیە ڕامو دەستەمۆی (ژێر دەستی) مرۆڤ کراوە، بەڵام ئەفسوس ئەم مرۆڤە بە هەندێك كارو کردەوە، کە هەر لەخودی خۆی دەپشکوێتەوە لە کەرامەتو هەیبەتی خۆی داشکێنێو لاپەڕەی سافو بێگەردی ژیانی خۆی دزێو پیسو لێخن دەکات، گەرچی ئەم کارو کردەوانەش هەندێك جار بەویستو ئارەزوو لەگەڵێك حاڵو باریشدا بە ناچاریو لەژێر نیری چەندان جۆری فشارو بێ دەرەتانی لێقەوماویو سەدان پەتای کوشندەی دەروونیو کۆمەڵایەتیو سیاسیدا، سەر هەڵدەدەن، بەڵام حاشا هەڵنەگرو بەڵگە نەویستە کە ئەم کارە سەرەخۆرەیە، لێوان لێوی زیانو زیانبارییە، گەورەترین هەڕەشەی سەر ئاسودەییو بەختەوەریو کامەرانیە، لە ڕاستیدا مرۆڤ ئەو کاتە هەستی بە بوونی خۆی کردووەو خۆی دۆزیوەتەوە کە هەوڵی ڕێکخستنی ژیانی داوە، بری لە دارشتنو دانانی یاساو ڕێسا کردۆتەوە، ئەمەش هەر بۆئەوەی سەربەرزانەو سەرفرازانە بژی وردە وردە بە پلیکانەی خۆشگوزەرانیدا بەرەو کامەرانی هەڵکشێ، کۆسپو تەگەرەو بەدبەختیو نەهامەتیەکانی سەر ڕێگەی ئاسودەیی وەلانێ، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کەچی لەسەر ڕووپەڕی گۆڤارو ڕۆژنامەکان لێرەو لەوێ دەبیستین کە لەشفرۆشی وەك دیاردەیەك ڕوو لە زیاد بوونە، لە حاڵێکی وادا کە ئەم کارە قێزەونە ببێتە دیاردە، جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە، چونکە سێکس فرۆشی دیاردەیەکی بێزراوی ناپەسندی کۆمەڵایەتیە، هەرچەندە دەتوانین بڵێین کە لەشفرۆشی دیاردەیەکی تازە نیەو بەڵکو لەمێژینەو کۆنە، لەناو زۆر گەلو نەتەوەی کۆنو نوێدا هەبووەو هەیە، گەر بە ووردی لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم ئەتوارە بکۆڵرێتەوە، دەردەکەوێت کە زادەی هۆکاری جۆراو جۆرە، سەبەبو هۆکارەکانیش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەو لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی دی جیاوازە، هەر وەك تێڕوانینو مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دیاردەیەش دا هەر ئاوایە، ئەوەتا لە هەندێك وولاتی ئەوروپی بەپێی یاسا ڕێگەی پێدراوە، تەنانەت حکومەت وەك هەر کارو پیشەیەکی تر باج دەخاتە سەر ئەو ئافرەتانەی کە ئەو کارە دەکەن، لە هەندێ وولاتیش بەپێی یاسا قەدەغە کراوە، بەپێی ئەو عادەتو تەقالیدو کلتوورەی ئێمە باوەڕمان پێی هەیە، سێکس فرۆشی(لەش فرۆشی) ئەو کارەیە کە: مرۆڤ تیایدا هەموو هەستو نەستو غەریزەو کەرامەتو جەستەی هەرزان فرۆشو هەراج دەکات، پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی بەدەستی خۆی دەسڕێتەوە، لە بەرزترین پلەو ترۆپکی مرۆڤایەتیەوە خلۆر دەبێتەوە بۆ نزمترینو پەسترین ئاست، چونکە ئەم غەریزەیە دەبێت مامەڵەیەکی تەندروستو دروستی لەگەڵدا بکرێو لە کەشو هەوایەکی گونجاودا لە هەموو بوارەکانی دەروونیو جەستەیدا جێبەجێ بکرێ. نەك بە ئارەزوو، بێ ئارەزوو هەر چەند خولەکێك ئافرەت لە باوەشی پیاوێکدا بێتو بێ ڕەحمانە غەریزەکانی خۆی لێ تێر بکات، کە ئەمە زۆر جار لە گەڵ ئەو پەڕی ڕێزمدا، ئاژەڵیش نایکات، ئەوەتا زۆر لەوانەی شارەزای ڕەفتاری ئاژەڵەکانن دەڵێن: ئاژەڵو گیانداری وا هەیە کە زۆر بەووردی مامەڵە لەگەڵ جووت بوونو کرداری سێکس دا دەکات، هەر کاتێك هەستی کرد لەژێر چاودێریدایە، یان مرۆڤێك بە دیاریەوەیە، هەرگیز ئامادەیی تێدا نیە ئەو کارە بکاتو زۆر جار بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە خۆی لە ئاژەڵی دیکەش دەشارێتەوە! کەچی مرۆڤی لەشفرۆش خۆی لەهەموو شەرمو حەیاو هەستێکی مرۆڤانە دادەڕنێو بیر لەسەرەنجامی کارەکەی ناکاتەوە کە بەم کارەی ڕەچەڵەكو وەچەی مرۆڤەکان دەشێوێنێو ئەوپەڕی سوکایەتی کردنی تێدایە بەرامبەر بەکاری پیرۆزی دایکایەتی، ئەم کارە بەدە زۆر جار دەبێتە هۆی لەباربردنو کوشتنی چەندان کۆرپەلەی بێ تاوانو لە حاڵی لەناونەبردنیشی دا خستنەوەی وەچەیەکی سەرگەردانو بێ شوناسو ونو زۆڵە. دەبێت چی لەوە خراپتر بێت کە مرۆڤ بەو کارە قێزەونە تیرۆری مرۆڤ بوونی خۆی بکاتو کودەتا بەسەر سروشتی پاكو خاوێنی بێگەردی خۆیدا بکات، لەشفرۆش یاخییە لە خۆی لەهەموو خۆشیەك غەرقی نێو دەریای بێ هیواییو بێ ئومێدیە، ئەمە بە ڕوونی لە خوێندنەوەی سەر گوزەشتەی هەموو ئەوانەی بۆ ڕۆژنامەنوسان دواون دەردەکەوێت کە کەمن ئەوانی بە مەبەستی چێژ وەرگرتن سێکس دەفرۆشن، بەڵکو زۆربەیان قوربەسەریو ماف خوراویو زوڵمو ستەمو بێ قەدربوون پاڵی پێوەناون



ئەو کارە بکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە لە سەداسەدی پیاوانی جنس کڕ بۆ چێژو لەزەتە!! کە ئەمە جارێکی دی ژێر پێخستنی ئافرەتە، ئەگەر بمانەوێت دەستنیشانی هەندێك لەو هۆکارانە بکەین کە دەبنە هۆی پەیدا بوون، یان زۆر بوونی ئەو خووە ناشیرینە، ئەوا دەڵێین:

١-زوڵمو ستەم کردن لە ئافرەتانو حیساب نەکردن بۆ هەستو نەستیان، پێشێلکردنی مافەکانیان، وەك زەوت کردنی مافی شووکردنی ئافرەت بە دڵو کەیفی خۆی، ئافرەت کە نابەدڵ چووە ناو کەژاوەی هاوسەریەتی، ژیانی لەبەر چاو دەکەوێت ئەمە پاڵی پێوە دەنێت بۆ کردنی هەر کارێك، کە ڕەنگە لە ناپاکی هاوسەریەتیەوە (خیانەتی زەوجی) دەست پێ بکاتو پاشان وردە وردە لێی ببێ بەخوو بەردەوام بێ لەسەری.

٢-فەقیریو هەژاریو بێنەوایو دەست کورتیش، لای زۆر کەس وای کردووە بۆ پەیدا کردنی پارووی ژیانی ڕۆژانەی بیر لەو کارە خراپە بکاتەوە.

٣-زۆرجار شێوازی ژیانو پەروەردەو دابو نەریتی ناو خێزانو خێڵو تەنانەت هەندێ جار گەڕەكو دەورووبەریش پاڵنەرو هاندەری ئەم کارەن. بۆ نمونە ئەو گەڕۆكو سواڵکەرانەی کە دەگەڕێن، بەهۆی زۆر سورانو ماڵەو ماڵکردنیان ئاوی ڕوانیان نامێنێو شەرمو شکۆو حەیاو حشمەت لەدەست دەدەن، بیانەوێتو نەیانەوێت ئەوانە زیاتر دەکەونە نێو تۆڕی هەوەسبازانو دەکەونە چەندان شوێنو حاڵەتی وا کە زۆر بەسێنایی وەك نێچیری تووك نەرم ڕاو دەکرێن، خۆشیانو ئەو مێرد منداڵانەی کە لەگەڵ خۆیان بۆ سواڵکردن دەیان گێڕن فێردەبن دواتریش ڕادێن لەسەریو دەیکەنە پیشە.

٤-گومانی ئەوە دەکرێت کە ئەم کارە بەدو پیسە لەلایەن کۆمەڵێك ناحەزو داخ لەدڵی

ئەم میللەتەو بەمەبەستو بەشێوازی بەرنامە بۆ رێژکراو، بۆ تێکدانو ناشرینکردنو شێواندنی ئەم ئەزموونو هەرێمە، ئەم حاڵەتە بۆ ناوەوەی کوردستان رەوانە بکەن. کە ئەم شێوازەیان زۆر مەترسیدارەو ئەگەری ئەوە هەیە سەرەڕای لەشفرۆشیەکە چەندان دەردو نەخۆشی مەترسیداری وەك ئایدزو هاوشێوەکانی لەگەڵ خۆیان بگوازنەوەو ببنە هەرەشەیەکی جددیو سامناك بۆ بەسەر ساغو سەلامەتی کۆمەڵگاو دەردەدار کردنی.

٥-دەرچوونی حاڵەتی لەشفرۆشی لەشێوازی کلاسیکی تاكو تەراوە بۆ دروستبوونی شەبەکەو کەڵك وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای تازەی وەك مۆبایلو هۆیەکانی پەیوەندی، بۆ رێکخستنو یەکتر بینینو بازاڕ پەیدا کردنو کاتو شوێنو جێگە بڕیاردانو دۆزینەوەو پەیداکردنی دەلاڵی شەخسیو چەندان هۆی دیکە بونەتە هۆی تەشەنەکردنی ئەم حاڵەتە خراپە.

٦-پێگەیاندنو وروژاندنی غەریزەی سێکسی پێشوەخت لەلایەن هەندێك لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، بەتایبەت سەتەلایت لەم وڵاتەی ئێمەدا بەپێچەوانەی زۆر لە وڵاتانی دیکە ئەو کەناڵانە بەبێ کارتو بێ هیچ سانسۆرو رێگریەك خۆ دەکەن بە ماڵەکاندا هەرزەکارو نەوجەوانان پێش عەقلگرتنو ئەزموون وەرگرتن، غەریزەی سێکسیان دەجولێنرێو کێش دەکرێن بەرەو بەدوادا گەڕانو سەرقاڵ بوون بۆ دەسخستنو ئەنجامدانی ئەو کارە بە هەر نرخو رێگەو شێوازێك بێت، ئەمە وێڕای بڵاوبوونەوەی ئەو هەموو وێنەو کلیپو سیدیانەی کە قێزەونترینو ناشرینترین شێوازی مومارەسەکردنی کاری سێکسی رێنمونی دەکەنو وەك دەردو پەتای کوشندە بڵاوی دەکەنەوە.

٧-کەم ئەزموونیو سادەیی، خۆ پێ زەوت نەکرانو جڵەو شلکردن بۆ هەوەسو ئارەزوەکانو زاڵبونیان بەسەر لۆژیكو عەقڵو مەنتیقداو پەند وەرنەگرتن لە کەسانی دی، سەرەڕای چاولێکەریو لاساییکردنەوەی هاوڕێو.. هەندێك جاریش دایكو باوك بەتایبەتی ئەوانەی باوکیان جنس کرە، یان دایکیان لەشفرۆشە دواجار سەر دەکێشێ بۆئەوەی منداڵەکانیشیان توشی هەمان دەرد ببنو لە تەمەنێکی ناسكو زووەوە خووی پێوەبگرن. رەنگە ئەمانە هەموو ئەو هۆو سەبەبانە بن کە بونەتە هۆی تەشەنەکردنی سێکس فرۆشی وەك لە زۆر گۆڤارو رۆژنامەدا باس لە زیاد بوونی ئەم پەتایە دەکەن، هیوادارم دەسەڵات ئەم حاڵەتە بە هەند وەربگرێو لە هەموو روانگەکانەوە توێژینەوەی بۆ بکرێو دوای شەنو کەویەکی باش باشترین میکانیزمی هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی پیادە بکرێت تا تووشی سەرەنجامێکی تاڵو رەش نەبین خۆمانو ئەزمونەکەشمان لە داڕوخان بپارێزین.

# زمان و نان بڕین

عوسمان سەنگەسەری

زمان هەمیشە هۆکارێك بووە بۆ لە یەکتری گەیشتنو کارکردنو پێشکەوتنو سەرچاوەی ئاڵوگۆڕو گۆڕانیش بووە لە ژیانیشداو هەر بەهۆی زمانیشەوە بووە کە ولات وێرانو ئاوەدان بوە کە بە چاكو خراپ بەکارهاتبێو هەر ولاتێك لە زمانی رەخنەی داهێنەر بترسێ گۆڕانو گەشەکردن خۆیەوە نابینێ چونکە تەنها رەخنە دەتوانێ بینای ولات بکاتەوە بۆیە پێویستە پەرەی پێ بدرێو ئەوانەی لە رەخنە بترسێن پەشیمانی دادیان ناداو بەرەو هەڵدێران دەچن هەروەکو چۆن( ئەبو زەری غەفاری) رەخنەی لەدەسەلاتی خەلیفە عوسمان گرتو پێی گووت: تۆ عەدالەتی کۆمەلایەتی ناچەسپێنیو هەر خەریکی کۆشكو تەلارو خەزنەو خزمەکانتی خەلیفە تووڕە بوو بڕیاری دا کە بیگرنو لەبیابانی( رەبزە) فرێی بدەن تا بەتەنیایی دەمرێ ئەوەبوو کۆشكو دەسەلاتی خەلیفە لە دوایدا هەر لەلایەن مووسلمانەکانەوە دەستی بە سەرداگیراو هەرەها ئیمامەکانی( شافعیو حەنەفی) کە دەیانویست ئیسلام رێچکەی خۆی بگرێ رەخنەیان لە دەسەلاتی عەباسیەکان گرت کەچی لە زینداندا مردن بەلام ئێستا بوونە رێباز بۆ مووسڵمانانو گالیلۆ لە سەر ئەوەی گوتی زەوی خرە لەلایەن کۆنەپەرستەکانەوە دەست بەسەر کرا تاوەکو مرد، (سوقراتی) فەیلەسوفیش تێروانینو رەخنەی لە دەسەلات دەگرت بەدەردی ئەوانی دیکە بردرا کەچی ئەمرۆ وانەکانی لە قوتابخانەکان دەخوێنرێ.. رژێمە عەسکەرتاریەکانیش لە دنیادا رووخاونو دیموکراسیو ئازادی جێگای گرتونەوە بۆیە باشترایە پەندیان لێ وەگرین ستالینیش کادیرو نووسەرو بیرمەندە رەخنەگرەکانی کوشتو زیندانی کرد وەلی هەرتێکشکاو سەرەنجام راستیەکان بۆخەڵك ئاشکراکرانو گلاسنۆستو بیرۆستۆریکای لێ کەوتەوەو بە هەموو لایەك بینای ولاتیان کردەوەو گۆرباتشۆڤیش بۆ مێژوو بووە سەرکردەیەکی بوێرکە توانی هۆکارو ئازارو برینەکان ئاشکرابکاو پێش هەموو کەسیك داوای لە نووسەرانو کادیران کرد بۆ چارەسەر ئەوجار میللەتەکەی..

بەڵام بەداخەوە لەکوردستانیش دەسەڵات دەیەوێ بەرەو دواوە هەنگاو بنێو دێ رێکەوتننامەی ستراتیجی ئیمزادەکا کە بەشێکی باشە بەڵام هەندێ لە خاڵەکانی لە پێناوی مانەوەی دەسەلاتدایەو ناکۆکە لەگەڵ ئازادی رادەربرین چونکە زیاتر لە نۆ سالە رێکەوتنیان کردوە تاوەکوئێستا شێوازی دووئیداریو هەلوێستی چونیەك نینو گەندەڵی لێوان لێوەو دزیو مشەخۆری بۆتە دیاردەیەکی ئاساییو لەملاشەوە دەیانەوێ نانو زمانی خەڵك بڕنو بە هەموو لایەکمان بەرگری بکەین لە گەندەڵیو داپۆشینی راستیەکان لە بری ئەوەی بانگەوازو کۆڕو سمینار رێك بخەنو بڵێن بابەهەموولایەکمان گەندەلی بنەبربکەینو نەهێلین گەشەبکاو هەمووئەوانەی سیاسەتیان بۆ بەرژەوەندیو بازرگانیو ماستاوو گەندەڵی گرتووە تووریان دەینو شۆرش لەناوشۆڕشدا بکەینو خۆمان نوێو بینا بکەینەوە راستیەکان والا کەینو چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە نەك پەردەپۆشیان کەینو دەبوایە رێکەوتنە ستراتیجیەکە دادگاو دادوەری لێپرسینەوەی کردبا لە گەندەلیو دزیو بازرگانی بە سیاسەتەوەو گەرانەوە بۆ بیری کوردایەتیو خزمەت کردنی خەڵك نەك رێگە گرتنیان لە دەربرینی رای ئازاد کە ئەمەش هەلپەرستو مشەخۆرو ماستاوچیو گەندەڵەکان بەهێز دەکا بەرەو گەرانەوە بۆ دواوەمان دەباو باهۆزی دیموکراسی لولمان دەکا. لە ئەنجامدا دەسەلاتمان لە بەین دەچێو مێژوو نەفرەتمان لێ دەکا چونکە ئەمرۆ سەردەمی عەولەمەو مافی مرۆڤو دیموکراسیو زمانی دایەلۆکە بەشێوەیەکی مۆدێرن بۆیە باشترایە شەفافانە کاربکەینو دەست لە سەر ئازارو برینەکانمان دانێنو بە هەموولایەکمان تیماریان بکەینو چارەسەریان بۆ دابنێنو نەیان شارینەوە دەنا بەمردنی خۆمان تەواو دەبێو پێویستە ریکەوتنی ستراتیجی لە سەر ئامانجە نەتەوەییەکان بکرێ نەك حیزبیەکان ئەم شێوازە کلاسکیە بەلاوەبنرێو حیزبو حکومەت لە یەکتری جیا بکرێتەوەو دادگا سەربەخۆبێو کەسانی شیاو بێنە مەیدانو پاکسازیو چاکسازی لە حوکمەت حیزبدا بکرێو ئەوانەی دەستو دەمو داوێنیان پاك نیەو گەندەڵو مشەخۆرن توور هەڵدرێنو بیر لە خزمەت کردنو چارەنووسی خەڵك بکەینەوە نەك چەند مشەخۆرو بەرژەوەندی پەرستێك کەدەیانەوێ بۆ مانەوە خۆیان بەری رۆژ بگرنو خەلکیش قر بکەن بۆیە پیویستە ستراتیجیەت لە سەر خزمەتو لێپرسینەوە بنیات بنرێ.

# ڕەوشی ئەمنی ناوچەکانی قەرەتەپەو جەلەولا پاش کشانەوەی پۆلیسی گەرمیان
# تیرۆریستان پەیدا دەبنەوەو کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن

ڕاپۆرتی:گەرمیانی حەمەی پوور

بە شێوەیەکی بەرچاو گروپە تیرۆریستییەکان پاش کشانەوەی هێزەکانی پۆلیسی گەرمیان لە تبجو ناوچە دەشتاییەکانی قەرەتەپەو جەلەولا سەریان هەڵداوەتەوەو دەستیان بە جموجۆڵ کردووەتەوە، ڕۆژانەش کاری تیرۆریستی لە ناوچەکە ئەنجام دەدەنو بەرپرسانی ناوچەکەو سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگە لەو سنوورە دان بەو ڕاستییەدا دەنێن ڕەوشی ئەمنی ناوچەکە

بە پێی گووتەی بەرپرسانی سەربازیو حزبیو حکومییەکانی ناوچەکە ڕەوشی ئەمنی ناوچەی تەبجو دەشتاییەکانی جەلەولا لە ئێستادا لە بارودۆخێکی خراپدایەو گروپە تیرۆریستییەکان دەستیان بە جموجۆلکردووەتەوە.

سیروان شکور بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەتەپە ڕایگەیاند "لە دوای ئۆپەراسیۆنەکەی پۆلیسی گەرمیان بۆ ناوچەکە تەواوی گروپە تیرۆریستییەکانو بارگەوبنکەکانیان تێکدرانو چالاکیو جموجۆڵەکانیان لە ناوچەکە بنەبڕ کراو نەما، ناوچەکەش لەناوچەیەکی مەترسیدارەوە بوو بەناوچەیەکی ئارام"، بەلام ناوبراو نیگەرانی خۆی لەدووبارە دەرکەوتنەوەی تیرۆریستان دەربڕیو ڕایگەیاند "بەداخەوە ئێستا گروپە تیرۆریستییەکان لە ناوچەکە سەریان هەڵداوەتەوەو دەستیان بە چالاکیو جموجۆڵ کردووەتەوە، ئەمەش دوای کشانەوەی هێزەکانی پۆلیسی گەرمیان دێت". ئەمە لە کاتێکدایە کە پاش کشانەوەکەی هێزی پۆلیسی گەرمیان چەند لیوایەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەیەکێتی نیشمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان شوێنی پۆیسی گەرمیانیان گرتەوە. لەوەلامی پرسیارێکدا کە چ جیاوازییەك لە نێوان توانای پۆلیسو هێزی پێشمەرگەدا هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان کە ئێستا سەریان هەڵداوەتەوە؟ بەڕێوەبەری ناحییەی قەرەتەپە گووتی "جیاوازییەکە تەنها ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕووی ئیمکانیاتەوە لەپۆلیس لاواز ترن، ئەو ئۆتۆمبێلو کەرەستانەی تر کە پۆلیس هەیبوو بۆ جەنگو ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان، هێزی پێشمەرگە نییەتی، بۆیە ئێستاو لە کاتێکدا کە پێشمەرگە شوێنی پۆلیسی گرتووەتەوە تیرۆریستان لە سنوورەکە دەستیان بە جمجۆڵ کردووەتەوە".

عەمید نازم کەرکوکی فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لەو سنووەردان بەوەدا دەنێت کە تیرۆریستان دووبارە لە ناوچەکە دەستیان داوەتەوە جموجۆڵو چالاکی. ناوبراو لەو بارەوە دەڵێ "ئێستا گروپە تیرۆریستییەکان لە سنووری قەرەتەپەو جەلەولاو حەمرین دەستیان داوەتەوە کاری تیرۆریستیو ڕۆژانە کردەی جۆراوجۆر ئەنجامدەدەن".

ئەوکردانەی تیرۆریستان ئەنجامی دەدەن: بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەتەپە ئاماژە بەوە دەکات کە تیرۆریستان لەگەڵ پەیدابوونەوەیان لە سنووری ئیدارەی ناحیەی قەرەتەپەو دەورووبەری ڕۆژانە کردەی تیرۆریستیش ئەنجام دەدەن. ئەو دەڵێ "تیرۆریستان لەگەڵ دەرکەوتنەوەیان ڕۆژانە کردەی تیرۆریستی ئەنجامدەدەن، کردەوەکانیشیان بەزۆری دانانی بۆمبو بۆسە دانانو خۆتەقاندنەوەو ڕفاندنی هاوڵاتیانو سەربڕینە". فەرماندەی هێزی پێشمەرگەش لە سنوورەکە هەموو ئەوانە پشت ڕاست دەکاتەوەو ئاماژە بە چەند




هێزەکانی پۆلیسی گەرمیان لەکاتی چالاکیدا



چەند تیرۆریستێكی دەسگیركراو لەلایەن پۆلیسی گەرمیانەوە

كردەوەیەك دەكات كە تیرۆریستان لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئەنجامیان داوە وەك دانانی بۆسە بۆ هێزەكانیان كە پێشمەرگەی تێدا "شەهید" بووەو خۆتەقاندنەوە لە بازگەكانیاندا كە دیسان بووەتە هۆی "شەهید"بوونو بریندار بوونی پێشمەرگەیان.

بە هێزترین گروپەكانی ئەوسنوورە قاعیدەو سوپای ئیسلامن: بە پێی گووتەی چەند سەرچاوەیەكی ئەمنی لە سنوورەكە، لە ناوچەكانی دەورووبەری بەعقوبەو زنجیرە چیای حەمرینو دەشتاییەكانی جەلەولا تادەگاتەوە بە شارۆچكەی دووزو دەورووبەری چەندین گروپی تیرۆریستی هەیە كە هەندێكیان گروپی بەهێزنو لە هەموو ڕوویەكەوە خۆیان ڕێك خستووەو هەشیانە گروپی بچوكو نامونەزەمنو هەشیانە بنەماڵەنو هەشیانە بە شێوەیەكی كوێرانە كار دەكەنو تیاشیاندا هەیە كە عەسابەیەو بۆ خۆیان سەربەخۆ كاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، بەڵام دوو ڕێكخراوی تیرۆریستی بەهێز هەن كە سوپای دەوڵەتی ئیسلامو كەتیبەكانی قاعیدەن، ئەمانەش زۆر لەگەڵ یەك ناكۆكنو بەردەوام لەشەڕدان.

ناكۆكی نێوان گرووپە تیرۆریستییەكان: بەڕێوەبەری ناحییەی قەرەتەپە ئاماژە بەوە دەكات كە گروپە تیرۆریستییەكان هەمیشە لە شەڕدانو كوشتار لە نێوانیاندا هەیەو دەڵێ "گروپە تیرۆریستیەكانی ناوچەكە زۆر جار لەگەڵ یەكتر بە شەڕ دێن، بە تایبەت لە نێوان تۆڕی تیرۆریستیی قاعیدەو سوپای دەوڵەتی ئیسلام كە تائێستا چەندین جار بە شەڕ هاتوونو كوشتار لە نێوانیاندا كەوتووەتەوە، هەروەها بە پێی ئەو زانیانەی كە بەدەست ئێمە كەوتووە چەندین جار شەڕ لەنێوان كەتیبەكانی قاعیدەو بنەماڵەی شێخ عەدناندا ڕوویداوەو تا ئێستا سێ جار قاعیدە چەند ماڵێكی بنەماڵەكەی ئەو شێخەیان تەقاندووەتەوەو لێیان كوشتوون" هاوكات سەرچاوەیەكی ئەمنی ناوچەكەش سەبارەت بە هۆكاری ئەو ناكۆكییەی نێوان گروپەكان دەڵێت "تۆڕی تیرۆریستی بە ناو دەوڵەتی ئیسلام خۆیان بە خاوەنی هەموو عێراقو ئەو سنوورەش دەزانن‌و قاعیدەش بە هێزێكی داگیركەر دادەنێن، بۆ دەرپەڕاندنی ئەو هێزە بێگانەش سوپای دەوڵەتی ئیسلام كە پێشتر لە ناوچەكانی نێوان قەرەتەپەو جەلەولا بارەگایان هەبوو هەمیشە لە شەڕدانو تائێستاش چەندین شەڕی خوێناوی لە نێوانیاندا ڕوویداوەو كەسانی پلەدار لە هەردوولایان كوژراون"سەرچاوە ئەمنییەكە ئاماژەی بەوەشكرد كە سوپای دەوڵەتی ئیسلام شەرعییەت بە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەداتو بەنیازیش بووە كە داوای هاوكاریان لێبكات بۆ دەرپەڕاندنی تیرۆریستانی قاعیدە لە سنوورەكە.

بە فەرمی سنووری دیالە بە پێشمەرگە دەسپێدرێت: بەرپرسێكی باڵای هێزەكانی پێشمەرگە لەو سنوورە گووتی "بەشێوەیەكی فەرمی لە لایەن هێزەكانی فرەنەتەوەو حكومەتی عێراقەوە ئەركی پاراستنی ناوچەكانی سنووری دیالە بە هێزی پێشمەرگەی كوردستان سپێردراوە" هەروەها گووتی "ئەمەش بۆ خۆی هێزو توانای پۆلیسی گەرمیان دەردەخات، بەڵام شۆڤێنستی عەرەب ئەمەیان زۆر پێناخۆشەو لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە ئامادەین بۆ لە ئەستۆ گرتنی ئەم ئەركەو گوێ بە هیچ كەسێك نادەین".

پەیوەندی خەڵكی ناوچەكەو هێزە كوردییەكان: بە پێی چەند زانیاریەك كەلەماڵپەڕەكانی ئینتەرنێتدا بڵاو كراوەتەوە هێزەكانی پۆلیسی گەرمیان ئەشكەنجەی خەڵكیان داوە لەو ناوچانە كەلەكاتی هەڵمەتەكانیاندا دەستگیریان كردوون، بەڕێوەبەری پۆلیسی گەرمیانیش لەو كۆنگرە ڕۆژنامەنووسیانەی كە ناسنامەی گروپە تیرۆریستییەكانی تێدا ئاشكرا دەكرد لە وەڵامی ڕۆژنامەنووساندا هەواڵی ئەشكەنجەدانی پشت ڕاست دەكردەوە، بە گووتەی چەند سەرچاوەیەكی ئەمنیو سەربازی ئەم كارانە كاردانەوەی باشی نەبووە، ئێستا خەڵكی ناوچەكە وەك ڕزگاركەر لەگەڵ هێزەكوردییەكان مامەڵە ناكەن بەڵكو زیاتر وەكوهێزێكی داگیركەریان سەیر دەكەن، بەبۆچوونی سەرچاوەكان "ئەمەش كاریگەری خراپی بە دواوە دەبێت بۆ ئایندە چونكە دەبوو ئەو هێزانە لە بری ئەشكەنجەدان هاوكاری خەڵكی ناوچەكەیان بكردایە چونكە كورد ماددەی ١٤٠ ی لە پێشەو دەبێت سیاسەتێكی وردتری هەبوایە بۆ مامەڵە كردن لە گەڵ ئەو كەسانەی بەگومانەوە دەستگیر دەكران.



# م.موسلیم کاکەیی: ئەمریکا ئێستا نوێنەرایەتی شارستانیەتی مێژووی خۆرئاوا دەکات



موسلیم حەسەن ناسراو بە(موسلیم کاکەیی) خەڵکی پارێزگای موسڵەو ئێستا مامۆستای فەلسەفەیە لە بەشی فەلسەفەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی کۆیە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٥ لەدایک بووەو لە ساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی بە کالۆریۆسی لە بەشی فەلسەفەی کۆلێژی ئادابی زانکۆی موسڵ بەدەستهێناوە، لە ساڵی ٢٠٠٤دا لە زانکۆی بەغداد بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێناوە تێزی ماستەرەکەشی لەژێر ناونیشانی( فەلسەفەی سیاسی لای هۆبز)ە.

**زنار: رۆڵی فەلسەفەی سیاسی چییە لە ناو فەلسەفەدا.**

موسلیم کاکەیی: دەبێ! بزانین کە هەموو فەیلەسوفەکان مەبەستی گەورەیان لە فەلسەفەیەکەیاندا دروووستبوونی دەوڵەتێکە، ئەم دەوڵەتەش دەبێ کەسانێکی هەبێ تا بەڕێوەی ببات بەشێوەیەکی مەعقولانە، سەرەتا فەلسەفەکەی دادەڕێژێ لە لۆژیکەوە وردە وردە دێتە سەرتیۆرە فەلسەفیەکانی تری وەك تیۆری سروشتو چۆنیەتی درووستبوونی مرۆڤ یان حاڵەتە سروشتیەکانی مرۆڤ. مرۆڤ دەخاتە ژێر پرسیارەوە، چۆنیەتی دروستبوونی مرۆڤو هەڵسوکەوتەکانی ئایا مرۆڤ لە ژێرکاریگەری چ یاسایەك هەڵسوکەوت دەکاتو چۆن؟ ئایا ماتریالیزمیە یان ئایدیالیزمیە؟ زانینی لە هەستەکانەوە دەستپێدەکات، زگماگیە یان زێنزیە، ئەوا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە، دوای ئەوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە رێگەی یاساکانەوە دیاریدەکات"یاسای ئاسمانیو ماتریالیزمی" دواتر دێتە سەر فەلسەفەی مۆڕاڵ، دوای دارشتنی فەلسەفەی مۆڕاڵ، ئەوکات سیاسەت دەبێتە بەشێك لە مۆڕاڵ.

دواتر دێت یاسایەك دادەنێ بۆ ئەو کەسەی کە سەرکردایەتی دەوڵەتەکەی دەکاتو بۆ ئەم کەسەش چەند مەرجێك دادەنێ. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی دی سەرهەڵدەدات ئەویش چۆنیەتی درووستبوونی دەوڵەتە.. ئایا چۆن درووست بووە؟ ئایا بەپێی چ تیۆریەك درووست دەبێ؟ بێگومان بۆ ئەوەش چەند تیۆریەك هەیە بۆ چۆنیەتی سەرهەڵدانی دەوڵەت، تیۆر هەیە پشت بەهێز دەبەستێ، کە کەسانێك هەن بەهێز دەوڵەتێك درووست دەکەن، کۆمەڵێك شار یان چەند دێیەك هەنە، لە رێگەی هێزەوە دەوڵەت یان شارە دەوڵەت درووست دەکەن.. یان تیۆرێکی تر هەیە ئەویش لایەنی ئابووریە، کە پێیوایە مرۆڤو خێزانو لادێو ...تاد، درووستبووە، ئەمانە بەتەنها ناتوانن پێداویستیە ئابووریەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن.

بێگومان ئەوان پێویستیان بە دەرەوەی خۆیان هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان، جگە لەمەش پەیوەندی لەنێوان دەوڵەتەشار یان لادێکاندا، لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا درووست دەبێت وەکو بازرگانی، کاتێك بازرگانیش لە بەینیان درووست بوو، ئەوا نووسین درووست دەبێت، گەر نووسینو کتێب درووست بوو، پرۆژەی فێرکاری دێتە ئاراوە، کە پرۆژەی فێرکاریش هاتە ئاراوە، پێویستیان بە کەسانێك دەبێت کە فێربکات واتە مامۆستای فێرکردن بێت، بۆ ئەمەش پێویستیان بە شوێنە وەکو قوتابخانەو تەنانەت کارگەش بۆ دابینکردنی کەرەستەی ئەم شوێنە، ئەمە یەکێك لە تیۆریەکانە کە دەیانەوێت پێداویستیە ئابووریەکانیانی لێ جێبەجێ بکەن..

یان شتێکی تر هەیە پێیدەڵێن ( مقایضة) ئاڵوگۆڕ درووست دەبێت، بۆ نموونە ئەم دێیە(جۆ)یان زۆرە بەڵام (سەوزە)یان نییە، ئەوان دەتوانن ئاڵوگۆڕ بکەن، دواتر موئەسەسات درووست دەبێت، بۆ ئەمەش پێویستیان بە کەسایەتیو هەڵسوڕێنەری دەزگاکان دەبێت، ئەوجار پێویستیان بە حکومەت دەبێت، حکومەتیش بۆ ئەوەی ئاشتیو ئارامی بپارێزێت پێویستی بە لەشکرو هێز دەبێت، ئەوکاتەی کە ئەمانەش هەبوون، دووشت کۆدەبێتەوە، ئەوانیش (عەقڵە- هێز)ە، زۆرێك لە فەیلەسوفان هەن زیاتر گرنگی بە عەقڵ دەدەن لەلای سەرکردایەتیەکە، بۆ نموونە پلاتۆن کە دەیەوێت حەکیم یان

فەیلەسوف ببێتە سەرۆك، بەڵام كەسانی تری وەك ماكیافیلی زیاتر گرنگی بەلایەنی هێز دەدات، ئەمەش دەكەوێتە سەر بارودۆخی ولاتەكەی خۆی، پلاتۆن كاتێ فەلسەفەكەی خۆی دارشت پێویستی بە كەسێكی حەكیم هەبوو، نەك هێزدار، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لایەنی هێزی فەرامۆش نەكردبوو، هەمیشە موعجیب بووە بە دەوڵەتی(ئەسپارتە)، كەواتە لایەنی هێزی فەرامۆش نەكردووە، بەڵام لە بارودۆخو سەردەمی ماكیاڤیلیدا كەسانێك پێویست بووە كە هێزداربێت، بەڵام هەریەك لەوان لە روانگەو مەبەستی خۆیانەوە قسە دەكەن، پلاتۆنو ماكیاڤیلیو جۆن لۆكو تەنانەت هیگڵو تۆماس هۆبزیش بەهەمان شێوە. ئایا فەلسەفەی سیاسی چەند گرنگە بۆ فەلسەفە؟ دەتوانم بڵێم، زۆربەی فەیلەسوفەكان بۆچوونی سیاسی تایبەتیان هەیە لە پێناوی دەوڵەتدا خەریك بوون، ئەمەش بۆ دروستكردنی دەوڵەتێكی تەواو لە هەموو لایەكەوە. دەتوانم بڵێم فەلسەفەی سیاسی بە گشتی وەڵامی پرسیارێك دەداتەوە، ئەویش چۆنیەتی گونجان لەنێوان عەقڵو هێزدا.. سەركردە دەبێت چۆن توانای هەبێت سیاسەتی خۆی بگونجێنی لەنێوان عەقڵو هێزدا، چ كاتێك ئەم شتە بەكاردێنێ لەكاتی خۆیدا، هەرچەندە عەقڵ گرنگە بەڵام لەهەموو حاڵەتەكاندا ناتوانێ عەقڵ بەكاربێنێ، چونكە سیاسەتوان یان سەرۆك كۆمار، گەر ویستی بریارێك بدات پێویستی بە بیركردنەوەیەكی قووڵ هەیە، ئەم بیركردنەوە قوڵە پێویستی بەكات هەیە، كە هەندێكجار لەوانەیە چەند مانگێك بخایەنێت، ئەم حاڵەتەش پێویستی بە بریارێكی خێرا هەیە، بۆ نموونە لە حاڵەتی جەنگدا ئەو سەركردایەتیە گەر ویستی بریاری شەر بدات، لەو حاڵەتەدا ئەگەر سەركردایەتیەكە فەیلەسوف بێت، لەوەیە تا ئەو بریاری شەرو هێرشو بەرگری لە ولات دەداتو بیردەكاتەوە لە سەرەنجامی قازانجو زەرەرەكەی، لەوانەیە معادەلەكە بگۆرێتو ولاتەكەی داگیربكرێت، لەو حاڵەتەدا، ناكرێت فەیلەسوف بكرێتە سەرۆكی ولات، بەڵكو دەبێت كەسێكی قارەمان سەركردایەتی ولات بكات.

زنار: ئەمە ناكۆكی نییە لە بەینی بۆچوونەكەی پلاتۆن كە بانگەشەی ئەوەدەكات فەیلەسوف سەرۆكی ولات بێت، یەعنی ئەو بۆچوونەی ئەو مەنتقی نییە بەو پێیەبێ

موسلیم كاكەیی: نا، ئەمە هەمان بۆچوونی پلاتۆنە، چونكە دەڵێ لەحاڵەتی ئاوادا ئێمە پێویستیمان بەوەیە فەیلەسوفەكە لادەین بەڵام بۆ ماوەیەكی كاتی لە جێگەی ئەودا جەنەراڵێك دابنێین كە توانای بریاردانی خێرای هەبێت، ئێمە لەو كاتانەدا ئێمە پێویستیمان بە كەسێكی بەهێزە نەك هزرمەند. بۆیە فەلسەفەی سیاسی هەوڵ دەدات بەردەوام نەك وەڵامی ئەو پرسیارە، بەڵكو كۆمەڵێ پرسیاری تریش، بەڵام بەگشتی بە زۆری وەڵامی پرسیاری گونجاندن لەنێوان عەقڵو هێزدا دەداتەوە.

زنار: ئەمە بۆ چوونێكە لە فەسەفەی كلاسیكیو گرنگی خۆی هەیە، بەڵام لە باری واقعیدا لەسەردەمی دەوڵەتی مۆدێرندا هاوكێشەكان دەگۆرێنو شێوەی رێكخستنی نێوان عەقڵو هێزو هەروەها كاری سیاسەتمەدار گۆرانی بەسەردا دێ، كەواتە ئێمە چۆن دەكرێت بەو پێوەرە فەلسەفیە واقعی سیاسی ئێستا هەڵسەنگێنیو شرۆڤەی بكەین، كە ئێستا موئەسەساتو دەستوور دەوریان هەیە كاری خۆیان دەكەن.

موسلیم كاكەیی: لەو سەردەمەدا كەسایەتیەكە شمولییە، تەنها كەسایەتیەكە، بابڵێین نموونە ئەمریكا دەهێنینەوە: سەرۆكی ئەمریكا سەركردەی هێزە چەكدارەكانیشەو لەهەمان كاتیشدا سیاسەتمەداریشە، كەواتە دەبێت سەرۆكایەتیەكە دەبێت شمولی بێت، باخۆی عەسكەر نەبێت، بەڵام عەقڵیەتەكەی شمولیەو عەسكەریشە، تەنها ئەو كەسانە عەسكەری نین كە جلی سەربازی یان خاكی لەبەردەكەن، لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان وەزارەتی خۆیان هەیە لەگەڵ سەرۆك ئەركانیش ئەوانە لەگەڵ مستەشارەكان لە دانوستاندانو پرس بەیەكتری دەكەن لەسەر هەموو پرسەكان، كەواتە كاتێ سەركردە بریار دەدات خۆی دەگونجێنێ لەگەڵ دۆخەكە، نەك فەیلەسوفەكەی پلاتۆن. یان كاتێك بۆش كە بریارێك دەدات بەناوی كۆنگرێس یان ئەمریكا ئەو بریارە دەدات، یاخود (كۆندا لیزا رایس) دەچێتە دەرەوە، ئەوە ئەمریكایە چۆتە دەرەوەو قسە دەكات، واتە ئەم تاكە كەسە ئەمریكایە لە دەرەوە بەتەنیا. هەروەها هیچ سیستەمێك لە دونیادا نییە دیمكراسی پەتی بێت، بەڵكو برێك لە دیكتاتۆریەتی هەرتێدایە.

زنار: چەندین فەلسەفەو بۆچوونی تایبەت بە تیۆرە سیاسیەكانو مێژووی سەرهەڵدان هەیەن هەیانە دەیگەرێنێتەوە ناكۆكی ئابووریو ناعەدالەتی واتەی شەری چینەكان، هەشە دەیگەرێنێتەوە بۆ سورشتی مرۆڤ خۆی...تاد.

موسلیم كاكەیی: ئێمە بابێینە سەر ئەوەی هۆی ململانێی چینایەتی جێگای لەناو چینەكانی كۆمەڵگا چییە؟، بێگومان لایەنە ئابووریەكەیە، كەسانێك هەن سەرمایەداری گەورە گەورەن، كەسانێكی تریش هەن كە نان نییە بیخۆن، لەكاتێكدا سەروەتی ولات هی هەمووانە، ئێمە كە باسی دروستبوونی دەوڵەتمان كرد، گوتمان دوو تیوری هەیە، ئەوەی پلاتۆن دە گونجێ لەگەڵ هۆكارە ئابووریەكە، بەڵام تیۆری تر وەكو ئەوەی هۆبز كە دەیگەرێنێتەوە بۆ شەر لە سروشتو مرۆڤ لەناو خۆیدا، سەیربكە هۆبز، گرنگترین سەرهەڵدانی دەوڵەت دەگەرێنێتەوە بۆ ناكۆكی لە ناو كۆمەڵگا، كە تێیدا شەر بەردەوامەو هیچ كەس سیقەی لەسەر كەس نییە تەنانەت پێی وایە مرۆڤ گورگە دەڵێ : مرۆڤ بۆ مرۆڤ گورگە. دوای ئەوە كە شەر بەردەوامە لە كۆمەڵگا، ئەمان عەقڵ بەكاردەهێننو دێن پەیمانێكی كۆمەڵایەتی دادەنێنو بۆ ئەوەی ئەو شەرەیان دۆخە سروشتیە كۆتایی بێت، ئەم پەیمانە چۆن درووست دەكەن، ئەمان دێن كەسێك دادەنێنو هەڵیدەبژێرن كە لە دەرەوەی پەیمانەكەیە، واتە خۆیان هەموو پەیمانەكەی خۆیان بەو كەسە دەبەخشن، لە پێناو چی؟ لەپێناو پاراستنی ئاشتی لە ولاتەكەدا، ئەوان لە سەرەتادا كەسێكیان هەڵبژاردووە ببێتە سەركردە، بەڵام ئەم كەسە تەنها مولزەمە بەیەك شت، ئەویش بە یاسای سروشتیەوە، یاسای سروشتی چییە؟ ئەویش ئەمەیە كە من ماڤ ژیانم هەیە، ئەم سەركردەیە قەت بۆی نییە ئەم مافەم لێ بسەنێتەوە.

زنار: كاریگەری فەیلەسوفە كلاسیكیەكان چی بوو بەسەر فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن.

موسلیم كاكەیی: فەلسەفەی فەیلەسوفە كلاسیكیەكان لە لایەنی سیاسیو ئەبستمۆلۆژیەوە...تاد، هەمیشە كاریگەرن لەسەر هزری مرۆڤ، فەلسەفەكەی پلاتۆن وەك دەڵێن هەمیشەییە لە هەموو لایەنەكانەوە، توێژەرە فەلسەفیەكان دەڵێن: تا ئەم دونیا دونیا بێت، فەلسەفە تەنها دولایەنی هەیە، لایەنێك پلاتۆنییە لایەنێكیش ئەریستۆتالیسی، یان ئەو فەیلەسوفانەی هاوچەرخن، یان مەیلەو پلاتۆنین یان ئەرستۆتالیسین، فەلسەفە سیاسیەكانیش بەهەمان شێوە كاریگەرن بەسەر ئەم سەردەمەوە، نەك تەنها لەسەر هزر بەڵكو لەسەر سیاسەتمەدارەكانیش، زۆر سیاسەمەدار هەن بۆ نموونە فەلسەفەكەی ماكیافیلی بەكار دەهێنێو كاری پێدەكات، ئەم حاڵەتە میكیاڤیلیە واتە حاڵەتی دەوڵەتی ئیتالیە كە روویداوە كۆتایی نەهات، رەنگە لە ئیتالیا كۆتایی هاتبێ بەڵام لەهەموو شوێنێك كۆتایی نەهات، وەكو عێراق، ئێران، كۆتایی نەهاتووە، سیاسیەكانی ئەم ولاتە دەگەرێنەوە بۆ ئەو فەلسەفەیەو دەیخوێننەوەو لێشی تێدەگەن، بەڵام ئەوان دێن دەیگونجێنن لەگەڵ

سەردەمی خۆیانو بەکاری دەهێنن، یان هزرمەند هەن دەیانەوێ فەلسەفەکەی ئەریستۆتالیس دابڕێژن بەلاّم بە زمانێکی ترو سەردەمانە، بەڵێ کاریگەریان هەردەمێنێ تا فەلسەفە هەبێت.

زنار: ئەمڕۆ دنیای سیاسەت لە قۆناغێکی دیکەدایە، کە ئەوەی دەگوزەرێو سیاسەتی دەوڵەتی لەسەر بونیات دەنرێ پەیوەندی نییە بەو توراسە فەلسەفیەی کە لە سیاسەتدا هەیەو چەندین فەیلەسوف لە خۆرئاواو خۆرهەلاّت بەرهەمیان هێناوە، واتە هەموو کێشانەی ئێستا روودەدەن پەیوەندی بەو دابڕانە ئەبسمۆلۆژیەی سیاسەتەوە هەیە لە ئەسڵی خۆی.

موسلیم کاکەیی: ئێمە کاتێك دەڵێین (بۆش) نوێنەرایەتی شارستانیەتی گریك ئەکات، بێگومان ئەوە قۆناغێکە واتە ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا قۆناغێکە، بە پێی فەلسەفەکەی هیگڵ سەرەتا دێتە رۆژهەلاّت، دووەم قۆناغ دێتە گریك دواتر دێتە ئەڵمانیا، ئێستا قۆناغێکی ترە ئەویش شارستانیەتی ئەمریکایە، ئایا، شارستانیەتی ئەمریکای نوێنەرایەتی شارستانیەتو مێژووی خۆرئاوا دەکات؟ بە حەقیقەت بەلای منەوە نوێنەرایەتی دەکات، سەیر بکە عەقڵ لە ئەمریکا کۆبۆتەوە، بە حەقیقەت ئەوتوێژینەوەو کتێبە فەلسەفیو عیلمیانەی لە زانکۆکانی ئەمریکا بلاّو دەکرێنەوە لە گریك ئێستا بلاّوناکرێتەوە، کەواتە ئەم سەردەمە کۆتایی مێژووی شارستانیەتی خۆرئاوایە. وەکو پەیوەندیەکی راستەوخۆ لەنێوان شارستانیەتو فەلسەفەی گریك نییە لەگەڵ سەردەمی ئێستا، وەکو ئەوەی کەسانێك لەناو سەرکردەکانی شارستانیەتی ئێستا راستەوخۆ بچن تیۆریەکەی ئەریستۆتالیس جێبەجێ بکەن، نەخێر.. ئەوکات دەوڵەتەکەی پلاتۆن بریتی بوون لە چەند هەزار کەسێك، بەلاّم ژمارەی دانیشتوانی ولاّتێك لەوانەیە بەسەدان ملیۆن بێت، ئایا فەلسەفەی سیاسەتی گریك یان رۆژهەلاّت لەگەڵ ئەم سەردەمە دەگونجێت؟! بێگومان ناتوانین پەیوەندیەکی راستەوخۆ لەو بەینەدا پەیدا بکەین، لە رۆژهەلاّتی لای خۆمان، ئایا ئوسامە بن لادن نوێنەرایەتی شارستانیەتی خۆرهەلات دەکات، کێ ئەوی هەڵبژاردووە، جۆرج بۆش بە ملیۆنەها کەس دەنگی بۆداوە، بەلاّم کەسانێکی وەك بن لادن چەند کەس هەڵیبژاردووە.

زنار: بەلاّم لەنێوان توراسی فەلسەفەی سیاسی خۆرئاواو ژیاندۆستی ئەو سیستەمەدا ناکۆکی ریشەیی هەیە لەگەڵ سیاسەتو تێڕوانینی سوڵتەی سیاسی ئێستا لە خۆرئاواو خۆرهەلات بۆیە بەلای زۆر لە رۆشنبیران ئەم چەند کارەکتەرە سیاسیەی هەردوو جەمسەرەکە نوێنەرایەتی ئەندیشەی سیاسی ئەو دوو شارستانیەتە ناکەن.

موسلیم کاکەیی: نا، ئێستا بۆش نەك نوێنەرایەتی ئەمریکادەکات کە کەسانێك هەڵیان بژاردووە، بەلای منەوە وەکو کەسایەتی نوێنەرایەتی هزری ئەمریکادەکات، نوێنەرایەتی(ناسا)ش دەکات کە دەزگایەکی فەزائیە چ لە لایەنی هێزەوە یان عەقڵەوە، کەواتە هێزو عەقڵ ئەمریکا کۆدەکەنەوە لەیەك کەسایەتیدا.

زنار: کاتێك کە توراسی فەلسەفی خۆرئاواو خۆرهەلاّت دەخوێنیەوە، تێدەگەی جۆرێك لەوەی کە ئەو میراتە پڕە لەتولێرانسو مرۆڤ پەروەریو سایەی عەقڵ لە پەیوەندیە سیاسیو مرۆییەکان، بەلاّم لەو سەردەمەدا ئەم بوعدە بوونی خۆی لەدەست دەداتو هەڕەشەی اجەنگی شارستانیەتەکان(دەکرێت کەچی لە هەردوو جەمسەرەکەدا نارەزاییو بێزاری خەڵکی هەستپێدەکرێ لە بەرامبەر شارستانیەتەکەیان.

موسلیم کاکەیی: پرسیارەکەت زۆر مەعقولەو مەنتقیە، بەراستی کەس ناتوانێ ئینکاری شارستانیەتی خۆرئاوا بکات، بەلاّم لەهەمان کات نابێ بەردەوام بەچاوی پیرۆزەوە سەیری شارستانیەتی خۆرئاوا بکرێت، خۆرئاوا تەنها عەقڵ نییە، کاتێ کە ئەسینا نوێنەرایەتی عەقڵی کردووە لایەنی تر هەبووە ئەوکاتە کە نوێنەرایەتی هێزی کردووە، ئێستا کە ئەوروپا نوێنەرایەتی عەقڵ دەکات، هەیە کە نوێنەرایەتی هێز دەکات، دەتوانم بڵێم کە ئەوروپا وەکو (ئەڵمانیا، فەرەنسا، سوید..تاد)، نوێنەرایەتی ئەسینا دەکەن، ولاّتی تر هەیە کە نوێنەرایەتی(ئیسپارتا)دەکات کە ئەویش ئەمریکایە، گەر سەیری بکەین ئێستا ئیسپارتەو ئەسینا، وەك چۆن لە کەسایەتیش ئەو دوو نوێنەرە دەبینیەنەوە، لەناو شارستانیەتی ئەوروپا ئەویش (ئەسکەندەری مەکدۆنی)بوو، مامۆستاکەی ئەو ئەریستۆتالیس بوو کەچی نوێنەرایەتی هێزی کرد، کەواتە دوو هێڵمان لەناو شارستانیەتی ئەوروپا بۆ درووست بووە، وەکو هێڵی عەقڵو هێڵی هێز، گەر ئێستا ئەمریکا نوێنەرایەتی ئیسپارتا دەکات، کەواتە نوێنەرایەتی هێزدەکات، لە رۆژهەلاّت راستە ئوسامەهەیە کە نوێنەرایەتی هێز دەکات، بەلکو سەدان فەیلەسوفمان هەیە کە نوێنەرایەتی عەقڵ دەکات، ئەگەر ولاّتێکی ئیسلامی هەیە نوێنەرایەتی شەڕ دەکات، ئەوا ولاّتی تری ئیسلامیشمان هەیە کە نوێنەرایەتی ئاشتیو ئارامیو عەقڵ دەکات وەکو (مالیزیاو ئەندەنوسیا) بۆچی نموونەی ئەوانیش ناهێنیتەوە، کە ئەوانیش ئیسلامینو ئارامیان دەوێت، بەلاّم ئایا ئوسامە بن لادن، نوێنەرایەتی دەکات؟ ئەمە پرسیارەکەیە؟ نەخێرنوێنەرایەتی ئەندەنوسیا ناکات، ئەم مەنتیقە لە هێز لەهەردوو شارستانیەتەکە هەیە. لەناو شارستانیەتی رۆژهەلاّت زیاتر سۆز بالاّدەستە ئەوەش پەیوەندی بە سۆزی ئاینیەوە هەیە کە لەرێگەی تێکستە پیرۆزەکانەوە رەوایەتی بە بەکارهێنانی هێز دەدەن، بەلاّم کەسانی ترو سەرکردەی سیاسی تر هەیە لەرۆژهەلاّت هەوڵی پێکەوەژیان دەدەنو پشت بە عەقڵ دەبەستن، کەواتە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە لەناخی هەردوو شارستانیەتەکە دوو هێز هەیە، بێگومان لە لایەنی شارستانیەتی رۆژهەلاّتەوە بمانەوێت یان نا، مێژووەکەیو شارستانیەتەکەی زیاتر میتافیزیکیە بەگشتی دەوڵەتەکانی رۆژهەلاّت رۆشنبیرییو عەقڵیان بەمانا گشتیەکەی نەك بەمانا عەقڵە پەتیەکە، ئەفسانەییە، کە بەتەواوی گەشەی کردووە، دواتر شتێکی تر هات کە جێگەی ئەفسانەی گرت، ئەویش سێ ئاینی گەورە سەری هەڵدا لە رۆژهەلاّت، ئەمە جگە لە کۆنفشیوسو بوداو زەردەشت کە بە ئاینی ئاسمانی حسابیان نەکەی، ئەمانە کاریگەرن نەك تەنها لەسەر عەقڵیەتی سیاسەتمەدارەکان، بەڵکو لەسەر عەقڵیەتی فەیلەسوفەکانیش، نەك کاریگەرن لەسەر عەقڵیەتی خۆرهەلاّت، بەڵکو کاریگەر بوون لەسەر عەقڵیەتی خۆرئاواش، کاتێ کە روداوی یازدەی سێپتەمبەر روویدا، جۆرج بۆش گوتی ( ئەمەشەڕی سەڵیبیەکانە)کەواتە بۆش وەك نوێنەری سیاسەتی خۆرئاوا تا ئێستا رزگاری نەبووە لە عەقڵیەتی ئاینی، یەعنی ئەو ئێستا لەو پێگە گەورەیەشەوە خۆی رزگار نەکردووە لە کاریگەری رۆژهەلاّت، ئەو نەیگوت دەیکەمە شەڕی شارستانیەت بەڵکو راستەوخۆ گەڕایەوە بۆ مێژوو شەڕی خاچ پەرستەکان. کاتێ دیالۆگێك لەنێوان ئەم دوو شارستانیەتە دەبێت، ئایا تاچەند ئەگونجێن؟ بەلای منەوە ئەوان ناگونجێن، هەمیشە ئەو ململانێیە بەردەوامدەبێت، وەك چۆن سیاسەتمەدارە بەریتانیەکە گوتی: رۆژهەلاّت هەر رۆژهەلاّتەو خۆرئاواش هەر خۆرئاوایە. شارستانیەتێك هەیە زیاتر میتافیزیکیەو لایەکەی تریش زیاتر عەقڵیە بەیەك ناگەنو بەردەوام لە ململانێدا دەبن، شێوەکەی کۆتایی نایەت بەلاّم بەردەوام یەکێکیان بالاّدەستە، وەك چۆن سەردەمێك رۆژهەلاّت بالاّدەست بوو لەم سەردەمەش خۆرئاوا چ لە لایەنی هێز



# فەلسەفەی سیاسی بەرهەمی ئەزمەیە، لەهەر سەردەم و شوێنێك ئەزمە رووبدات فەلسەفەی سیاسی گەشەدەکات

یان خود لایەنی عەقڵ و هزرو هونەریشەوە باڵادەستە، لەم کاتەدا (تابعو مەتبوع) دروست دەبێت، ئەوان تابعن ئێمە مەتبوعین لە ئێستادا.

زنار: لەسەرەتادا باسی فەلسەفەی مۆراڵت کرد، لەنێوان ئەم دوو جیهانبینیە چ تەبایییەك هەیە.

موسلیم کاکەیی: دەبێت سەرەتا بزانین مۆراڵ چییە؟ ئایا ئەم شەڕەی کە دەکرێت بابڵێین ئەمریکا دژی رۆژهەڵات وەکو ناوچەیەکی دیاریکراو نەك بەگشتی، ئایا ئەمە مۆراڵە یان نا، بابێین وردبینەوە کە ئایا مۆراڵ چییە؟ لەوانەیە بەلای سەرکردەکانی وڵاتی ئەمریکاوە، ئاراستەی بەرژەوەندی وڵاتەکەیان لوتکەی مۆراڵ بێ، بەڵام چۆن ئەمە دەپارێزێ ئەمە مەسەلەیەکی ترە ئەمە مۆراڵ و نا مۆراڵ نییە، وڵاتەکەیان لە لوتکەی بەختەوەریدا بژی لای ئەوان مۆراڵە، ئەگەر لەسەر حسابی کەسانی تریش بێت، کاتێ ماکیاڤیلی دەڵێ( هەموو شتێك رەوایە لەپێناو بەدەستهێنانی مەبەستێ) ئەمە مەسەلەکەیە، کاتێ کەسێك هەبێ ئاشتی لە بەغدا بپارێزێ گەلی عێراق زۆربەی ئامادەیە لە برێك لە مافەکانی خۆی تەنازول بکات، کەواتە مەبەستێکی گەورە هەبوو لای ماکیاڤیلی کە وڵاتەکەی پارچە پارچە کرابوو، هەر شارێکی بۆتە دەوڵەتێك، وەکو ناپۆلی، ڤینیسیا، رۆما...تاد، ئیمپراتۆریەتی رۆمانیا بەوهەموو گەورەییەی بۆتە پێنج پارچە. بۆیە بەلای ماکیاڤیلیەوە ئەم سەرکردەیە هەرچی دەکاتو هەرچیەك دەبێت گرنگ ئەوەیە وڵاتێکی یەکگرتوومان بۆ دروستبکات، با رێوی و فێڵزانیش بێتو لەکاتی شەڕدا شێربێت، هەموو مافێکی بۆ بەڕەوا زانیوە کەواتە ئەمە مانای نامۆراڵی نادات لای میکیاڤیلی، بەڵکو ئەمە مۆراڵە، تەنانەت لای (هۆبز)یش بەهەمان شێوە، کاتێ لە ئینگلاند شەڕی ناوخۆ سەریهەڵداو نائارامی سەری هەڵدا، هۆبز لەوکاتەدا یەکسەر گەڕایەوە بۆ ناو ناخی مرۆڤ، ئایا مرۆڤ چییە؟! ئەو هات مرۆڤی وەك کەسێکی درندە دانا، دواتر هات فەلسەفە سیاسیەکەی خۆی دارشت بەپێی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی سەرکردەیکی داناوە کە ماف رەهای هەیە لە هەمووشتێکدا، لە پەیوەندی مۆراڵیش لە رۆژهەڵات بەگشتی پابەندی هەیە بە بنەما مۆراڵیەکانەوە، یان بە مۆراڵی ئاینی و عاداتو تەقالیدەوە، نەختێ سستن لە گۆڕانەوە، وەکو خۆرئاوا نین کە هەمیشە خۆی لەگەڵ سەردەمدا دەگۆڕی کەواتە رۆژهەڵات پێناسەیەکی رەهای هەیە بۆ مۆراڵ، لە کۆمەڵگەی خۆمانەوە ئەمە دەبینرێ و ئەمە حەرامە ئەمە حەڵاڵە...تاد، بەڵام لە خۆرئاوا ئەمە تەفسیری تری هەیەو لەگەڵ سەردەمدا دەگۆڕێت.

زنار: بابێینە سەر ئەو بەشە گرنگە لەناو دۆزی زانکۆکانی کوردستاندا، بەو پێیەی کە خۆت مامۆستای هەمان بواری و لە نزیکەوە ئاشنای بارودۆخی کوردستانی، پێتوایە ئەم بەشە تاچەند لەناو زانکۆکانی ئێمە گرنگی پێدراوە

موسلی کاکەیی: فەلسەفەی سیاسی بە تەعبیرێکی سادە بەرهەمی ئەزمەیە، هەرکاتێك ئەزمە رووبدات، لەهەموو سەردەمێکدا، فەلسەفەی سیاسەت گەشە دەکات، چۆن؟ ئێمە لە سەرەتادا گوتمان فەلسەفەی سیاسەت هەوڵ دەدات وەڵامێکی گشتی و گونجاو لەنێوان عەقڵ و هێزدا بدۆزێتەوە، بۆیە لە کاتی دروستبوونی ئەزمەدا فەلسەفەی سیاسەت وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە.

تاچەند فەلسەفەی سیاسەت لەبەشە زانستیەکانی زانکۆکانی کوردستان گرنگە؟ بەبڕوای من زۆربەی بەشەکانی زانکۆکانی کوردستان، ئاگاداری ئەوە نین کە بەشی فەلسەفەی هەیە لە کوردستان، نەك فەلسەفەی سیاسی کە بەشێکە لە فەلسەفە. بەراستی ئەمە لە کوردستاندا ئێستا زانستێکی زۆر تازەیە، ئەمە دووساڵە لە زانکۆی کۆیەو کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان کراوەتەوە، باوەڕناکەم تا ئێستا کارەکانی لەناو کۆمەڵگادا رەنگی دابێتەوە، ئەوەی هەیەو لە کۆمەڵگا، زۆربەی سیاسەتمەدارەکان لەرێگەی ئەزموونەوە فێری بوون، بەڵام ئێمە دەمانەوێت لەرێگەی ئەکادیمیەوە فەلسەفەی سیاسی بهێنینە کایەو نەوەی تازە بەم رێگا عیلیمیەوە پێبگەیەنین.

# کاری ژن پەسەندە لەناو کۆمەڵگەدا

**چیا یاسین**

کارکردنی ژن بۆتە مایەی گفتوگۆو قسە لەسەرکردن لەلایەن توێژەرەکانی بواری کاری ژن، ئەوانەش کەلەتوێژینەوە کانیاندا ماڵ بەمەیدانی یەکەم دادەنێن بۆژنان، زۆرێك کارکردنی ژنان دەبەستێت بەکارێك کەهەڕەشە لەسەلامەتی خێزانو دینو ڕەوشتی ژن دەکات، بۆیە ئاراستەی ئەو توێژینەوانە دەڕوات بەرەو چیرۆکی جەخت کردن لەڕۆڵی ژن لەخێزانو بەدەستهێنانی زانیاری نوێ کەئاماژە بەو ئەستەنگیانە دەکات کەلەئەنجامی هاتنە دەرەوەی ژن بۆکارکردن لەکۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا روو دەدات. ئەگەر لەزۆرێك لەو توێژینەوانە بڕوانین کەمەحکومە بە تیۆروانینی کاریگەری دابونەریتو کلتور کەهەندێجارئەو واقعەی نوسەری تێدا دەژی جیاوازە لەگەڵ کەسانی دی لەڕووی توانای مادیو بژێوی بۆخێزانەکەی، ڕەنگە ئەمە لەڕوانگەی خۆپەرستی پیاوسالاریەوە بێت، بەو شێوەیەی کەئەوەی ژن خاوەنێتی پەیوەستە بەپیاوانەوە دەگەڕێتەوە بۆپیاو عەقڵی، دڵی، کاتی، چالاکیەکانی بەشێوەیەك مایەی چێژپێدانو دڵدانەوەیەتی هەروەها خزمەتکاریشی بێت. گەر چاوێك بەمێژووی مرۆڤایەتیدا بخشێنین دەبینین ئابوری مرۆڤایەتی هەر لەسەرەتاوە بەبەشداریکردنی ژنو هاتۆتە بەرهەم، بەڵکو لەوانەیە لەزۆر لەکۆمەڵگاکان پشتیان بەبەرهەمی ژنان بەستبێت زیاتر لەپیاوان. ئەوەی مێژوو دەیسەلمێنێت کەژنان لەشارستانیەتە کۆنەکاندا بۆ نمونە لەووڵاتی رافدەیندا سەربەخۆی ئابوریان هەبوو بەتایبەتی لەبەڕێوەبردنی موڵکەکانیان، ژن خۆی دەیتوانی بەئازادی ڕەفتار بکات بەملكو پارەو سامانەکانیەوە. کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ هیچ هاوکارییەکی ناکات لە ناوەوەی ماڵ بەڵکو ئەرکی گرانتر بووە، بەوەی وەك خزمەتکارو کۆیلەیەك تەماشا کراوە، ئەوانەی کەشەو ڕۆژ کاریان کردووە بۆخۆشحاڵی گەورەکانیان.

کارکردنی ژنی لە ئاینە ئاسمانیەکاندا: زۆرێك لەئاینو بنەما ئەساسیەکانی لەسەر ڕێزی ژنو پیاو دانراوە وەك ڕێزگرتن لەمافەکانیان بەیەکسانی، مافیداوە بەژن پەیماننامە ببەستن هەروەك ڕێگەشیداوە بەپیاو، مافی کارکردنو بەکرێدانو بازرگانیکردنو کڕینو فرۆشتنو بەخشینو قەرزو وەکالەت بەئازادیو سەربەخۆییەوە ڕەفتاری تێدا بکات. ئەگەر چاوێك بەکۆمەڵگە عەرەبیو ڕۆژهەڵاتیەکاندا بخشێنین دەبینین بەدرێژایی مێژوو ژنان لەهەندێك بواردا توانیویانە کارێك بکەن لەگەڵ سروشتو بارودۆخو توانا هونەریەکاندا بگونجێت وەك فەرش چنین کاری دەست دورمانو نەخشاندن هەروەها ژنانی گوندنشین پشت بەبەرهەمە کشتوکاڵیەکان دەبەستن بەشێکی زۆر لەکارەکانیان بەخێوکردنی ئاژەڵە لەکێڵگەکاندا شیر دۆشینو دروست کردنی شیرەمەنییەکانە.

کارکردنی ژنی سەردەم: ژنی ئێستا پێگەیەکی گرنگی هەیە لەکۆمەڵگە مۆدێرنەکانو بەشێوەیەکی چالاك هەڵدەستێت بەدۆزینەوەی لەبواری زانستداو کارکردن لەزۆر بواریتردا، بەپێی هەندێك لەئامارەکان ژنان هەڵدەستن بەکارەکانیان بەڕێژەی ٦٧٪ لەبەرامبەر هەموو کاتژمێر کارکردن لەجیهاندا. ڕێژەی ژنانی ئیشکەر لەئەوروپا ٥٠٪ زیاترە ئەمەش لەووڵاتانی جیهانی سێهەمدا ژنانی ئیشکەر زۆرترە لەگەڵ ئەوەدا کارکردنی ژنان بەپێی ئەوواقعە تایبەتە هەیەتیو ئەو توانا زاتیەی هەروەها ڕۆڵی لەژیاندا، بەلام کارکردن کێشەی لاوەکی دەخوڵقێنێت بۆژنان بەشێوەیەك کاردەکاتە سەر ئەرکەکانی وەك دایکایەتیو بەخێوکردنی منداڵو بەڕێوەبردنی ماڵ، ئەمە وای کردووە کەزۆر لەتوێژەرەکان توێژینەوەی جۆراو جۆر ئەنجام بدات، لەسەر کارکردنی ژنانو کاریگەری لەسەر منداڵەکانیو ژیانی خێزانی. ژنی ئیشکەر لەگەڵ یەکسان بوونی لەکاتژمێری کارکردندا ٥٠ کاتژمێر زیاتر کاردەکات لەبەرامبەر پیاواندا بەبێ حساب کردن، بۆئەو کارانەی پێی هەڵدەستێت لەناو ماڵدا، کارکردنو نەکردنی ژنان شتێك نییە بەئارەزوو بێت لەزۆربەی کاتەکاندا بەهۆی پێویستی بژێوی نزمی باری ئابوری کەفشار دەکات بۆبەدوادا گەڕان بۆژیانێکی باشتر بۆخێزانەکەیو منداڵەکانی. بۆیە دروست کردنی خێزانێك لەژنو مێردێکی ئیشکەر ئاسانترە لەدروستکردنی خێزان لەشارە گەورەکانو کۆمەڵە پیشەسازیەکان بەڵکە هەندێك ژن لەهەوڵی سەربەخۆ بوونی ئابوریو دەستخستنی هەموو داواکاریەکانی ژیانی تایبەتی خۆیانن بەتایبەت ئەگەر شووی نەکردبێت یان بێوەژن بێت یان تەلاقدراو. بەشێکی دیکە لەژنان تواناکانی خۆیان لەکارکردندا دەبیننەوە هەروەها سوود وەرگرن لەتوانا



عەمەلییەکانی خۆیان کەوایان لێدەکات هەست بەنرخی ژیانیان بکەن، زۆر لەلێکۆڵینەوەکان دەریخستوە دایکە ئیشکەرەکان هەست بەشادیو ڕەزامەندی زیاتر دەکەن لەچاو ئەوژنانەی بێکارن.

جیاکاری ڕەگەزی لەبواری کارکردندا: ئەگەر چاوێك بەو ئامارانەدا بخشێنین کەنەتەوە یەکگرتووەکان پێگەیشتوون دەردەکەوێت ڕۆڵی ژن زۆر گەورەیە لەبوژانەوەی ئابوری جیهاندا هەر ئەو ئامارانەش دەریانخستوە هێشتا لەجیهاندا زوڵم لەژنان دەکرێو یەکسانی نییە لەمافە ئابوریەکانو کرێی کارکردنو نرخاندنی کۆششەکان بەرامبەر بەپیاوان. کەواتە ژن ٣/٤ بازوی کارکردن دروست دەکات بەشێوەیەکی ڕەسمی لەجیهاندا ڕێژەکان بەرامبەر بەپیاوان یەکسانن بەلام بەکرێی کەمتر. لەکاتێکدا ئەگەر هاوکاربن کارەکانیان هاوشێوە بێت ئەوا ژن ٧٠٪ کرێی پیاوان وەردەگرێت هەر ژنانیش زیاتر ڕووبەڕووی بێکاری دەبنەوە زیاتر لەپیاوان، ژنان نیوەی بەروبوومی خواردنی جیهان بەرهەم دێنن بەلام بەدەگمەن دەبنە خاوەنی زەویەك یان سوود لەسیستەمی قەرز دەبینن، لەگەڵ ئەو هەموو پرۆژانەی حکومەت لەپێناو هەڵساندنەوەی ڕۆڵی ژناندا لەگەڵ ئەوڕۆڵە گەورەیەی خۆیان دەیبینن، بەلام بەهۆی نەخوێندەواریو باوەڕ نەبوون بەخود ڕۆڵیان زۆر لاوازە لەناوەندی بڕیارو بەشداری کردن لەبەڕێوەبردنی ووڵات. بەپێی ئەو ئامارەی لەساڵی ١٩٨٠ کراوە ئاماژە بەوە دەکات کەلە ٦٧٪ سەعاتی کارکردن لەجیهاندا بۆژنان ١٠٪ ئەو بەرهەمانە دەگەڕێتەوە بۆژنان هەتا ئێستا ژنانی نەخوێندەوار دوو ئەوەندەی پیاوانە ١٪ موڵكو ماڵی دنیا بەدەست

ژنەوەیە. ئێستا بیرۆکەی لەماڵ دانیشتنی ژنان قبوڵ ناکرێت لەبەر چەند هۆکارێك بەشداری کردنی ژنان لەکاردا هەمیشە واتای لەماڵ چوونە دەرەوە نییە ڕێژەیەکی زۆر لەژنان کاری کشتوکاڵی لەنزیك ماڵەکانیان ئەنجام دەدەن، زۆریشیان کاری دەست ڕەنگینیو فەرش چنینن لەماڵدا ئەنجام دەدەن، لەگەڵ ئەورۆڵە گرنگەی لەماڵدا پێی هەڵدەستن ڕۆڵی ژن لەخێزاندا زۆر گرنگترە لەڕۆڵی کارکردن لەڕووی بایەخو تێڕوانینی ئابوریەوە کاتێك بەڕێوەبردنی ماڵ دەدرێتە کەسێکی دیکە کاری ژن زەرەرمەند دەبێت بۆخێزانەکەی بەشداریکردن لەچالاکیە گشتیەکاندا کۆمەڵگە بەرەوپێشبردن دەبات لەبەرەوپێشچوونی شارستانی وڵات جاگەر لەبواری فێرکاریو ڕۆشنبیری ڕاهێنانی ژنانو هۆشیارکردنەوە نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆنەهێشتنی جیاکاری لەبواری کاردا، کاری پەلەی دەوێ لەپێدانی مافی شیاو ئەگەر بەکارێکی چوون یەك هەستان لەگەڵ پیاواندا، هەروەها کەشێکی کۆمەڵایەتیو ئابوری گونجاو بخولقێنێ هەموو مافە ڕەواکانی بەشێوەیەکی داد پەروەرانە پێببەخشرێت. چاودێریکردنی باری ژن لەدۆخە تایبەتییە کۆمەڵایەتیەکان لەبواری کاردا بەپێی ئەوجیاوازیە بایولۆجیەی کە هەیەتی، دەبێت دوور بخرێتەوە لەکاری قورس کەزیان بەتەندروستی بگەیەنێت، هەروەها ژن بارێکی تایبەتی هەیە بەسوری مانگانەدا تێدەپەڕێت لەزۆر ڕۆژدا توانای کارکردنی نابێت بۆیە پێویستە ڕێز لەبواری تەندروستی بگیرێت. دەرکەوتووە کەکارە ماندوو کەرەکان فشارێکی دەروونی دەبێت لەسەرژن بڕوا بەخۆبوونی کەم دەکاتەوە کاریگەری سلبی لەسەر دروست دەکات.

لەئەنجامدا ژن هەر ئامانجێکە بۆتووش بوون بەئازارو زەرەر لەلایەن هەندێك لەپیاوان، کەپێویستە کەشێکی دڵنیای بۆبخولقێت تاکارەکانیان ئەنجام بدەن دوور لەهەموو ئازارێك ڕەنگە ئەمە پێویست بکات، کەژنان لەوکارانە. لەشوێنی چۆڵدا ئەنجام دەدرێت دوور بخرێتەوەو کاری بەکۆمەڵ ئەنجامدەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ڕۆڵی ژن لەبەڕێوەبردنی ماڵدا حسابی بۆبکرێت نەك لایەنی کارکردن بەڵکو لەلایەنی مرۆڤایەتیو سۆزداریەوە کەدڵنیاییو ئاسایشو جێگیربوونی دەرونیو کۆمەڵایەتی بۆهاوسەرو منداڵەکانی دابین دەکات، بۆیە دەبێت کەشێکی وا بۆژنان بخوڵقێت لەکارکردندا تووشی زیانی نەکات لەماڵدا، یەکێك لەمەسەلە گرنگەکان کەپێویستە چاودێری ژنی تێدا بکرێت مەسەلەی دایکایەتیە کەناتوانرێت قەرەبوو بدرێتەوە، بوونی جیهانو بەردەوام بوونی لەسەر منداڵبوونو سکپڕی ژنان بەندە کەپێویستە دۆخێکی تەندروستی لەڕوی مادیو مەعنەوی بۆدابین بکرێ لەکاتی سکپڕیو منداڵبووندا کەزەمانەتی سەلامەتی خۆییو منداڵەکەی بکرێت، ئەمەش پێویستی بەمۆڵەتی کارکردنە لەماوەی سکپڕیدا پاشان شیرپێدانو سەردانی پزیشك بۆدیاریکردنی ئەوماوەیەی پێویستی پێیەتی، نەك بەو جۆرەی چەپاندنی لەناو چوار دیواری ماڵدا بەبیانوی پەروەردە کردنی منالەکەی، هەروەها دەسکەوتنەوەی کاری پێشووی قەرەبووکردنەوەی پێداویستیەکانی لەکاتی مۆڵەتی سکپڕیو شیرپێدان هەروەك دابین کردنی باخچەو دایەنگای شیاو بەجۆرێك کە دایکان دڵنیا بکاتەوە لە باش خزمەتکردنی کۆرپەکانیان تا بتوانێت ڕۆڵی دایکایەتی ببینێت منداڵەکانی بەخێو بکات تابەهێزو بەسوود بن بۆکۆمەڵگە پێویستە فرسەتی کارکردنو دۆخی شیاو دابین بکرێت بۆژنێك کەشووی کردووە یان بێوەژنە یان تەڵاق دراو لەپێناو پاراستنی ئابوریو کۆمەڵایەتی، هەروەها ڕووبەڕووی ئازارو بێزاری نەکرێتەوە بەپاساوی پێویستیمان بۆپارە، بەڵکو پێویستە سوود وەرگرن لەوزەیان بۆخزمەتی کۆمەڵ لەگەڵ ئەوەی کەژن دەتوانێت بەشێوەیەکی باش کاری ناوماڵ بەڕێوە ببات، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کەپیاو بتوانێت هەندێك لەکارو بارەکان بەسەر شانی ژندا کەم بکاتەوە ئەگەر ژنو پیاو کاری ناوماڵیان بەهاوکاری بەئەنجام گەیاند هەندێك لەقورسیەکانی سەرشان کەم دەبێتەوە کارکردن بۆهەر زدوولا ئاسان دەبێت لەگەڵ ڕێزگرتن لە یەکتر وهاوتایی لەنێوانیاندا.

بۆ نوسینی ئەو بابەتە سود لە ئەنتەرنێت وەرگیراوە.



# راگەیاندنی کوردی لەنێوان رۆژنامەنوسی ئەکادیمیو رۆژنامونوسی خاوەن ئەزمون

**رەزا تۆفیق: رۆژنامەنووسی ئەکادیمی لە ستایلی کارکردنی رۆژنامەکە یان دەزگا راگەیاندنەکەی خۆی دەترسێت**

**فەلاح کەریم: رۆژنامەنووسە نا ئەکادیمیەکان بوون گەشەیان بەبوارەکە دا**

**بێستون نوری: نەبوونی کەسانی ئەکادیمیو پرۆفیشناڵ یەکێکە لە کێشەکانی رۆژنامەگەری کوردیی**

**ئاراز رەمەزان**

رەزا تۆفیق سەرۆکی پێشووی بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی بەم شێوەیە بۆ مان دوا: راگەیاندیش بوارێکەو کەسانی تریش دەتوانن وەکو پیشەکانی تر دەتوانن فێری ببن چونکە دارشتنەوەی دەقە، بەڵام ئایا دەتوانێت بچێتە ناو قوڵایی وردەکارییەکانەوەو تاچ رادەیەك شارەزایی لە لەئەرکەکانو کاریگەرییەکانی راگەیاندن چییە، لێرەدا رۆژنامەوان دەبێت ئاگای لە هەردوو لا بێتو رۆژنامەنووسی ئەکادیمیو نائەکادیمی ئەم جیاوازییەکەو زۆرجار گوێ لە گفتوگۆ رۆژنامەوانیو چاوپێکەوتنەکان دەکەم کەلە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە ئەنجام دەدرێن بەڵام باس لەزۆر شتی زۆر سادە دەکەن کە بە خۆشیان دەڵێن، پسپۆر لەبواری راگەیاندن من نازانم پسپۆری یانی چی ئەگەر تەنیا باس لە سەرتوێژی بابەتەکە بکاتو نەچێتە ناو قوڵایی شتەکانەوە. ئاماژەی بەوەشدا ئەو خوێندکارانەی لای ئێمە خوێندنیان تەواو دەکەن کێشەیەکمان هەیە کە خوێندکارەکان لە رێگەی سیستەمی قبوڵ مەرکەزییەوە لەبەشەکە وەردەگیرێن کەلەوانەیە لەگەڵ حەزی تەلەبەکەدا نەگونجێت، لەدووەم جاردا دەکەوێتەوە سەر شوێن ئێمە شوێنێکمان هەیە ناتوانین رۆژنامەنووسی تێدا پەروەردە بکەین بەتایبەتی ئەو گروپە گەورانەی کە ئێمە هەمانە بەتایبەتی ئەو وانانەی کە پراکتیکین یان ئەو وانانەی تر کە تایبەتن بە ژانرەکانی راگەیاندن.

لێرەدا رۆژنامەنووسی ئەکادیمی لە ستایلی کاردکردنی رۆژنامەکە یان دەزگا راگەیاندنەکەی خۆی دەترسێت چونکە ئەو وەکو پیشەیەك سەیری بوارەکەی خۆی دەکاتو چوارچێوەی پیشەکەی خۆی دەپارێزێت چ رەچاوکردنی ئەخلاقو شێوازی کارکردنو سیستەمی کەناڵ بێت. گووتیشی لە کوردستاندا مامۆستمان کەمەو سەرەتا کە بەشەکە دروست بوو تەنیا یەك مامۆستای راگەیاندن هەبوو، سەرەتا کەمن بووم بە سەرۆکی بەشەکە هەوڵمدا کورسی دابین بکەین بۆ خوێندنی بالا بۆ پێگەیاندنی مامۆستا بۆ بەشەکەو زۆربەشیان ئێستا وانە دەڵێنەوەو پێشتریش خوێندکاری خۆمان بوونو ئێستا لەسەرەتایی پێگەیاندنی بەشەکەینو ئەگەر ولاتێکی وەکو نەمسا بەنمونە بهێنمەوە ١٢٠ ساڵە کۆلێجی راگەیاندنیان هەیەو ئێمە تەجروبەیەکی کەممان هەیەو ئەو خوێندکارانەی لە وێش خوێندن تەواو دەکەن مەرج نییە هەموویان ببنە رۆژنامەنووس بەڵکو بەشێکیان شارەزایی لەبواری راگەیاندندا پەیدا دەکاتو ئەوانەی دەبنە رۆژنامەنووس دەبێت تێگەیشتن لەراگەیاندنو یاساو ئەخلاقی راگەیاندنو ستایلی کارکردنەکان وتوانای کارکردنیشسی بە هێز دەکرێتو ئێمە بەشەکەی خۆماندا تەنهائەویش تێگەیشتن لە راگەیاندنە. ئەوەشی گووت ئەگەر بێتو سەیری دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان بکەین بەتایبەتی ئەوانەی کە ناووناوبانگی باشو قورساییان هەیە لەناو کۆمەڵگەکەداو تاچەند توانیویانە رۆلی خۆیان ببینن یان نەبینن ئەوەدەگەرێتەوە بۆ شێوازی کاکردنی دەزگاکە یان ئەو کەسانەی لە ئیدارەی ئەو دەزگایانە ئیش دەکەن بۆ نموونە رۆژنامەیەکی حزبی رێگە بە رۆژنامەنووسەکە نادات بە ئازادی ئیش بکات راستە لە هەندێك بواردا رێگەی پێ دەدات بەڵام لەهەندی بوارەوە سنوری بۆ دادەنێتو دەڵێت من سیاسەتی خۆم هەیەو بۆئەوە ئیش دەکەم، هەروەها رۆژنامە سەربەخۆکانیشمان بەداخەوە هەمان رێچکەیان گرتووەو دەیانەوێت سامان بەدەست بهێننو لەبەر بازارو ئایدۆلۆژیا سەربەخۆیی خۆیان لەدەست داوە چونکە هەر شتێك لەناو بازاردا باوبێت بۆ نموونە رۆژنامەی هاولاتیو ئاوێنە دەیکەنە فەوزا تەنیا لەبەر ئەوەی پارە بەدەست بهێنن، بۆ ئەوەی دەزگاکەی بەرفراوان بکاتو دەتوانم بڵێم لەهەندێ دەزگادا ئەو رۆژنامەنووسانەی کەلەلای ئێمە پێگەیشتوون توانیویانە پۆستی باش وەربگرنو زۆرجاریش ئایدۆلۆژیا کێشە بۆ رۆژنامەنوس دروست دەکات لەبەر ئەوەی لارۆژنامەنووسیش وەکو هەموو ئەندامێکی تری کۆمەڵ هەڵگری ئایدۆلۆژیای خۆیەتیو لەوانەیە لەگەڵ ئەو دەزگایەدا نەگونجێت کە ئیشی بۆ دەکات ئەمە هۆکارێکە کە رۆژنامەنووسەکانی ئێمە ناتوانن بە ئازادی لە دەزگاکاندا ئیش بکەن. لەلایەکی تریشەوە رۆژنامەنووسانی نا ئەکادیمیەکان ترسیان لەوە هەیە کە رۆژێك لە رۆژان شوێنەکانی خۆیان لە دەست بدەنو ململانێ دەکەن بەلام لە ئەنجامدا رۆژنامەنووسە ئەکادیمیەکان دەیبەنەوەو هەروەها لە روانگەی بابەتیشەوە رۆژنامەنووس بەرنامەی خۆی هەیە ئەو دەزانێت لەدوای ٦ مانگی تر چی بکات بۆ ئەووەی بەرهەمی زیادبێت. هەروەها مەرج نییە هەموو رۆژنامەنووسێکی باش بەشەکانی راگەیاندنەوە دەرچوو بێت لەبەر ئەوەی کێشەیەك هەیە لەپەروەردەکردن لەبەشەکانی راگەیاندن لە کوردستاندا لەبەر ئەوەی وەزارەتو سەرۆکایەتی زانکۆ بەهەلە لە بەشەکە گەیشتوونو وەکو بەشی جوگرافیاو مێژوومان بۆ دەکەن.

سەرۆکی بەشی راگەیاندن ئەوەشی گووت ئەو رۆژنامەنوسانەی کە لە کوردستاندا باسیان لێوەدەکەن گوایە رۆژانامەنووسی باسشن بەرای من ئەوانە رۆژنامەنووس نین چونکە ئەوانە تەنیا را دەڵێنو ئاراستەکە دەست نیشان دەکەن بەڵام رووژنامەنووسی ئەکادیمی داتاو زانیاریو چارەسەری کێشەکان دەخاتە روو. گووتیشی رۆژنامەنووسە ئەکادیمیو نائەکادیمیەکان نەیانتومانیوە ئەو رۆڵە ببینن کە پێی دەوترێت رۆژنامەگەری باش چونەك من لەو باوەرەدام ئەرکی رۆژنامەنووس هێنانە زمانی کێشەکان چونکە ئێمە لەسەر کێشە ئیش دەکەینو

ئەگەر رۆتین زۆر دووبارە بێتەوە ئەوا خوێنەر تاقەتی نامێنێتو لەرۆژنامەکەت دوور دەکەوێتەوە.

هەروەها فەلاح کەریم رۆژنامەنووسو لێپرسراوی بەشی سیاسەتی رۆژنامەی کوردستانی نوێ کە بەتەجروبە فێری کارکردنی پیشەی رۆژنامەنووسی بووەو ئێستا یەکێکە لە رۆژنامەنووسە باشەکانی کوردستان پێی وایە: بواری خوێندنی ئەکادیمی رۆژنامەوانی لەکوردستاندا چەند ساڵێکە کراوەتەوە کە ئەوەش فاکتەری خۆی هەبووەن ئێستاش کە چەند خولێك لە خوێندکارانی ئەو بوارە بروانامەیان بە دەست هێناوە، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو خوێندکارانە ئەوانە بوون کە پێشتر لەبەشەکانی راگەیاندن کاریان کردبوو، بۆیە خۆیان ئەزموونێکیان هەبوو، هەندێك توانی گەشە بەو بوارە بداتو ئەزموونی خۆی ئەکادیمی بکاتەوە، بەڵام بەتەواوەتی رەنگی نەداوەتەوە لانی کەم لەم قۆناغەدا، لەو باوەڕەدام ئەگەر بارودۆخی کوردستان جێگیرتر ببێتو چەند نەوەیەکی دیکە ئەم بوارە ئەکادیمیە تەواو بکەن، رۆژنامەوانی کوردستان قۆناغی دیکە ببڕێتو جێدەستی ئەوانە دەربکەوێت. هەروەها ئاماژەی بەوەشدا رۆژنامەوانی هێندەی پراکتیکیە هێندە تیۆری نیی. هەر لە کوردستان خەڵك هەیە بروانامەی دکتۆرای لەبواری رۆژنامەنووسیدا هەیە کەچی ناتوانرێت پێی بوترێت رۆژنامەنووسێکی سەرکەوتوو. بەشێوەیەکی گشتی لەکوردستان مەسەلەی پرۆفیشناڵی لەزۆربەی بوارەکاندا بوونی نییە، من هەست بەو ململانێیە ناکەم، بەڵام رۆژنامەنووسە نا ئەکادیمیەکان بوون گەشەیان بەبوارەکە داو گوشاریان دروستکرد بۆ کردنەوەی پەیمانگاو کۆلێژەکانی رۆژنامەنووسیو راگەیاندن. ئەوەشی گووت کە لە نێوان رۆژنامەنووسانی ئەکادیمیو نا ئەکادیمیدا هەم رۆژنامەنووسی خراپو هەم رۆژنامەنووسی باشیان هەیە، بەڵام بەشی زۆری رۆژنامەنووسە وریاو چالاکەکان بروانامەی ئەکادیمیان نییە.

بێستون نوری: رۆژنامەنووسی پیشەیە، نەك ئارەزوو.. بۆیە نەبوونی کەسانی ئەکادیمیو پرۆفیشناڵ یەکێك لە کێشەکانی رۆژنامەگەری کوردییە

پێموانییە لە ناو کوردا، ئەوەندە رۆژنامەنووسی ئەکادیمی هەبێ، تا ئەوان جڵەوی کاری رۆژنامەنووسی بگرنە دەستو ئاراستەکەی دیاری بکەن. لەبەر ئەوەی تا ئەم چەند ساڵەی دوایی، هیچ کۆلێژو بەشێکی کۆلێژو پەیمانگایەك بۆ ئەو بوارە نەبووە، کە تێیدا رۆژنامەنووسی ئەکادیمیو پرۆفیشناڵ پێ بگەیەنێ. زۆر لەوانەش کە ئەم چەند ساڵە لە کۆلێژو پەیمانگاکان خوێندویانە، نەیانتوانی شوێنی خۆیان بە تەواوی لە نێوەندی رۆژنامەگەریدا بچەسپێنن.. رۆژنامەنووسی پیشەیە، نەك ئارەزوو.. بۆیە نەبوونی کەسانی ئەکادیمیو پرۆفیشناڵ یەکێك لە کێشەکانی رۆژنامەگەری کوردییە.

لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردستاندا، زۆرکەس هاتوونە نێو ئەم دنیایە کە رۆژنامەنووس نەبوون، رۆژنامەگەری کوردی لە لایەن ئەدیبو شاعیرو نوسەرانەوە بەڕێوەدەبرا، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایی خەڵکێکی دیکە دیسان "نائەکادیمی"، بەڵام باشتر لەو بەشەی دیکە هاتوونەتە نێو کاری رۆژنامەگەری. ئەو بەشە ئەو گەنجانەن کە لەم ١٠ ساڵەی دواییدا بە زەوقو حەماسەتەوە کاردەکەنو گۆڕانکاریشیان لە بزاوتەکە دروست کردووە، ئەو گەنجانە ئەگەرچی هیچ کۆلێژو پەیمانگایەکیان نەخوێندووە، بەڵام هەر لەبەرئەوەی شیعر، یا تا چیرۆکێکیان نوسیبێ، نەهاتوونەتە ناو بوارەکە. ئێستاش یەك لە گرفتی نێو رۆژنامەگەری کوردی نەبوونی رۆژنامەنووسی باشو بە توانایە کە لە رووی پیشەییەوە لە کارەکەی خۆی بزانێ، رۆژنامەو رۆژنامەنووسی کوردی لەژێر کاریگەری ئەزمونەکانی پێشتری خۆیدایە، کە ئەزمونێکی سەرکەوتوو نەبووە لە رووی پیشەییەوە. ئەو کێشانەی رۆژنامەنووسی کورد رووبەرووی دەبێتەوە لە بوارەکانی کەمی وردبینیو نا هاوسەنگی لە هەواڵو رەچاونەکردنی پرەنسیپو ئەخلاقیاتی رۆژنامەگەری، چەندە پەیوەندی بە هەڵوێستە سیاسییەکانەوە هەیە، بەو پێیەی رۆژنامەگەری کوردی تا ئەم چەندساڵەی دوایی لێدەرچێ، رۆژنامەگەریەکی حیزبی بووە، ئەوەندەش پەیوەندی بە ناشارەزایی رۆژنامەنووسی هەیە.. من پێم سەیر بوو کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ٣٠٠٠ ئەندامی هەبێ، ئەو ژمارە زۆر زۆرە بە بەراورد لەگەڵ ٤ شاری کوردستان کە لەچاو شارانی دونیا شاری زۆر بچوکیشن.. ئەوە ئەو راستیە دەردەخات کە ئەو بنەماو پێوەرانەی سەندیکا بۆ دەستنیشانکردنی رۆژنامەنووس هەیبووە، بنەماو پێوەری دروست نەبوون، بەڵام ئەگەر ئەو ژمارەیەی سەندیکا وەك گریمانە وەرگرین، ئەوا رۆژنامەنووسی نا ئەکادیمی زاڵە بەسەر دونیای رۆژنامەنووسی کوردییەوەو ئەو چەند رۆژنامەنووسەیش کە دەرچووی زانکۆو کۆلێژەکانن بە هۆی کلاسیکی لە نەهجو کلاسیکی مامۆستاکان لەگەڵ رێزم، نەیانتوانیوە تۆزی پێی رۆژنامەنووسانی مومارس بشکێنن.



# دادگاییکردنی سۆکرات



ئا: بیستون عوسمان

پێنج سەدو یەك دادوەر دانیشتن، یەك لەپاڵ ئەوی دی، لەسەرپەیژەکان کەکورسیەکانی لەدار دروست کرابوون‌و بەحەسیر داپۆشرابوون، بەرامبەر بەم دادوەرانەش سەرۆکی دادگاکە بە پاسەوانەکان‌و نووسەرەکەی دەوردرابوو. لەخوارەوەی پەیژەکەش ئەم سندووقە دانرابوو کە دادوەروکان حوکمەکانیان دەخستە ناوی پاش تەواوبوونی دادگایی کردنەکە. دانیشتنەکە ئاشکرابوو، جگە لەپیاوانیش رێگا بە ئامادەبوونی ئەوانی دیکەش نەدەدرا. کەش‌و هەوا خۆش بوو، ئەمەش شادی خستبووە دەروونی هەمووان‌و وایلێکردن کە هیوا بخوازن بە دانیشتنێکی تەواوو ڕێرەوەکەی تێك نەچێ بە بارانێك کە ئاو لەسەر سەریان بێتە خوار یانیش سەرمایەك بێ بیرۆکەکان تێك بدات. گەر بۆمان دەرکەوت کە بەستنی دادگایەك لەبەر کەش‌و هەوا کارێکی نامۆو خۆشیشە، کەواتە ئەمرۆ بابزانین ئێمە لە ئەسیناین، لە بەیانیەکی بەهاری ساڵی (٣٩٩)ی پێش لەدایك بوون. ئەو ئەسینایەی دیموکراتیەتی پێشکەش بە جیهان کرد، لەبارودۆخێکی زۆر ناخۆش دەژی. سپارتەکان لە جەنگێکی (٢٧)ساڵیدا شکستی پێهێنا، چەند مەرجێکی بەسەردا سەپاند. لەوانە ((سێ مەرجی داپڵۆسێنەر)) بە سەرکردایەتی یەکێك لە کورەکانی کرینیاس، کە ئەسیناییەکان کاتێکی زۆر نەبوو لە ناویان بردبوو. لەم بارودۆخەی نیشتیمانیدا، ڕق‌و کینە زۆر بوو هەروەها یەکلایی کردنەوەی حیسابەکانیش، بەڵام دادوەری‌و دادوەرەکان کاری خۆیان هەر دەکرد لە ئەسینا، ژمارەیان شەش هەزار بوو، هاووڵاتی خۆبەخش ساڵانە بە شێوەیەکی هەرەمەکی هەواڵیان پێدەدرا. پاش هەڵبژاردنیان، بەسەر دوازدە دادگا دابەش دەکران کە هەر دادگایەك پێنج سەدو یەك دادوەری لە خۆ دەگرت.

تاوانباری ئەمڕۆ پیرێکی جل کۆنە. کوڕی (سۆفرۆنیسکی) پەیکەرتاش‌و (فیلاریتی) مامانەو نازناوەکەی (سۆکرات)ە. بەڵام ئەم تۆمەتەی کە ئەمڕۆ لەسەری دادگایی دەکرێت لەسەر چ بنەمایەکە؟ یەکێك لە هاووڵاتیان کە ناوی (ملیتۆس)ە، بە کفرکردن بە خواوەندو هێنانی ئەهریمەن بۆناو شارو گەندەڵکردنی لاوەکان تۆمەتباری کرد. ئەمەش تاوانێکە شایستەی سزادانی مردنە. ئایا ئەم سوکراتە کێ یە؟ ئەو پیاوێکە گەیشتۆتە تەمەنی حەفتا ساڵی، ناشیرین بە دوو چاوی دەرپەڕیوی‌و لووتی پانی‌و دەم‌و چاوی پڕی جگە لە جلی پشت گوێ خراوی کە پێك هاتبوو لە پاڵتۆیەکی خووری کە نە قۆپچەی هەیەو نە قایش. لەسەرووی هەمووی ئەمانەش تەنها بەپێی خاوسی دەگەڕا، لە هاوین هەروەك زستان. (سوکرات) لە ساڵی (٤٦٩)ی پێش زایین لەدایك بووە، لە خێزانێك کە لەپەیکەرتاشی کاریان دەکرد، بێ هودە بوو کاتێك دایك‌و باوکی ویستیان ئەم پیشەیەی فێربکەن. ئارەزووی تەنها بەلای گفتوگۆو مشتومڕ بوو لەگەڵ خەڵکیدا لەسەر هەموو جۆرە بابەتێك کە لەگەڵیدا داوای بیرکردنەوەو تێڕامانی لێدەکردن. لەناو شاردا دەهات‌و دەچوو قسەی لەگەڵ ڕێبواران دەکردو گەنجەکانی ڕادەگرت‌و ڕۆشنبیری دەکردن لە کاروباری بوون‌و لایەنەکانی ژیان. ئەسیناش لەم کاتەی دیموکراسیەتیدا، زۆرێك لەفەیلەسوف‌و پیاوانی سیاسەتی تێدابوو کە خەڵك بنەماکانی ڕۆشنبیری لێوەردەگرتن، ئەمانیش بەرامبەر بەمە شتێکی زۆریان لێوەردەگرتن لە زۆربەی کاتەکاندا. بەڵام سوکرات فرۆشتنی بیرۆکەکانی ڕەتدەکردەوەو فەلسەفەی بە ڕاهاتنێکی ئەندامی‌و ڕۆژانە دادەنا. ئەمەش جۆرێکی زیانە. ئەوەی پێویستە بگوترێ کە سوکرات وەکو ئەوانی دی هاووڵاتیەکی ئەسینایی نەبوو. ئەو گوێی نەدەدا بە سامانی دنیا سەرەڕای ئەوەی کە خێزاندار بوو سێ کوڕیشی هەبوو بەڵکو هەردەم زاهید بوو لەو شتانەی کە خەڵکی سەرقاڵ کردبوو. ئەمەش وای لێکردبوو کە تەمومژاوی بێ‌و بەڵکو ببێتە مایەی گاڵتەجاری لەزۆر کاتدا. بەڵام سوکرات هیچ ئامرازێکی نەهێشتەوە بۆ ڕوون کردنەوەی ڕاستی ئامانجەکانی‌و هەردەم وەڵامی بۆ بەرهەڵستکارانی وابوو کە ڕاستیەکی خوایی پاڵی پێوە دەنێ کە بەم شێوەیە ڕەفتار بکاو ئەم ڕاستیەش لەوانەیە تەنها ویژدانی ناوەوەی دەروونی بێ. ئەم هەست‌و بیرۆکانە بۆ هەندێك کەس مایەی قەبووڵکردن نەبوو، هەر ئەمەش گەیاندیە ئەوەی کەوا ئەمرۆ بەرامبەر دادگا بکرێتەوە، بەوەی کە ((گەنجەکان تێك دەداو باوەڕ بە خواوەندی شارەکە ناهێنێ)). لەسەرەتای دادگایی کردنەکە، کە ئەوسا لە سیستمی دادگادا ئەوەی پێی دەڵێن داواکاری گشتی نەبوو، سکاڵاکەری یەکەم (ملیتۆس) هەڵساوەو دەربارەی گەندەڵیەکانی سوکرات لە کۆمەڵگا قسەی کرد. لەپاشان دوو سکاڵاکەر (لیکۆن‌و ئەنتیۆس) شایەتیانداو هەرهەمووشیان داوای حوکمی سێدارەیان کرد بۆ ئەم ((پیرە شەرانگێزە)). ئەم (ئەنتیۆس)ە بیانوویەکی دیکەی هەبوو بۆ شایەتی دان لەدژی سوکرات ئەویش ئەوە بوو کە کورەکەی یەکێ بوو لە قوتابیانی سوکرات‌و((گومڕا کرابوو)) ئەمەش بەوە لێکدرایەوە کە هۆکاری دوورکەوتنەوەی ئەم قوتابیە بوو لە پیشەی باوکی کە بازرگانی کردن بوو بە پێست. جگە لەمەش جارێکیان سوکرات زۆری بۆ هێنابوو لەکاتی مشتومڕێك کە تیایدا ئەم کوڕە نەزان‌و خۆش گوزەرانە زۆر بە گەمژە دەرکەوت. لە بەدبەختی ئەم پیرە، (کریتیاس)ی خوێن ڕێژو کرێگرتەی (سەبارتە) لەنێوان قوتابیانی بوو، ماوەیەك لە ماوەکانی ژیانیدا. وەرگرتنی (کریتیاس)و هاوشێوەکانی بە قوتابی خۆی کە قێزەون بوون لەناو کۆمەڵگاکانیان لە سۆنگەی کراوەیی ئەوبوو لەبەرامبەر هەمووان بێ گوێدان بەبۆچوونی سیاسی‌و فەلسەفەکانیان یان جۆری ئەو ژیانەی کە دەژیان. گەر بەکورتی بیلێین، گوتمان کە سوکرات بە بیروبۆچوون‌و مشتومڕەکانی ببوو بەکەسێکی بێزارکەر نەوەك تەنها بۆ

دەسەڵاتداران بەڵکو بۆ ئەو باوکانەش کە وایاندەزانی کوڕەکانیان لە گوێڕایەڵی ئەوان دەردەچن‌و پەیوەندی بە ماMۆستاکەیان دەکەن.

پاش کۆتایی قسەکانی هەرسێ شایەت، ڕۆڵی تاوانبار هات. لەهەڵسوکەوتی دادگای ئەسینای ئەوکات ئەوەبوو کە دەبێت تاوانبار خۆی بەرگری لەخۆی بکات، گەر نەیتوانی ئەوا یەکێکی پیشەکەر هەڵدەستێ بە بەرگوێ خستنی بەرگری‌و لەبەرکردنی پێی‌و پێویستە ئەو ماوەیە بخایەنێت کە شایەتیەکە خایاندوویەتی نەك زیاتر. سوکرات دەستی کرد بە بەرگری کردن لە خۆی بە ڕەتکردنەوەی تاوانەکانی کە درابوونە پاڵی، ئینجا دەستی کرد بە قۆناغی هێرش کردن‌و گووتی"ئەوانەی بانگەوازی زانست دەکەن، لە نێوان ئەو کەسانەی کە گفتوگۆو مشتومڕم لەگەڵ کردوون، ئەوانە تەنها نەزانن‌و تێناگەن لە زانست، لەڕاستیدا من زاناترین کەسم، لەبەر ئەوەی خەڵك وادەزانن شتێك دەزانن کەچی لەڕاستیدا هیچ نازانن. بەڵام من دەزانم کە نازانم". سوکرات بە وورياکردنەوەی دادوەرەکان لەئاکامی حوکمدانی ئەو بەمردن کۆتایی هێنا، گەر واشیان کرد ئەوا یەکێکی وەك ئەو نادۆزنەوەو خواوەندو ئەسینایيەکان لە مت بوونێکی ئەبەدی نقوومیان دەکەن. ئەگەر واشیان نەکرد ئەوا ئەو دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکانی هەروەك هەردەم وای کردووەو ویژدانی ئەمەی پێدەڵێ. سوکرات سۆزی دادوەرانی بۆخۆی ڕانەکێشا هەروەك تاوانبارانی دیکە وادەکەن لەبەردەم دادگا. ئەوەی گووتی‌و گووتی‌و بێهەڵچوون دانیشت. بەڵام دادوەرەکان، دەستیان کرد بەدابەزین لەسەر پەیژەکان بۆ ئەوەی هەریەکەیان حوکمی خۆی لەناو سندووقەکە دابنێ. ئەم دەنگدانە سەرەتاییە، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەمە بە تۆمەتبارکردنی گومان لێکراو دادەنرێ یان نا. ئەنجامی دەنگدانەکە بە تاوانبارکردنی سوکرات کۆتایی هات بەجیاوازیەکی کەم لە دەنگەکان: ٢٨١ دەنگ دژی ٢٢٠ . لە یاسای ئەسینا پێویست دەکا کە تاوانبار خۆی ئەو سزایە دابنێت کە پێی باشە. سوکرات هەڵسایەوەو ئاشکرای کرد کە پێی خۆشە بریتانی بەخۆیەوە بگرێ! لەم کاتەدا ژاوەژاو و هاواری نارەزایی لە ئامادەبووان هەڵسا کە قسەکەی ئەویان بەڕابواردن‌و گاڵتەکردن بە دادگاو ئامادەبووان زانی. چونکە بریتانی دەزگایەکی ئەسینایی بوو پیاوانی مەزنی لەخۆ دەگرت‌و هەڵدەستا بە دابین کردنی گوزەرانیان بەشێوەیەکی ڕێك‌و گونجاو. هەرکە دادوەرەکان قسەی سوکراتیان گوێ لێ بوو، بڕیاریاندا هەرخۆیان دەنگ بدەن لەسەر جۆرو ئاستی سزاکە. دووبارە دابەزین بۆ لای سندووقەکەو دەنگیاندا لەسەر حوکمی سێدارە کە ئەمەشیان بەو سزا ڕەوایە زانی کە پێویست بوو سوکرات وەری بگرێ ئەویش بەزۆرینەی دەنگ. ئەم پیاوە خۆی خستە هیلاکەت پاش ئەوەی کە دەیتوانی خۆی ڕزگار بکا گەر بەشێوەیەکی دیکە ڕەفتاری کردبووایە، بەڵام بۆ هەمووانی دووپات کردەوە کە ئەو زۆر بەحەماسەت‌و ئارەزووەوە بەدوای مردندا دەگەڕێ. مانگێك تێپەڕی لەسەر حوکم درانەکە بەڵام شێوازی جێ بەجێ کردنەکە ئاسانترینیان بوو لەناو لیستێکدا کە هەندێ بەندەکانی بەدەر نییە لە توندوتیژی، خواردنەوەی بڕێك ژەهری ئامادەکراو بەتایبەت بۆ ئەم بۆنەیە. لەمیانەی ئەم مانگەدا. (کریتۆن) هاتە لای، کەیەکێك بوو لەقوتابییە دڵسۆزەکانی، ڕاکردن لە بەندیخانەی خستە ڕوو بۆی، پاش ئەوەی (کریتۆن) کاری بەرتیل دان بە پاسەوانەکان دەگرێتە ئەستۆ. سوکرات ئەمەی ڕەت کردەوە بەوەی کە پێویستە ڕێزی دادوەری‌و یاسا بگیرێ تەنانەت گەر ئەم یاسایانە نا مرۆڤانەش بن. ئەم مانگەی کە دەرچوونی حوکمەکەو جێبەجێ کردنی لەنێوان بوو، سوکرات بە هێمنی بردیە سەر بووە مایەی سەرسوڕمانی پاسەوانەکان‌و سەردانیکەرانی، بەڵام بۆچی یەك مانگ چاوەڕێی چارەنووسی بکا، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕێگا نەدەدرا بەجێبەجێ کردنی حوکمی لەسێدارەدان لە شەریعەتە ئاينییەکانی ئەوسا تەنها پاش گەڕانەوەی پیاوە ئاینیەکان لە دوورگەی دیلۆس.

لەڕۆژی دواتر پاش ئەوەی گەڕانەوە. قوتابیەکانی سوکرات کۆبوونەوەو ژنەکەشی گەیشتە لای هەر کە بینی، پاسەوانەکان کەلەپچەکەیان لەپێ کردەوەو وەك ئامادەکاری بۆ لەسێدارەدانی لەقوڵپەی گریانیداو قژی خۆی ڕنیەوەو جلەکانی دادڕاند: ئاخ هاوسەرەکەم! ئەمە دواجارە کە قسە دەکەی‌و دواجارە کە برادەرانت دەبینی!. ئەمە کاری لە سوکرات کرد، بۆیە داوای لێکرد کە بڕوات، ئینجا ئاوڕیدایەوە لای برادەرانی‌و دەستی کرد بەگفتوگۆکردن لەگەڵیان سەبارەت بە بابەتە جیاکان لە هونەرو مردن‌و ڕوح... لەو کاتەی لە مشت و مڕدابوو، جەلادەکە قسەی پێ بڕی:

زۆر مەجووڵێ سوکرات، ئەگەرنا ژەهرەکە کاریگەری نامێنێ. لێرەدا بۆ یەکەم جار سوکرات هەڵچوو بە جەلادەکەی گووت: بۆچی بڕێکی زیاتر دانانێی؟ ئەمە پیشەکەتە. دەستی کردەوە بە قسەکردن لەگەڵ قوتابیەکانی کە نەیاندەتوانی سەرسوڕمانی خۆیان بشارنەوە. ئەم مرۆڤە توانی سەرکەوێ بەسەر ترس‌و بیمەکانی. کاتێ کە خواردنەوەی ژەهرەکە نزیك بویەوە، سوکرات چوو بۆ ژوورەکەی بەرامبەر بۆ خۆشتن‌و دەیگوت: دەمەوێ ئەرکی شوشتنی کەلەشێکی مردوو لەسەر ئافرەتەکان لابەم. خۆشتنەکە درێژەی کێشاو جەلادەکەش لەبەر دەرگا چاوەڕێی دەکرد. کاتێ سوکرات هاتە دەرەوە، جەلادەکە لێی نزیك بوویەوەو جامی ژەهرەکەی لەدەستدابوو پێشکەشی سوکراتی کردو گووتی: دەزانم تۆ سەرزەنشتم ناکەی وەکو ئەوانی دی. تۆ مرۆڤێکی عاقڵی‌و دەتوانی بەرگەی چارەنووست بگری: هەربژی! دەی ئێستا چی پێویستە لەسەرم بیکەم؟ هیچ، تەنها چەند هەنگاوێکی کەم پاش خواردنی ژەهرەکە کاتێ هەست بەگرانی دەکەی لە قاچەکانت ئەوسا پێویستە ڕاکشێی‌و ئەوی دیکەش ژەهرەکە خۆی پێی هەڵدەستێ. سوکرات جامەکەی وەرگرت‌و بەیەك جارو بەهێمنی خواردیەوە. قوتابیەکان خۆیان بۆ نەگیراو دەستیان کرد بەگریانێکی توندو مامۆستاکەیان تورەکرد!: ئەوە چی دەکەن فەرمانم بەژنەکەم کرد بڕوات بۆ ئەوەی هیچ دیاردەیەکی ترس بەچاوی خۆم نەبینم، دەمەوێ بەهێمنی‌و لەسەرخۆوە بمرم. خۆتان ڕاگرن. هەموو بێدەنگ بوون. دواتر سوکرات هەروەك جەلادەکە پێی ڕاگەیاند، ڕاکشا. ئینجا جەلادەکە هات‌و هەردوو قاچی بەستەوەو پێی گووت: هەست بەهیچ دەکەی؟...سوکرات: نەخێر. جەلادەکە دەستی کرد بەشیکردنەوەی ئەوەی کە مردن دەگاتە دڵ دوای ئەوەی ساردی دەگاتە هەردوو قاچ‌و سکی. کاتێ سوکرات هەستی بەم ساردییە کردکە دەگاتە سکی، ئاماژەی بۆ قوتابییە دڵسۆزەکەی (کریتۆن) کرد بەوەی کە لێی نزیك بێتەوە بۆ ئەوەی بە دەنگێکی لاواز پێی بڵێ: کریتۆن، کەڵەشێرێك لە ئەستۆی ئێمەیە کە هی ئیسکۆلابە. پارەکەی بدێ بەبێ مشت‌و مڕ.

سەرچاو گەورەم، هیچی دیکەت ناوێ؟

سوکرات وەڵامی نەدایەوە. هەردوو چاوی لێکنا...

"کەڵەشێری ئیسکۆلاب" بێگومان دەستەواژەکە ئەوەیە کە سوکرات ویستی گاڵتە بەخواوەندی پزیشکی بکات. هەردەم لە گاڵتەکردن بەخواوەندەکان نەوەستا تا ئەو کاتەش کە لەسەر لێواری مردن بوو!، جا مردن بۆ ئەو چییە؟ ئایا ڕزگار بوون نییە؟ یاخودچاکبوونەوە نییە لە نەخۆشی ژیان، کە هەردەم ئەمە دووبارە دەبێتەوە؟. ئەم ڕستەیە سوکرات پێش مردنی گووتی، کە ڕەشبینی‌و گاڵتەجاری لە زەقترین ماناکەیەوە دەبەخشێ ئەم دەستەواژەیەش پەیامێك بوو لە یەکەم مرۆڤ لە مێژوودا کە لەسەر بیرۆکەکانی لەسێدارە درا.

سەرچاوە :ئینتەرنێت

# خەڵەف غەفور: رەنگە یەکەم کەس بم فاتیحا بۆ گیانی پیرۆزی کەرکوك‌و شوناسەکەی بخوێنم



**خەڵەف غەفوور لەساڵی ١٩٨١ لەدایك بووە. دەرچووی کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان/بەشی شەریعەی زانکۆی کۆیەیە. لەساڵی ٢٠٠٢ ەوە وەك رۆژنامەنووس کاردەکات‌و چەندین بابەتی سیاسی‌و رەخنەیی لەرۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکاندا بڵاوکردوەتەوە. سەرنووسەری پێشووی رۆژنامەی رۆژین بووە لەشاری سلێمانی. میوانی ئەم ژمارەی گۆڤارەکەمان بوو.**

دیمانەی بەهمەنی مەلا

زنار: حزبەکان تا چ ئاستێك خزمەت یان زیانیان بەمەسەلەی کەرکوك کردوە

خەڵەف غەفوور: بەوەی گەلی کورد لەدوای روخانی دەوڵەتی مادەوە دەوڵەتی خۆی نەبووەو تەنها لێرەو لەوێ لەچوارچێوەی هەڵسان‌و شۆڕش‌و جۆرێك لەفەرمانڕەوایی لۆکاڵی کەخۆمان بەمیرنشین ناوی دەبەین خەباتی خۆی کردوەو ئەمەش لەباشترین حاڵدا گیرۆدە بووە بەدەرەنجامی کاتی‌و نەیتوانیوە دەرەنجامێکی درێژخایەن چنگگیر بکات کەخەونەکانی کوردی لەپەنادا بێتە دی. ئەوەی مایەی سەرنجە لەمێژووی گەلی کورددا ساتێکی مێژوویی نابینیت کورد بەرخودانی نەکردبێت، لێ شێوازی خەباتیش گۆرانکاری بەسەردا هاتووە. لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەوە خەباتی کورد بەهۆی دامەزراندنی حزبەوە شێوازێکی رێکخراوتری لەخۆگرت کەراستە ئەگەر بڵێین ئەم ئەزموونەی ئێستا جگە لەگونجاندنی بارودۆخی نێودەوڵەتی بەرهەمی خەباتی ئەوانە. لەرابرووەدا حزب نمایندەی خەباتی گەلی کوردی کردووە، سەیری رێککەوتننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بکە لەنێوان حکومەتی ناوەندی‌و پارتیدا کەژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی واژۆی کرد "لێردا بۆچوونی تایبەتی من وایە ئەو کات بارزانی وەك رێبەرێکی کوردی کاری کردووە زیاتر لەوەی وەك سەرۆکی پارتی کاری کردبێت" بۆیە ئەگەر واش دابنرێت کەئەوە بەرهەمی خەباتی حزب بووە ئەوە دەکرێت دان بەو راستیەدا بنێین کەحزب لەو کاتەدا سازشی لەسەر شوناسی کەرکوك نەکردووەو ئامادە نەبووە جۆرێك لەمەزایەدە بکات لەسەر ناسنامەی کەرکوك‌و لەو پێناوەشدا نسکۆی بەدوادا هات. ئەوەم بۆ ئەوە باس کرد تابتوانم قسە لەسەر ئەجێندای حزبە کوردیەکان بۆ کەرکوك بکەم بێ لەبەرچاوگرتنی بچوکی‌و گەورەیی‌و ئیسلامی‌و عەلمانی حزبەکان، چونکە هەنووکە ئەنجومەنی حزبە سیاسیەکان تەحەکوم بەپرسە گرنگەکانەوە دەکات‌و بەو پێیەش بێت هەموویان بەرپرسین بەرامبەر پرسی کەرکوك. خۆ ئەگەر باس لەجیایەتی خەبات‌و سیاسەتیان بکەیت بەرانبەر کەرکوك ئەوا روونە لەئاستی تیۆردا هەر یەکەیان سوارچاکی مەیدانەکەن‌و دەیان دروشمی باق‌و بریقەداریان سەبارەت بەپرسی کەرکوك بەرزکردوەتەوە، بەڵام لەئاستی پراکتیکدا کەمترین کاریان کردووە. تۆ وەرە بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبێکم پێ بڵێ لەکەرکوك کەرۆژانە تیایدا چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی خۆیان بەو پرسە گرنگەوە خەریك کردبێت؟ کامیان لەبری حزبایەتی کوردایەتی کردووە؟ کامیان نەسریەی مانگێکی حزبەکەیان بۆ پرۆژەیەکی کەرکوك سەرف کردوە؟ گریانم هات بۆ کەرکوك کاتێك گوێم لەقسەی ئاوارەیەکی کەرکوکی بوو بەدڵێکی تەنگەوە دەیگووت تەنها پارەی دەعوەتی سکرتێری حزبەکانمان بۆ سەرف بکەن رزگارمان دەبێت لەمەینەتی ئاوارەیی. بەکورتی لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە هەستناکەم حزبێك کوردانە کاری بۆ کەرکوك کردبێت‌و بیری بەلای حزبایەتیدا نەچووبێت، ئاخر ئەمە بەرەو ئەو تێڕوانینەمان دەبات‌و ئەو بڕیارەمان پێدەدات کەبڵێین حزبەکان هێندەی زەرەر، قازانجیان نەبووە بۆ کەرکوك. ئەی هەر لەسەر رەزامەندی ئەوان نەبوو کەرکوك خراوەتە مەزایەدەیەکەوە کە مەگەر تەنها خوای عەزەوەجەل داهاتووی بزانێت.

زنار: حزبایەتی لە کەرکوکدا چەندە لە خزمەتی کەرکوکدا بووە

خەڵەف غەفوور: بەبۆچوونی من خزمەتی نەکردووە، چونکە لەسەرەتای پرۆسەی ئازادی عیراقەوەو کاتێك حزبەکان چوونە نێو کەرکوکەوە هەر یەکەو لەهەوڵی داگیرکردنی بارەگاو مومتەلەکاتی دەزگاکانی حزبی بەعس‌و کۆکردنەوەی ئەندامدا بوو. چەندین عەرەبی هاوردە لەبەرامبەر مانەوەی بوو بەئەندامی حزبەکان‌و ئەوانیش بەرەنگەکانی خۆیان ناسنامەی سەلامەتیان بۆ کردن. دەیان هەزار دۆلار لەدەعوەتی سەرۆك عەشیرەتە عەرەبەکان دا سەرف کرا بێ ئەوەی کەمترین سوود بەکورد بگەیەنن. ئاخر کارەساتە میوانداری عەرەبی دە هەزاری‌و هاوردە بکەیت‌و بیشڵێیت دڵسۆزی کەرکوکم. ئەمە جگە لەو بێ بەرنامەیەی بۆ کەرکوك‌و کارکردن بەجیا کەپرسی کەرکوکی سادە کردەوە. باشە خانەقینیش هەروەك کەرکوك بوو، چونکە یەکگرتووانە مامەڵەی لەگەڵکرا ئێستا تەواوی خانەقین بگەڕێ دەکەس نابینیت بەنان بڵێت(خبز)و شارەکە مۆرکێکی کوردانەی وەرگرتوەتەوە بەرادەیەك پارێزگاری دیالە بەقەد بەرپرسی ناوچەو کۆمیتەیەکی حزبی لەخانەقیندا قسەی ناڕوات‌و توانای فەسڵکردنی نەك قایمقام، پرسگەکەیشی نییە.

زنار: بە زۆرەملێ ناردنەوەی ئاوارەکانی کەرکوك لە ئیدارەی سلێمانی‌و ناردنەوەی بە خواستی خۆیان‌و بەخشینی بڕێك پارەی زۆر لە ئیدارەی هەولێر لە پێناو چیدایەو؟ بۆ؟.

خەلەف غەفور: هەموو ئەوانەی باسی دەکەیت بەحسابی ئەوان لەپێناو پرسی کەرکوکدایە، بەڵام تەنها ئێش‌و ئازاری ئاوارەکانی زیاد کردووەو هیچی تر. چونکە لەو ساتەوەی گەڕاونەتەوە تاهەنووکە جگە لەپێدانی وەعدو بەڵێن نەیانتوانیوە جەژنانە تەنها چەند پاسکیلێکیش بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن. پێم وایە حزبی

کوردی بێ پرسیارترین کائینە لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەپێی ئەو واقیعەی ئێستا کەرکوکیەکان پێدا دەڕۆنو بەردەوام لەدەردو مەینەتیدانو رۆژانە بەدەم ئازاری بەرنامە ناتەندروستەکانی حزبی کوردیەوە دەناڵێنن. ئەو پارە کەمەی ئەوان نە توانی چارەسەری پرسەکە بکات، نە توانیشی لەخەمەکانمان کەم بکاتەوە. لەبەرامبەر ئەمەدا سەرکردایەتی کورد بەوێنەی جولەکە چۆن خاکی فەلەستینی کڕیو پەنجا ساڵ زیاترە بووە بەدووەمەڵی سەر دڵی هەموو عەرەب، ئەوانیش دەیانتوانی بەو پارە لەژمارە نەهاتووەی کەهەیانە گەورەترین خزمەت بەکەرکوك بکەنو باڵانسی پرسی کەرکوك بەلای کوردو خاوەنە ئەسڵیەکەیدا بشکێننەوە.

**زنار:** بە دوو ئیدارە کردنی کەرکوك بە لاتەوە چی لێ دەکەوێتەوە.

**خەلەف غەفوور:** بێ ماناترین شتە، بەو ئەندازەیەی مرۆڤ شەرم دەکات وەڵامی پرسیاری وا بداتەوە. چونکە هێندە کاریگەری خراپی لێدەکەوێتەوە تا ئەو ئەندازەی رەنگە یەکەم کەس بم بەو هۆیەوە لەکۆتایی ئەم ساڵدا کەوادەی جێبەجێکردنی مادەی( ١٤٠)ە فاتیحا بۆ گیانی پیرۆزی کەرکوکو شوناسەکەی بخوێنم. لەشارێکدا کەتەواوی دوژمنەکانت کۆك بن لەسەر ئەوەی شوناسەکەیت لێ زەوت بکەن تۆش بێیت نەك بەدوو بەڵکو بەدەیەها ئاراستە کاری تێدا بکەیت.

**زنار:** کاڵ بونەوەی دڵو قودسی کوردستان لە ئێستادا ئایندەی شاری کەرکوك بەرەو کوێ دەبات.

**خەلەف غەفوور:** ئەوە بەشێك بوو لەو دروشمانەی ساڵانی شۆڕشو کوردایەتی نەك ئێستایەك کەبچوکترین مەسئول دە مۆنیکا بەشوێنیدا گڤەی دێو چێشتخانەکەیشیان هێندە گەورەیە دوو فلیپینی هەر فریای پاککردنەوەی دەکەون. ئەزیزم ئەو دروشمانە کاتێك بەسەرچوون کە سەرکردایەتی کورد ئامادەبوو خاکەکەی بخاتە ریفراندۆمەوەو چاوەڕوانی قەدەرێکی نادیار بێت. لەگەڵ ئەوەی هیوادارم بۆچوونەکەم تەواو هەڵە بێت، پێت دەڵێم لەمەسەلەی کەرکوکدا مەگەر هەر بڵێین ئەم نانە بەو رۆنە. کەرکوك هێندەی دوژمن خۆمان غەدرمان لێکرد. بۆیە دەبێت لەچاوەڕوانی گەڕانەوەیدا خەون بەگاندیەکەوە ببینین.

**زنار:** ئەوەی سەرکردایەتی ئێستای کوردستان پێی رازیە لە ساڵانی( ٧٠ )کاندا پێی رازی نەبوە؟ ئەم تەنازولە بۆ.

**خەلەف غەفوور:** ئەم تەنازولە بەشێکی سەرەکی پەیوەندی بەو نائامادەگیەی سەرکردایەتی کوردەوە هەیە بۆ لەباربردنی ئەم ئەزموونەش لەپێناو کەرکوکدا هەروەك چۆن خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی ئەمەی کردو ئێستایش مێژوو ئەو شاهیدیەی بۆ دەدات. دواتریش نەوشیروان مستەفا قسەیەکی جوانی هەیە کاتێك دەڵێت لەمێژوودا ئەوەی کورد بەشەڕ بەدەستی هێناوە لەسەر مێزی گفتوگۆ دۆڕاندوویەتی ئەمە بەشی دووەمی هۆکارەکەیە کەئاغای بریمەرو مەلا عەبدولعەزیز حەکیم کردیانە سەرمانو ئێستایش تەنها کورد باجەکەی دەدات. هەرچەند سەرکردایەتی کورد بۆچونێکی لەم شێوەیە رەتدەکاتەوە، بەڵام بە(ئەلی) مێژوو شەرمان لێناکاتو ئەو کەمتەرخەمیەمان دەنوسێتەوە.

**زنار:** چی بە سەرکردەکانی ئێستای کورد دەڵێی کە بە زۆرو کەم رازین لە سەر کەرکوك.

**خەلەف غەفوور:** لەرۆژنامەی هاوڵاتیەوە پێمگووتن: گەر مەلا مستەفا بمایە شار بەدەری دەکردن. ئێستایش هەر ئەوەیان پێدەڵێم، چونکە کلتوری بەرگری یەکێك لەگەورەترین سەرکردەکانی ئەم میللەتەیان نەپاراستو خستیانە مەزایەدەوە.

**زنار:** تاچەند سەرکردایەتی کورد کەمتەرخەم بووە لە جێبەجێ نەکردنی مادەی ١٤٠و مراندنی ئەو مادەیە.

**خەلەف غەفوور:** لەمەزایەدە قبوڵکردن چیتر هەیە لەکەمتەر خەمی کەمتر. من وای دەبینم سەرکردایەتی کورد عاتفیانە مامەڵەی لەگەڵ پرسی کەرکوکدا کرد بەو ئەندازەیەی تائێستایش پێیان وایە نەدۆڕاوینو عەرەب گوڵی لێنەکردووین ئەمە لەکاتێکدا بەپێوەرەکانی ئیشکردنی کیسەڵیش ئێمە هێشتا دواکەوتووینو کەمترین هەوڵمان نەداوە. رەنگە تەنها میللەتیش بین زۆرترین کەسمان لەلاپەڕە رەشەکانی مێژوو نەترسین کەئەمەش ئەو پەڕی جەهلەو زیانەکانی لەژمارە نایەن.

**زنار:** ئایا کورد هیچ کارتێکی بە دەستەوە ماوە بەکاریبهێنێت،



# کچانی قەیرە لەنێوان حەزی شو کردنو ستەمی خێزانەکانیان



ئا: پەژارە مەمەند صاڵح

خۆی دەروازەکەی بەڕوومدا کردەوە، لە یەکەمین روانینم لە چاوە پڕ کەسەرەکانی، درکم بەو تەنگژەیە دەکرد، کە ئەوی تێیکەوتبوو، دوای پەیڤینێك لە مەڕ باری هەنوکەیی ئافرەتان، هەمان تەوەرەم وروژاند، کە مەبەستی سەرەکیم بوو، وەك: سەرجەمی کچان بە تایبەت (کەیبانوو) لە ماڵی باوانیدا خوازیاری ئەوەیە بچێتە ژیانێکی نوێوە، کە ئەویش (هاوسەرێتیە) زۆر جار سەرانی خێزان، وەك: باوك، برا، دایك لەپێناو مانەوەی ویستی خۆیان بەشویان نادەن، ناخۆشتر ئەوەیە کە کچان خولیای شوکردنیان، بەڵام لە سۆنگەی رووپۆشە شەرمیەکەی مانەوەی لە ماڵدا تاڵترین دەکات، تۆ بەر ئەم شاڵاوە کەوتوی، چەندین جار داواکاریت هەبوو، بەڵام ماڵەوەتان نایەڵن شوو بکەی، ئەمە چۆن چۆنی بووە؟ نازانم لەکوێوە دەست پێ بکەم. تەمەنم ٤١ ساڵە دەمویست شوو بکەم. نەبادا سبەی کەس نەمگرێتە خۆی، نازانم براکەمو باوکم من بەچی دەزانن؟ کاتێك داواکاریەکم دێت، ئەوان دەڵێن تۆ بڵێ رازی نیم، ئێمەش دەڵێین شو بکە، نازانم چی بکەم کاتێ دەبینم ئەوان بە تکاوە دەڵێن تەنیا تۆی کە خزمەتمان بکەی، گەر شوو بکەی ماڵمان وێران دەبێ، ئەوانەی دێنە داواشم زۆر شایستەن، من کە ئەوان دەبینم، رەتیان دەکەمەوە، گەر پێداگر بم لەسەر شوکردن تۆمەتی بێ شەرمیم دەخەنە پاڵو بە تەشەرەوە دەڵێن: مێرد ئەوە ناهێنێ وای بۆ بکەی، بەدیعەش هەمان کۆتی لە مل بوو، خاوەنی دارایی تایبەت بەخۆی نیە، تا دەربەستی شوکردن نەبێ، هەروەك چۆن گووتی:تەمەنم ٢٩ ساڵە، بەهۆی دایکمو باوکمەوە بەشو نەدرام بەمەبەستی خزمەتکردنی خۆیان ئەو داواکاریانەی کە دێن من ئاگام لێ نیە ئەوان بەمن ناڵێن. دەڵێن گەر شوو بکەی ئێمە تێدا دەچین یەکەم داواکاریم لە تەمەنی ١٨ساڵیەوە بوو، زۆر باش بوو، خۆشم ئارەزووم لێ بوو، لەبەر ئەوەی لە ماڵەوە تەنیا من مابوومەوە خوشكو برا هاوسەردارەکانم دەستیان کرد بە هاتو هاوار گووتیان گەر تۆ شوو بکەی دایكو باوکمان دەمرن، نازانم چیو چی. بەخودا منیش شەرم گرتمیو داوایەکەم رەت کردەوە، تازە کە داواکاریم دێت دەڵێن بۆ شوو ناکەی، لە کاتێکدا یەکەم کوڕ کە ئارەزووم بوو پێیان ڕەت کردمەوە. ئەو کاتەی عەقڵی ئێستام هەبایە بە قسەم نەدەکردن، نازانم داهاتووم چۆن دەبێت، تەنانەت ئەو خۆشەویستیەی ماڵی باوان بۆ کچ هەیانە رەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی هەیە یاخود تەنیا مرازیان خۆ پێ خزمەت کردنە. بەڵام بە دەمامکێکی خۆشەویستی روپۆش دەکرێ هەندێك جاریش هەر بۆ خزمەتکردنی خۆیان گەرەکیانە کوڕێکی نزیك ماڵی خۆیان هەڵبژێرن بەبێ مەیلی کچ وەك کەلسوم کە گووتی" تەمەنم ٣٠ساڵە داواکاریم زۆر بوون بەڵام ئەوان بەدڵیان نەبوون. چونکە کارەکەریان نەدەما کوڕێك هاتە داوام ماڵی خۆی بۆ دەکردم بەڵام لە شارێکی دیکە بوو دایكو باوکم دەستیان کرد بە پرتەو بۆڵە تا حاڵەتەکەیان ئاڵۆز کرد، ناچار کوڕەکە کشایەوە. لە هەمووی سەیرتر باوکم ویستی بمدات بە خزمێکی خۆی کە هاوسێمان بوون کە زۆر رقم لێ بوو جارێك گوێم لە باوکم بوو بەدایکمی گووت بۆیە پێم خۆشە شوو بەو کوڕە بکات چونکە هاوسێی خۆمانە، دەتوانێت ئێمەش خزمەت بکات. ئەوسا تێگەیشتم ئەوان من وەك ئامێرێکی کارکەر دادەنێن بۆیە گووتم گەر پرچی سپی بهۆنمەوە شووی پێ ناکەم خوشکی کەلسومیش هەمان رەوش ئابلۆقەی دابوو تەمەنی٢٩ ساڵ بوو ئەو روپۆشە شەرمیەی کچان کە خۆی لە بێ دەنگیو قبوڵکردن دەبینێتەوە. لابردنی ئەم رووپۆشەش لە کۆمەڵگەیەکی داخراو نێر سالاردا هیچ جیاوازیەکی نیە لە تەك لانەبردنی لەمەڕ ژیانی کچ. مادامەکی شەرمی کچ باوە لای ئەوان. وەك : ـ ریحانی تەمەن ٣٤ساڵە. چەندین داواکاریم هەیە. ئەوان هەڵی دەوەشێننەوە. روژێك بیرم لە ژیانی داهاتووی خۆم دەکردەوە لە هەمان کاتیشدا داواکاریم هەبوو. چومە لای باوکم گووتم" مەسەلە حەز نیە کە دەمەوێت پێت بڵێم شوو بکەم. سبەی ئێوە دەمرن. من روو لەکوێ بکەم. گەر لەبرسا بمرم ناچمە لای براو براژنەکەم. بە تەشەرەوە گووتی" چاوت لە دەستی خودا بێ. منیش بەم وەڵامە دڵم پڕبوو لە گریان هیچم بۆ نەگووترا. شنۆ گووتی" تەمەنم ٢٨ساڵە دایكو باوکم نەماون خوشكو براکانم هاوسەردارن. لای مامەکانم لە ڕووی بژێوی باشین بەهۆی سامانی باوکمەوە. من بڕیاری شونەکردنم دا کاتێ بێ ئەمەل بووم لەوەی کە نامدەن بە خۆشەویستەکەم. کە باوکم مرد من تەنیا مامەوە. کوڕێکی هەژار هاتە داوام. زۆر ڕێكو پێکە من پێمخۆشە. ئەوانیش بە ناشیرینترین شێوە ئەم کوڕەیان ڕەت کردەوە لەبەر ئەوەی دەوڵەمەند نیە. دەزانم بە پێی یاساش کە ئێمە هەردووکمان رازیبینو تەمەنمان تەواو بێت ئەوا بێ خانەوادەکەشم دەتوانم شوی پێ بکەم. بەڵام چۆن دەزانم خودا بە هەقە، سەرکەوتو نابم، چونکە بێ ئەندازە پێ داگرن لە سەر بەشو نەدانم بەو کوڕە. ئەسمەر گووتی" لەکاتی گەنجیم داواکاری زۆرم دەهات هەر جارەو عەیبێکیان لێ دەدۆزیەوەو لەبەر چاوی منیان دەخست، ئەو کاتە بەلامەوە ئاسایی بوو، وام دەزانی زۆر منیان خۆش دەوێت، کەچی وا نەبوو، تەنیا بۆئەوەی من بەردەوام لە خزمەتیاندا

بم، من زۆر ئازا بووم بە ئیشی ماڵەوەو ئیشی دەرەوە رادەگەیشتم، بێزار بووم لە ژیانی تەنیایی، من بە تەنیا لەڕوی خزمەتکردنەوە حسابم بۆ دەکرا، ئەگینا لە زۆر رووی ترەوە پشت گوێ دەخرام، ئێستاش تەمەنم زۆرەو بێزار بووم لەژیانی تەنیایی، هیچیان بیر لە داهاتوی من ناکەنەوە، زۆر جار ئەم هەڵوێستەی ماڵی باوانی کچ کە لەژێر پەردەی جۆراوجۆر پیادە دەکرێ بۆ بەئیش هێنانیان وەك ئامڕازێکی سوود لێ وەرگرتن بێ لەبەر چاو گرتنی هەستو ئاوەزی تا کاتێ ئیشیان پێ نامێنێ، ئەوسا کرۆکی مەرازیان وەدەر دەکەوێ. وەك فەریدە" لە ماڵێکی خێزاندار ژیان دەبەمە سەر ٣٧ساڵم هەموو ئیشێك دەکەم، ئەوانیش لە بەرامبەردا دەڵێن، دڵمان نایەت بەشووت بدەین، لەکاتێکدا دەزانم وا نیە، هیچ بە دڵی من ناکەن، کورد گووتەنی ماستاوە، ئەگەرنا بۆچی لەدوای ئەوەی براکانم ماڵیان جیا کردەوە، گووتیان: پێویستە شوو بکەی، ماڵمان چۆڵ بوو، وەك جاران پێویستی بە ئازایەتی من نەدەکرد، منیشیان دا بە پیاوێك سێ منداڵی لە ژنی یەکەمی(کە مردووە)هەیە، کە بیر لە ژیانم دەکەمەوە تەواو تێك دەچم، خانمێکی دی هاوژیانی فەریدە گووتی" گەردنی باوکمو براکانم ئازاد ناکەم، تەمەنی گەنجی منیان بۆ خزمەتکردنی خۆیان بەفیڕۆ برد، تا ئەوکاتەی براکانم دامەزران حەزی شووکردنیشم نەمابوو، بەڵام ناچار شووم بە کوڕێکی گوندنشین کرد کە لەخۆم بچوك ترە، جگە لەوەی هاوسەرەکەشم بەدڵی خۆم نیە، شوێنەکەشی بە دڵم نیە، توشی وەهمو قەلەق بووم، هەر رۆژەی لای دکتۆرێکم، ئەوان دەڵێن تۆ لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی قوڵ وات لێهاتووە، ناحەقم مەگرە، تۆ لەجێی من بیت، یەك دەقە لەم ماڵەدا نابی، خوا هەڵناگرێ هاوسەرەکەم خراپ نیە، بەڵام وا هەست دەکەم زۆرترین غەدرم لێ کراوە، وەك کچانی دی بە هەرزەکاری شووم نەکرد، خوێنەران ئا ئەمەیە بیر تەسکی سەرانی خێزان کە کچە رەسیدەکانیان دەکەنە قوربانی، ئاریشەیەکی فرە لایەنە بەشووکردنو شوونەکردنی لەم تەمەنەدا رەوشی ئاڵۆزە، چونکە ناتوانێت لەکۆڵ ئەم بیرکردنەوەیە بێتەوە، کە چۆن مافی خوراوە.



# چەمکی کۆمەڵگەی شارستانی

و. لە عەرەبیەوە: م. رزگار دەرونی

لەدوای گۆڕانە چاوەڕواننەکراوەکەی نیسانی (٢٠٠٣) بەشێوەیەکی تەماوی چەمکی کۆمەڵگەی شارستانی لە عیراقدا بڵاو بۆوە لەبەر نەبوونی هەندێ لە شارەزاو میکانیزمی تایبەت بەم بوارە رەوشێك هاتە ئاراوە کە تیایدا دیاری کردنی ئەم چەمکە ئاڵۆزێنرا، هەر لەبەر ئەوەش دەسەڵاتە کاتیەکی ئەو ساتە فەرمانی (٤٥)ی دا ، بەم شێوەیە چەمکەکەی ناساند : (مەبەست لەو زاراوەیە رێکخراوە نا حکومیەکانن کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی یەکێك لەم چالاکیە مرۆییانە: پرۆژەکانی فریا کەوتن، پشتگیری مەسەلەکانی مافی مرۆڤ، هاوکاریە مرۆڤایەتیەکان، هۆشیار کردنەوە..هتد). تێبینی کراوە کە ئەم فەرمانە چەمکی کۆمەڵگەی شارستانی پشتگوێخستوە هاوکات دەستوریش دوو مادەی دانا لە مەڕ ناساندنی، ئەوانیش مادەی (٣٩): ((سەربەستی دامەزراندنی کۆمەڵەو ئۆرگانە ڕامیاریەکان یان چوونە پاڵیان بە یاسا رێك دەخرێت ))و مادەی (٤٥) : ((یەکەم دەوڵەت جەخت دەکاتەوە لەسەر بەهێزکردنی رۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەر یەك لە پشتگیریو پەرە پێدانو سەربەخۆی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە رەواکانی دیسان ئەمەش بە یاسا رێك دەخرێت))هەندێ کەسیش بە بۆچونی خۆیان ئۆرگانە سیاسیەکان دەخەنە پاڵ ئەم چەمکە جا چ لە ناوەوە یاخود دەرەوەی دەسەلأت دابنو هەندێکی دی تەنها ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەلأتدان دەیانخەنە پاڵ چەمکەکە بەلأم هەندێکی دیکە ئەو یەکیەتیو سەندیکایانەی کە لە دەرەوەی پشتێنەی کۆمەڵگەی شارستانی دان چەمکی رێکخراوی ئەهلییان بەسەردا دەسەپێنن بەلأم هەندێکی دیکە پێیان وایە زاراوەی ناوبراو دەرهاویشتەی هزری خۆرئاوایەو لە کۆمەڵگەی ئەوروپی لە دایك بووە بەهۆی کلپەی شۆڕشی پیشەسازیو دابڕینی کڵێسە لە دەوڵەت، کۆمەڵگەکان ئەم بارودۆخە سروشتیەیان تێپەڕاندو بەرەو بەشارستانی بوون هەنگاویان ناوو لەناویاندا کۆمەڵێك بیریاریان تێدا دەرکەوتو وەك (جان جاك رۆسۆ) (تۆماس هوبز) (جۆن لۆگ) کۆمەڵگەی مەدەنیان بەم شێوەیە ناساند: (کۆمەڵگەیەکی وەستاوەو بەندە لەسەر پەیمان بەستن) بەلأم (هیگڵ) بەم شێوەیە ناساندی :(فەزایەك دەنوێنێ لەنێوان خێزانو دەوڵەت)و(مارکس)یش وای بۆ چوو کە کۆمەڵگەی مەدەنی چەمکێکی بۆرژوازیە، بەلأم (غرامیشی) پێی وایە کۆمەڵگەی مەدەنی بەشێکە لەسەرخانی ئابووری.و ئەرکیشی سەرداریو پێشەوایەتی کردنە لەڕێگەی رۆشنبیری ئایدۆلۆژیەوە سەرەڕای ئەوەی بوارێکیشی سازاندوە بۆ کێبڕکەی ئایدۆلۆژی. وەزارەتی کاروباری کۆمەڵگەی شارستانی بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: ((ئۆرگانێکە بۆشایی نێوان دەوڵەتو خێزان پڕدەکاتەوە، کۆمەڵگەی شارستانیش لەمانە گەلاڵە بووە: پیاوی ئوسوڵیو عەشایریو رێکخراوە پیشەییەکانو بزاوتە رامیاریەکانی دەرەوەی دەسەلأت )) بەلأم رێکخراوە ناحکومیەکان بەم شێوەیە پێناسەی کردووە : ((رێکخراوێکی لاوازو نافەرمیە ئەمەش کۆمەڵەو سەندیکا پیشەییەکان ناگرێتەوە)) هەروەها قوتابخانەی لەندەنی سەر بە مەڵبەندی ئابووری کۆمەڵگەی شارستانی بەم شێوەیە ناساندوویەتی :((کۆمەڵگەی شارستانی گوزارشت لە کاری هەرەوەزی بە خوایشت دەکات کە پەیوەستە بەبەرژەوەندیو ئامانجە هاوبەشەکانو لەڕوی تیۆریەوە شێوازی ئۆرگانەکانی جیاوازە لە ئۆرگانە پاشکۆکانی دەوڵەتو خێزانو بازاڕ)).

هەمیشە کۆمەڵگەی مەدەنی جۆرێك لە کەسایەتیو شێوەو شکڵی رێکخراوەیی لە ئامێز دەگرێت کە جیاوازن لە پلەی پەیوەستیان بە شێوە فەرمیەکەی دەسەلأت. کۆمەڵگە شارستانیەکان زۆربەی جار هەریەك لەمانەی خوارەوە لە خۆیان دەگرن : کۆمەڵە خێرخوازیەکان، رێکخراوە ناحکومیەکان، دەستە کۆمەلأیەتیەکان، رێکخراوی ژنان، کۆمەڵە بازرگانیەکان، کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکان.........هتد. کۆمەڵگەی شارستانی گرێدانی کۆمەلأیەتی پێش زیاتر لە پێنج سەد ساڵ لەمەو پێش بە ئاکام گەیاندووە کە بریتی بووە لە بۆشاییەك لەنێوان تاكو دەوڵەت دا لەبەرئەوە (تۆماس هوبز) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە یاسای سروشتی ئەوە نیە کە لە ئاسمانەوە هاتووە بەڵکو لە دایك بووی هزری مرۆڤەکانە. بۆرژوازی ئەوروپی شێوازەکانی دەرەبەگایەتی کۆنی تێك شکاندوە بەهای لە دەست چووی تاکەکانی گێڕایەوەو پلەو پایەی بەرزکردنەوەو وای لێ کردن ببنە مرۆڤی ئازادو سەربەخۆ. رژێمی خێزان یەکێکە لەهەرە سیماتە بەرچاوەکانی کۆمەڵگەی باوك سالاری کە بالأ دەستی باوکە بەسەر خێزانەکەیدا پەیوەندی نێوان باوكو کوڕەکەی یەکسانە بە پەیوەندی پاشاو دەستو پێوەندیەکانی واتا پەیوەندیەکی هەڕەمیەو ویستی باوك تەوەری سەرەکیە کە وردو درشتی خێزان لە خزمەتی دایەو ئیرادەی باوك ئیرادەیەکی رەهایە. ئەمەش لە هەریەك لەمانەی خوارەوە رەنگ دەداتەوە: بالأدەستی، خۆسەپاندن ،تاك رەوی، بەهەدەردانی لایەنی مادی............هتد وا باوە کە هەر کاتێ تاك لە خێزانو عەشیرەت دابڕا نرخە کۆمەلأیەتیەکەی لە دەست دەدات هەرگیز دەوڵەت ناتوانێت ببێتە ئەلتەرناتیڤێکی خێزانیو بەها کۆمەلأیەتیەکەی بۆ بگەڕێتەوە لەبەر ئەوە تاکەکان لە باوەشی خێزانو هۆزدا دەپارێزرێن. دەوڵەتیش دژایەتی ئەم باوەشە گەرمە دەکات لەبەر ئەوە جیاوازیەکی فراوان هەست پێ دەکەین لە نێوان ئەو تاکەی کە مەرجەعی خێزانەکەی سیستەمی پاتریاکیو تاك رەویە لەگەڵ ئەو تاکەی کە دەرهاویشتەی قۆناغی پێشکەوتنی پیشەسازیو چەسپانی ژێرخانی ئابووریە، شتێکی بەڵگە نەویستە کە نەمانی چەمکی باوك سالاریو دەرکەوتنی تێڕوانینی هزری دەگونجێت لەگەڵ سەرئەنجامە بێ شومارەکانی گۆڕانی ئابووریو گەلێك لە فەیلەسوفو بیریارانی وەك (مۆنتیسکۆ، هوبز، جۆن لۆك، رۆسۆ)خاترجەمانە ئاشکرایان کردووە کە گرێبەندی کۆمەلأیەتی بریتیە لە بەیەکەوە گرێدانی تاكو دەوڵەت، دەستهەڵگرتن لە بۆچوونی پاتریاکی کە گونجاو نیە لەگەڵ بەرئەنجامی گۆڕانە هزریو رامیاریەکان دا. ئومێددەکەین گەر بەم نزیك بوونەوەو ووردەکاریە نزیك بووبینەوە لە نەهێشتنی پەشێویو ئالۆزی چەمکی کۆمەڵگەی شارستانیو ئومێد دەکەین بەهۆی خستنە ڕووی ئەم بەراووردو بیروبۆچونەی بیریاران تەمو پەردەمان لە سەر زاراوەی کۆمەڵگەی شارستانی داماڵیبێتو بە خوێنەرانمان ئاشنا کردبێت.

# بۆ ئەوەی گەندەڵەکان بناسی

ڕێبوار بەکرەجۆیی

گەندەڵی، ئەو ڕەوشتە کۆمەڵایەتیە نەخوازراوەیە، کە ئەمڕۆ بووە بە وێردی سەر زمانی هەموو تاکێکی ئەم هەرێمە، لەهەمان کاتیشدا بووە بە پێناسەو پاشگرێك بۆ دەربڕینی هەموو شێوە ناڕەزایەتیەکانی خەڵك بەرامبەر بە دەسەڵاتو کارو فەرمانەکانیان، کەلەڕاستیدا دەکرێ بڵێین پێداگریەکی زۆر کراوە بۆ لە قاڵبدانی هەموو کەمتەرخەمیەکان لەو چوارچێوەیەدا، چونکە ناکرێ بوونی هەر شێوە کارێکی تەواو نەبوو بە گەندەڵ ناوزەد بکرێ، یان زۆر کاری دزێو هەیە ڕادەی زیان گەیاندنەکەی بەمیللەت زۆر گەورەترە لەوەی کە کارەکتەرەکەی تەنها بە کەسێکی گەندەڵ بناسرێ، بگرە کەمتەرخەمیەکەی دەچێتە قاڵبی تاوانو خیانەتی نیشتمانیەوە، یان زۆر جار هەیە ووشەی گەندەڵی دەکرێ بە سەرقاپ بۆ هەندێ هەڵسوکەوتی شازی کاربەدەستێکی یاسا شکێن، یان بەدی نەهاتنی هەندێ دەسکەوتی سیاسیو ئابووری، کە پەیوەندیان بە نەڕەخسانی هەلومەرجی نێودەوڵەتیو ناوچەییو سیاسیو ئامادەنەبوونی هەرێمەوە هەیەو ناچێتە قاڵبی کەمتەرخەمی، یان بابڵێین دوورو نزیك پەیوەندیان بە گەندەڵیەوە نیە، بەڵکو پەیوەندیان بەگەشەی سیاسیو بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان نەیارە سیاسیو فکریو دۆستەکانەوە هەیە ، بۆیە ئەگەر بەشێوازێکی دروست لەگەندەڵی بڕوانینو پێناسەی بکەین، دەکرێ بڵێین: ( گەندەڵی بە واتا کەمتەرخەمی نواندن بەرامبەر بە ئەرکی سەرشان وەك ئەوەی کە پێویستە ئەنجام بدرێ، لە هاووڵاتیەکی ئاساییەوە تاگەورەترین کاربەدەستی ووڵات)٠ ئەگەر فەرمانبەرێك لە لەکارەکەیدا کەمتەرخەمی نواندو کارو باری هاووڵاتیانی جێ بەجێ نەکرد یان هەر ئەمڕۆ نا سبەینێ وەرەوەی بە هاووڵاتی کرد، ئەوە فەرمانبەرێکی (گەندەڵە)، بەڕێوبەری فەرمانگەیەك دڵسۆزیو ئازایەتیەکەی خۆی لەوەدا ببینێ، کۆمەڵێك عەریزەو سکاڵاو داواکاری خەڵکی لەسەرمێزەکەی کەڵەکە بکاتو ئیمزایەکیان بە سێ ڕۆژ بۆ نەکات، یان لە دوای هەموو کارمەندەکانی بگاتە فەرمانگەو بە سەعاتیش مواجەی نەبێتو لە پێش هەمووانیش بڕواتەوە، ئەوە بەڕێوبەرێکی (گەندەڵە)، پۆلیسێك خۆی بدزێتەوە لە شاهیدی بۆ تاوانبارکردنی کەسێکی لەیاسادەرچوو، لەبەردەم دادوەر یان گەورەکەیدا، ئەوە پۆلیسێکی (گەندەڵە)، شۆفێرێك هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بێت فێڵ لە پۆلیسی هاتوو چۆ بکاتو بەپێچەوانەی یاساکانی هاتوچۆ بجوڵێتەوە، ئەوە شۆفێرێکی ( گەندەڵە )، مەفرەزەیەکی هاتوچۆ لە پێناو دەستکەوتو چالاکیو تەواوکردنی پسوولەی غەرامەو بەڕێکردنی دەوامدا، بیانوو بە میوانو نەناسیاوەکان بگرێو ناسیاوە بێ مۆڵەتەکانی شۆفێریش بەڕێزەوە بەڕێ بخات، ئەوە مەفرەزەیەکی ( گەندەڵە)، هاووڵاتیەك ئەوەندە خۆ ڕاگر نەبێت بۆ ڕایی کردنی کارەکانی بەسەرەی خۆی لە دەزگاو دامەزراوەکانو هەر خەریکی دەست ماچ کردنو ماستاو کردنو بەرتیل دانو واستەکردن بێت لەسەر حسابی هاووڵاتیانی دی بۆ ئەوەی زوو کارەکەی جێ بەجێ ببێو خۆی پێ گیف بکاتەوە، ئەوە هاووڵاتیەکی(گەندەڵە)، کەسێك خۆی پێ ڕۆشنبیر بێو تەنها کاریشی هەر قسەکردنو ڕەخنەگرتنی بێ بنەماو بێبەدیلی گونجاوبێت لەدەسەڵاتو حکومەتو ڕێنمایی کەرێکی فاشیل بێت، ئەوە ڕۆشنبیرێکی (گەندەڵە)، ڕۆژنامەیەك کارو بەدواداچوونی تەنهانیشاندانی (سلبیاتی) کۆمەڵگاو حکومەتو دەسەڵاتو حزبی نەیاری بێتو تەنها لاپەڕەیەکی ئومێد بەخشی تێدا نەبێتو لەئاست ئەنجامدانی کارەکەی خۆشی کە دەرکردنی ڕۆژنامەکەیەتی بە ئازادی، چاوی کوێر بێت، ئەوە ڕۆژنامەو ستافێکی (گەندەڵە)، فرۆشیارێك هەموو داڵغەو خەیاڵێکی لای ئەوە بێت کڕیارەکەی بخاتە داوەوەو قۆڵی بڕێتو شتی گەندەی بە شتی نوێ پێ بفرۆشێو چاو بەستەکی لێ بکاتو دووقاتیش پارەی زیادی لێ بستێنێو پێشی بڵێ خاترم گرتووی، ئەوە کاسبکارێکی قۆڵبڕو (گەندەڵە)، مامۆستایەك لە پۆلەکەیدا ئیشی تەنها چاودێریکردنی کاتژمێرەکەی بێتو چاوەڕێی زەنگی ماڵئاوایی بێت لە پۆلو قوتابخانە، ئەوە مامۆستایەکی (گەندەڵە)، دکتۆرێك لە عیادەکەیدا کۆمەڵێك شیکار( فحص)ی نەخۆش یان داوو دەرمانی زیاد لە پێویست بۆ نەخۆش بنووسێ ، بەبیانووی جۆراو جۆرو دەستکەوتی زیاتر لە پارەی عیادەکەی، یان داوو دەرمانی نەخۆشخانە بێنێتە عیادەکەیەوە بۆ فرۆشتنو ساغکردنەوەی ئەوە دکتۆرێکی (گەندەڵە)، کادرێکی ڕێکخستن ئیشو کاری هەر پاشقول لەیەکتر گرتنو شکاندنی هەڤاڵەکانی بێت، یان هەر سەرقاڵی کوتلەو کوتلەبازی بێتو فریشی بەسەر ڕێبازی سیاسی حزبەکەیەوە یان نەیارە فکریەکانیەوە نەبێت، ئەوە نەوەکو کادر نیە بەڵکو مشەخۆرو (گەندەڵە)، کاربەدەستێکی ئیداریو سەرپەرشتیاری پرۆژەیەکی ئاوەدانی یان خزمەتگوزاری، کاتێك چاوپۆشی دەکات لە کارە باش ئەنجام نەدراوەکانی کۆمپانیایەك، بەهۆی خزمایەتی یان کلکایەتی واژۆی تەواو بوونی کارەکەی بۆ دەکات دواجار لێی ناپرسێتەوە، ئەوە کاربەدەستێکی (گەندەڵە، سیاسیەك بێ بەڵێنی نواندو ڕاستیەکانی لە میللەت شاردەوە، ئەوە سیاسیەکی (گەندەڵە)، ئەندام پەرلەمانێك کاری هەر گوێگرتنو باوێشکدانو دەست بەرزکردنەوە بێت، ئەوە نوێنەرێکی (گەندەڵە)، میللەتێك ڕازی بێت کاربەدەستەکانی وەك داشی (دامە) مامەڵەی لەگەڵدا بکاتو بێ دەنگ بێت، ئەوە میللەتێکی (گەندەڵە)، یان ٠٠ ، یان، لەوانەیە ئێستا بڵێی بە قسەی تۆ بێت هەموو کەس ( گەندەڵە)، منیش دەڵێم : بەڵی، کاکی خوێنەر منو تۆش بە جۆرێك (گەندەڵ)ین، چونکە من هەر قسەدەکەمو تۆش هەرگوێ دەگری، ئەگەر لێم بپرسی ئەی چارە ؟ پێت دەڵێم: پێویستە هەمووومان بەرگی گەندەڵی فڕێبدەین، چونکە هەریەك لە ئێمە لە بواری کاری خۆیدا بەشی خۆمان (گەندەڵ)ین، وەك دەڵێن: هەرکەس بەردەرگای ماڵی خۆی پاك بکاتەوە ئەوا شارێکی خاوێنمان دەست دەکەوێت٠



## هونەرو ئەدەبی کوردی

# لەنێوان تەغریبو پاکتاو کردنی رەسەنایەتی

م. عبداللّٰە تاهیر عومەر

بەهۆی لافاوی لاساییگەری قوتابخانە ئەدەبیو هونەریە رۆژاواییەکانەوە مەترسی لەنێوچوون رووبەڕووی ئەدەبو هونەری رەسەنی کوردی بۆتەوە. بەتایبەتی چینی تازە زۆر زەحمەتە لەگەڵ سەردەمی زێڕینی ئەدەبی کوردی دا کە زەمانی کەڵە شاعیرانی گەورەبوو نەك هەر ئاشنایەتی هەبێ، بەڵکو خوو بەدڕدۆنگیشەوە دەگرێ لە ئاقاریاندا بەهۆی تێکچوونو شێواندنی هەستو سەلیقەی بەهۆی تێربوونی لە بەرهەمی نارەسەن، ئەمەش لەمیانەی پرۆسەیەکی تۆکمەو هەمە لایەنو بەرنامە رێژکراو پەیڕەو دەکرێ. تەنانەت گوێت لەبێژەرێکی دەنگخۆش دەبێت شیعرێکی عەرووزی یان ستونی (ئەوەی ئەوانە بە زۆر ناوی کلاسیکی بەسەردا دەبڕن) بەڵام ئیقاعو تەفعیلەکانی وەها دەشێلێ هەروەکو چۆن شێخی سەعدی بەنێو خشتە قورەکانی کابرای خشت بڕ کەوت کاتێك گوێی لێ بوو بە سەقەتی بەنێو شیعرەکانی ئەو کەوتووەو بە ئاوازێکی نا رێك دەیانخوێنێ، ئیدی کاتێك کابرا بە توڕەییەوە گوتی بۆچی ئەو خشتانە تێك دەدەی کە من بە عارەقی نێو چەوانم بڕیومن؟ سەعدی گوتی ئەی تۆ بۆچی شیعرەکانی من دەشێلی کە بەخوێنی دڵ پەروەردەم کردوونو دامناون؟. ئاخر ئەو بێژەرە بەڕێزە لەکوێ بزانێ تەفعیلە چیەو وەزنو میزانو مەوزون چیە یان بەحر کامەیەو ئەو زانستەش فێربێ کە (علم العروض) دەناسراو یەکێك بوو لەم دوانزە عیلمەی مەلایان لەحوجرە دەیانخوێند، بۆیەش زەحمەتە بتوانێ زانستیانە مامەڵە لەگەڵ فۆنەتیکی شیعری رەسەندا بکات، چونکە هەستو زەوقو سەلیقەی سەقەت کراوە، بەم ئەدەبیاتە کەخۆی هاویشتۆتە ئامێزی ئیشکی فەلسەفەوەو گرنگ ئەوەیە خەڵك لێی تێنەگاتو لەسەر شاعیرانیش فەڕز کراوە پەیڕەوی لێ بکەن ئەگەرنا نەهۆنراوەیان بۆ بڵاو دەکرێتەوەو نە لەهیچ کۆڕو سیمینارو فیستیڤاڵێکدا (بەپێی ئەم شەریعەتە نوێیە) نرخ بۆ نووسینەکانیان دادەنرێ. پرۆسەی قڕکردنی رەسەنایەتی زۆر بەرەو پێش چووە، بە پراکتیکێکی شۆڤێنیانە پەیڕەو دەکرێ کە کابرای بەناو (خەبیر)ی شیعر لە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا هەرکە سەرو سەکوتی هۆنراوەیەکی دیت ستوونیە بەبێ سێو دوو رەتی دەکاتەوەو خوا روحمیشی بەهێمنو هەژارو ئەوان کرد کە ئێستا نەهاتنە ئاراوە، ئەگینا زەحمەت بوو کارەکانیان رووناکیان دیتباو یان هەر کەسیش بیناسیبان، بۆچی چونکە ئەو سیستەمە سیدیەی ئێستا باڵا دەستە هەرگیز قەوانەکانی بەرهەمی لەو جۆرەیان نەدەخوێندەوەو ناش خوێنێتەوە.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە دیکتاتۆریەتی نوخبە بدەم، کە خۆی لەو مەرزانە دەدا کە ئیتر مەسەلەی نەتەوایەتیش بکرێتە بابەتێکی پوچو بەکارێکی (مێگەلی) بیناسێنن لەپێناو ئازادی تاکە کەسیدا سەری ببڕن، بێ خەبەر لەوەی کە ئەو ئازادیەی ئەمڕۆ ئێمەو ئەوان پەڕی تێدا هەڵداوین بەرهەمی خەباتی چەند ساڵەی نەتەوایەتی میللەتی کوردە. هەمان ئەو بەرهەمە زاتیەیانەی بە سەبکی رۆژاوایی دانراون زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێ دەکرێو لاپەڕەکانی شیعری گۆڤارو رۆژنامەکانو کۆڕو ڤیستیڤاڵەکان پڕ دەکەنەوە کە من بەش بە حاڵی خۆم هەرچەند لە زۆریشیان تێ ناگەم بەڵام دەڵێم با هەبن، بەڵام دیکتاتۆریەتیەکە ئەوەیە کە ئەوان بڵێن با ئێمە هەبین بەڵام ئێوە نابێ هەبن، ئێوە مەحکومن بە مەرگ خۆ ئەگەریش قەرار وایە رەسەنایەتی بمرێو ئەم شتە تازەیە جێگای بگرێتەوەو بڵێن زەمانی عەولەمەیە.. ئەگەر واش بێت با بە مەرگی سروشتی خۆی بمرێ نەك بە زۆر بخنکێنرێت لەکاتێکدا لەوپەڕی هێزو کاریگەرێتی خۆی دایە. چۆن وایە؟ چونکە ئێستاش هەر ئەدەبیاتی ئێمەیە دەتوانێ ببێتە بابەتی گۆرانیو سروودو ئاواز ئێستاش کەڵە هونەرمەندانی دەنگخۆشو ئاواز دانەران هەر پەنا دەبەنە بەر شیعری ستوونیو عەرووزی کە دیارترینیان عەدنان کەریمو بەهجەت یەحیاو دانا غەنیو تیپی فۆلکلۆر بەگشتیو مامۆستا کەریم کابانو تیپەکانی سلێمانی هەولێرو بەکورتی ٩٥٪ی ئاوازی ئێستا تەنانەت ئەوانەی کە ئاوازی سەقەتو رۆژئاواییش بەکار دێنن هەر شیعری رەسەن دەکەنە بابەتی بەرهەمەکانیان وەك (ئازیزم بۆچی تۆراوی لەخۆڕاو هەروەها تارویڵۆن سازە..) سەرەڕای مەسەلەی ئاوازو گۆرانیو لەوەش گرنگتر شیعری رەسەن ئاوێتەی هەستو شعورو سۆزی جەماوەرو توێژەکانی خەڵك بووەو



دەبێت.. کاتێك شیعرێکی رەسەنی کوردی بۆ کرێکارێك یان جوتیارێك یان مامۆستایەك.. دوکتۆرێك.. فەرمانبەرێك یان تەنانەت رۆژنامەنووسێکی رەسەن دەخوێنینەوە خێرا دەڵێ دەی دەی توخوا شتێکی خۆشمان بۆ بڵێ لە شیعر بچێ. مێشکمان بەو وڕێنە سەیرو سەمەرانە پڕ بووە. هەروەك مامۆستا گۆران بەرامبەر دەفەلێدانی دەروێش عەبدوڵڵا دەیگووت:

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی بێگانە
میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەروێش عەبدوڵڵا
دەخیلت بم دەسا بەو لاوكو ئای ئایو حەیرانە
شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی ماتو چۆڵم کە
لە بیتهۆڤن گەلێك زیاتر بە رۆحم ئاشنای وەڵڵا
دە ئەی دەروێش سکاڵایەك رۆحی کلۆڵم کە

یان ئەگەر جاروبار شتێك بۆ مامۆستا عومەر میراودەلی بڵێن یەکسەر دەڵێ دەی توخوا با نەختێك تەڕ بینەوە چونکە لەگەڵ فەلسەفە ئیشك بووینەوە. مەبەست ئەوەبو کە شیعری رەسەن ئاوێتەی رۆحی توێژەکانی خەڵکە بەڵام ئەو ئەدەبیاتو هونەرەی کتو مت بەشوێن پێی رۆژاواو رۆژهەڵاتی بێگانەدا دەڕوات دووچاری روبەڕوبونەوەی دیوارێك بۆتەوە لەنێوان خۆیانو جەماوەر کە بەڕاستی ئەوان بۆ توێژە جیاجیاکانی خەڵك نانوسن ئەوان تەنیاو تەنیا بۆ رازی کردنی نوخبە دەنووسن، بە بەهانەی داهێنان (محەمەد

بەدری) ئاسا دەڵێن (ئاوێنەکەم با سافیش بێ مادام کۆنە دەیشکێنم) ئەوانە داهێنان بەڕوخاندن‌و ریشەکێش کردن دادەنێن، ئینجا بنیات نانی شتی بەناو تازە. ماوەیەکی تریش دەبێ تەواوی کارەکانی ئەوان بڕوخێنرێت‌و بمرێت هەتا شتی دی بێتە ئاراوە دەی ئەمە یاسای جەنگەڵە. بەڵام داهێنان لە ڕوانگەی رەسەنایەتی دا پڕە لە رێزگرتن‌و نەوازش، پڕە بە داهێنان لە جوانی پێشتر، چونکە ئەمە شین بوونەوەیە لەسەر پنجی رەسەنی خۆی. بابزانین سروشت چی دەکات؟ ئایا سروشت هەموو ساڵێ فۆڕمی گوڵان دەگۆڕێ‌و رەنگیان تێك دەهاڕێ‌و بەردەوام کاڵەکی خڕ دەکاتە شەش پاڵوو شوتی ترش دەکات‌و رەنگی خۆر هەر ساڵەی بە رەنگێکە؟ ئایا ئەسڵی داهێنان لە سروشتدا بریتیە لە یاخی بوون‌و رووخاندن‌و فەوزا؟ یان رەسەنایەتی هەتا قووڵایی هەرە قوڵی رەگەکان هەر رەسەنایەتیە؟ داهێنانی سروشت گۆڕانە لە (مەوقیعیەت) لە هەست‌و نەست لەجێ گۆڕکێی پیتەکان‌و گوڵەکان لە تەنسیق دانی نێوان هەموو پێکهاتەکان بە شێوەی تازە برادەرێك داوای لێ کردم چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ بکات بۆ رۆژنامەیەکی بە نرخ کە دەبوایە سەرقافڵەی زەوقی رەسەن‌و کوردەواری بێ بەهۆی ئەوەی کە ئۆرگانی لایەنێکە هەڵگری ئەو رەسەنایەتیەیە ناونیشانی دیدارە ئەدەبیەکە وا داڕێژرا (عەبدوڵڵا تاهیر: شیعری ئێستا وەزیفەی خۆی لە دەست داوەو بە تەواوی تێکەڵاوی فەلسەفە بووە) سەیر لەوەدایە کاتێك دیمانەکە دەخوێنیەوە یەکسەر دەزانی چەقۆی پاکتاوی رەقابە نشتەرگەری بۆ ئەم باسە کردووەو لە رێڕەوی دیمانەکەدا وەك بەردی گورچیلە دەرهێنراوە بەڵام نەیانتوانیوە سەردێڕو ناونیشانەکەش بقرتێنن.

مەسەلەی مامەڵە لەگەڵ بەرهەمی رەسەن بۆخۆی بابەتێکە نەك هەر هەڵوێستە هەڵدەگرێ بەڵکو ئەرکیش دەخاتە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردە بۆ خوێندنی زانستەکانی کێش‌و سەروا لە ئامادەیی بەشێوەیەکی زانستی. بۆئەوەی وەچەی داهاتوومان بتوانێ بەشێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ کلتوری نەتەوەییماندا بکات. مەسەلەی رەسەنایەتی لە بواری مۆسیقاشدا لەوەی ئەدەب باشتر نیە سەرنج لە پارچە مۆسیقایەك بدە گوایە کوردیە بەڵام نەك هەر بە ئامێری رۆژئاوایی لێ دەدرێ کە ١٠٠٪ی ئامێرەکان رۆژئاوایین بگرە هەر خودی ئاوازەکەش بێگانەیەو هیچ تام‌و بۆنێکی کوردی لێ نایەت، گەر ئاوازەکە رەگ‌و ریشەی کوردەواری تێدا بێ‌و بە ئامێری بیانیش لێبدرێ مادام چارەگە دەنگی بۆ زیاد بکرێ کە لە زۆربەی مەقامە کوردیەکاندا هەیە وەکو بەیات‌و قەتارو شورو هیجران‌و .. ئەوە بە هەر حاڵ، هەرچەند ئەوەش کارێکە کە رۆژئاواییەکان خۆیان نایکەن بۆ نمونە ئەوان بەهیچ شێوەیەك ناهێڵن عودێك یان قانونێك یان سازو تارو باڵەبان‌و نای.. کە ئەوانە دەتوانن هەموو ئاوازێکیان پێ لێ بدرێت.. ناهێڵن بچێتە نێو ئۆرکیستی خۆیان هەرچەند ئەگەر ئەو کارەیان کردبا لەوانە بوو شتێکی تازەو سەرسوڕهێنەری لێ دەربچێت، بەڵام ئەوان بە هۆشیاریەوە ئەو کارە دەکەن‌و دەزانن چۆن پارێزگاری لە رەسەنایەتی مۆسیقای خۆیان بکەن، ئەمە چ جای ئەوە بچن هەر پارچەی رۆژهەڵاتی بخەنە نێو کارێکی هونەری خۆیانەوە، بەڵام لای ئێمە لاسایی کوێرانە چ لە بەرهەم‌و شێوازو ستایلی وڵاتانی دراوسێ‌و چ لەهی رۆژاوایی (جگە لە کامکارەکان‌و تیپە میللیەکان) بۆتە کارێکی زۆر ئاسایی لەلامان. ئیتر مۆسیقاکەمان پڕ بووە لە خرۆشی رۆحی بێگانەو میزاجی کوردەواریمان تێك چووە. داریۆش بە کوردی سەنتار بە کوردی تایتانیك‌و تاتلێساس‌و تانگۆو رۆك‌و دیکۆ بە کوردی پەیدا بووە. سەرەڕای هەموو ئەو دەردە دڵانەش دەستی هەموو ئەدیب‌و هونەرمەندێکی رەسەن دەگوشم کە بەدوای لافاو نەکەوتووەو وەك دار بەڕوو بە رەسەنی ماوەو بە هۆشیاریەوە لەزمانی هونەری ( هێلکەو رۆن)دا مامەڵە لەگەڵ ئەدەب‌و هونەرەکەیدا دەکات، هەرچۆن رووبەڕوی شاڵاوی تەغریب بووەوە ئاوهاش بەرامبەر لافاوی تەغریب دەوەستێت، خوا وێنەیان زۆر بکات.



# داهێنان و نوێگەری لەشیعری

# ئەبونەواس و ئەبوتەمام دا

ن: ئەدۆنیس

و: عومەر میراودەلی

### بەشی دووەمو کۆتایی

ئەگەر (ئەبونەواس) لەئەزموونەوە دەستی پێکرد، ئەوا (ئەبوتەمام) زمانی شیعری کردە دەسپێك. پێش ئەوەی لەو شیعرە کەڵەکەبووانەوە دەست پێبکا، کەمیژوو بۆی بەجێ هێشتووە، لەیەکەم وشەوە دەستی بەشیعر کرد. بەردەوام پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە شیعر دەبێ لەحاڵەتی کچیەتیدابێ یان نا. داهێنانی شیعری یان دروستکردنی جیهانێك لەزمان بەلای ئەوەوە وەك کردەی سێکسییە. پەیوەندی شاعیرو وشە وەك پەیوەندی نێوان دوو عاشقە. گرنگیدانی ئەبوتەمام بەکچێتی مانای ئەوەیە کەشیعر داهێنانە نەك لاسایی کردنەوە؛ بۆیە لاسایی ئەوانی دیکەی نەدەکردەوە، فێڵی لەوانی دیکە دەکرد. ساکارە وەك دروستکراوێکی خواکرد؛ بەلام ئەم داهێنانە ئاسان نییە تەنها لەلای بەدیهێنەر نەبێ. ئەمەش نەك تەنها لەڕووی داهێنانەوە؛ بەڵکو لەڕووی ئەوچێژەشەوە کەدەیبەخشێ.چێژوەرگرتن لەداهێنان وەك داهێنانە، هەروەك ئەبوتەمام بۆی دەچێ، ئەمەش شێوەیەکە لەشێوەکانی کچێتی. شیعری ئەبوتەمام لەوڕوانگەیەوە، لەلایەك لەبەردلانەو لەلایەکی دیکەشەوە بەپێچەوانەوە، لەبەر دلانە لەبەرئەوەی دڵ نوێ دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا کارێکی قورسە، بۆکەسێك بیەوێ لاسایی بکاتەوە. ئەوکەسەی دەیەوێ لاسایی بکاتەوە هەست بەنامۆیی دەکا، لەبەر ئەوەناتوانێ. شیعرەکانی لە ویژدانێکەوە سەرچاوەیان گرتووە کە وەك ئاوی ڕەوان هەڵدەقوڵن، لەگەڵ ئەوەشدا واهەست دەکا، ئەوەی دەیەوێ بیڵێ نەیگوتووە. هەرچەندە لەداهێناندا بەردەوام دەبێ، هەست دەکا ئەو وزە شاراوەیەی هەیەتی لەو شیعرەدایە، کە نەیگوتووە.ئەوەی لەوشەدا دەردەکەوێ ڕواڵەت نییە؛ بەڵکو ناوەرۆکە. بەم شێوەیە ئەوەی قبوڵی دەکا ڕەتیشی دەکاتەوە، ئەوەی دەری دەخا دەیشارێتەوە. ئەگەر وشە سەرەتابێ، ئەوا ئەوەی گوزارشتی لێدەکا لەسروشتو جیهان دەبێ سەرەتابێ. کچێتی وشە بەواتای شتێك لەسەرەتادا، دوایی ئەم سەرەتای وشەیەو جیهان بەیەکەوە گرێدەدا. شیعر بەیەکەوە گرێدانی سەرەتای وشەو سەرەتای جیهانە. ئەم بەیەکەوە گرێدانە، بەیەکەوە گرێدانێکی زیندووەو لەوەرچەرخانێکدا خۆی بەرجەستەدەکا. لێرەدا وشە ڕەنگدانەوەی شتەکانی نێو جیهانو بوون نییە؛ بەڵکو جارێکی دیکە دروستکردنەوەی ئەو شتانەیە، دروستکردنی جیهانێك، لەخوازەدا دەردەکەوێ. لێرەدا لەلای ئەبو تەمام، وشە تەنها دەربڕینێکی دەنگدار نییە، هەموو وشەیەك شێوەیەك لە شێوەکانی بوون ئاشکرا دەکا، جگە لەوە جۆرە ئاوازێکیش ئاشکرا دەکا، بونیادێکی ئۆرگانییە پەیوەندی نێوان شاعیرو جیهان دەردەخا. واتا وشە ئەو چالاکییە دەردەخا کە شتەکان لەنێو خۆیاندا حەشاریانداوە. ئەبو تەمام بەم چەند دێڕە شێعرە، یان لەشێعرەکانیدا بەگشتی، نایەوێ بمانباتە نێو باوەشی سروشتەوە، یان جوانی سروشتمان لە جەستەیەکدا نیشان بدا؛ بەڵکو دەیەوێ سروشت لەهەڵچوونو جوڵەو دەرکەوتە بنەماییەکە یان سەرەتایەکەیدا ببینین. بەم شێوەیە پەیوەندییەکی نوێی سروشتو مرۆڤو مرۆڤو مرۆڤ دروست دەبێ. لێرەدا ئەو پەیوەندییە کۆنە هەڵدەوەشێ‌و پەیوەندییەکی دیکە، کە شیعر دەیسازێنێ دەست پێدەکا، بلێسەی شیعر شتەکان دەگەڕێنێتەوە بۆئەو سەرەتاو بنەمایەی کەلێی دروست بووە.بەم شێوەیە، نوێ نامۆیە. مەبەست لەنامۆیی ئەوەیە، شیعرەکانی جیان لەو شیعرانەی کەخەڵك پێی ڕاهاتوون. ئەو زمانێکی دیکەی شیعری بنیاتنا، جیا لەو زمانەی پێشتر کاری پێدەکرا، هەموو بنیاتنانەوەیەکیش تێپەڕاندنە. ئەبو تەمام دەستمان ناگرێ بەرەو بەهەشتێکی ونبوو؛ بەڵکو ئاسۆیەکمان لەبەردەمدا دەکاتەوە بۆ بیبینی بەهەشتی دووەم. کاتێك شیعرەکانی دەخوێنینەوە هەست ناکەین شتێکمان بیرکەوتبێتەوە، کەلێمان ونبووبێ؛ بەڵکو هەست دەکەین شتێکی دیکەمان بنیاتناوە. ئەگەرچی ئەبو تەمام پەیڕەوی لەوشێوە شیعرییە دەکرد، کەباوبوو؛ بەلام لەناوەرۆکدا ئەو بنچینەیەی هەڵوەشاند، کە پێشتر پەیڕەو دەکرا. شێوە ڕێگر نەبوو لەوەی دەستکاری وشەو ئاوازو پەیوەندییە ناوەکییەکانی شیعر بکاو ڕەهەندێکی دیکەیان پێ ببەخشێ‌و پێکهاتەیەکی دیکەی زمان پێشکەش بکا. سەرواش بەهەمان شێوە ڕەهەندو مانایەکی دیکەی وەرگرت، بووبە شوێنگەیەك بۆکۆبوونەوەی دەنگ‌و ئاوازێکی تێکچڕژاو، شوێنگەیەك بۆکۆبوونەوەو بەیەکەوەبوون، بۆبەیەکگەیاندنی چەندان وشەو دیمەن، سەروا بیرهێنەرەوەی ئاوازی ڕابووردوو دەستپێکردنی ئاوازێکی نوێ بوو، گەشت‌و لەهەمان کاتدا چاوەڕوانی بوو. ئەبو تەمام زیندوێتی‌و سەربەخۆیی بەزمان بەخشی. شیعرەکانی لەخودی خۆیەوە دەست پێدەکەن، بەبێ هیچ پاڵنەرێکی دەرەکی. شیعرەکانی لەدایکبووی وزەیەکی زمانی تایبەتن. ئەگەر شیعری ئەبونەواس بە پاڵنەرێکی پێش زمان‌و دوای زمان بجوڵێن، ئەوا شیعری ئەبوتەمام بەزمانی خودی خۆی دەجوڵێن، بەو پەیوەندییە دەنگی‌و خەیاڵییەی شاعیر لەنێو هەناوی شیعرەکانیدا کۆی کردۆتەوە. کاتێك جیهان لەنێو ئامـاژەو بۆچوونە باوەکاندا دەمرێ ئەوا لەشیعری ئەبوتەمامدا بە بۆچوونێکی دیکە زیندوو دەبێتەوە. بەم شێوەیە جەستەیەکی دیکەو ڕەهەندێکی دیکەی جیا لەوەی باوە لەخۆ دەگرێ. شیعر نابێتە هەیکەلێك‌و لەشوێندا بەرز بکرێتەوە؛ بەڵکو دەبێتە جوڵەیەکی بەردەوامی کات. شیعر لەپێش ئەودا سادەو ساکار بوو، ئاسۆییانە درێژ دەبۆوە، دوای ئەو شیعر بونیادێکی قوڵی پێ بەخشرا. ئەم وەرچەرخانە بەڕووی شیعری پێشیندا ماناو دەربڕینی دیکەی بەشیعر بەخشی. لێرەوە ئاڵۆزی دەستیپێکرد، ئاڵۆزی ئەنجامی تێکچوونی ئەو وێنە جێگیرەیە، کەئاماژەو ئاماژەپێکراو(الدال والمدلول) بەیەکەوە گرێدەدا. ئەم ئاڵۆزییە والەخوێنەر دەکا، کەپێی وابێ ئەبوتەمام ئەوەی چاکە خراپی کردووەو ئاژاوەی ناوەتەوە. واتە خوێنەری دووچاری حاڵەتێك کردووە، کە لەوشیعرە حاڵی نەبێ؛ بەلام( ئەبوتەمام) بەو تێکدانە یەکێك لەبنەماکانی شیعر دەچەسپێنێ،

ئەويش ئەوەيە، كەشيعری لەيەك ماناوە گۆڕی بۆ فرە مانايی. ئەگەر كيميا هەروەك (جابر بن حەيان) بۆی دەچێ،((ڕەنگكردنی تەنەكان بێ بە ڕەنگێكی دیكە)) ئەوا شيعريش لەلای (ئەبوتەمام) ئەوەيە مانايەكی دیكە بەوشە ببەخشێ. ئەو گۆڕانكارييەی هەريەك لە ئەبونەواس‌و ئەبو تەمام ئەنجامياندا ئەوە بوو، وشەيان لەحاڵەتە سروشتييەكەيەوە گواستەوە بۆهونەر. واتە لەڕاستييە كەتوار(واقيعيە) كەيەوە گواستيانەوە بۆ خەياڵێكی ميتا فۆری. ئەمەش گۆڕانكارييەكی لە بواری ڕەخنەدا بەرپاكرد. كاتێك لەسەدەی سێيەمی كۆچيدا ڕەخنە ڕەهەندێكی ئاكاری پێبەخشرابوو كورتكرابۆوە بۆ ڕاستی‌و درۆ. ئەمە شێوازێكی كۆنی ڕەخنەبوو، لەو سەردەمەدا ڕەخنەی شيعريی مامەڵەيەكی زمانەوانی لەگەڵدا دەكرا، نەك مامەڵەيەكی (بەيان)ی. ئەمەش پەيوەندی بەو بۆچوونە ئايينييەوە هەبوو، كەماناى دەقەكانی قورئانيان لە چوار چێوەی ڕواڵەتی دەرەوەی مانای وشەدا كورت هەڵێنابوو، ناوو ناولێنراو هەروەك باقلانی پێی وايە لەلايان وەك يەك بوو. دەيانەويست خۆيان لەهەر چەشنە ڕاڤە(التأويل)و خوازە (المجاز) ێك بەدوور بگرن. ئەم ڕێڕەوە لە ڕوانين‌و بۆچووندا پێی وابوو، زۆربەی ئەو خوازراوو لێكچوواندنانە پەيوەندييان بە خودا يان بنەماكانی ئايين بەشێوەيەكی گشتييەوە هەيە، ناكرێ وەك خوازە سەيريان بكرێ يان ڕاڤە بكرێن بۆ مانايەك، كەلەمانا دەرەكييەكەوە دوورە؛ بۆيە ئەوانەی لايەنگری ئەو ڕێبازە بوون بەمانای دەرەكی يان ڕواڵەتی وازيان دێنا. ئەمانە بەشێوەيەك سەيری زمانيان دەكرد، خاوەنی چەندمانايەكی دياريكراوو سنووردارە، ئەمە بيروڕای سەرەكی ڕەخنەگرانی پێشين بوو. موعتەزيلە ڕۆڵێكی دياريان بينی لەگەشەپێدانی خوازەدا، لەكاتێكدا هەمووجۆرە وێكچوواندن‌و بەرجەستەكردنێكيان ڕەتدەكردەوە. خوازە ئەوشێوەيەی شيعر بوو، كەدەيەويست جگە لەمانای ئاشكراو دەرەوەی وشە بۆ مانايەكی دیكە بگەڕێ. بەم شێوەيە موعتەزيلە جەختيان لەسەر مانايەكی دیكەی جگە لەمانای دەرەوەی وشە دەكردەوە. لێرەوە بوار بۆ خەياڵ كرايەوە، بەشێوەيەك كەسنوورەكانی ڕاستی‌و درۆی بەزێنرا، ناوو ناولێنراوی لەيەكدی جياكرايەوە، واتە دواتر ناوی شتێك جگە لەو ناوەی، كە لێينرابوو ناوی دیكەشی پێبەخشرا، ئەمەش ئاسۆی لەبەردەم ماناو دەربڕيندا فراوانتر كرد. پێش ئەبونەواس‌و ئەبوتەمام پياهەڵدان پانتاييەكی زۆری لەشيعر بەركەوتبوو، دوای ئەوان خوازە شوێنی پياهەڵدانی گرتەوە مەبەست لە پياهەڵدان لێكدانەوەو ئاشكراكردنێكی هەنگاو



بەهەنگاوە، يان بەواتايەكی دیكە بەئەنجام گەياندنی كردەی بەيانە. پياهەڵدان بەدوای تايبەتمەندی‌و شێوەو ڕەنگی شتەكاندا دەگەڕێ، لەكاتێكدا خوازە كردەيەكی كتوپڕەو بەراوردی نێوان شتێك لەگەڵ شتێكی دیكەدا دەكاو ئەو لايەنە وێكچووانە دەردەخا، كەبەيەكيانەوە دەبەستێيەوە. ئەگەر پياهەڵدان بەدوای لێكدانەوەو دەرخستنی خەسڵەتی شتەكاندا دەگەڕێ، ئەوا خوازە بەپێچەوانەوە وێنەی كتوپڕی شتەكان دەگرێ، لەخوازەدا خودی شتەكان گرنگ نين؛ بەڵكو ئەو پەيوەندييە گرنگە، كەئەو شتە لەگەڵ شتەكانی دیكەدا هەيەتی. هەروەها ئەو مانايەشی بەلاوە گرنگە، كەئەو شتە لەناو خۆيدا هەڵی گرتووە. هەريەكە لەخوازەو پياهەڵدان ئەركی لێك جيايان هەيە، پياهەڵدان باسی شتێك دەكاو ماناكەی دەشارێتەوە، مەجازيش بە پێچەوانەوە مانای شتەكە ئاشكرا دەكاو دیوی دەرەوەو ڕواڵەتكارييەكەی دەشارێتەوە. مانا بەرهەمهێنەو چەند ئەگەرێك لەخۆی دەگرێ. لێرەدا ئەوەئاشكرا دەبێ، كەمرۆڤ شتەكان تەنها لەڕواڵەتدا ناناسێ‌و وەك جەوهەرێكی شاراوە سەيريان ناكا، كەپەی بەنهێنييەكانيان نابرێ. كەواتە هەموو خوازەيەك هەڵگری وەرچەرخانێكە. كاتێك شاعير لەڕێگەی خوازەوە گوزارشت لەجيهان دەكا، جيهان ناگۆڕێت بۆ وێنەيەك‌و هيچی دیكە؛ بەڵكو ئەويش لەگەڵيدا دەگۆڕێ. بەم شێوەيە نوسينی خوازەيی نيشانەی ژيانێكی پڕە بەپێچەوانەوە نوسينی كەتوار(واقع) ی، كەنيشانەی ژيانێكی بەتاڵە. بايەخدان بەخوازە نيشانەی جەختكردنە لەسەر ژيان‌و ناكۆتايبوونی. بەپێچەوانەشەوە قبوڵنەكردنی دانانە بەچەمك‌و گوتەزای ئەبستراكتدا، يان دانانە بەسنوورداريێتی ژياندا. بەكارهێنانی خوازە گرنگيدانە ديارترين تايبەتمەندی زماندا، كەسنووری نێوان خەون‌و كەتوار، عەقڵ‌و خەياڵ دەسڕێتەوە. بەم شێوەيە خوازە دەمانگەيەنێتە شوێنگەيەك لەدەرەوەی خود، بەو چێژەمان دەگەيەنێ، كەلەهەستكردن بە ناكۆتايبوونی جيهانمانەوە پێی دەگەين. لە خوازەدا كەتوار وەك ئاماژەيەك دەبينين بۆ جيهانێكی دیكە ئەو جيهانەی، كەلەخەياڵدا بەرجەستە دەبێ. بەواتايەكی دیكە خوازە نيگامان لەڕواڵەت‌و دیوی دەرەوە دەگوازێتەوە بۆئەوديوی بينراوەكان. بەردەوام ئاسۆی داهاتوومان نيشان دەدا. ڕووبەڕووی سەركەشييەكمان دەكاتەوە، كە چارەنوسمان لەو ناديارەدا دەبينينەوە، كەهێشتا نەهاتووە. قبوڵنەكردنی خوازە ڕەتكرنەوەی جەوهەری كەسايەتييە، دەتوانين بڵێين شيعری بێ خوازە شيعرێكی بێ كەسايەتييە، هەروەها دەتوانين بڵێين، كەمرۆڤ ئاژەڵێكی خوازەكارە، خوازە لەجەوهەردا هيچ نييە جگەلەوهەوڵەی مرۆڤ بۆئەوەی جيهان لەوێنەی خۆيدا نيشان بدا.

ئەم بابەتەلەكتێبی (الثابت والمتحول الجزء الثانی)ی ئەدۆنيس وەرگێڕدراوە.

# پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی ڕانیە
# پێویستی بە خزمەتی زیاتر هەیە

کامەران عەبدە ساڵح

لە سەرەتای کردنەوەی دەرگای خوێندنی ئەمساڵ لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی ڕانیە، خوێندکارو مامۆستایانی ئەو پەیمانگایە بۆ نارەزایی دەربرین لە ئاست بڕیاری کەمکردنەوەی دەرماڵەی خوێندکاران‌و خستنەڕووی چەندین گیروگرفتی دیکە، مانیان گرت، دوای وەرگرتنی بەڵێنی لێپرسراوان بۆ بە دەنگەوەهاتنی داواکانیان مانگرتنەکەیان شکاند. بێگومان هەر دامەزراوەیەکی فێرکردن بە ئەندازەی خۆی خزمەت بە فێرخوازانی دەگەیەنێت، کادرو شارەزاو پسپۆر ئامادە دەکات تا لە داهاتوودا خزمەت بە گەل‌و نەتەوە بکەن، گومانی تێدانیە لە هەر کارێکدا گرفت‌و ئاستەنگ دێنە پێش‌و دەبنە ڕێگر لەبەردەم جوان رایی کردن‌و بەڕێوەچونیدا.

پەیمانگای مامۆستایانی ڕانیە ساڵی ١٩٩٦ دامەزراوە، مامۆستا (عەلی مەحەمەد ) یەکەم بەڕێوەبەری ئەو پەیمانگایە بووە، لەماوەی ١١ ساڵی تەمەنیدا بەردەوام مامۆستای پسپۆر بە گووتنەوەی وانەکانیان خوێندکارانیان تێدا پێگەیاندووە. لەسەرەتادا بینای پەیمانگاکە لەگەڵ ئامادەیی پیشەسازی ڕانیەدا بووە، شەش هۆڵی خوێندنی لەخۆگرتووەو شەش مامۆستا لە هەر سێ بەشی (ئینگلیزی ، بیرکاری ، کۆمەڵایەتی) وانەیان تێدا گووتۆتەوە، ژمارەی خوێندکارانیشی ٨٨ خوێندکاری کوڕو کچ بووە ، تاکە بەشی ئیداری پەیمانگا (کارگێڕی) بووە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردودا پەیمانگای ناوبراو کۆمەڵێك گۆڕانکاری بنەڕەتی بەخۆوەبینیوە، لە ئێستادا بەڕێوەبەر چوار یاریدەدەری هەیە بۆ گورج‌وگۆڵکردنی کاروبارەکان، ژمارەی بەشەکان بۆ هەشت بەش زیادکراون، ژمارەی کارمەندانیش ٧٨ کارمەندە). گرفتە سەرەکیەکانی ئەم پەیمانگایە لەدوو خاڵی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە(نەبوونی پرۆگرامی زانستی‌وجێگەیەکی شیاو). پێویستە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی زیاتر بە پەیمانگاکانی مامۆستایان بدات‌و خوێندکارانیش زیاتر گرنگی بە دەوام‌وخوێندنەوەی دەرەکی بدەن لەپێناو بەرزکردنەوەی زیاتری ئاستی زانستییان‌و لەو ڕووەوە گەشە بە بواری پەروەردەییان بدەن. دەکرێت کەمی ئۆتۆمبێلی تایبەت‌و خراپی کۆمپیوتەرەکانی سەنتەری کۆمپیوتەرو نەبوونی بەشی ناوخۆیی مۆدێرن بۆخوێندکاران‌و نەبوونی سوتەمەنی‌و نەبوونی گۆڕەپانێکی گونجاو بۆ بەشی وەرزشی وەك چەند کەم‌وکوڕیەکی دیکەی پەیمانگای مامۆستایانی ڕانیە دەستنیشان بکەین، پێویستیشە ساڵانە یاخود چەند ساڵ جارێك گۆڕانکاری لە کەسە ئیدارییەکاندا ئەنجامبدرێت.

هەروەك مامۆستایانی پەیمانگاکە باسی لێوەدەکەن زۆربەی گیرگرفتەکانی پەیمانگا پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە چونکە وەك



دامەزراوەیەك کارەکان بەیەکەوە گرێدراون، سیستەمی ئێستای خوێندن پێویستی بەچاوپێداخشاندنەوەو پێداچوونەوەیەکی وردو زانستییانە هەیەو بۆ دەوڵەمەندکردنی بواری پەروەردەو فێرکردن لە پەیمانگادا دەکرێت (کتێبخانەیەکی مۆدێرن)ی تێدا بنیات بنرێت، چونکە نەبوونی کتێبخانەیەکی لەوجۆرە یەکێك لە خاڵە بێهێزەکانی بەڕێوەبردنی پەیمانگای مامۆستایانی ڕانیەیە، هەروەك ناکرێت(لایەنی تەرفیهی خوێندکاران)یش فەرامۆش بکرێت.

خوێندکارێکی بەشی کۆمەڵایەتی پەیمانگاکە کە ڕۆژانە دوای دەوام لەبەشی ناوخۆ دادەنیشێت، کۆمەڵێك گلەیی هەیە کە خۆی لە (نەبوونی کارەباو ئامێری کارەبایی لەبەشی ناوخۆیی، تێکەڵاوبوونی خوێندکارانی پەیمانگاو ئامادەییەکان لە بەشی ناوبراو، دواکەوتنی دەرماڵەی مانگانە، کڕینی مەلزەمە لەسەر حیسابی خوێندکاران خۆیان)دەبینێتەوە.

خوێندکارێکی دیکەش کاتی دەستپێکی دەوامی ئێستای پەیمانگاکەیانی بەلاوە باش نییەو داوادەکات(کاتەکە لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە بگۆڕدرێت بۆ کاتژمێر هەشتوسی خولەك)، لەلایەکی دیکەشەوە (شەرمنیی خوێندکار) کە وەك دیاردەیەك لە پەیمانگا دەبینرێت بە هۆکارێك دەزانێت بۆ دواکەوتنی خوێندکار، بەئەرکی مامۆستایانی دەزانێت هەوڵ بدەن بە شێوازێکی زانستییانە ئەو دیاردەیە لە دەروونی ئەو جۆرە خوێنکارانەدا بسڕنەوە کە گیرۆدەی شەرمنیی بوون.

کچەخوێندکارێکی پەیمانگای مامۆستایانی ڕانیە داواکارە لە ئیدارەی پەیمانگاکەی هۆڵێك بۆ سازدانی کۆڕوکۆبوونەوە دروست بکات، هەروەها دروستکردنی باخچەو تاقیگەی مۆدێرن بە دوو ئەرکی گرنگ دەزانێت کە هەوڵی بۆ بدرێت تا خوێنکاران لە زانستی سەردەم دوانەکەون. شایانی باسە پەیمانگای مامۆستایانی ڕانیە چوار بەشی ئیداری کارەکانی بەڕێوەدەبات ئەوانیش(کارگێڕی، تۆمار، خوێندکاران، بەدواداچوون)-ن، زۆربەی ئەو خوێندکارانەی ساڵانە بۆ خوێندن لەو پەیمانگایە وەردەگیرێن نیشتەجێی دەرەوەی ڕانیەن، لە نێویشیاندا ڕێژەی زیاتری کچان بەدیدەکرێت. ئەم پەیمانگایە چوار فیستیڤاڵی هەمەڕەنگی ساڵانەی بە ئەنجام گەیاندووە، نزیکەی دووهەزار خوێندکار لەو پەیمانگایە دەرچوونو بڕوانامەی دیبلۆمیان بەپلەی جیاواز وەرگرتووە.

## گوزارشت




**هێرش ڕەسوڵ دەینووسێت**
خوێندکاری ماستەر لە میدیاو ڕۆژنامەنووسی
Herish82@yahoo.com


# ئازادیی ڕۆژنامەنووسیو زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووس

بڕوام نیە کەس نکۆڵی لەوە بێت کە ژیانی تاكو گروپە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان لەناو کۆمەڵگەدا، لەپێناو دیاریکردنێکی ڕاستەقینەی ئەرکو مافەکانو ڕێکخستنی پەیوەندیی تاكو کۆمەڵگەو تاكو دەسەڵاتو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە جیاوازەکان، پێویستی بە جۆرە ڕێکخستنێك هەیە، کە لە دواتردا ناونرا (یاسا). یاساش لەپێناو سەقامگیرکردنیدا پێویستی بە هێزێك هەیە کە خۆی لە سیستەمی بەڕێوەبردندا دەبینێتەوە.

هەروەك لە چەند سەرچاوەیەکیشەوە هەڵدەهێنجرێتو ڕەفتارە جیاوازەکان دەخاتە ژێر تیشکی بڕیارو حوکمەکانیەوە، هەر لەو سۆنگەیەشەوە کارە دزێوەکان لە قاڵبی تاوانو کەتندا دیاریدەکاتو بە قەد خۆیشی سزای بۆ دادەنێت، ئەمەشە یاسا لە ئێتیك (ئەخلاقیات) جیادەکاتەوە، بەو پێیەی لە ئێتیکدا ڕێنماییو ئامۆژگاری هەیە، نەك سزا. لە ڕوانگەی ئەوەیشی کاری میدیاو ڕۆژنامەنووسی- ش کایەیەکە دەکرێت لێیەوە زیان بە ناوو ناوبانگو بەرژەوەندیی کەسانی دیکە بگەیەنرێت، بۆیە (تاوانی بلاوکردنەوە)ش دێتە کایەوە، ئەمەش پێویستیی بە گەڵاڵەکردنی یاسایەك دەبێت کە بە یاسای ڕاگەیاندن یان ڕۆژنامەنووسی ناودەبرێت. گەڵاڵەکردنی یاسا- ش بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە سەر جۆری ئەو سیستەمە سیاسیەی کە ئەو وڵاتو کۆمەڵگەیە بەڕێوەدەبات، چونکە تێڕوانینو دنیابینیی هەر سیستەمێك بۆ مافو ئازادییەکان جۆرێکە. هەروەك دەبینین تێڕوانینەکە، لە سیستەمە دیکتاتۆریو ئاقتۆریتاریو تۆتالیتاریەکان بە جۆرێكو لە سیستەمە یاساییو دیموکراسو لیبراڵەکانیش بە جۆرێکی دیکەیە.

ئەگەر لەو ڕاستیانەوە لە یاسای چاپەمەنیی عیراقی ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨ بڕوانین، بێ دوو دڵی دەتوانین بڵێین، یاسایەکە کەمترین ڕووبەری ئازادیی ڕادەربڕینو ڕۆژنامەنووسی تێدا بەدیناکرێت، پڕە لە سانسۆرو سنورو هێڵی سورو حەرامکراو، هەروەك خۆیشی، بەهۆی ئەوەی تاکو ساڵی ١٩٣١ لە عیراقدا کار بە یاسای چاپەمەنیی دەوڵەتی عوسمانی کراوە، لەژێر ئەو کاریگەرییەدابوە، لەمەشەوە یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ش وێڕای لایەنە پۆزەتیڤەکانی بە بەراورد بە قۆناغەکە، لەژێر کاریگەریی یاسا عیراقیەکە لێشاوێك حەرامکراوی تێدایە (ئەمە لێدەگەڕێم بۆ باسێکی دیکە) ، ئەوەی مەبەستمە لەم ئەڵقەیەی گۆشەکەمدا لێی بدوێم ئەوەیە کە، یاساکە سزای بۆ تاوانی بلاوکردنەوە تێدا دەستنیشانکراوە، بۆیە دادگا دەبێ بۆ بەندەکانی ٤٣٣و ٤٣٤ی یاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ بگەڕێتەوە، کەوا بریتین لە زیندانیکردنو غەرامەو زەرفی موشەدەدیشیان هەیە، ئەمەش سزاگەلێکی قورسو لەگەڵ پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو دیموکراسیو، ئازادیی ڕادەربڕینو میدیادا یەکناگرنەوە. ڕۆژنامەنووسی کارێکە بۆ خزمەتو بەرژەوەندیی کۆمەڵگەو لەپێناو خۆشبەختی هاووڵاتیان، بۆیە هەمیشە بە (پیشەی گەران بەدوای ماندووبوون) ناسراوە، کارەکتەرەکەی کە ڕۆژنامەنووسە بۆ خزمەتی کۆمەڵگەکەی کاردەکات، بۆیە لەکاتی ئەنجامدانی هەڵەیەکیشدا ناکرێ بە ١٠ ساڵ زیندانی حوکم بدرێت، یاخود بەر لە حوکم تەوقیف بکرێت، چونکە ڕۆژنامەنووس تۆمەتبارێکی تر نیە تاکو مەترسی ئەوەی لەسەر بێت کە ڕابکات.

من لەگەڵ بوونی یاسادام، بەلام یاسایەکی تەندروست، لەگەڵ ڕێکخستندام، بەلام سانسۆر نا، لەگەڵ سزا دام، بەلام بەو شێوە قورسە نا، بۆیە دەکرێت چاو بەو بڕگانە بخشێنرێنەوە، یان لە یاسا نوێکەدا کە بڕیارە پارلەمانی مشتومڕی لەسەر بکات بگۆڕدرێنو لەبری ئەوە تەنها کار بە غەرامە بکرێت.



## ڤینۆس فایەق:

# ئازادیەکان لەبەر دەست ژندا هەن، بەڵام بە چ ئامرازێك بەدوایاندا

# ئافرەتی کوردو ئازادی لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا، چات روم وەك نموونە

## ژنێك: هەندێك پیاو لە ژوورەکانی چاتکردن وەکو فەیلەسوف قسە دەکەن، کەچی لەهەمان کاتدا لە ژووری دیکەدا بەناوێکی دیکە خەریکی ...

مەسەلەی ژوورەکانی چاتو ئاستی بەشداربوان رۆژ بەرۆژ لە زیادبووندایەو ئێستا بەشێك لە ژنانیش بەشداری ژوورەکانی(چات) گفتوگۆی ئینتەرنێتی دەکات، هەر یەکەو بە مەبەستێك هەندێکیان بۆ خۆشیو رابواردن هەندێکیشی بۆ گفتوگۆکردنی سیاسیو مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان ئەم رێگایە بەکار دەهێنن، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەم رێگایەش بێگرفت نییەو هەندێك کەس تووشی کێشە دەبنەوە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە، ئێمە بۆ ئەم مەبەستەو ئامانجی چاتکردنو مەشغوڵی ئافرەتی کورد لە دەرەوەو بەدەستهێنانی ئازادیەکانیان چاوپێکەوتنمان لە رێگەی چاتو گۆڕینەوەی ئیمەیڵ لەگەڵ چەند ئافرەتێکی بەشداری ژوورەکانی چات ئەنجام داوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە هیچیان بە وێنەو ناوی راستەقینەی خۆیان ئامادەنەبوون بەشداری بکەنو ناوی خوازراویان لەجێگەیدا هەڵبژارد، تەنانەت یەکێك لە ئافرەتە دیارەکانی ژوورەکانی پاڵتاڵکدا ئامادەنەبوو ناوی راستەقینەی خۆیو وێنەی خۆی بدات، بەو هۆیەی کە هەندێك کەس وێنە شەخسیەکانی ئەویان لە سایتەکان بڵاوکردۆتەوەو سوکایەتیان پێکردووە. **(خۆزگە کاروان) تەمەن ٢٧ساڵو خەڵکی شاری سلێمانییەو لەتەمەنی هەشت ساڵیەوە لە وڵاتی ئەڵمانیایەو بەشدارێکی کارای ناو ژوورەکانی پاڵتاڵکە گوتی:**

بە بۆچوونی من ژنانی ئەوروپانشین نەیانتوانیوە خۆیان لە کولتووری شەرقگەرایی بەدوور بگرن، مەسەلەکە بەتەنها ژنان نییە، بەڵکو پیاوانیش بەدەرنین ئەوانیش زیاتر دەست بەو دابو رسومەتانەوە دەگرن کە لەو وڵاتانە باڵادەستە، دیارە ئەم مقیاسە شتێکی رێژەییەو زۆریش هەن کە خۆیان سازاندووە لەگەڵ کولتووری ئەوروپادا یان لە هەوڵی ئەوەدان هەرچەندە هەشن کە تەنها لاسایی دەکەنەوەو ناخیان هەمان کایە دەکات کە لەگەڵ تەمەنیان باڵای کردووە. بەداخەوە دەکرێ بڵێم بەگشتی ژنانو پیاوانی کوردستان لە بەینی دوو فەرهەنگدا دێنو دەچن، زۆر جاریش ئەو دوو کولتوورە بەیەکدادەداتو کێشەی گەورەی لێ دەکەوێتەوەو دەچێتە ئاستی کوشتن کە ژنان سەرقافڵەی ئەم قوربانیەن. پیاوانی کورد زۆربەی هەرە زۆری عەقڵیەتێکی پیاوسالارانەی هەیە لێرەش دیسان هەمان وێنا دەدات بە ژیانو دژی ژنیشە، بە شاهیدی هەموتان کە دەبینینو دەبیستین لێرەش ژنان دەکوژرێنو سوکایەتیان پێدەکرێت، جیاوازیەك کە لێرەدا هەیە، مەسەلەی قانوونە کە خۆشبەختانە لەم وڵاتە دیفاع لە مەسەلەکەیان دەکرێت، ئەگەر پیاو بە هەمان عەقڵیەتی پیاوسالاری بیربکاتەوەو بیەوێت مومارەسەی بکات لە ژیانی کۆمەڵایەتیداو مافەکانی ژنان بخاتە ژێر پێ ئەوا قانوون مافەکانی بۆ وەردەگرێتەوە خۆشیان ئەم رستەیە دەزانن بۆیە کچەکانیان دەبەنەوە کوردستانو دەیان کوژن، بەڵام مەسەلەکە لێرەدجا کۆتایی نایەتن دیسان زۆریشن ئەو ژنانەی لێرەیش دەبنە قوربانی بۆیە گەر بمانەوێ بەگشتی قسە بکەین پێموایە پیوانی کورد بەهەمان عەقڵیەت ژیان دەکەنو ئەوەندەی دەرگا کراوەیە بۆ ژنان تا لەگەڵ ژیانی ئێرە تێکەڵ بن بۆ پیاوان بەو جۆرە نییە، چوونکە واهەست دەکەن کە لە زەرەریانە لە ئەساسیشدا وانییە.. دیسان ئەگەر ژنانێکیش هەبێت نەتوانێ خۆی رابێنێت کە دەزانم هەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵی پیاوەکەی کە پێی پەروەردە کراوەو بە ئاسانی ناتوانێ لێی دەرچێ، کولتووری شەرقیو عەقڵیەتی خێزان بەسەریدا زاڵەو ناتوانێت بە ئاسانی خۆی لێ دەرباز بکات، ئێمەی کوردی ئەوروپانشین بە هەزارویەك داو بەستراوینەوە بەناوخۆی کوردستانو عیلاقە کۆمەڵایەتیەکانو فەرهەنگە کۆنەکانەوە بۆیە کاتی دەوێت تا بتوانین زیاتر بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین. ئەو جێگایەی کە لە پرسیارەکەتدا باست لە چات رروومەکان کردووە، پێموایە، پێموایە ئەوە بەشێکی زۆرە لە پیوان دێنە ژوورەکانی پاڵتاك نەك ژنان، ژنان لێرەدا کەمینەن، ئەو کەمینەیەش هەموویان ناتوانن گفتوگۆبکەنو راکانی خۆیان بڵێن لای زۆرێك لە خێزانەکان چات رۆمەکان ئەوەندەی بۆ پیاوانو نێرەکان درووستکرابێتو بۆ ژنان حەرام بێت، ئەم هاتنە بەشێکی بۆ کات بەسەر بردنو خەڵك ناسینە کە زۆرجار لە بەینی کچانو کوڕاندا دروستکردنی خێزانیشی لێکەوتۆتەوە بەڵام بۆ من پاڵتاڵك زیاتر بۆ ئەوەیە تا لەم رێگایەوە دەنگی خۆم بگەیەنمو راکانی خۆم بڵێم لەسەر هەموو شتەکانی رۆژوو روداوەکان. کارکردن لە لەم مەیدانەدا بۆ من جێگای خۆشحاڵیە کە لەسەرەتادا دیفاعە لە ئازادیو مافەکانی خەڵکی کوردستان دەسەلاتی هەرێم هەر پیشێلکاریەك بکات ئێمە لە قاوی دەدەینو رەخنەی خۆمان بە توندی دەگرین، دیفاع لە مافەکانی ژنان، منداڵان، ئازادی رۆژنامەگەریو لەیەك وشەدا ئازادی بە مانا فراوانەکەیو ئاڵوگۆڕ لەهەموو مەیدانەکاندا ئەو لەویەتی کاری منە توانیومانە رۆڵێکی باشیش لەو مەیدانەدا بگێڕین نموونەی زۆرم لایە لەم مەیدانەدا کە باسکردنی لێرەدا بە پێویست نازانم.

دیارە ئەوەی لە ژوورەکاندا داوای پەیوەندی خۆشەویستی دەکرێت راستیەکی حاشاهەڵنەگرە، ئەوەشی کە ژنانێك هاوسەریان هەیەو داوای خۆشەویستیان لێدەکرێتو هاوسەریشیان هەیەو رازی دەبن کە من شاهیدی ئەم کارە نیم، بەرای من ئەوە بێ پرەنسیپیە، بەڵام ئەوەی کە لە پرسیارەکەی تۆدا بۆ من جێگەی داخە ئەوەیە کەتۆش باسی ژنانی هاوسەردار دەکەی، بەڵام باسی پیاوانی هاوسەردار ناکەی کە ئەوانیش هەنو لە دەرەوەی خێزان عیلاقات دەکەن، من دەڵێم نەك هەر لە چات رۆمەکان بەڵکو لە ژیانی

کۆمەڵایەتیداو لە کوردستانیش ئەو شتە هەیە هەمووشمان بینیومانەو بیستوومانە. بەڵام بەداخەوە ئێمەی کورد نە زەواجمان زەواجەو نە خۆشەویستیمان خۆشەویستییە، ترس و شەرمو بەزۆر بەشوودان بێ پرەنسیپی ژیانمانی داگیرکردووە، پرسیاری من ئەو ژنانەو پیاوانەی کە هاوسەردارنو لە دەرەوەی خێزان پەیوەندی دەخولقێنن بۆ؟ ئایا ئەمە هەر لە چات ڕۆمەکانو ئەوروپا نشینەکان ئەو کارە دەکەن؟ پێموانییە بەداخەوە لە هەردوو بارەکەدا کۆمەڵێ کێشە دەخولقێنێت، زەواجو درووستکردنی خێزان ئەساسێکی پتەوی نییەو خۆی لەخۆیدا فشەڵە، لەهەر جیابوونەوەیەکی ژنو پیاودا گەر بیانەوێت ئازادەن جیاببنەوە کۆمەڵێک چەقۆ ڕاوەستاوە، ئەم چەقۆیانەش رابردوویەک درووستی کردووە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی سەقەتی پەروەردە، بۆیە من وەکو خۆم ئەو پەیوەندیانە رەفز دەکەم دیارە بە کۆمەڵێ سەرنجەوە، ئەگەر بمەوێت هەمە لایەنە خوێندنەوەم بۆی هەبێت، دەتوانم بڵێم دەیان لاپەڕەی دەوێت تا هەقی خۆی بدەمێ .. دووبارەی دەکەمەوە چات ڕۆمەکانیش زۆربەی بۆ پیاوان حەڵاڵەو بۆ ژنانیش حەرامکراوە.

مونیرە عەزیز نەیویست ناوەکەی خۆی ئاشکرا بکاتو ناوێکی خوازراوی هەڵبژارد داوایکرد وێنەی بڵاونەکەینەوە لەسەر ئەم پرسە دەڵێ: بێشک هەر ژنێک وشیاری هەبێت لە دەرەوەی وڵات توانیویەتی ئازادی خۆی تا ئەندازەیەکی زۆر بەدەست بهێنێ، چ لە رووی جلو بەرگو هەروەها تەنانەت چوونە دەرەوەش، راستە هەندێك لەو ژنو کچانە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە کۆنتاکتێکی باشیان هەیە ئەویش بۆ ئەو ئافرەتانەیە کە تا ئەندازەیەك ئازادی خۆیان بەدەست هێناوە، بەڵام زۆرجار ئەوەندەی من لە ژوورەکانی چات رومەکان ئاگام لێبووەو بیستوومە، تووشی هەندێك حاڵەت بوونە کە بەلای خۆشیانەوە سەیر بووە، بۆ نموونە کوڕێك دەکەوێتە مجامەلەو گفتوگۆ لەگەڵیدا، لەو کاتەدا ئەو کچە یان ئەو ژنە دەبینێ لە دنیایەکی تردایەو کەوتۆتە داوی عەشقێکەوە، ئەمەش شتێکە رووبەرووی زۆرێك لەو ژنانەدەبێتەوە کە چات روم دەکەن بەبەردەوامی، بەڵام من پێموایە هێشتا ئەو ژنانەی بە هەرجۆرێك لە جۆرەکان لە کوردستانەوە هاتوون بۆ ئەوروپا یان بابڵێین خۆرئاوا باشتر زەمینەی چوونە سەر ئینتەرنێتیان بۆ خولقاوە لەچاو ژنانی ناوەوەی کوردستان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەو ژنانەی نەخوێندەوارنو لەڕێگەی شوکردنەوە دێن بۆ ئەوروپاو خوێندەواریان نییەو دەفرۆشرێن یان پاڵنەری ئەوروپا هەیە بۆ شوکردنیان بە کوڕێکی دانیشتووی ئەوروپان دەتوانم بڵێم لە ئەوروپاش بەشێوەیەك لە شێوەکان ئازاد نییەو بگرە سوکایەتیشی پێدەکرێت.

شلێرحەسەن هەروەك خۆی گووتی چوار منداڵی هەیە بەناوی جیاجیا دێتە ناو ژوورەکانی ئینتەرنێت لەگەڵ ناردنی یەکەم PMدا جوابی داینەوە گوتی: هەندێك ئافرەت ئازادی خۆیان لە ژوورەکانی چاتکردنەوە بەدەست دەهێننو سودی باش دەبینن لە گەیاندنی بیروبۆچوونەکانی خۆیان، راستە ئەمە بۆتە پیشەی هەندێك ئافرەتو ڕۆژانە سەردانی ژوورەکانی چات دەکەن لە ئینتەرنێتدا، منیش بەهەمان شێوە، بەڵام کاتێك دەچیتە ئەو دنیا تەکنەلۆژیەشەوە هەندێك پیاو لە لە ژوورەکانی چاتکردنەوە وەکو فەیلەسوف قسە دەکەن، کەچی لەهەمان کاتدا لەی ژووری ترەوفسدا بەناوێکی تر خەریکی قونابادانە بۆیە ژنیش لەناو ئەو گاڵتەجاڕیەیدا دەبێت چاوەڕێی چی بکات، بەداخەوە زۆربەی ئەو پیاوانەی لە ژوورەکان خەریکی سوکایەتین بە ئافرەتانو پیرۆزیەکانی ئینسان لە ئەوروپا دەژینو دوور نییە، مافی پەناهەندەییان بەهۆی هەڕەشەی ئیسلامیەکانو مەشاکیلی فیکریەوە وەرگرتبێو وەکو کەسێکی سیاسی رۆشنبیر خۆی ناساندبێ لەو وڵاتەی تێیدا دەژیت. بەڵام بەگشتی پێت بڵێم بەداخەوە ئافرەتی کوردی زۆر پابەند نییە بە ئینتەرنێتەوە زۆربەیان پیاوەکانن کە جاری واهەیە چەندین سەعات چات دەکاتو تێکست دەنێریو دەڵێ من ژنم من خۆم کەسی ئاوام دیتووە گوتویەتی من ئافرەتمو کەچی پیاویش بووە، لەوکاتەدا تۆ داوای مایکیان لێدەکەی دەڵێن مایکەکەمان خەرابووە ئەم حاڵەتانە زۆر سەیرن.

ژنێکی دیکە کە لەیەکێك لە ژوورەکانی پاڵتلك (کوردستان یونایتد) قسەی دەکردوو لەسەر دۆسیێ ژن کوشتن ئامادەبوو دوای ئەوەی لە ژوورە گشتیەکەدا داوامان لێکرد ژوورێك بکاتەوە تێکستەکانمان وەربگرێت، ئامادەبوو لەم بارەیەوە قسە بکاتو گوتی: چیتان بۆ باس بکەم، من ئافرەتێکم لەخێزانێکی رۆشنبیرمو سێ منداڵم هەیە، ئەگەر (PM) دانەخەمو باوەر بکەن رۆژی واهەیە ١٠٠ کەس داوای عیلاقەم لێدەکات بەبێ ئەوەی بزانێ من کێمو چیم، بۆیە بەناچاری بەناوی نزیك لە ناوی نێرینەوە دێمە ژوورەکانەوە، تۆش ئەگەر باوەڕناکەی بڕۆ بەناوێکی نزیك لە ژنەوە بچۆرە ژوورەکان بزانە چەند کەس مفاتەحەت دەکات، بەراستی ئینتەرنێت لەگەڵ ئەم هەموو سودانەی خەڵکی ئاوا ناشیرینو نەفس نزمیش کاری پێدەکات، دنیایەك شتی قۆڕیان هەیە بەڵام من هەر ئەوەندەت بۆ باس دەکەم کە خۆم دیتوومەو لێم بەسەر هاتووە، وەنەبێت ئەو کەسانەش نەگەنە ئافرەتی وەك خۆیان ئینکاری ئەوە ناکرێت هەندێك ئافرەت لە کوران زیاتر حەزیان بە رابواردنی سەر ئینتەرنێتە.

بەراستی شتێکیش هەیە بۆتی باس بکەم، ئەوەیە سیقە لە جاران بۆ هاوڕێیەتی کەمتر بووە لە لایەن کچانەوە بۆ کوران، ئەویش دوای ئەوەی چەند ئافرەتێك وێنەکەیان لەهەندێك ماڵپەر بە مەبەستی سوکایەتیکردن بڵاوکرایەوە.



# خۆكوشتن هێشتنەوەی پوچییەكانە بەزیندوێتی

ئەرسەلان مەحمود

مرۆڤی هۆشمەند ئەو كەسەیە توانای هەڵوەشاندنەوەو خۆخاڵیكردنەوەی لەتێگەیشتن و بۆچوونە هەڵەكانی خۆیی و دەوروبەرو كۆمەڵگەكەی هەیەو دەكارێ لەجێگەدا بۆچوونە تەندروستەكان جێگیر بكات، بەمانایەكی دی لەپوچیەكانی نێوناخ و كۆمەڵگەو دەوروبەرەكەی تێبگات و توانای بەرگەگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی بەشێوەیەكی تەندروست تیادا ڕسكاو بێت، چونكە خاوەنی شتێك نابێ پێی بگووترێ هیچی، ئەگەر نەكەوتبێتە ململانێ بۆ لەباربردنی ملكەچێتی و هەرەسپێهێنانی گیانی خۆبەدەستەوەدان و دەستەمۆیبوون، ئەوەش ئەوەندەی خواستی كرانەوەی عەقڵیەت و مەوداكانی بیركردنەوەمان فراوان و بەرەو پێشەوە دەبات هێندە دەرگای ئەگەرەكان لەسەر بیركردنەوەو تێگەیشتن و خوێندنەوەكان كڵۆم نادات، بەڵام بەپێچەوانەوە هەڵبەتە هەموومان نموونەگەلێكمان لاهەیە سەلمێنەری بێ چەندوچۆنی ئەو ڕاستیانەن كەتاكی كورد بەتایبەتیش ڕەگەزی مێینە ئەمرۆ لەهەر كات زیاتر كلیك لەسەر پەیجە ناهۆشمەندیەكانی خۆكوشتن و خۆسوتاندن و خۆبەدەستەوەدانە خودیەكانی خۆی دەكات و لەجێگەی بەرگەگرتن و گەڕان بەدوای چارەسەری تەندروستدا باوەش بەراستنەكردنەوەی هەڵەكان و هەڵوەشانەوەی مرۆ بوونی خۆیدا دەكات، هۆكارەكەش ئەگەر بەگشتی وەربگرین نارۆشنییەك بەدیناكەی و ئاشكرایە كەنەتێڕوانینە بۆماوەییەكانی قبوڵ كردووەو نەتوانیویشیەتی لەڕیشەوە لێیان دابڕێت، ئەوەتا كۆی دامەزراوە كۆمەڵایەتیەكانی ئێمە هەر لەسەردەمی ڕژێمی هەڵوەشاوەی بەعسەوە كەجێبەجێكراوە تاهەنوكەش دابەشی سەر خێڵ و تیرەو هۆزو عەشیرەت كراوەو نەدەسەڵاتی سیاسی و ئیداری و نەچین و توێژە جیاجیاكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و ئەوانەش كە پەیوەستن بەخەبات و نەجاتی ئافرەتی كورد نەیانتوانیوە هەیمەنەی باو بگۆڕن و گاریگەریە نێگەتیڤەكانی كەمبكەنەوە، هەموومان شانازی بەم بەندو باوانەوە دەكەین و ڕۆژانەش بەبەرچاوی نەك هەرخۆمان بگرە دونیاوە خۆكوشتن و خۆسوتاندن و هەڵاتن لەژیان و دەسبەرداربوونی بەها ژیاریەكان لەكوردەواریدا دەبیندرێن، هەر پەرەمێزەو گڕ دەگرێ، هەر بوتڵی غازەو دەتەقێ، هەر منداڵەو مارە دەكرێ، هەر تەڵاقەو فڕێدەدرێ، شەرەفێكەو ئاگری لەعەقڵیەتمان بەرداوە، دیوێكمان كەدیوی كۆڕو كۆبوونەوەو سەر شەقامە پڕە لەڕیاكاری و كردەوەی بەناو باوەڕبوون بەكرانەوەو دیوەكەی دیكە كەدیوی ماڵەوەیە لەوێ هەمووشتێك بڤەیە، ئاخر ئێمە كرانەوەمان هەر بۆ شەقام و دەرەوە پێباشەو لەگەڵ هەڵكردنی شنەبای ئازادی و ئاوەزی



ديموكراسی نێو خانەوادەكانماندا نین، چونكە ئەم هێزو كاردانەوە كۆمەڵایەتیە ئەگەرچی ناتواندرێت بەڕەهایی ئەوەی لەپێشەوە باسكرا لەسەری بسەلمێندرێت و تاڕاددەیەك تێكەڵەیەكە لەتوخمی نوێ و تەقلیدی بەڵام بەگشتی تاهەنوكەش خۆی بەقەرزار باری ڕابووردووی خۆی دەزانێ، بەومانایەی ئەوەی دەمانەوێ لەنێوان بابەتە بۆماوەییەكان و ململانێ لەپێناو گۆڕان و خۆنەكوشتندا درێژە پێدەر یان ڕزگاركەر بین، ڕقمان لێیەتی یان خۆشمان دەوێت ئەوە یان هەردووكیانە یان هیچیان نییەو شوناسی كەسێتیەكی شكاوو ونین، زۆرم نەگووتوە گەر بڵێم دروست هی ئەوە بەو ترشیەوەكەو خۆشیەوەكە ئاڵۆزو پڕكێشمەكێش و بێ بارانە پێبكەنیت، ئەم شێوە دەربڕینەم بۆ ئەوە نیە بەشان و شكۆی ئازادیە فەردیەكانی كۆمەڵگا مۆدێرنەكاندا هەڵبدەم و منێكیش بەنۆرەی خۆم بڕو بیانوێك بدەمە دەست ئەم نەوەیە تا زۆرو زیاتر لەنیشتیمانەكەیانەوە هەڵبێن، چونكە گومانێكم نیە لەوێش بەو فۆڕمە زل و زەبەللاحە نییە وەك ئەوەی لێرەوە حەیرانیكردوین، بەڵكو بۆ ئەوەمە بڵێم جگە لەوەی كەلای خۆمەوە پێمدەكرێ بەپێكەنین و عیشقەوە ئەوەندەی دەكرێ هەنگاو بەرەو كرانەوەو بەرەنگار بوونەوەی خۆكوشتن و داماڵینی پوچیەتی هەڵگرم، نەدەسەڵات و نەمافی ئەوەم هەیە بكەومە دادگایی كردنی خەڵك و كۆمەڵگا، دواجار دەتوانم ئەوەش بڵێم هەموو جۆرە خۆكوژییەك لەژێر كاریگەری و ڕەنگدانەوەو كاردانەوەی هەر بڕوبیانوێكدا بێت بۆ ئەوەیە پوچی بژیت، بۆ ئەوەیە ژیان بكوژیت !..

AMK974@YAHOO.COM



# ئێستێتیك

كاوە جەلال لە ئەڵمانییەوە بۆ كوردی گۆڕیوێتی

بەشی دووەم

## ٢-٣ ئەنتیکەی دەمەو کۆتایی

پلاتۆنیزمی نوێ، بەتایبەتی لە سیستەماتیزەکردنەکەیدا لە لایەن پلۆتینەوە (٢٠٥-٢٧٠)، لە هزرینی ئێستێتیکییانەی دەمەو کۆتایی ئەنتیکەدا پایەگایەکی تایبەتمەند وەردەگرێ. جیهانی زەین (ئینتەلیگیبل)، لە روانگەی پلۆتین، لە یەك گەردوونی هۆشەکی-خوایانەوە پلەئاسا دێتە ئاراوە، لەم جیهانەشەوە، هەمدیسان پلەئاسا، ئەستوو دێتە ئاراوە، کە ئیتر ئەستوو لەم دابەزینەدا هەمیشە پتر لە لایەن پلۆتین بە شێوەیەکی نێگەتیڤ، وەك ناكامیل، وەك سادەیەتی، دەنرخێنرێ: "هەموو كامیلێك كەمترێك دەزایێنێ و دروست دەكات". بۆ ئەوەی دەروون بتوانێ (بەرێی زانین یان رەوشتەوە) لە باڵاترین جوانیدا بەشداری بكات، ئەوا دەبێ خۆی هەڵزنێنەرانە لە نێگەتیڤێتیەكەی ئەستوویەتی (سێنسێتی) رزگار بكات. پلۆتین هەروەها گۆڕانی دا بە پێشبینییەکی ئەوتۆی رزگاربوون (انقاژ)، کە پاشان بوو بە رێنوماییکەری چەرخی نێڤینی دیانییانە. پلۆتین بە تیۆریی زانینەکەی دژی ماتەریالیزمی ئەپیکوری وەستایەوە، ئەمەش لەسەر هەمان شێوەی ئێتیکەکەی، کە بە پرۆژەی دەوڵەتێکی نموونەیی، دەوڵەتی پلاتۆنۆپۆڵیس، دژی دارزانی دەوڵەتی رۆمی وەستابۆوە. تەنانەت کایزەر گالینوس گرنگیی بەم پرۆژەیەی پلۆتین دا. هونەر لە سیستەمەکەی پلۆتیندا، بە پێچەوانەی پلاتۆن، شوێنبەهایەکی باڵاتری هەبوو. هونەر وەك دەروێنەی كامیلێتی و وەك ئاماژە، لەسەر ئەو كامیلێتییە، شیاوی سازاندنە، جا گەر تەنانەت بە هونەرەوە نەسازیی دەروێنەیەكی لاوازتری "جوانیی زەینی" لكاو بمێنێتەوە. هونەر سەرباری ئەمە دەتوانێ، بەرێی سەرروەرینواندنەوە بەسەر ئەستوودا، جوانی بە دەسوێژی ئیدێ بهێنێتە ئاراوە. مۆركی هزری ئێستێتیكیانەی رۆمی برێتییە لە پوختاندنی پێشبینییەكانی ئەنتیكە (بۆ نموونە لە لای ڤیترۆڤیوس سەبارەت بە تەلارسازی و بینای شار)، هەروەها درێژەپێدانی پەرچاندنەكانی ئەنتیكە سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان سروشت و هونەر (هۆراز، Ars poetica)، یان سەبارەت بە بنەما تیۆرییە جیاوازەكان لەمەڕ جوانی؛ بۆ نموونە سێنێكا "ئەقڵی كارا، كە برێتییە لە خوایەتیی كارا"، وەك دوایەمین هۆكاری ئەو بنەما تیۆرییانەی جوانی دادەنێ. پرسیار سەبارەت بە گەیاندنی تایبەتێتی و گشتێتی، رابوردوو و ئامادە و هتد، تەنانەت نووسەرە دیانەكانی سەرەتایشی خەریك كردبوو. بۆ ئەمە پاولوس (نامەی گالاتەر، ٤،٢٤) راڤەی ئالیگۆریانەی تەورات و ئینجیلی هێنایە گۆڕێ، كە پاشان لە سەدەی سێیەمدا بەتایبەتی لە لایەن ئۆریگینێس وەك مەغزای نووسراوی شیاو و هەمەلایەنی گۆڕان پێدرا، بێگومان بەبێ ئەوەی بەئاسانی وەربگیرێ، بەڵكو لەو كاتە بەدوواوە بەردەوام بابەتی ناكۆكی بوو (تەنانەت لە لایەن یۆهانس كریسۆستۆمۆس، كە دەنگی دەنا بە مەغزای مێژوویی-ئەدەبییانەی تێكستەكانی بیبلدا).

### چەرخی نێڤین

ئێستێتیكی چەرخی نێڤین وای دادەنا، كە وێنەسازی و پەیكەرسازی، بە هەمان شێوەی پیشە دەستییەكان، سەر بە هونەرە میكانیكییەكانن ( artes mechnicae)، واتا ئەو هونەرە میكانیكییانە، كە لە خزمەتی ژیانی رۆژانەدان. هەر بۆیە لەنێو چێوەی تەكنۆلۆژیادا مامەڵە لەتەك هونەری شێوەسازیدا دەكرا (ئەمە لە لای ئیسۆدۆری سێڤیلایی (٦٣٦ مردووە) لە نووسینەكەیدا بە ناونیشانی Etymologiae دەردەكەوێ). بەم پێیە هونەر وەك وەستایەتییەك بۆ كاركردن لە كەرەسەدا و بەدیهێنانی مەبەستێك دادەنرا (...). لە راڤەكردنی تۆپۆگرافیانە و ئەدەبییانەی بەرهەمە هونەرییەكاندا، لەژێر كاریگەریی ئەنتیكە و بەتایبەتی بێزەنتدا، گرنگی بە فۆرمی جوان دەدرا. دووەم كۆنسیلی نیزێئا ساڵی ٧٨٧ پەیوەست بە پرسیاری وێنەوە ئەوەی تەسدیق كرد، كە وێنەسازەكان تەنها ئارس (ars)، واتا پیشەی دەستی، ئەنجام دەدەن، بەڵام بە پێچەوانەوە كەسانی كلێسە، كە كاری هونەری وەك راسپاردە بە



هونەرمەنـدان دەدەن، موساهەمەی لایەنـە داهێنەرییەکـە و ترادیـسیۆن دەکـەن. ئـەم جۆرە تێگەیـشتنە لـە پەیوەنـدیی نێـوان هونەرمەند و راسپێرەری کاری هونـەری بـە درێژایی چەرخی نێڤین واتا بناغەییەکەی پاراست. لێرەدا تەنها تەلارسازی پایەگایەکی شاز وەردەگرێ، کە لە بەشە زانستییەکانی حەوت هونەرە ئازادەکە نزیکتر دادەنرێ، جا گەرچی تەلارسازی بۆ مەبەستی پراکتیکی بەگـەڕ دەخـرێ. بناغـەکانی ئێـستێتیکی چەرخی نێڤین، کە هەتا سەدەی چواردەیەم چـوواندیان مـابۆوە، لـە لایـەن هزرڤانانی سـەرەتای دیانییـەوە دارێـژران، لەوانـە ئۆریگینێس (١٨٥-٢٥٤)، ئۆگوستین (٣٥٤-٤٣٠)، پـسیۆدۆ دیۆنیـسیوس ئاریۆپاگیتا (کۆتایی سـەدەی پێنجـەم هـەتا سـەرەتای سـەدەی شەشـەم)، ئەمـەش لـە خەریکبوونـی دیانییانـەدا لەتـەک پلاتۆنیزمـی نوێـی ئەنتیکەی دەمەو کۆتاییدا. ئەمان لە لایەك سەرجەم سروشتێتییان (سێنسێتییان) وەك ژێرپەڕین لە خوا دیاری کرد، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەو تێروانینەیان هەبوو، کە ئەنالۆژییەك (لێکچوونێك) لە نێوان بوونی ترانسێندێنت و ئەستووییدا، لە نێوان جوانیی خوایانە و زەمینیدا هەیە. لەمەوە گـرنگترین پرنـسیپەکان وەك سـەرەنجام کەوتنەوە:

١- لە روانگەی پسیۆدۆ دیۆنیسیوس (...) شتە دیارە زەمینییەکان بـرێتین لـە دەروێنەی "ناهاوشێوە هاوشێوەی" راستییە نادیارە خواییەکان. ئەم لە نموونەی تیشکی خـۆردا روونـی کـردەوە، کـە چـۆن ئەستوویەکی هەمیشە زۆرتر چـڕبۆوە پەخشانی (ئیماناسیۆنی) تیشکی خوایەتی لاواز دەکات، هەتا ئیتر ئاوها دەکەوێتەوە، کە ئەم تیشکە تەنها بە تاریککراوی، لە مەتەڵدا، دیار دەدات. لێرەدا "دەروێنە"ی سێنسی واتایەکی کەمتر لە "سەروێنە"ی هۆشەکی، کە لەنێو ئەو دەروێنەیەدا بە شێوەیەکی سیمبۆلی دێتە دارشتن، وەردەگرێ. ئەم پەیوەندییە پایەگاییە هەروەها لە پەیوەندیی نێوان پەرستنی (کولتی - و) کلێسەیی و هونەردا رۆڵێکی گێڕا. بۆ ماوەیەکی درێژخایەن پلەیەکی باڵاتری بوون و زانین و جوانی درا بە یۆکاریستی، بە شتە پیرۆزێنراوەکان، بە فەزا و ئامرازی کولتوور، وەك لەوەی بە هونەری شێوەسازی بدرێ، بە پێچەوانەوە، رۆڵە ئایینییەکەی (کولتییەکەی - و) هونەری شێوەسازی لە چەرخی نێڤینی سەرەتادا، بەهۆی یاساغی وێنەوە لە تەوراتدا، بابەتی دانوستاندن بوو. باسیلیوسی مەزن (٣٣٠-٣٧٩) و یۆهانس کریسۆستۆمۆس (٣٥٤-٤٠٥) وێنەیان وەك خشڵێکی فەزا دەنرخاند، یان وەك دەسوێژی یادکردنەوەی مێژووی بیبل و وەك وانەی نموونەیی بۆ نارۆشنبیران.

٢- دیاریکردنی ئالیگۆرییانەی جوانی وەك لێکچوو بە باڵاترین جوانیی خوا: جوانی برێتییە لە خاسییەتێکی ئۆبژێکتیڤییانەی بوون، کە هونەرمەند (ئارتیفێکس / artifex) دروستی ناکات، بەڵکو پێویستە لەسەری دیاری بهێنێ.

٣- جوانێتی (das Schöne) یەکسان بە کاتیگۆرییەکانی راست و چاك دادەنرێ. لەبەر ئەوەی جوانی وەك کامیلێتی پێناسە دەکرێ، ئەوا کەمترین شتەکانیش، بە خودی ئەستوو و خراپە و ناشرینیشەوە، خاوەنی جوانین، چونکە هەموویان جێگەیان لەنێو سەرجەمێتیی بە هێرارشیانە رێکخراوی (خلق)دا هەیە.

٤- دیاریکردنی ئاناگۆگییانەی هونەر. ئابت سوگەر ی سانکت دێنیسی (١٠٨١-١١٥١) دەنووسێ: "هۆشی لاواز بەرێی شتە ئەستوویەکانەوە رووەو راستی بەرز دەبێتەوە". هونەرمەند (ئارتیفێکس) ئەو جوانییە دەهێنێتە ئاستی بینینەوە، کە بوونێکی ئۆبژێکتیڤی هەیە، ئینجا دەشێ هۆشی مرۆڤ بەرێی قووڵبوونەوە (کۆنتەمپلاسیۆن) لە بەرهەمە هونەرییەکاندا رووەو تێگەیشتن لە جیهانی هۆشەکی (سەرسروشتی) ببرێ. لە کۆتاییدا لەنێو ئەم دیاریکردنەدا بەهایەکی بەرزتر لە زانینی (ناسینەوەی) ئاقڵانە بۆ دەرککردنی سێنسی دادەنرێ. قووڵبوونەوە (کۆنتەمپلاسیۆن)، وەك باڵاترین فۆرمی زانین، لە روانگەی ریشاردی سانکت ڤیکۆری (١١٧٣ مردووە) لە سەرووی هزرین (cogitatio) و لێهزرینەوەیە (meditatio). هەر بۆیە هونەر، جا گەرچی وەك پیشەی دەستی دانراوە، تەنانەت دەچێتە سەرووی زانستەکانەوە، ئەویش چونکە کایەی هۆشەکی (ئینتەلیگیبل)، کە لە بەردەم زەینی مرۆڤدا داخراو دەمێنێتەوە، بۆ مرۆڤ دەکات بە شیاوی لێڕوانین.

٥-تێروانینی فێرکارییانەی بەرهەمی هونەری. ئامانجی هونەر، کە رووەو ژیانی زەمینی ئاراستەدراوەو بۆ ئەم ژیانە پێیدەگەیەنێ، لەپاڵ فونکسیۆنی دیارهێنانی نادیاردا، رۆڵێکی سەرەکیی لەوەدا بینی، کە تێروانینەکەی خۆی وەك "یادهێنانەوەی هەقیقەتەکان" دیاری بکات (...). ئەم تێروانینە رەوایەتی بە دارشتنی لاساییکەرانەی سروشت و گێڕەرەوانە دەدات و تەنانەت داوای دەکات، ئەویش تاکو رێکخراوی گەردوون، شوێنی سەرجەم شتەکان و مرۆڤ لە نێویدا، هەروەها شێوازە خوازراوەکانی رەفتار، بۆ جمهور روون بکاتەوە. هونەر گەرەکە لە روانگەی بێرنهاردی کلێرڤویی (١٠٩٠-١١٥٣) "لە بەردەم هۆشدا تیشك، نەرێتەکاندا فۆرم، گوناهەکاندا سزا، هەستەکاندا تەقوا، سێنسەکاندا بەخێوکردن، دابنێ".

٦- پێکهاتەی سەرەکیی جوانێتی، بە درێژایی چەرخی نێڤین، برێتییە لە جوانیی تیشکی ئەستوویی (سروشتی) وەك دەروێنەی تیشکی هۆشەکی. مێتافیزیکی پلاتۆنییانەی نوێی تیشك بەتایبەتی بەرێی یۆهانس سکۆتوس ئێریوگێنا (نزیکەی ٨١٠-دوای ٨٧٧)، کە بە وەرگێڕانی پسیۆدۆ دیۆنیسیوس هەستا و هەروەها راڤەی کرد، بوو بە ئاراستەدەرێك بۆ چەرخی نێڤینی ئەورووپی. لەنێو جوانیدا، وەك هێزی درەوشانەوە، جوانیی ئۆبژێکتیڤییانەی ئەستوو (هەتا ئەو رادەیەی بریسکاوە و بۆ تیشك شەفاف و بۆ پەرچاندن بە توانایە)، هەروەها کارکردنی تەکنیکییانە بە کەرەسەکان لە لایەن هونەرمەندەوە، کە دەبوو هەتا رادەی شیان درەوشێنەریان بکات، یەکیان گرت. گرنگیدان بە ئاڵتون، بە رەنگە درەوشاوەکان، بە بەردی بەقیمەت و کەرەسەکانی وەك ئالاباستەر و کریستاڵی بەردین، بەڵام بەتایبەتی لە شووشەگرتنی رەنگینی بینا پیرۆزە گۆتیکییەکان، سەراپا پابەندن بە تێروانینی مێتافۆرییانەی



تیشکەوە. تیۆرییەکان، وەك بەشی دانوستاندنە دژبەرە تیۆلۆژییەکان، لە رەوتی گۆڕاندا لە پاتریستیکەوە رووەو سکۆلاییزم و بەسەر ئەمیشدا، بە تایبەتی لە نێوان نۆمینالیزم و ریالیزمی فەلسەفییانەدا بەش بوون. لە تێڕوانینی جوانێتیی هونەردا لە لایەك دەنگە راسیۆنالەکان، لە لایەکی دی دەنگە سۆزمەند- میستیکییەکان، بەهێز بوون و پێزانینی سەربەخۆیی ئێستێتیکی پەرەی سەند (...). ئێستا گرنگترین مۆرکەکانی جوانێتی برێتی بوون لە تیشك و رەنگ، هەمەلایەنێتیی کەرتەکان لەنێو سەرجەمدا، کە هاوکات رەچاوی ئاگامەندانە و دانەوەی روودانگەی سروشتی لە خۆ دەگرێ، هەروەها رێژە هارمۆنییەکان، کە لەسەر بناغەی یاسا ماتماتیکییەکان بینا کرا بوون (...). لە لای تۆماسی ئەکوینی (١٢٢٤/٥-١٢٧٤)، کە لەژێر کاریگەریی ئەریستۆتێلیسدا بوو، ئیدیالێکی کلاسیکییانەی جوانی خۆی دەبینێتەوە؛ ئەم ئیدیالە رووی دەکردە روونی و کامیلێتی و رێکخراوی، کە بۆ تۆماس مۆرکەکانی جوانێتییان پێکدەهێنا، جوانێتییەك کە لەنێو مرۆڤدا ساتاربوونی زانینی دەرککەرانە دەهێنێتە گۆڕێ، ئەمەش بێگومان لەسەر بناغەی ئەو فۆرمە، کە پێزانانە شێوەنێراوە، بەڵام ئەو فۆرمە گەرەکە روون و دیاریکراو بێ. جیاکردنەوەی کاتیگۆرییەکانی چاك و جوان، نرخاندنی جوانیی ئەستوو لە رووی مەبەستەکەیەوە، برێتین لە نوێکارییە جەوهەرییەکان (...). بێنۆڤێنتورا (١٢٢١-٧٤)، لەپاڵ ئەقلگەرایی دۆمینیکییانەی تۆماسی ئەکوینیدا، نوێنەرایەتیی تێڕوانینی جوانیی وەك تیشك دەکرد، کە، بە گوێرەی سۆزمەندیی فرانسیسکوسیانە، وەك گەیاندنی دەروون بە خوا، لە مەغزایەکی ئاناگۆگیدا، شیاوی لێتێگەیشتنە. بەڵام لایەنی هاوبەشی تۆماسی ئەکوینی و بێنۆڤێنتورا برێتییە لە تیۆریی وێنەی کۆپیکەری روودانگە؛ وێنەکان گەرەکە شت و حاڵەتەکان لە فۆرمێکی کلاسیکییانەی دیسپلینەکراودا لە سێنسەکانی لێڕوانەر نزیك بخەنەوە (...).

فەرهەنگۆك

- ئالاباستەر: (رخام ابیچ)
- ئاللێگۆری: (شوبهاندن)
- ئاناگۆگی: بەرزبوونەوە بۆ روانین لە خوایەتی
- پاتریستیك: زانیننومای باوکانی کڵێسە
- ترانسێندێنت: تێپەڕیو لە جیهانی ئەزموون (سروشت)
- تۆپۆگرافی: راڤە و دارشتنی ناوچە جیۆگرافیەکان
- تیۆلۆژی: زانستی لێکۆڵینەوە لە خوا
- ریالیزم: ئەو ئاراستە هزرییەی چەرخی نێڤین بوو کە هەقیقەتی بە ئیدێکان دەدا نەك بە جیهانی ئەزموون
- سکۆلاییزم: ١) شێوازی فێرکاریی چەرخی نێڤین؛ ٢) شێوازی هزرینی چەرخی نێڤین
- سێنس: (حاسە)
- کۆنسیل: ئەنجومەنی پیشۆف و رابەرانی دیکەی کڵێسەی کاتۆلیکی
- گۆتیك: ستیلی هونەریی ئەورووپی لە ناوەڕاستی سەدەی دوازدەیەمەوە هەتا کۆتایی سەدەی پازدەیەم
- مێتافۆر: (مجاز)
- نۆمینالیزم: فەلسەفەی ناوگەرایی
- یۆکاریستی: خواردنی پیرۆزی ئێوارە وەك پەنتی نیوەندیی خواپەرستیی کڵێسە (نان و شەراب)



سدیق عەلی

# فیستیڤاڵەکانو پەتای رازی نەبوون

لە هەموو فیستیڤاڵە ئەدەبییەکاندا، هەموو بەشداربوان خەڵاتی یەکەم نابەن، چونکە ئەگەر هەموان یەکەم بوون، واتە پێشبڕکێ نەکراوە، بەڵام گرفتی سەرجەمی فیستڤاڵو پێشبڕکێ ئەدەبییەکان هاوبەشە، کە ئەویش ئەوەیە تەنها خاوەنی دەقەکانی یەکەمو دووەم لە بەشی خۆیان رازینو ئەوانی تر دەکەونە گلەییو گازندە، لێرەدا ناچمە نێو بابەتی جیاوازیکردنی ئەو لیژنە بەڕێزانەی هەڵسەنگاندن دەکەن، کەچۆن زۆرێکیان لە پێشبڕکێی دەقەکان دەردەچنو دەچنە نێو پێشبڕکێی هاورێیەتیو کۆمەڵێك شتی تر..بەڵکو دەمەوێت لەسەر ئەو بەڕێزانە بدوێم کە خەڵاتی یەکەمو دووەمیان نەبردووەو یان بێ خەڵات ماونەتەوە.

هەندێك نووسەر راهاتوون ئەو کاتەی دەیانەوێت بەشداری بکەن، گریمانەی وەرنەگرتنی پلە بۆخۆیان دادەنێن ، بۆیە هەر لە سەرەتاوە خۆیان بۆ وەرگرتنی هیچ خەڵاتێك ئامادە ناکەن، چاوەڕێی ئەوەن کۆتایی بێتو ئاکامەکان ئاشکرا بکرێن، دوای ئەوە راستەوخۆ بە چەند بروبیانوێك دەکەونە باسی هەڵسەنگێنەرانو ئەوەیان لەبیر دەچێتەوە بەراوردێك لەنێوان دەقی خۆیانو خاوەن خەڵاتەکان بکەن، هەندێك جار رێك دەکەوێت دوو کەس یەکەمو دووەم بن، کە ئەمە بەلای منەوە جۆرێکە لە رازیکردن، بەڵام هەردوو یەکەمو دووەمەکەش دەکەونە گلەیی کردن لەبە ختی خۆیانو پێی رازی نین .

بەشێوەیەکی گشتی پێشبڕکێی ئەدەبی لەجیاتی ئەوەی جۆرە تەکانێك بە رەوتی ئەدەب بدات، بگرە جۆرە کینەیەك لە دڵی بێ خەڵاتەکاندا دروست دەکاتو هۆکاری ئەمەش بۆ کورتبینی لیژنەکان دەگێڕنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێك هەن مەبەستی سەرەکیان بەشداریکردنەو بڕۆکەی پلە لە مێشکیاندا هەر نیە، من ئەوەندەی بەشداری پێشبڕکێکانم کردبێ، هەستم بەو نەخۆشیە کردووە، کە زۆرێك لە ئەدیبە بەڕێزەکان هەیانەو ناتوانن خۆیانی لێ دەرباز بکەن، بۆیە بەپێویستی دەزانم وەسیەتی ئەوە بکەم، کە نابێت بەهیچ شێوەیەك بە شەرتی خەڵات بەشدار بینو ئەو کاتەش دەچینە پێشبڕکێوە دەبێت ئاکامەکەی قبوڵ بکەین، بە هەموو کەمو کورتیەکانیەوە، با لە بەرژەوەندی خۆشمان نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو راستیە بزانین کە پێشبڕکێ لەنێوان تێکستەکاندایە، نەك خاوەنەکانیان، لیژنەش ناتوانێت بڕیار لە سەر ئاستی خاوەنی دەقەکان بدات، چونکە لە یەکێك لە پێشبڕکێ گەورەکاندا کەسێك وەرنەگیرا، بۆ ساڵی ئاییندە کرایە لیژنە لە هەمان پێشبڕکێ. ئیتر کە ئێمە پێمان وابێ قەدەری ئێمە جۆرە ئەدیبێکی لەو شێوەیە دەستنیشانی دەکات، ئەوا پاڵی لێ بدەینەوە باشترەو نەچینە نێو ئەو پێشبڕکێیانەوە.

# خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی ( سر زمین جاوید)

ئەردەلان مام وسو

ئاشكرایە كە هەر گەلێك پێویستی بەهەرچی زۆرو زۆرتر شارەزا بوونە بە نهێنیەكانی مێژووی خۆی‌و هاوسێكان‌و گرێدانی ڕابردوو بە ئێستا بۆ دابینكردنی داهاتوویەكی سەركەوتوو، لەم روانگەیەشەوە زۆرن ئەوانەی بێ ووچان لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستیەكان‌و لایەنە شاراوەكاندا بوون‌و بۆ ئەم مەبەستەش دەیان ئەركی قورسیان گرتۆتە ئەستۆ. دوای پێ نانە ناو كتیبخانە گەورەكانی جیهان مرۆڤ هەست بە كۆمەڵێك شتی وون بوو دەكات لە بوارە جیاجیاكانی گەلەكەمان، لەوانەش مێژووی گەلە ستەمدیدەكەمان. كە بەخۆشحالیەوە هەرچە ند خومان كەم‌و زۆر هەوڵی بە دواداچوونمان داوەو زاناو مامۆستایانی بەرێزمان درێغییان نەنواندووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەن لە رۆژهەڵاتناسان كە تارادەیەك یارمەتییان داوین. لەوانەش كۆمەڵێك لە رۆژهەڵاتناسان كتێبی بەناوبانگی(سر زمین جاوید) واتە ( سەر زەمینی پایەدار)یان وەك بەرهەمێكی باش خستەسەر خەرمانەی كتێبە مێژوویيەكان، كە بێ شك لەلایەن ئێمەشەوە دەكرێت سوودی لێ وەربگیرێت. پەرتووكی ناوبراو یەكێكە لەم پەرتووكانە كە نهێنی زۆری بە ووردەكاریەوە بۆمان ئاشكرا كردووە لەسەر مێژووی ( ئێران زەمین )١، واتە ئێرانی بەر لە هەزاران ساڵ ، نەوەك ئێران بەو قەوارەو سنوورانەی ئێستا هەیەتی،(سەر زمینی پایەدار) لە نووسینی سێ نووسەری بلیمەت‌و بەناوبانگی رۆژهەڵات ناس كە بریتین لە ( ماریژان مۆلەو هێرتز فێلدو گیر شمەن)و بە زوبانی ئینگلیزی نووسراوەو وەرگێردراوەتە چەندین زوبانی زیندووی جیهان وەك زوبانەكانی ئەڵمانی‌و فەرەنسی‌و روسی‌و فارسی‌و.... هتد، وەرگێرانی بۆ زوبانی فارسیش لەلایەن مێژوو نووسی ئێرانی خوالێخووشبوو دكتور(ذبیح الله منصوری )٢ كراوەو وەرگێر بەشێك لە بیروڕای خۆشی لەناویدا گونجاندووە واتە تەنها وەرگێرانێكی ئاسایی بۆ نەكردووە، ئەم پەرتووكە بە گشتی پێكهاتووە لە ( ٤ ) چوار بەرگی قەوارە گەورە كە سەرجەمی بریتیە لە (٢٥٢٢) لاپەڕەو زیاتر لە سەد بەش لەخۆ دەگرێت، بۆ جاری یەكەم لە ساڵی (١٣٧٠ )ی كۆچی هەتاوی بەرامبەر (١٩٩١)ی زاینی چاپی فارسی كەوتۆتە بازارو لەماوەی(١٢) ساڵدا واتە تا كۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ ی زایینی (١٤) جار چاپ كراوەتەوە، نووسەران لە بەشی یەكەمی ئەم پەرتوكەدا كە پێكهاتووە لە (١٥٨) لاپەرە بە كەڵك وەرگرتن لە سەرچاوە مێژوویەكانی زیندووی دنیا وەك ( ئینگلیزی‌و فەرەنسی‌و ئاڵمانی‌و چینی)و سەرچاوەكانی دیكە لە زمانەكانی (سانسكریت، پەهلەوی‌و یۆنانی كۆن‌و لاتینی‌و پاشماوەكانی كە تیبە مێژوویيەكانی ئاشووری) هەوڵیان داوە كە ئێرانی ئەوسا بە سەرچاوەی سەرەكی ژیان‌و لانەی شارستانیەت دانێن‌و پشتیان بە زۆر بەڵگەو پەرتوكی دیكە بەستووە، لەم بەشەدا نووسەران بە گشتی سەرەتا لە شێوەی بەڕیوەچوونی ئێران‌و دواتر لەدەسەڵاتی هەردوو رەگەزی مێ‌و نێر دەدوێن تا ئەو رادەیەكە بە بروای ئەوان لە سەرەتادا ئافرەت دەسەڵاتی پترى بووە لە پیاو كە ئەمەشیان گەڕاندۆتەوە بۆ بارووددوخی ژیان بەتایبەتی پێكهاتەی خۆراكیان، نووسەران لە پەرتووكەكەیاندا پشتیان بە زیاتر لەسەدان سەرچاوە بەستووە، كە زۆرینەی سەرچاوەكان دەگەڕینەوە بۆ مێژووناسە بەناوبانگەكانی سەدەكانی بەر لەزایین‌و دوای زایین‌و ناوەڕاست‌و ئێستا، جگە لە مانە ئەوان زۆر بە ووردی هەوڵی بەراووردكردنی پێشكەوتنەكانی كۆمەڵگەی ئەوسای یۆنان‌و ئێران دەدەن‌و لەم بوارەشدا وەرگێڕ زیاتر لە نووسەران هەوڵیداوە كەپێشبڕكێكە لە هەموو بوارەكاندا بۆ ئێرانیەكان بگەڕێنێتەوە، دواترلە بەشێكی دیكەی پەرتووكەكەیاندا دەكەونە بەراووردكردنی بەشیكی لادێ نشینی باشووری وڵاتی فەرەنساو باكووری ئێران واتە(رەشت‌و گێلان)، شێوەی خۆراكیان كشتوكاڵیان دەخەنە بەراوورد وەك دیاریان كردووە زۆربەی خۆراكەكانیان لێكچووەو لەبواری كشتوكاڵیش ئەو دانەوێلانەی كە بەرهەمیان دێنن بەرادەی یەكجار زۆر یەكنۆ تەنانەت شێوەی دروستكردنی خانووشیان وەك یەكە. نووسەران بڕوایان وایە كەكاتی خۆی گات زۆر گرنگی بە كشتوكاڵ داوەو كۆمەڵێك لە جوتیارەكانی سنووری باكووری ئێران كە ژمارەیان مەزەندە دەكرێ بە ١٠٠٠ كەس ناردووە بۆ فەرەنساو هەمان ژمارە جووتیاریشی لە ئەوێ گواستووتەوە، كە ئەمەش وایكردووە كە ئەم لێكچوونە رووبدات. لەلایەكی دیكە نووسەران بیروڕای هاوبشیان وایە كە گاتاكان كۆنترین كارە ئەدەبیەكانی ئێران‌و لەوەشدا رای ریچارد فرای مێژوناسی بە ناوبانگی ئەمریكی هاورایە لە گەڵ ئەواندا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش كە باسمان لێوەكردن نەتەنیا نووسەران بەڵكو وەرگێریش هەوڵیان نەداوە ئێران بەتەنیا بەیەك نەتەوەوە ببەستنەوە. دوای لاپەرەی (١٥٨) دێنە بەرباسی دامەزرانی دەسەڵاتی یەكپارچە لە ئێران. وەك ئاشكرایە بەرلەپاشایەتی هەخامەنشیە بەرەچەڵەك فارس‌و ئاریەكان، دەسەڵاتی مادەكان لە ئێران دەست پێ دەكات، كە هاتنی ئەوان وەك دەردەكەوێت دوای هاتنی (گات) بووە كە ئەوسا پاشای ئێران بووە. ئەوەی لێرەدا بەر دیدەی خوێنەران دەكەوێت هەوڵی یەكالاكردنی پەیوەندی گات‌و (زەردەشتە) كەبەبڕوای نووسەران بە گریمانی زۆر هەریەك كەس بوونە، بۆ ئەم بابەتەش پشتیان بە مێژووی نادیاری هەردووكیان بەستووە كە لەیەك كاتی دیاریكراودا بوونەو جگە لەمەش دروشم‌و شێوەی كاركردنیان یەك بووەو لەمانەش گرنگتر كەبەشی بەرچاوی ئاڤێستا لە (گاتا ) كان پیكهاتووە كەنووسینە ئەدەبیەكانی گاتا.بە داخەوە وێرای هەولی زوریان، نەیانتوانیوە بە دروستی سالی لە دایك بوونی زەردەشت‌و ژیانی دیاری بكەن، بەلام هەموویان كۆكن لە سەر شوێنی ژیانی كە دەكەوێتە رۆژهەلاتی كوردستان‌و پەنا دەریاچەی وورمێ. نووسەران بروایان وایە كە ئەوسا پێغەمبەرایەتی‌و پاشایەتی بەیەكەوە بووە بۆ پێغەمبەرەكان، هەربۆیەش پێیان وایە كە زەردەشت وێرای پێغەمبەرایەتی، پاشاش بووەو بۆیە هەرهەموویان هاوران لەوەی كە گات‌و زەردەشت هەر هەمان یەك كەسن. تا كۆتایی زۆر بەووردی‌و بەجوانی دەكەونە شیكردنەوەی قۆناغەكانی مێژووی ئێران لە دامەزراندنی دەوڵەتی ماد لە ( ٧٠٠ ) ساڵ پێش زایین تا ( ٣٧٩ ) زایینی، كاتی كۆچی ( شاپوری دووەم ) پاشای ساسانی، واتە ( ١٠٧٩ ) ساڵ بە باشی شیدەكاتەوە، یەكێكی دیكەلە هەوڵەكانیان لە بارەی مێژووی كۆنی ئێران‌و ناوی پاشاكانی ئێرانە كە تیایدا راستەوخۆ پشت بە ئاڤێستا دەبەستن. دواتردێنە سەر بابەتی بەراوورد كردنی ناوی پاشاكان لە ئاڤیستاوشاهنامەدا، نووسەرەكان پێیان وایە كە زوبانی نوسینی ئاڤیستا بە جوانی خوێندنەوەی بۆ نەكراوە یان وەك پێویست شارەزایی لەوزوبانە نەبووە بۆیە ناوەكان لە شاهنامە داو لە ناو خەڵكی دا گۆڕاوەو هەركەسەو بەجۆرێك ناویان دەبات‌و ئەو ناشازیە بەم شێوەیە بەرهەم هاتووە.لەمەشدا وێرای ئەوەی شاهنامە بە بەرز دەنرخێنن، تانەش لە فەردووسی دەدەن كە تریش تێكەلی كردووە

بە ئەفسانەو چیروك. دواتر نوسەران دێنە سەر باسی ئاشوورو دەسەلاتەكانیان، وەك لای هەموان ئاشكرایە ناوەناوەو پەیتاپەیتا لەشكری ئاشوور هێرشیان بە چواردەورەی دەسەلاتیاندا كردووە، بەردەوامی هێرشەكانیان تەنانەت (هەكماتانای)٣ناوەندی دەسەلاتی مادەكانیش دەگرێتەوە تا ئەو رادەیە كە لە زۆربەی هێرشەكانیان وەك نووسەران جەخت دەكەنەوە بە سەدان ئەسیریان بردووتەوەو جۆرەها ئازارو ئەشكەنجەیان پێ داون و ئەوەندە كاری سەختیان پێكردوون تا گیانیان دەرچووە، ئەمەش والە پاشای ئەوسای ماد كە ناوی (كێومەرس)٤بووە دەكات كە بیر لە دروست كردنی دیوار بە دەوری پایتەختەكەیدا بكاتەوە.دوای كێومەرس تا دەگاتە سەردەمی دەسەلاتداریەتی (هووەخشتەر)٥ لە دەسەلاتی مادەكاندا خوێندن وەك نووسەرانی پەرتووكەكە باسی لێوە دەكەن بۆ هەردوو رەگەزی مێ و نێر بە شتێكی پێویست دانراوە. جگە لە مە راهێنانی لەشكری بۆ سەربازانی ماد هەبووەو لەشكریش خۆراكی لە سەر دەسەلات بووە، لەم بوارەدا نووسەران هاوبیرن كە وەك هەندێ جار گووتراوە ناپلیون یەكەم كەس بووە كە ئەم نەریتەی داناوە بەم لە *راستیدا زور بەر لەو مادەكان پێرەویان كردووەو تەنانەت خزمەتی سەربازی ئیجباری بووە*.دەسەلاتی ماد لە سەردەمی ئەم پیاوەدا زور فراوان بووەو توانیویەتی كۆتایی بە دەسەلاتی ئاشوور دێنێت وپایتەختەكەیان داگیر دەكات بەلام هەولی نەداوە كە كەس ئازار بدات،لە گەلٚ ئەوەشدا كە پاشای ماد یەزدان پەرەست بووە واتە بروای بە تاك خوایی بووە بەلام نە تەنیا رێگای لە بەردەم ئاییندارای ئەوان ئازاد دەكات بەلكو بتەكانیشیان ناشكێنێت. وەك نووسەران باس دەكەن دروست كردنی جادەی ناو شار لە هەمەدانی ئەوسا باوبووەو پانایشیان بە پێوەری ئێستا دەكاتە ٦مەتر،دەسەلاتی هووەخشتەر لە(٥٨٤پ.ز)كوتایی پێ دێت.

هەولێكی زۆری نوسەرانی پەرتووك لە ئارادایە بۆ راست كردنەوەی بابەتی ئەفسانە یان چیروكی (كاوەو زەحاك)،لە لای ئەوان دوا پاشای ماد ناوی (ئایشتوو گۆی چوارەم) بووە كە ناوی دیكەی دیاری ناوبراو (ئاسیتیاك) بووەو لە هەمانكاتدا (زی داك) یان (زی ئاك )پاشای (هەپتالەكان)بووە كە دانیشتووی سەرووی قەوقازیا بوون، عەرەبەكان ناوی (زی ئاك)یان بە زەحاك بردووەو(كاوە )هەمان (كوروش )كوری (كەمبوجیە) زاوای (ئاستیاك) بووە،بە گشتی دان بە رووخاندنی دەسەلاتی مادەكان بە دەستی كاوە لە لایەك و هەبتالەكان لە لای دی دەنێن و لە هەمانكاتیشدا پاشای مادەكان دوور لە ستەمكاری دادەنێن و بە پێچەوانەوە پێیان وایە كە پاشایەكی زۆر كارامەو پاك و دادپەروەر بووە، بەلام (زیداك) ستەمكار بووەوكورد بوونی ناوبراو راستی تێدا نییە ٦ لەم پەرتووكەدا نزیكەی ١٥٠ لاپەرە تەنها لە سەر مادەكان نووسراوەو بابەت و باسی باشی تێدایە لەم بابەتە. نووسەران پشت بە نوسراوو بلاوكراوەو بیروراكانی مێژووناسانی جیهان دەبەستن لەوانەش ( ئەفلاتۆن، هێرودۆت و گەزنەفۆن ودیودۆری یۆنانی، جۆرج دیمیریل و دوكەن گێلەنی فرەنسی، هارماتاو ویلیام بایلی و زنرالٚ گوردۆنی بەریتانی، ویكاندەرو كروس و هی نینگی ئالمانی، ریچارد فرای وهارولد لەمبی ئەمریكی، زۆستینی اسپانی، ئانیبالی سەردارو لئونیداسی پاشای كارتاس،گرانتۆسكی روسی و خانتۆسی لیدی ) و ... هتد،هەرچەندە بە بروای هەندێكیان افلاتوون ئێرانیەكانی خۆشنەویستووە، بەلام زۆر بە راستگۆیی لە بارەیانەوە دواوە. لەم بەلگە مێژووییەدا زۆربەی بوارەكانی ژیانی كۆمەلگای ئێران لە دەستپێكی شارنشینی تا ٣٧٩دوای زاینی خراونەتە بەرباس و لە ناویشیاندا وەك باسمان كرد خۆشبەختانە بە باشی مێژووی پاشاكانی(ماد) باس كراوەو دەكرێت بەشێكیان بەزانستی و باش وەربگیرێن و سوودی باش لێ یان بۆ دۆزینەوەی بەشە وونبووەكانی مێژوومان ببینین، جگە لەمەش بەجوانی باس لەسەرجەم رووداوە گرنگە مێژوویەكانی كە بوونەتە هۆی دروست بوونی گۆران لە مێژوو لەم پانتاییەدا دەكات، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەكات كە ئێرانی ئەوسا بەر لە هاتنی ئیسلام خاوەن شارەستانیەتی بەهێزبووەو ئەم شارەستانیەتەش بۆتە پالنەر بۆ شارەستانیەتی ئیسلام بۆ بە هێزبوونی، بەداخەوە خوالێخۆشبوو ( ذبیح اللە منصوری ) بەر لەوەی كە چاپی بەرهەمەكەی خۆی ببینێت كۆچی دوایی كردووەو دوای ( ٥ ) پێنج سالٚ لە كۆچی یەكجارەكی ناوبراو لە سالی ( ١٩٩١ ) بە چاپ گەیشتووە .

پەراوێز ەكان/

١ ــ ئێرانی ئەو كات پێكهاتبوو لە ( ئێرانی ئێستا ، اذزربایجان ، تاجیكستان ، ازبكستان ، بەشێك لە پاكستان و افغانستان و بەشێك لە عێراقی ئێستا ) .

٢ خوالیخووشبوو یە كیك بووە لە ماندوونە ناس زانایانی بواری ایران ناسی و میزووناسێكی مە زن بوو كە بە داخە وە بە ر لە بە چاپ گە یشتنی دواپین بە رهە می كوچی دوایی كرد.

٣ ناوی ئێستای ئەم شارە هەمەدانە وئێستا پارێزگایەكی دیاری ئەم ووەلاتەیە.

٤ یۆنانیەكان ناوی كێومەرس بە (دیكوس)دێنن وكاتی دەست پێ كردنی دیوارەكەبو٧٠٠ پ.ز دەگەرێننەوە.

٥ یونانیەكان پێیان وایە كە هەمان جەمشیدە و مانای ناوەكەشی (هەتاو)یان سەرپەرشتیاری شاربووە.

٦ جگە لەمێژوو نووسانی ئەوروپی وئەمریكی هەریەكە لە (ابوریحان بیرونی،دینووری و ابن الاسیر) ئەم بابەتە پشت راست دەكەنەوە.



# کەسایەتیەکانی دەڤەری ڕاپەڕین

## مەحمود حەسەن ١٩٢٧ - ٢٠٠٢



**کامەران عەبدە ساڵح**

هەرکاتێك باس لە بزوتنەوەی جوتیاریی لە دەڤەری ڕاپەڕین بکرێت، بێ سێودوو ناوی کەسایەتیو خەمخۆری مافەکانی جوتیاران (مەحمود حەسەن) دێتەگۆڕێ، ئەو مرۆڤێکی خۆنەویستو داکۆکیکارێکی سەرسەختی چەوساوان بوو، ئەگەرچی لەو پێناوەدا دوچاری چەندین کێشەو دژایەتیکردن بۆوە، بەڵام هەرگیز کۆڵی نەداو تا دواهەناسەکانی ژیانی بەردەوام بوو لەسەر هەوڵەکانی. گووتن لەئاست ئەو کەسانەی کە ڕۆژێك خەباتگێڕو سێبەری باڵای ویستی مافو داهێنانی ڕۆشنبیریی ناوچەکەیان بوونو هەردەم لە خەمی تۆمارکردنی ڕووبەرێك بوون لە کێڵگەی بەرخودانو دڵسۆزی بۆ بەشمەینەتان، هەرگیز ویژدانیان ڕێگەیان بەو هێزە خەوتووە نەداوە کە توانای مرۆڤ بەرەو لاوازی خەوبردنەوە دەباتو لەژینگەی بیرکردنەوە ئایندەیان بەرەو کزی دەبات، کارێکی هێندە سانا نیە.

هەر کاتێك مرۆڤ بیەوێت خۆی لە وەهمی لابەری لاداتو مەبەستی بێت بینایەکی جوان بنیات بنێت دەتوانێت خۆی لە ئەفسانەی تاریکی ڕزگار بکات، تەمەنێك بخوڵقێنێت کە ژیان مەبەستییەتیو توانای دەروونمان گوێ بگرێت لە ئەزموونی هەوڵدانەکانمان بەرامبەر خۆڕاگرتنو شان بەردانەبەری ئەو ڕاستییانەی قووڵیی هەمیشەیی گەڕانمان لە بناغەوە نیشانی ئایندەمان دەدات. خوالێخۆشبوو (مەحمود حەسەن) ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی (سرێجە)ی سەر بە قەڵادزێ لەدایکبووە، هەر لەمنداڵییەوە بە کاری کشتوکاڵییەوە خەریك بووە، هێشتا هەر لاو بووە کە وەك جوتیارێکی ڕۆشنبیر لە چەندین کەناڵی جیاجیاوە هەوڵیداوە هاوپیشەکانی خۆی لە مافو پێداویستیەکانیان ئاگاداربکاتەوە تا ئامادەیان بکات بۆ ڕووبەڕوبونەوەی دەرەبەگەکانو ڕەتکردنەوەی ئەو یاسا کشتوکاڵیانەی کە لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە بەناوی چاکسازی کشتوکاڵییەوە دەردەچوون، کە لە ڕاستیدا زەوتکردنی مافەکانی جوتیاران بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەسەڵاتدارانی میری هەوڵی دەستگیرکردنی بدەن، بۆیە ناچاردەبێت لە ساڵی ١٩٦٠دا ناوچەکەی خۆی جێبهێڵێتو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ ببێت. دوای دەرچونی بەیاننامەی ١١ی ئازار گەڕاوەتەوە زێدی خۆی . دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولیش، بەردەوام دەبێت لە خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی جوتیاران. لە بەرواری ١٨ی ئابی ١٩٨٩دا لەلایەن دەزگاکانی ئەمنی بەعسەوە دەستگیردەکرێتو ڕەوانەی (محکمة الثورة) دەکرێت لە بەغدا، دوای ئەوەی کە ناتوانن تاکە وشەیەکی پێ ئاشکرابکەن، لە ساڵی ١٩٩٠دا ئازاد دەکرێت. جگە لەمانەش، چەندین جاری دیکە دوچاری گرتنو ڕاوەدونانو تۆقاندن بۆتەوە، بەڵام ئەو هەر سوور بووە لەسەر هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە وەك مرۆڤێکی زەحمەتکێشو چینی پرۆلیتاریا لە ناخەوە بڕوای پێ هەبووە.

بەداخەوە، دوای تەمەنێك لە هەوڵو تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی داخوازیەکانی جوتیاران، ساڵی ٢٠٠٢ لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردین. ئەگەرچی ڕۆیشتو بەجەستە جێی هێشتین، بەڵام تا دنیا دنیایە ناوو جێدەستی ئەو لە بواری بزوتنەوەی جوتیارییدا لە ناوچەی پشدەرو سەرجەم ناوچەکانی دیکەی دەڤەری ڕاپەڕین هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوە.

# ئەو پیاوەی نەمبینیەوە

عومەر حاجی

بەرلەوەی ئەو سەر بکەوێت بۆ تەنها ساتێکیش بیرم لە پیریەتیو ئازارەکانی نەکردبۆوە، کە سەرکەوت سەرگەرمی خەیاڵو دنیا بینی خۆم بووم، لە پەنجەرەکەوە لە خۆرم روانی کە دوایین تروسکەکانی خۆی بەسەر بەرزی چیاکەوە مابوون، گەواڵە هەورێکیش کە دەمێك بوو لە ئاسمانی شار لەنگەری گرتبوو بەگرمە گرمێك ئاوپڕژێنی شاری دەکرد، شار پڕاوپڕ بوو لە بۆن، پڕ بە سیەکانم بۆنی ئەو خاکەم هەڵدەمژی کە دەمێك بوو لە چاوەڕوانی دابووم دەمگوت چاوەڕوانی بۆنی خاك لە هەموو ئەو چاوەڕوانیانە جوانترە کە لە ژیان هەن، چونکە جارێکی دی لەگەڵ خاکدا ئاشتمان دەکاتەوە. بەرێکەوتین سەرنجی هەموو ئەو تنۆکە بارانانەم دەدا کە بە دەوری گڵۆپەکانی سەر شەقامەکەدا دەهاتنەخوار لە تروسکەی ئەستێرە دەچوون.

لەوبەر شەقامەکەوە چەند گەنجێك بەسەر شۆستەی شەقامەکەدا دەڕۆیشتن چەترەکانیشیان هەڵنەدەدا سەرسام بووم لەبەر خۆمەوە دەمگوت رەنگە لەخۆشی نۆبەرەی باران بێت.. نا رەنگە ئەوانە سوهرابی بن بۆیە چەترەکانیان هەڵنادەن تا سوهراب تورە نەبێ لەژێر رەحمەتی باراندا دەڕۆن تا باران روحیان پاك بکاتەوە. دوای تێپەڕبونم لە ئەوان سەرنجی تەماشام بە هەموو دونیادا دەگێڕا دەتگوت لە ئەزەلەوە کوێر بوومو تازە بینای چاوانم بە دونیادا کردونەوە، لە وێستگەی یەکەم پاسەکە وەستا جابیەکە هاواری کرد دابەزین هەیە..؟ کەس وەڵامی نەدایەوە کەسیش سەرنەکەوت.ئەوەی لەم ئێوارەیەدا هەموو نیگاکانمی لە دەوری خۆی کۆکردەوە پەپولەیەك بوو! لەم پایزەدا وێڵ بوو بەدوای ماچی پەڕەی گوڵدا، بێهیوا لە باخچەی ماڵەکانی ئەو بەرەوە بۆ باخچەی ماڵەکانی ئەم بەری شەقامەکە دەپەڕیەوە دەیویست بەرلەوەی پایز بیانخنێکێنیو باران مژدانەی مەرگیان بداتێ پێیان بڵێ گوڵەکان ماڵئاوا تا ساڵێکی دیکە یەکتری نابینینەوە وەلێ پاسەکەمان نەیهێشت پەیامەکە بگەیەنێو ماڵئاوایی بکا باڵەکانی لێك با هەڵدا، مەرگی پەپولەکە نیگەرانی کردم بەڵام لەو زیاتر خەمی ئەو گوڵەم بوو کە لە چاوەڕوانی ئەودا دەسوتا لە وێستگەی دووەم پاسەکە وەستا، جابیەکە دووبارە هاواری کرد دابەزین هەیە؟ کەس وەڵامی نەدایەوە. پیرەمێردێکی نورانی بە ریشێکی سپیەوە سەرکەوت بە نەشئەیەکەوە سڵاوی کردو تا دوایین کورسی پاسەکە نەوەستا لە دوای منەوە دانیشو رۆیشتینو شۆفێرەکە دوگمەی تەسجیلەکەی داگرتو عەلی مەردان دەستی پێ کرد (کەی دێتەوە.. کەی دێتەوە.. کاتی لاویم کەی دێتەوە) من تا ئەو کاتە لە دونیای خۆمدا دەژیام لە هەموو شتە جوانو ناشرینەکانی ژیان وورد دەبوومەوە، دوای ماوەیەك لەپڕ گوێم لە هەنسکی گریانێك بوو! کە ئاوڕم دایەوە، خاڵە پیرە سەر کوڵمە خوێن تێزاوەکانی شەلاڵی فرمێسك ببوو، دیار بوو پێش ئەوەی من ئاوڕ بدەمەوە بەبێدەنگی زۆر گریابوو، عەلی مەردان پیاسەیەکی بەناو یادگاری کوچەو کۆڵانەکانی گەنجێتیدا پێ کردبۆوە، دوای ئیستێك جگەرەیەکی داگیرساند مژێکی قوڵی لێداو لەبەر خۆیەوە دەیگوت چەند درۆیەکی گەورەبوو کە گووتیان لە تەمەندا رۆژێك نیە عیشقی تێدا ئاوابێ ئاخر حیکمەتی هاتنی من بۆ سەر ئەم زەمینە چیە..؟ ئاخر من بۆ ئینسان بووم..؟ (دەستی بۆ ئەو سنەوبەرانە درێژ کرد کە لە جەزری شەقامەکەدا چێندرابوون) من بۆ دارسنەوبەرێك نەبووم تا بۆ ئەبەد بە گەنجی ژیابامو شەڕی پایزو پیریم کردبایە.. سەیرکە چەند سەزو جوانە تەسلیم بە واقیعی پایز نابێو هەر بە سەوزیو گەنجی دەمێنێتەوە، تەماشای ئەو گەڵایانە بکە چۆن مەرگ دەست بەرداری ژیانیان دەکاو بێبەشیان دەکات لە سەمای کزەبایەکی ئێوارە وەلێ ئێمە لە پیاسەی ئێوارانداا بە سادەیی پێ لە گەڵاوەریوەکان دەنێینو خشپەی گەڵا روحمان هەراسان ناکات، لە حیکمەتی وەرینی گەڵا ناگەین، نازانین وەرینی هەر گەڵایەك مانای رۆیشتنی ساڵێك تەمەنە. هەر بۆیە بە درێژایی تەمەنم پایزی مەرگ دۆستم خۆش ناوێو سازش ناکەم لەگەڵیاو ئاشتبوونەوەش مەحاڵە. بۆ چەند خولەکێك بێ دەنگ بوو، ویستم دڵخۆشی بدەمەوەو لێی بپرسم ئەو فرمێسکانەت بۆ ئەو رۆژانەن کە ترسو شەرم فرسەتی زێڕینی لە دەست داوی لەگەڵ جوانێکدا..؟ یان بە یادگارە شیرینو جوانەکاندا دەچیتەوەو بەرگەیان ناگری؟ کە ئاوڕم دایەوە خاڵە پیرە لەوێ نەمابوو! لەو رۆژەوە لە هەر کوێیەك گەڵایەك ببینم فرمێسکە گەشەکانی ئەو پیاوەم دێتەوە یاد کە لەنێو گەڵاو گۆرانیو تەمەنی بەسەرچووی خۆیدا بیری لە ئەبەدیەتێکی مانادار دەکردەوە، روخساری ئەو پیاوە شتێك بوو لە چەشنی دیوە پەنهانەکانی سروشتو من هێشتا ئەودالی دۆزینەوەی ئەو نهێنیانەم.



# خورپەکانی عەسر

نیازی حەمە عەزیز

ئابی ٢٠٠٧

(١)

لە ولاتدا بۆی گەڕام
شوێن پێی لەشاردا و
لە لادێدا دۆزیمەوە
لەوێ بوو خانەقای عیشق
بۆیە دەڵێم : ( دەڵێم بڕۆم
لەشارەکەت .. ) *

(٢)

دەیانەوێ نەتبینم
مەبەستیانە
لە نێوانماندا دیوار بن
نازانن تەنها ئەفسوونەکانی جوانیت
دەتوانن فۆبیای دزێویەکانی
مەرگی منی عاشق ، کاڵبکەنەوە

(٣)

گەر لێم زیز بیت ،
هەتاوێک تەڕم دەکات
پەپوولەیەک دەمگەزێ و
زەردەواڵەیەک ماچم دەکات !

(٤)

ئەگەر دیمەنی تۆ نەبا
ئاوێنە ، کۆشتی رووخساری
منی خستبوو
ئاخر من بەو لاسەنگییەی
سرووشتەوە دەژیم و
هەناسەی عیشق دەدەم

(٥)

لەسەر مەزارێک
گریانی ساوایەکی چل ڕۆژە
چرۆیەک ،
بە قەد چنارێکی هاودەمی ( نووح ) ە وە
عەتری سێوێک
بە تەوێڵی شمشێرێکی ڕەشئەسمەر و
پرێشکی پژمینێکی ( مارکس )
بە لاپەڕە پەرپووتەکانی تەوراتەوە
لەم عەسرەدا ..
ئەوە مەیینی تاسەیەکی منیشە
بە چراکانی کووچە و سەرشەقامەوە .

* دێڕە شیعرێکی شاعیر اسوارەی
ئێلخانیزادە ) یە ، لە شیعری (شار) دا .



# پەنجەم لەدڵم دەچێ

کارزان قەڵادزەیی

کەنار لەشیعری من دەچێ
کاتێ شەپۆل ماچی دەکا
شیعریشم لەکەناردەچێ
کاتێ چاوی شۆخێ
بەهێمنی ماچی دەکا

پەنجەم لە دڵم دەچێ
کاتێ نەخشێ گوڵێ دەکا
گوڵیش لەدڵم دەچێ
کاتێ بە ئاوازەو
سەما لەسەر چڵێ دەکا

پۆلە هەورێ لەمن دەچێ
کاتێ بارانە دادەکا
بارانیش لە فرمێسکم دەچێ
کاتێ نم نم
بەبێ دەنگی
خاک تەڕدەکا

گریان لەچاوم دەچێ
کاتێ گۆناکەم تەڕ دەکا
چاویشم لە گریان دەچێ
کاتێ بێ ماڵ ئاوا
دڵدارەکەم سەفەردەکا .......

# تۆ کە لە مردن دەگەڕێیتەوە

ئیبراهیم ناودەشتی

دەزانم ئێوارەیەکی درەنگ تەنها
دەمرمو
هەمیشە خەیاڵی زیندووبوونەوە بە تۆوە
دەکەمەوە
شارستانییە لەناوچووەکان تەنها لە
"مێژوو"دا لەدایک بوونەتەوە
منیش لە قاقاکانی تۆدا
کە تۆ سەرمەستی پێکەنینو
خۆشنوودیی
ئاگات لێ نییە، من لە تەک تۆوە
وەستاومو پێدەکەنمو زیندوو
بوومەتەوە
لە نێرگزەجارێکی خەودا
کە دوو چاوی نێرگزیی تۆی نووقاندووە
من دەمێکە لە مردن گەڕاومەتەوە



لەتەکتا ڕاکشاومو ئێشکم گرتووی
(بیرتە جاران، پێم دەگووتی:
من عومرێکی ترم دەوێ بۆ پەیبردن بە
چاوەکانت؟!)
دەریاوانە کارامەکان قووڵایی دەریاکان
تەی دەکەنو
بە هێشووە مەرجانی بەختو یەقبال
دەگەڕێنەوە
منیش لە ناخی خاکەکانەوە خۆڵی دونیا
دەخۆمو
تا بە خۆم دەزانم هاتوومەتەوەو
ملوانکەی یادەوەرییەکان دەکەمەوە
ملت
(ئاخۆ جاران، دەتزانی:
یادەوەرییەکانیشمان – وەکو خۆمان –
نەمر دەبن؟!)
دەزانم لە غەریبییو غروبێکدا تەنها
دەمرمو
بوزییەکان ئاگر لەسەر جەستەم
دەکەنەوە
من وەکو "قەقنەس" دەفڕمو
دێمەوە خۆم شەڵاڵ دەکەمەوە بە
پرژەی قژە تەڕەکانی تۆ
کە تۆ تازە لە "گەرماو" گەڕاویتەوە
بە دەرگا یان پەنجەرەکاندا خۆم
دەکەمەوە بە ژوورەکەتدا
کە جەستەو ڕۆحی تۆ هەمیشە
"کرانەوە"ی دەوێ
(بیرتە جاران، دەتفەرموو:
داخران یانی مردن؟!)
هەر خانەیەکی لەشی تۆش پڕیەتی لە

ژیان
هەر خانەیەکی لەشی تۆ ئاشنایە بە
دوورترین پنتی گەردوون
هەر جووڵەیەکی لەشی تۆ جووڵەیەک
دەخاتە گەردوون
دایکم (ئەگەر مابێو سەفەری من سکی
نەسووتاندبێ)
خەبەری نییە من لەو دونیا
گەڕاومەتەوەو وام لای تۆوە
وا بوومەتەوە فەیلەسوفێکی سەراسیمە
بەرامبەر هەر جووڵەیەکی تۆوە
جووڵەیەکی گەردوون
باوکم (ئەگەر وەجاغکوێریی نەیکوشتبێ)
ئاگادار نییە وا بوومەتە پێغەمبەرێک وام
لەناو کایەی شەپۆلدانی سەماکانی
لەشی تۆ..
سپێدەیەکی زوو، کە چاوە
نێرگزییەکانی تۆ هێشتاکە نەپشکوتوون
ئاگات لێ نییە من وام لەتەکتەوە
ڕاکشاومو باوەشم پیا کردووی
کەنیزەکانت دێنە سەرمانو
بە گریەو لەخۆدانەوە هەواڵی مردنی تۆ
دەگەیەننە دوورترین گۆشەو کەناری
دونیا
لە هاواری کەنیزەکانت بەخەبەر
دێیتو
تەماشام دەکەیتو پێدەکەنیتو..
منیش وام لای تۆ، زەمانێکە چاوەڕێم:
خەبەرت بێتەوە!

# خۆزگە نەبوبام بە دیلی ئارەزوە بۆگەنەکانم

## بەسەرهاتی کچێك لەگێژاوی نەزانی خۆیو دڵرەقی خۆشەویستەکەی

**ئا: فایلی کۆمەڵایەتی**

نازانم چۆن باس لەم ژیانە بکەم، چۆن نەمتوانی ئارەزوەکانم دادگایی بکەم، جڵەوم بۆ شل کردن، بێ لەبەرچاو گرتنی واقیعی دەوروبەرم، من کچێکی جوانکیلە بووم، ئاواتی سەرەکیم تەواوکردنی خوێندن بوو، کوڕێك هاتە ناو ژیانمەوە، دوای هەوڵدانێکی زۆر ئەو منی رازی کرد، بڕوام پێ کرد، پەیوەندیەکی قوڵی خۆشەویستیم لەگەڵ بەست، هەموو کارێکم بە قسە دەکرد. یەکێ لەو کارە خراپانەی کە من کردم، ئەوە بوو داوایەکەم ڕەتنەکردەوە، نەمویست دڵی بشکێنم. وێنەی خۆم دایە. بەخودا وەك خۆشەویست کەچی نەمزانی  ئەو ئەو وێنەیە وەكو داردەستێك بەکاردێنێ بۆهەر داوایەك کە قبوڵکردنی لەلایەن من ئەستەم بوو. پاش دوو ساڵ من پێم خۆش بوو بێتە داوام. نازانم ئەو هەستە چی بوو لە خۆمەوە هەستم دەکرد ئەو منی ناوێ. تا رۆژێك داواکاریم هاتوو ماڵەوەمان زۆر پێیان خۆش بوو. من بە خۆشەویستەکەم گووت" ماڵەوەمان بە شووم دەدەن پێمخۆشە تۆ بێیتە داوام". بەتکاوە گووتی" بەخوا بۆجاری دووەم من دەبم کە دێمە داوات. بەڵام ئێستا سەرقاڵی ئیشم". لەمەدا ڕاستی دەکرد دەیویست کەمێ باری دارایی باش بێتو بێتە داوام. منیش لە ماڵەوە خۆم یەکلایی کردەوە کە هەر دەخوێنم ئیدی شونا کەم. ئەوانیش بەردیان لەسەر ئەم مەسەلەیە دانا. پەیوەندیەکەمان هەر پتەو دەبوو. من چوومە قۆناغێکی نوێ کە شەشەمی ئامادەیی بوو. بەداخەوە دووساڵ لە پۆلی شەش مامەوە. خۆشەویستەکەشم هەر سەرقاڵی ئیش بوو. بۆ ساڵی دووەم کوڕێکی جوانی دۆڵەمەند هاتە داوام. نەم دەزانی چ هێزێك پەلم دەکێشێ بۆ لای ئەو کوڕە، دڵم پێیدا چوو، خۆشەویستەکەشم ئیشی تەواوی کردبوو، ئامادە بوو بۆئەوەی بچێتە ژیانی هاوسەری، کە زانیم ئەو بەنیازی هاتنە پێشەوەیە دەستم بە بیانوو هێنانەوە کرد، جارێك دەمگووت دەبێ خوێندن تەواو بکەم، ڕاستیەکەی من دڵم گۆڕا بوو، زیاتریش هەوڵم دەدا کە دەمبینی ئەو کوڕە دەوڵەمەندەی دێتە داوام کۆڵم لێ نادا، منیش ماوەی دوو مانگ خۆم نیشانی خۆشەویستەکەم نەدا نە قسەشم لەگەڵ کرد، دواتر بە یەکێکدا وەڵامی ناردبوو گووتبووی خۆی لێ گۆڕاوە، منیش هەوڵ دەدەم لەبیر خۆمی بەرمەوە، کە ئەم هەواڵەم بیست لەخۆشیاندا باڵم گرت، نەمزانی ئەم قسەیەی بەراستی نیە، یەکسەر منیش وەڵامی بەڵێم دایەوە بە کوڕە دەوڵەمەندەکە، منیان لێ مارە کرد، پێنج مانگ بە مارەکراوی مامەوە، خۆشەویستەکەم کەوتە هەڕەشە کردن، منیش تێم گەیاند کە ئەم هەواڵە کاری تێکردووم، بەڵام بڕوای نەدەکرد، هەر دەیگووت" مەسەلە ئەم هەواڵە نیە، ئەو کاتەی کە گووتم دێمە داوات، تەواو گۆڕابووی، شەوی تاریك سەر لە ئێوارەوە دیارە" هەفتەیەکی مابوو بۆ گواستنەوەم بە یەکێکدا هەواڵی ناردبوو گووتبووی" من لێی دەگەڕێم با شوو بکات" دڵم بەمە زۆر خۆش بوو، من گواسترامەوە ئەویش لە ئاهەنگی گواستنەوەم ئامادە بوو، وام هەست نەکرد کە تۆڵەم لێ دەکاتەوە، لە ئاهەنگەکەشدا وەك کەسێکی ئاسایی کە منی ناسیبێ رەفتاری دەکرد، دڵم بەمە خۆش بوو، بیرم لەو وێنەیە نەدەکردەوە کە لەلای بوو، نەمزانی لەپشت ئەم رەفتارە نەرمانەی رقێکی ئەستوری ئاسنین هەیە کە بۆ زنجیر کردنم لە پلانی وورد دایە، تا سێ ساڵ لەگەڵ هاوسەرەکەم ژیانم بردە سەر، ترسم



له هیچ نەبوو، چونكە سەفەری ئەورووپای كردبوو، پاش ئەم سێ ساڵە ئەو هاتەوە منیش منداڵێكم هەبوو، تەواو ئەوم لەبیر چوبۆوە، ڕۆژێكی شوم بوو لە ژیانمدا، جەرەسێك بۆ مۆبایلەكەم هات، كوڕێك بوو بە تەشەرەوە هەواڵی دەپرسیم، نەمزانی كە خۆشەویستی یەكەم جارمە وامزانی دەیانەوێ ڕابوێرن، مۆبایلەكەم داخستەوە، تا ماوەیەك هاوسەرەكەم دەچوو دەرەوە، تەلەفۆنی دەكرد، تا ڕۆژێك گووتی" چیە؟ كچی باش بۆ وا خۆت نەناسیاو دەكەیت، ناكا لەبیرت چووبمەوە، من (ر)م" تەواو تاسام و مۆبایلەكەم داخست، بە تەواوی نەمدەزانی چی بكەم و چی نەكەم، دوای چەند ڕۆژێك جەرەسی كرد بۆ نۆرماڵەكەمان، پێم گووت هەرچی ئاڵتون هەیە دەتدەمێ، تەنها وازم لێ بێنە، گووتی ئاڵتونم ناوێ، بەڵام وێنەكەت نیشانی هاوسەرەكەت دەدەم، زۆر گریام و پارامەوە كە ئەم وێنەیە نیشانی كەس نەدا، گووتم بمكوژە بەڵام ئەم كارە مەكە، ئەو گوێی پێ نەدام و منیش لای هاوسەرەكەم هیچم نەگووت، زۆر دەیگووت بۆ وا پەشۆكاوی؟ هەر دەمگوت پەرۆشی باوكمە، كە ٦ مانگە مردووە، ئەوەبوو تەلەفونی كردوو گووتی" مەرجێكی ئاسانم بۆ داناوی، ئاوا ڕزگارت دەبێت، ئەو جار بۆتۆش كێشە نیە چونكە ژنی" نەمزانی مەبەستی چیە؟ ئەوجا بەڕونی گووتی" گەر خۆت بە دەستەوە بدەی، وێنەكەت نیشانی كەس نادەم، ئەمەش قبوڵ نەكەی ژیانت دەشێوێ" چەندین جار ئەم داوایەم ڕەتكردەوە، كەچی لە ئاكامدا ڕازی بووم، ڕۆژێكم دیاری كرد لە ماڵی خۆمان، ئەو ڕۆژە بەر لەوەی بێتە ماڵی منەوە، تەلەفۆنی بۆ هاوسەرەكەم كردبوو پێی گووتبوو پاش نیو كاتژمێر وەرەوە ماڵی خۆت من ئیشی گرنگم پێتە، لەبەر ئەوەی مێردەكەم معاملەی دەكرد، لەگەڵ زۆر كەس تووش دەبوو، من ئاگاداری ئەمە نەبووم، ئەوە بوو كاری سێكسی لەگەڵ كردم و لەم كاتەدا هاوسەرەكەم بەسەردا هاتەوە، ڕاستەوخۆ تاسا وەك مردووی لێ هاتبوو، ئەویش بۆی دەرچوو، بەر لەوەی سەفەر بكاتەوە نامەیەكی بۆ هاوسەرەكەم نووسیبو باسی پەیوەندی ڕابردوومانی كردبوو، ئەوەبو هاوسەرەكەم بێئەوەی ئازارم بدات، منی لە سەیارە هاویشتوو بەرێی كردمەوە، هەر ئەو كاتە سێ بە سێ تەڵاقی دام، ئێستا من هەموو متمانەو خۆشیەكم لێ سەندراوەتەوە، خۆزگە نەبومایە دیلی ئارەزوە بۆگەنەكانم كە چۆن هاوسەرەكەم هاتە داوام و بە دەوڵەمەندیو جوانی خۆشەویستی یەكەم جارم لەبیر كرد، خۆزگە ئەم كارەم نەكردبا.

# مردنی تاك

میوان



پەیوەندعومەر

قەیرانێكی مەزنی عەقڵی و فكری و سیاسی كوردی لە سەرەتاكانی مێژووەوە تا هەنوكە ئەوەیە كە لەناو گەمەی كاردانەوەدا لە دایك بووە و نەیتوانیوە وەك هێزێكی پێویست و هاوشان لەگەڵ قۆناغ و پێویستیە هەنووكەییەكاندا دەست و پەنجە نەرم بكات، ئەم ڕوحی كاردانەوەو ئینتیقامە نەبۆتە سەرەتایەك بۆ گەشەی بیرو هەڵزنانە فیكری و سیاسیەكان بەرەو بەرزاییە هاوچەرخ و گەشەسەندووەكانی دونیاو ڕزگاربوون لەو جەهالەتە ئەخلاقی و فكریانەی كە بەربەریەت بەرهەم دەهێنن.

تەنانەت نەیتوانیوە خۆی لەو داوو ڕایەڵە خێڵەكی و نەریتیانە بكاتەوە كە دەستیان بەسەر واقعی كورددواریدا گرتووە، تەجاوزی سنوورە كۆمەڵایەتیەكانی نەكردووە، بەڵكو بە هەمان ستراكتۆرو جیهانبینیەوە پەڕیوەتە ناو تۆنەكانی شۆڕش و بەرخودان. بۆیە زۆر جار دەبینرێت كۆشش و بەرخودانی شۆڕش ئەوەندەی بۆ دروستكردنی هەیبەت و قورسایی كەسێتیە ناوخۆییەكان بووە، نیو ئەوەندە ڕاستبوونەوە نەبووە لە بەرامبەر دوژمندا، بە مانایەكی دی شۆڕش ئەوەندەی هەوڵ بووە بۆ دروستكردنی كەسایەتی كاریزماو بە هەیبەتی ناوخۆیی، ئەوەندە كاركردن نەبوە بۆ هەیبەتی شۆڕش و دۆزەكەی لە بەرامبەر دوژمندا.

گرفتی عەقڵە كلاسیكیەكانی كورد ئەوەیە كە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوە دنیا دابەش بكات بەسەر دوو هەرێم (شۆڕش و دوژمنەكانی شۆڕشگێڕو خیانەتكار). ئەمەش وای كردووە كە شۆڕش هەمیشە خۆی لە بەرگو فۆرمی پاكیزەییدا نیشان بدات و تەواوی خراپەكاری و چەوتیەكان بدات بە ئەوی دوژمن، تێكڕای حەقیقەتەكان لە ئاوێنەكەی ئەودا خۆیان نمایش بكات و تەواوی خراپەكاریەكانیش لای ئەو، لەسەر ئاستی ناوخۆشدا كە تاك و شوێنكەوتوان لەناو ئەم ئایدیا پۆلینكراوو پیرۆزەدا پەروەردە بوە، سەركردەو بەرپرسەكان بەرگی قەداسەتیان لەبەر كردووەو ئیدی لێرەوە ئەوان چیدی كەسە ئاساییەكانی نا كۆمەڵگا نامێنن، ئیدی خوێنی بەرپرسیارەتی دەچێتە ناو دەمارەكانیانەوەو لە مەعدەنێكی دی كە لە ئەوانی دی ناچێ گۆشت و ئێسقانەكانیان دروست دەكات. ئیدی ئەوان ڕەهبەرو ڕێنیشاندەرو ئەوانی دیكەش ڕەشۆكی دەست لەسەر سینگ، ئەوان خاوەنی ئەمرو نەهی، ئەوانی دیكەش شوێنكەوتەو مونەفیز، سەیر نیە لەنێوان سەركردەو شوێنكەوتواندا تێڕوانینێك دروست ببێت كە بڵێ چیدی سەركردە لە بەرگی مرۆڤێكدا نیە وەكو ئێمە، ئەو هیچ ڕاستیەك نیە نەیزانێ، هیچ حەقیقەتێك نیە پەی پێ نەبات و هیچ درۆیەك نیە بتوانێ نزیكی بكەوێتەوە.

ئیتر لێرە بە دواوە سەركردە قوتابی، خوێندكار، گوێگر نیە، بەڵكو هەمیشە ڕێبەرو مامۆستایە، چونكە هیچ كون و قوژبن و زانستێك، ئایدیایەك، سیاسەتێك نەماوە ئەو تیایدا شارەزای تەواو نەبێت، كەس لەو شایەنتر نیە، چونكە هیچ سەروەریەك، داستانێك، شەرەفێك نیە بۆ گەل و نیشتیمان و شۆڕش ئەو بەشداری تێدا نەكردبێت، هیچ مەخلوقێ بۆی نیە بێ پرس بە ئەو بێ ڕەزامەندی ئەو كارێ بكات، چونكە ئەو تێكڕای ئەزمونەكانی تاقیكردۆتەوە، بە هەموو تەجروبەكاندا سەركەوتوە، ئێستا لەوپەڕی كەماڵدایە.

ئەم شوناسی پیرۆزی پایەی كەماڵە هەروا بەردەوامەو دەتوانێ لەگەڵ هەموو واقیعێكدا لەناو گەرداوی پیرۆزی و هەیبەتی جوامێری و لێشاوی شارەزاییدا بێت. ئەوەتا لە ئەزمونكردنی ژیانی مۆدێرنیشدا لەپێشەوەی هەمواندایە، چەندان كاتژمێری هەیە بۆ وەڵامی تەلەفۆنەكانی، بۆ موتابەعەی ئەنتەرنێت، بۆ گوێگرتن لە كەناڵە جۆراوجۆرەكانی سەتەلایت، ئەم جۆرە ڕوئیاو نیگاكردنە بۆتە جۆرێك لە تەڵقین و هیچ سەربەخۆی و جیاوازیەكی بۆ شوێنكەوتوانی نەهێشتۆتەوە، تەنانەت سەربەخۆییە زۆر سادەو لۆكاڵیەكانی وەك خواردن و جل و بەرگیشی كوشتووە، بە سەدان كەس دەبینی لاسایی سەركردەكانیان دەكەنەوە لە هەڵبژاردنی جل و بەرگ و پێڵاو لەپێكردن و تەنانەت ڕۆیشتنی ئاساییش ئیدی لێرەوە مردنی تاك دەستی پێكردووە لەنێوان هەزاران كەسدا كە لەیەك شێوازو ڕەفتاردان، جیاوازیەكی زۆر كەم بەدی ناكەیت.

# فمینیزمی مەسیحی

پیادۆ سولنی

و/ئەرسەلان حەسەن

پرسیار:بەگوێرەی توێژینەوەکەتان لەمەڕ نەریتەکانی ئەکویناس ڕوونی بکەرەوە،((فمینیزم))چی دەگەیەنێت.

سولنی:ژن پەیکەری خوداوەندە، ژن..وەك پیاو خوڵقێندراوە تاراستی یەکان بزانێ و بەکورتی خوا بناسێت. کەواتا فمینیزمی ڕاستەقینە وەك وێنایەکی خوا لەناسنامەی بنەڕەتی ژن دەڕوانێت. لەهەر شوێنێك کەجیاوازی لەنێوان ژنو پیاودا هەیە، فمینیزم ئەم جیاوازیەی خوڵقاندووەو بەتەواوکەری دەزانێت. لەئەنجامدا زۆربەی تیۆرەکانی فمینیزم، ژن بەبونەوەرێکی تاك وەردەگرن.. تاکێك بەوپێیە پەیوەندی بەخەڵکەوە هەبێت. بەڵام ئەگەر هەموو لایەنەکانی ژیانمان لەبەرچاو بگرین-ج ژنو ج پیاو- پێویستیمان بەخەڵك هەیە. خۆشیمان بەقوڵی پەیوەندی بەخەڵکەوە هەیە چونکە هەربەوپەیوەندیەیە کەبۆخۆمان، دیسانەوە خەڵكو خوا دەناسین. نەریتی مەسیحیەت نیشانی داوین کەهەستی ئەرکی ژنانە لەڕێگای جۆراوجۆردا خەرج دەکرێت، بەپیرۆزی لەژنان بڕوانی. تۆ ناتوانی ژن بخەیتە ناو سندوقێکەوەو بڵێیت کەدەبێ ژنێك فلانەکار ئەنجام بدات. فمینیزمی ڕاستەقینە زیاتر گرنگی بەوە دەدات کەچۆن ژنێك بونەوەرێك دەدۆزێتەوە. نەك جۆری ئەوکارەی کەدەتوانێت جێ بەجێی بکات. ژنێك، هەرچیەکی ڕای دەپەڕێنێت، وەك ژن ڕای دەپەڕێنێت نەك بونەوەرێکی بێ ماهیەتو کرۆکی ڕەگەز، هەمان شت لەمەڕ پیاوانیش ڕاستە.

پرسیار: تکایە هێڵی سەرەکی لێکدانەوەکە ئاشکراو دەستنیشان بکە کەچ شتێك لەتێروانینی مەسیحیەتەوە قبولکراوەو چ شتێك قبوڵنەکراوە.

سولنی: دەکرێت بەشێوازی جیاواز فمینیزم کۆمەڵ بەندی بکرێت.بەڕای من واباشە کە فمینیزم بەگوێرەی پەیوەندی نێوان ژنو پیاو بۆکۆمەڵی بچووکتر دابەش بکرێنو لەهەریەك لەم کۆمەڵانەدا، خەڵکانێك هەیە کەلەوانەیە ڕوانگەیان بەیەکەوە نەگونجێت، بەڵام تێگەیشتنیان بۆژنو پیاو وەك یەکە.بەم شێوەیە چوار گرووپی خوارەوەمان دەبێت:

١-فمینیزمی بەرانبەری: ئەم فمینیزمە ڕای دەگەیەنێت کەژنو پیاو بەڕەهایی بەرانبەرنو ڕێك هاوشێوەن. جیاوازی هەبووی نێوان ئەم دوانە بەهۆی کارکردنی نفوزی فاکتەری دەرەکی دێنە ئاراوە. لەوانەیە ئەم جۆرە ڕوانگانە بتوانن بخرێنە پاڵ پلاتۆن کەلەوباوەڕە دابوو جەستەی مرۆڤ شتێك نیە جگە لەکاژێك بۆ ڕوح بەبێ ڕەگەز. ئەو ڕوانگەیە لە فمینیزمی سەدەی هەژدەیەم کەدەستپێکی "مری والستۆن کرفت" بوو، هەروەها دەکرێت بەدەست بێت. "جۆن ستیوارت میلو هربێت تیلۆر" لەسەدەی نۆزدەیەم فێری ئەو هزرە بوون. هەروەك لەسەدەی ٢٠و٢١لەتیۆری دوو ڕەگەزیش ئەم باوەڕە بەهێزە.

٢-خاڵی بەرانبەری فمینیزمی بەرانبەری، فمینیزمی جیاوازیە.دووجۆر لایەنگری سەرەکی لەمجۆرە فمینیزمیەدا هەیە: جەمسەربوونو تەواوکەر بوون. جەمسەربوون بەوە ناسراوە کەڕەگەزێك لەئەوی دی بەباشتر دەزانێت. ئەم لایەنگریە، بیرمەندانی وەك "مری دالی" ،"کارۆل گیلیان"و تەنانەت ئەرستۆش دەگرێتەوە.بەپێ ی تەواوکەربوون، ژنو پیاو جیاواز بەڵام بەرانبەرن. ژان پۆلی دوەم، بەتایبەت برەوی بەوجۆرە بیرۆکەیە داوە.

٣- فمینیزمی دژی ویستخوازی (ئەنتیسینتیالیزم-antiessentialism) لەناوەڕاستی سەدەی١٩لەبوونخوازیو هەروەها ناکۆکی تایبەت بەجیاوازی نێوان ژنو پیاو فۆرمۆلە بووە.ئەم فمینیزمە هاوشێوەی فمینیزمی بەرانبەریە بەڵام دەتوانین بڵێین کەڕوانگەیەکی فراوان دیکەی هەیە.بەپێ ی ئەم ڕوانگەیە، ژنان بەڕۆڵی ڕواڵەتیو ژنانە کەلەلایەن کۆمەڵەوە دەسەپێنرێت سنوردارکراوونو لەوەی کەبتوانن بەئازادی سوود لەبوونی خۆیان وەرگرنو چییەتیو کاکڵی خۆیان بئەفرێنن لەژووری ئاخندراوون. ئەوان بەدوای بوونەوەرێکدا دەگەڕێن کەلەسەپاندنو قۆرخکردنی ئەوانی دی ئازادە، بەتایبەت لەسەپاندنەکانی کۆمەڵگەی پیاو سالاریدا.

٤-فمینیزمی تێکدەر: ئەم فمینیزمە لەسەر هەرسێ جۆرەکەی پێشوو وەستاوەتەوە. سەرباری ئەوە، هەروەك کەفمینیزمی دژی ویستخوازی دەڵێت، ئەم فمینیزمەش لەوباوەڕەدایە کەکرۆكو بناغە شتێکە کەبەتاقیکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵدا دەخوڵقێت. باوەڕ بوان بەم فمینیزمە دەڵێن: ئەوشتەی کەڕەهاو ڕاستەقینە دەنووێنن، لەڕاستیدا سەبارەت بەتاك، ڕێژەیین. زۆربەی فمینیزمەکانی پۆست مۆدێرن لەوجۆرەن. ئێمە دەزانین کەیەکسانی هەموو بوونەوەرەکان، لەژنو پیاودا کارێکی مەترسیو خۆییە.جیاوازیە هەبوەکان درووستکراوون، تەنانەت گەر ئێمە تێشیان نەگەین. دەبێ ئەوەمان لەیاد بێت کەئەم جیاوازیە پێش گوناهی یەکەمیش هەبوون. ئەو ناکۆکیەی کەلەم جیاوازیە سەرچاوە دەگرێت، دەرئەنجامی گوناهی یەکەمە. بۆچی دەبێ هەموو سیستەمێکی فیکری پەسند بکەین کەدەرئەنجامێکی لەوە کەمتریان هەیە کەئێمە هەموومان وێنایەك لەخواوەندینو هەربەوپێیە خوڵقاووین.

پرسیار: ئەکویناس دەربارەی(عزت)یا یەکسانی ژنو پیاو دەڵێ چی.

سولنی: ئەکویناس شتێك ڕادەگەیەنێت کەڕوونو ئاشکرایە: ژن و پیاو، هەردووکیان بەگوێرەی وێنایەك لەخوداوەند خوڵقێنراوون. زۆرجار، ئەکویناسیان بەتاکێك نیشانداوە کەدژی ژنەو باوەڕی وایە کەژن، جۆرێك زەبوونو پیاو جاڕزکەرە. دیارە ئەو لەهەندێك شوێندا باسی ئەم مەسەلەیەی کردوە بەڵام تەواوی ئەم سەرچاوانە پەسندنین. بەم واتایەی کەئەو بەگوتنی ئەوشتانە دیدی خۆی دەرنابڕێت، بەڵکو پێگەی ناڕازیبوونی نیشاندەدات. کاتێك ئەکویناس باسی پەیوەندی نێوان ژنو پیاو دەکات، ئاماژەش بەیەکسانی نێوان ژنو پیاو دەکات. ئەو لەخوڵقاندنی ژنەوە دەست پێدەکات. بۆچی ژن بەتەنیشت پیاوەوە خوڵقێنراوە؟ ئەکویناس بەمجۆرە وەڵام دەداتەوە کەژن لەلای سەری پیاوەوە نەخوڵقێنراوە تافەرمانڕەوایەتی بەسەردا بکات. لەلای پێ یەکانیشیەوە نەخوڵقاوە تا لەژێر فەرمانی پیاو دابێت، بەڵکو بەتەنیشتیەوە خوڵقێنراوە



تاشان بەشانی ئەو فەرمانڕەوایی بکات. ئەو سەرۆکایەتی پیاو بەپێگەیەکی ئابووری دەزانێت کەلەنێو هەموو تاکە بەشداربووەکاندا بەدی هێنەری ڕێسایە، ڕێسایەك کەلەبەرژەوەندی هەمووانداییە. لەلایەکی دی، فەرمانکردنی کۆیلەدار تەنیا لەبەرژەوەندی ئەوکەسە دایە کەبڕیار دەدات. من لام وایە ئەگەر سەرنجمان تایبەت بەزەواج بۆکۆمەڵگەی دیموکراسی، یا تەنانەت تیپی وەرزشی بکەین، باشتر لەچەمکی فەرمانڕەوایی مەدەنیو ئابوری دەگەین. لەتیپی وەرزشیدا، کەسێك وەك سەرپەرشت بۆهەموو ئەندامانی تیپەکە هەڵدەبژێرین، بەڵام ئەم سەرپەرشتە زیرەکترین یاتەنانەت بەشەرەفترین تاکی ئەم تیپە نیە.

پرسیار:هەندێکیش باسی فمینیزمی سکولار(عەلمانی)بکە، لەبارچوونی کۆرپەلە، ژنی تەڵاق دراوو..ئایا تۆ نیشانەیەك دەبینی کەدال لەسەرئەوە بێت کەخەڵك چەمکی فمینیزمی پەسند بکەن.

سولنی: بۆنموونە: لەوڵاتە یەکگرتوەکان، دەزانین کەزۆربەی ژنانی گەنج هاونەوەی من، نەوەی ئەبکس، هێشتاش گوروتینی یان وەبەر فمینیزم ناوە. پرسیاری زۆرو جوان لەزەینی فمینیزمەکان دا فۆرمۆلەبووە بەڵام تیۆرەکەیان ناتوانێت بەگونجاوی وەڵامگۆی ئەم پرسیارانە بێت. زۆربەی ئەم تیۆرانە دەتوانن وەڵامی پرسیاری دیاریکراو دەربارەی ڕۆڵی تایبەتی ژنان بدەنەوە. بۆنموونە: ژن وەك ئەویندارێك، کرێکارێك، دایکێك، یاهاوسەرێك. بەڵام دەبێ بتوانن ڕوانگەی تەواوو کامڵ دەربارەی ژنو ئەوەی کەئەو کێیە بخەنەڕوو. ژن بونەوەرێکی ژیرو وێنایەکی خوداوەندە. هەرکارێك کەئەو ئەنجامی دەدات دەبێ ببێتە مایەی شادی لەژیانیدا. توێژینەوەکان دەری دەخەن کەژمارەیەکی زۆری ژنی گەنج، ماڵو خێزان لەکارو پیشە بەباشتر دەزانن. ئەم کارە کاتێك جێگای سەرنج دەبێت کەبزانین زۆربەی ژنان بەدرێژایی تەمەنی یان ناچار بوون کاروکاسبی یەك بکەن. بەڵام بەپێی ئەوەی لەکاروکاسبیەکەیاندا بینیویانە، وای بەباش دەزانن بۆ ڕۆڵی سوننەتی بگەڕێنەوە. زۆربەی پیاوانیش لەئەنجامی بەدەستهاتوو لە فمینیزمی سکولار ڕازی نین.کەواتە کاتی ئەوە هاتووە کەفمینیزمی بنچینەییو ئسوڵیتر بناسێنین. بەڵام بەبۆچوونی من دەبێ ئاگامان لەوەبێ کەبۆ دواوە نەگەڕێینەوە. ڕەنگە هەندێك شت باشتر بووبن بەڵام مەسەلەو بابەتی بناغەیی لەلایەن فمینیزمەکانەوە خراونەڕوو. ئێمە خاوەن دابو نەریتی جوانین کەدەتوانن وەڵامی ئسوڵی پرسیارەکانمان بدەنەوە، دیارە ئەگەر بمانەوێت بیخەینە بەرباسو لێکۆڵینەوەوە.

★- سایتی باشگاه

# ڕاگەیاندنی کوردی خەریکە زمانی کوردی لەناو دەبات.

گەشبیر ئەحمەد/بەریتانیا- داربی
Gashbir@hotmail.com

گەورەترین کارەسات ئەوەیە کە بە دەستی خۆمان زمانی کوردی لە سێدارە دەدەین. زمان بۆ بەرگری کردن لە گەلان لە قەڵای سەختو ئاسنین بەهێزترە، چونکە قەڵا دەگیرێو دەڕوخێ، بەڵام زمان هیچی لێناکرێ. ڕاگەیاندن ئەو تەوەرەیە کە دەتوانێت پێکهاتەیەك یاخود نەوەیەکی تەندروستو چالاك بەرهەم بهێنێت، بەتایبەتی لەم ساتەدا کە ئێمە بە سەدەیەکی لاسایی کەرەوەدا تێپەڕ دەبین شتەکان هەمووی چاو لێکەرین، ئەوەی کە لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن دەبینرێتو دەوترێت بۆ بەیانی ئەو پۆشاکە لەبەر دەکرێتو ئەو وشانە دەگووترێنەوە کە لەوێ دەبیسترێن، لەکاتێکدا کە سەیری بەرنامەیەك دەکەیت ئەو پێشکەشکارە بەرێزە بە جۆرێك دەدوێت زۆر ئاستەمە لێی تێبگەیت کە باسی چی دەکات ئەوەندە وشەی بیانی بەکار دەهێنێت بۆ خۆشی نازانێت چی دەڵێت، خۆ ئەگەر سەیری بەرنامەیەکی ڕامیاری بکەیت، ئەوە هەر کەڵکی نیە، ئەوەندە لەم وشانەت بەر گوێ دەکەوێت پۆزەتیف، نەگەتیف، تۆتالیتارێتی، گلۆبالیزم، ئەڵتەرناتیف، میتریال..هتد ئەوە وشە عەرەبیەکانیش با بوەستن کە وازی پێ دەکەن لە زمانی کوردی. لە ڕاستیدا ئەمە کاریگەری زۆر ترسناك دەکاتە سەر ئەو نەوەیەی کە گەورە دەبێت فێری ئەم وشانە دەبێت ئەمەش وادەکات کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زمانی کوردی لەناو بچێت، لەکاتێکدا کە ئەرکی سەرشانی ڕاگەیاندنە پارێزگاری لە ڕەسەنایەتی زمان بکات، پاشان تاکەکانی کۆمەڵگا، بەڵام بەرپرسی یەکەم دەسەڵاتە، کە بەداخەوە گرنگی بەم بواره نەداوە. لەم کاتەدا وڵاتە زل هێزەکان زۆر پەرە بە زمان دەدەن هەوڵ دەدەن زۆرترین کەسو وڵات بەزمانی ئەوان ئاشنا بن، چونکە دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە هەنگاو بەرەو جیهانگیری بنێن، لەسەر ئاستی هەموو جیهان ئێستا پێشبڕکێی ئەوەیە کە چی زمانێك زۆر بەکاردەهێنرێت وەکو ئنگلیزیو فەرەنسیو ئیسپانیو ئەڵمانی..هتد.... کەچی بەداخەوە لە هەواڵەکانی کوردسات، کوردستان، زاگرۆس ئەمەم بەر گوێ کەوت لە قاعەی پەرلەمانی کوردستان قانونی ئۆیل تەسبیت کرا. لەم ڕستەیەدا تەنها یەك وشەی کوردی بەدی دەکرێت لە ڕاستیدا وام زانی هەواڵەکانی زمانی عەرەبیە، کەچی کوردی بوو، ئیتر لێرەدا پرسیار زۆر دروست بوون لەلام، بەداخەوە!!.. ئێمەی پەنابەری کورد لە وڵاتانی ئەوروپا گرنگیەکی زۆرمان داوە بە زمانی دایك لەم تاراوگەیەدا، تا ڕادەیەك توانیومانە پارێزگاری لەوە بکەینو لەهەمان کاتیشدا هەوڵی فێربوونی زمانو زاراوای بیانی بدەین، چونکە (زانینی هەر زمانێکی تر تۆ دەکات بە دوو ئەوەندە، هەروەها وەکو کەرەسەیەك وایە بۆ بەرگریکردن لە خودی خۆت، لە هەموو کاتێکدا). زوبان گیانی گەلە، کە زوبان هەبوو، ئەوا گەلیش هەیە، کە زوبان نەبوو، ئەوا گەلیش نیە، هەروەها خەرمانی زوبان وتەیە، گەنجینەکەشی فەرهەنگی وشەیە، هەربۆیە لە هەموو جیهان گرنگی زۆر دەدرێت بە فەرهەنگ، لەو ڕێگەیەوە، زوبان دەوڵەمەند دەبێت، بۆیە زۆر لە زانایانو شاعیرانی کورد لە دێر زەمانەوە هەوڵیان داوە بەرگری لێ بکەنو چەندین دانسقەیان کۆ کردۆتەوە بۆ ئەم مەبەستە، نمونەیان (شێخ محەمەدی خاڵ) کە بەم کارە هەستاوەو زۆری ژیانی خۆی بۆ ئەم کارە تەرخان کردووە، هەتا فەرهەنگی خاڵی بەرهەم هێنا، چونکە گەلی دیلی خاوەن فەرهەنگو زمان وەکو بەندیەك وایە، کە کلیلی دەرگای بەندیخانەکەی لە گیرفاندا بێت، هەر کاتێك بیەوێت ڕزگاری بێت لە دیلی بە کلیلی زمانی دەرگای بەندیخانەکە دەکاتەوە، باوەش دەکات بە ئازادیو سەربەخۆییدا، بەڵام گەلی دیلی بێ خاوەن فەرهەنگو زوبان وەکو بەندیەك وایە، کە کلیلی بەندیخانەکە لە گیرفانی دوژمنەکەیدا بێت، بە ناچاری دەبێت دەستەو ئەژنۆ دانیشێت، هەتا دەتوێتەوەو نامێنێت، چرای چارەنووسی هەر زوو دەکوژێتەوە، تکایەکیشم هەیە لەگەڵ پێشنیارێك، هیوادارم ئەو بەرێزانەی کە لە ڕۆژنامەو ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێتدا دەنووسن گرنگی بەزمان بدەن، چونکە زۆر بابەت کە دەخوێنیتەوە، هەندێ لە وشەکانی زمانی بیانینو پێشنیارێکم هەیە بۆ حکومەتی هەرێمو ئەنجومەنی نوێنەران کە بڕیارێك دەربکەن، زمانێکی جێگیر هەڵبژێرن بۆ ڕاگەیاندنو بواری خوێندن، چونکە ئەگەر وابێت بە ئاقارێکی زۆر خراپدا تێپەڕ دەبین.

# ئیلام بوکی چیای زاگرۆس



و: مەحمود عومەر

بەپێی بەڵگە مێژووییە زۆرو زەوەندەکان شاری ئیلام بەشێك بووە لە دەوڵەتی عیلامی دێرین کەنزیکەی ٣ هەزار ساڵ بەر لە زاین دامەزراوەو تاساڵی ٢٤٠ ی پێش زاین حوکمی کردوە، کەلەو ساڵەدا بەفەرمانی ئاشور پانیپاڵ کراوە بەگۆمی خوێنو دانیشتوانەکەشی قەلاچۆکراون، لەشارە دێرینەکانی ئیلام (شوش) پایتەختی دێرینی (ماداکتو)و لەسەر خشتە بابلیەکانیش لەبری عیلام (ئالام توو) یا (ئالام) نوسراوە کە بەواتای کێوی یا (وڵاتی رۆژهەڵات)دێت. دوای روخانی دەوڵەتی عیلامی خاکی قەڵەم رەوی لەرۆژهەڵاتەوە کەوتۆتە دەست پارسەکانو لەرۆژئاوایشەوە کەوتۆتە ژێر چنگی ماددەکان. خەڵکی دامێنو دەورو بەری زاگرۆس لەسەردەمی هەخامە نیشینەکان بەشێك بوون لەدانیشتوانی ئەو ئیمپراتۆریەتییە بەڵام بەهۆی سەختی چیاکانو جەنگاوەری دانیشتوانەکەی کاتێ سوپای هەخامەنیشینی بەوێدا تێپەڕیوە لەلایەن دانیشتوانەکەیەوە رێگەیان پێگیراوەو باجو سەرانەیان لێ سەنراوە. لەسەردەمی ساسانیەکاندا بنەماڵەی (فیروزان) فەرمان رەوایی ئیلامو خوزستانیان کردوە کە دواکەسی ئەم بنەماڵەیە دوای تێك شکانو دەسگیر کرانی رەوانەی (دار ألخلافە)کراوە دوای داگیر کردنی خاکی ئێران لەلایەن عەرەبە موسوڵمانەکانەوە پێدەچێت ئیلام کرابێتە



بەشێك لەو ئەیالەتانەی کەبەستراونەتەوە بەکوفەوە. لەکۆتایی سەدەی چوارەمی هیجری قەمەری (حسنەویەی کورد) فەرمانڕەوایی ناوچەکانی لوڕستانو ئیلامیان کردوەو تاسەرەتای سەدەی شەشەمی هیجری قەمەری فەرمان رەوای ئەو بنەماڵە کوردە لەو ناوچەیەدا درێژەی کێشاوە، لەساڵی ٥٧٠ تا ١٠٠٦ی هیجری قەمەری (ئەتابەکە)لوڕەکان فەرمانڕەوایی لوڕستانی سەختیان کردوەو دوا ئەتابەکی لوڕ بەناوی (شاهور دیجان) بەدەستی شاعەباسی سەفەوی کوژراوەو لەشوێنی ئەو (حسین خانی شیلە وەرزی) باپیرە گەورەی والیانی ئەبو قەدارەی کردوە بەفەرمان رەوای لوڕستانو پشتکۆ. ئەم بنەماڵەیە دوای ماوەیەك پایتەختیان گواستۆتەوە پشکۆ شوێنی شاری ئیلامی ئێستا، (غولام رەزا خان) دوا والی پشتکۆ لەدوای کودەتای ساڵی ١٢٩٩ی هیجری شەمسی بەشێوەیەکی ئاشتیانە وازی لەدەسەلآت هێناو رووی کردە وڵاتی ئێراق. مێژوونوسە یۆنانیەکان سەبارەت بەدانیشتوانی زاگرۆس نوسیویانە (بەردەوام لەگەڵ هۆزو تیرە هێرشبەرەکان لەشەڕو کێشەدابوونو هەرگیز لەبەرامبەر هیچ پەلاماردەرێکدا سەریان شۆڕ نەکردوە، ئەمرۆش پاشماوەو شوێنە وارە دێرینەکانی کۆنو سەردەمی ساسانیەکان دەیسەلمێنێ کە ئەو مەڵبەندە بەدرێژایی مێژوو چەندە گرینگو ستراتیژی بووە.

ئیلام سەرزەمینی ئاو و هەوای جۆراو جۆر

پارێزگای ئیلام لەدامێنی چیای زاگرۆسو لەخوارووی رۆژئاوای وڵاتی ئێران هەڵکەوتووە لەڕووی جوگرافیەوە ئیلام کەوتۆتە ناوچەی گەرمەسێرەوە بەڵام بەهۆی گۆڕان لەپلەی گەرماداو بوونی بەرزیو نزمی زۆرو باران بارین لەبەشی باکورو خوارووی رۆژئاوای پانتاییەکی یەکجار فراوانی بەجەنگەڵو رووەکی خۆڕسك داپۆشراوە بەرێژەیەکی زۆریش لەقەدپاڵی چیاکان گوێنی کەتیرەی لێدەروێت کە داهاتێکی باشی دانیشتوانەکەیەتی، هەڵکەوتەی خاکەکەی وایە گەرمێنو کوێستانو پلە مام ناوەندی هەیە بۆیە ئەم ناوچەیە باشترین جێگەیە بۆ بەخێوکردنی مێش (هەنگ).

ئاریوجا لەکوێیە ؟





ئاریوجا ناوی دێرینەی شاری ئیلامی ئێستایەو یەکێکی تریش لەناوە دێرینەکانی (ماسپندان) بووە ئەم شارە کۆمەڵێك ئاسەواری دێرینی لێیە جگە لەدەیان کۆنە ئاش‌و گەروو، لەژووروی شاری ئیلام‌و لەدامێنی کێو چەند گاشە بەردێك بەشێوەیەکی سروشتی وا پاڵیان وێك داوە شێوەی وشتریان وەرگرتوە، دانیشتوانی ئیلام دەڵێن ئەم بەردانە وشتر بوونە کەلەسەردەمی قاتی‌و قڕیدا نان‌و ئازوخەیان بۆخەڵك هێناوەو دوایی بۆئەوەی لەلایەن خەڵکەوە نەخرێنە بەر کۆڵ‌و بار کێشی‌و زوڵمیان لێنەکرێت داوایان لەپەروەردگار کردوە بەم شێوەیەی ئێستا ببن بەبەرد، ئێستاش ئەو گاشە بەردانە زیارەتگایەکیان لەتەنیشتەوە دروستکراوەو خەڵکی بۆچارەسەری (نەخۆشی دڵ) سەردانی دەکەن. لەسەر شەقامی (حەیدەری ئیلام) کۆنە کۆشکێك هەیە بەناوی کۆشکی (فەلاحەتی) کەلەسەردەمی قاجارەکان دروستکراوە ئەمەو چەندین قولەو قەلاتی تری دێرین لەو شارەدا هەیە. لە ١٨ کیلۆمەتری رێگەی ئیلام بەرەو (ساڵحاباد) تاڤگەیەکی رازاوە بەناوی (چەم ئاو) هەڵکەوتووە دیمەنێکی زۆر جوان‌و نایابی هەیە، لە ٥ کیلۆمەتری ساڵحابادیش ئەشکەوتێك هەیە بەناوی (زرینەگان) کەپێشی دەڵێن ئەشکەوتی بەهەشت چونکە لەوەرزی هاویندا کەپلەی گەرمای ئیلام دەگاتە ٤٠ پلە ناو ئەو ئەشکەوتە هێندە فێنکە مرۆڤ لەناویدا هەست بەسەرما دەکات. بەردی نەخشێنراوی ئاشووری (گوڵ گوڵ) کەمێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٣ هەزار ساڵ لەمەو بەر کەلەسەر تاشە بەردێك لە ٢٥ کیلۆمەتری ئیلام پەیکەری سەربازێکی ئاشوری لێهەڵکەنراوە. (گۆزەگەران) ناوی تەپۆلکەیەکی دێرینەو گوایە لەهەزارەی سێیەمی پێش زایندا ئەو گردۆلکەیە کارگەی دروستکردنی گۆزە بووە، لەلایەکی ترەوە کە باس لەپارێزگای ئیلام دەکرێت ناشێ ناوی کرماشان‌و تاقی شیرین‌و فەرهاد کەیادگاری دەورانی ساسانییەو لەنزیك شاری (ئەیوان) هەڵکەوتووە (دڕەشار) یەکێکی دیکە لەشارە رازاوەکانی ئیلامەو ئەشکەوتێك لەنزیکی هەیە بەناوی (کونە تاریکە) کەلەناویدا حەوزێکی جوانی ئاوو ستونێکی لەبەرد داتاشراوو چەندین پەیکەری جۆراو جۆر هەڵکەنراوەو هەوای ناو ئەشکەوتەکەش هێندە ساردە لەهاوینیشدا هیچ گیانەوەرێك ناتوانێ لەناویدا بژی، هەر لەو ناوچەیە شاری (سیروان) کەپێشی دەڵێن (شیروان)و (چرداول) خەڵکی لەم باوەڕەدایە کەزۆر لەپادشایانی کۆنی ئێرانی لەو شارەدا هەڵکەوتوون لەوانە (ئەنەو شیروان)ی داد پەروەرو (رۆستەمی زاڵ) پاڵەوانی دێرینی ئێران .......



# ئاماری پەنابەری لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧

له ئینگلیزیەوە محمد ڕەسول سەنگەسەری

بەگوێرەی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ دا (١٩٨١٩) عێراقی داوای پەنابەرییان کردووە لە(٢٦) وولاتی جیاجیای جیهاندا. هەر لە شەش مانگی یەکەمی ٢٠٠٧ دا ( ١٤٧٤٩٥) کەس لە سەرتاسەری جیهاندا وولاتی خۆیان جێ هێشتووەو داوای پەنابەرییان لە وولاتانی دیکە کردووە.

لەم چەند ساڵەی ڕابردووەوە کێشەی پەنابەری بۆتە بابەتێکی گرنگی میدیاکانی جیهان و ناوخۆ، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ساڵانی پێشووتر. چەندین ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەوانیمان بینیوە لەمیدیاکانی ناوخۆو دەرەوە، چەندین ڕووداوی سەیرو تەنانەت دڵتەزێنیشمان بینی. هەرچەندە مەسەلەی پەنابەری دیاردەیەکی نوێ نیە بەڵکو بەدرێژایی مێژوو خەڵکانێك هەبوون ناچاربوون وڵاتی خۆیان و زێدی باب و باپیریان جێ بهێڵن و پەنا بۆ شوێنی دیکە بەرن، ئەمەش لەئەنجامی چەوساندنەوە، شەڕو پێکدادانی سەربازی، کێشەی سیاسیی و باری ئابوری...هتد. (وەرگێڕ).

کاتێك داوای پەنابەری لەوولاتێکی بۆ نمونە ئەورووپی دەکەی، ئەوا داوا لەدەسەلاتدارانی ئەو وولاتە دەکەیت کەبەگوێرەی ئەو یاسا نێو دەوڵەتیەی کەبەپەیمانی ١٩٥١ی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بەپلەو پایەی پەنابەران ناسراوە، کەبەپەنابەرت قبوڵ بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بیسەلمێنیت کەترسێکی ڕاستەقینە لەکەوتنە بەر زەبروزەنگ لەوولاتی خۆتدا هەیە، لەبەر یەکێك یان زیاتر لەم هۆکارانە، کەبریتین لە ڕەگەز، ئاین، نەتەوە، ئەندام لەگروپی تایبەتی کۆمەڵایەتی یان هەڵوێستێکی سیاسیی.

ئەم هێڵکارییەی خوارەوە ڕێژەی پەنابەری ئەو وڵاتانە نیشان دەدات کە پەنابەر ڕووی تێکردوون لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ دا، بەم جۆرەی خوارەوە:-

| ز | ناوی وولات – پەنابەر ڕووی تێکردووە | ڕێژەی پەنابەر | ز | ناوی وولات - پەنابەر ڕووی تێکردووە | ڕێژەی پەنابەر |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | سویسرا | ٣,٦٪ | ٧- | فەرەنسا | ٩,٥٪ |
| ٢- | بەلجیکا | ٣,٧٪ | ٨- | یۆنان | ٩,٩٪ |
| ٣- | ئوسترالیا | ٣,٩٪ | ٩- | سوید | ١٢٪ |
| ٤- | ئەڵمانیا | ٥,٦٪ | ١٠- | ئەمریکا | ١٨,٢٪ |
| ٥- | کەنەدا | ٧,٧٥٪ | ١١- | ئەوانی تر | ١٧,٣٪ |
| ٦- | بەریتانیا | ٨,٦٪ | | | |







**ئەم هێڵکارییەی خوارەوە ڕێژەی پەنابەری ئەو وڵاتانە نیشان دەدات کە خەڵك بەجێی هێشتوون لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ دا، بەم جۆرە:-**

| ز | ناوی وولات – کە خەڵك بەجێی هێشتووە | ڕێژەی پەنابەر | ز | ناوی وولات – کە خەڵك بەجێی هێشتووە | ڕێژەی پەنابەر |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | عێراق | ١٤٪ | ٧- | مەکسیك | ٣,١٪ |
| ٢- | سین | ٦٪ | ٨- | ئەفغانستان | ٣٪ |
| ٣- | پاکستان | ٥,٢٪ | ٩- | بانگلادیش | ٢,٦٪ |
| ٤- | سربیا | ٥,١٪ | ١٠ | تورکیا | ٢,٥٪ |
| ٥- | ڕوسیا | ٤,٦٪ | ١١- | ئەوانی تر | ٥٠,٨٪ |
| ٦- | سۆماڵ | ٣,٢٪ | | | |

ئەم دوو لیستەی خوارەوە ئاماری پەنابەری خەڵکی ٢١ وولات نیشان دەدات کە لە ٢٦ وولات داوای پەنابەرییان کردووە لە ٦ ملنگی یەکەمی ٢٠٠٧ دا.

| وولات | ئوسترالیا | نەمسا | بەلجیکا | بولغاریا | کەنەدا | کرواتیا | قوبرس | چیک | دانیمارک | ئەستونیا | فینلەندا | فەرەنسا | ئەڵمانیا | یونان | هەنگاریا | ئایسلاند | ئیرلەندا | ئیتاڵیا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **عێراق** | **٨٦** | **٨٨٨** | **٣٢٢** | **١٩٢** | **١٣٩** | - | **٩٠** | **٢٣** | **٤٥٩** | - | **١٠٦** | **٦٩** | **٨١٧** | **٢٤٨٣** | **٥٦** | - | **١٤١** | - |
| سین | ٥١٢ | ١١٩ | ٧٣ | - | ٧٤٦ | - | ٩٣ | ١٢ | ١٤ | - | - | ٤٢٥ | ١٤٦ | - | ١٥١ | - | ٩٣ | ٥ |
| پاکستان | ٦٢ | ٤٧ | ٨١ | - | ١٦٠ | ٩ | ١٨٦ | ١٣ | - | - | - | ١٦٥ | ١٤٣ | ٤٧٥٧ | - | - | ٩٢ | ١٤ |
| سربیا | - | ٩٩٩ | ٦٩٦ | - | ٥٤ | ٢٧ | - | ١٧ | ٥٢ | - | ٣٩ | ١٦٤١ | ١٠٥٦ | ٦ | ٢٠٠ | - | - | - |
| رووسیا | ١٨ | ١٠٦٧ | ٦٥٦ | ٥ | ٧٨١ | - | ١٦ | ٦٦ | ٢٩ | - | ٧٨ | ١٢٣٢ | ٤٠٣ | ١٤ | ١٩ | - | ١٩ | - |
| مەکسیک | - | - | - | - | ٣٣٣٨ | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| سۆماڵ | - | ١٧٧ | ٧٤ | - | ١٠٠ | - | - | - | ١٠ | - | ٢٠ | ٢٥ | ٥٨ | ١٠٣ | ٢٠ | - | ٧١ | - |
| ئەفغانستان | ١٠ | ٣٢٢ | ٤٢٩ | ٤٣ | ١١٥ | - | ١٤ | ٩ | ٦١ | - | ١٧ | ٧٠ | ١٥٧ | ٧٦٤ | - | - | - | - |
| سریلانکا | ٢٢٥ | ٢٠ | ٣٣ | - | ٧٨٤ | - | ٣٣٠ | ١٢ | ١٦ | - | ٦ | ٨٨٦ | ١٤٧ | ٧٨ | - | - | ٧ | ٢١ |
| تورکیا | ١٩ | ٧٥٣ | ١٢٩ | - | ٦١ | - | ٢٣ | ١٩ | ١٥ | - | ٣٧ | ١١٩٠ | ٧٠٩ | ١١٠١ | ٢٥ | - | - | ٣٢ |
| کۆلۆمبیا | ١٧ | - | - | - | ٧٨٠ | - | - | - | - | - | - | ٢٨ | ١٧ | - | - | - | - | - |
| نیجیریا | ٥ | ٢٠٥ | ٤٧ | - | ٣٢٥ | - | ٢٠ | ٢١ | ٧ | - | ٢٤ | ٢٤٩ | ٢٣٦ | ١٨٤ | ٢٨ | - | ٤٨٠ | - |
| ئێران | ٣٤ | ١٢٠ | ١٨٦ | ١٦ | ٩٦ | - | ٢٣٩ | - | ٤٣ | - | ٢٠ | ٦٤ | ٢٨٢ | ٢٠٧ | ٨ | - | ٤٢ | - |
| سووریا | ٥ | ٦٦ | ٨٤ | - | ٣٠ | - | ١١٢٩ | ٨ | ٢٣ | - | - | ٢٤ | ٢٦٦ | ٧٢٣ | ١٤ | - | ٥ | - |
| هایتی | - | - | - | - | ٨٦٩ | - | - | - | - | - | - | ٣٦٨ | - | - | - | - | - | - |
| هندستان | ٢٦٦ | ١٩٦ | ٢٢ | - | ٣٠٧ | - | ١٤٢ | ٨ | ٢٤ | - | ٥ | ٢٨ | ٢٣٢ | ١٢٩ | - | - | ١١ | - |
| جۆرجیا | - | ١١٢ | ١١ | - | ٢٦ | - | ٨٨ | ٩ | - | - | - | ٣٧ | ٤٢ | ٦٦٠ | ٢٨ | - | ٤٢ | - |
| بانگلادیش | ٣١ | ٣٢ | ٢٢ | ١٤ | ٤٧ | - | ١٤٨ | ٩ | - | - | ٥ | ٤٤٧ | ٥١ | ٢٣١٤ | - | - | ١٦ | - |
| کۆنگۆ | - | ١٧ | ٣٨٩ | - | ١٥٢ | - | - | ٢١ | - | - | ١٤ | ١١٢٥ | ٧٩ | - | - | - | ٩٤ | - |
| ئەریتریا | ٥ | - | ١٢ | - | ٦٤ | - | - | - | - | - | - | ٣٤ | ١٥٩ | ١٥ | - | - | ١٨ | - |
| سلڤادۆر | - | - | - | - | ٦٨ | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |

| وولات | لاتیڤیا | لیختنشتاین | لیتوانیا | لوکسەمبورگ | ماڵتا | هۆڵەندا | نیوزلەند | نەرویج | پۆڵەندا | پورتوگال | رۆمانیا | سلۆڤاکیا | سلۆڤینیا | ئیسپانیا | سوید | سویسرا | بەریتانیا | ئەمریکا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **عێراق** | - | - | - | **٨** | - | **٥٦٦** | **٦** | **٤٨٥** | **١٥** | - | **٥٧** | **٣٦** | - | **١٤٩١** | **٩٢٢٩** | **٥١٣** | **٦٦٥** | **٢٨٧** |
| سین | - | - | - | - | - | ١١٦ | ٢٠ | ١٩ | ١٤ | - | ١٢ | ٣١ | - | - | ٦١ | ١٦٠ | ١٠٠٥ | ٤٤١٤ |
| پاکستان | - | - | - | - | - | ١٢ | - | ٢١ | ١٥ | - | - | ٢٨٢ | - | ١٤ | ٢٨ | ١٦ | ٨٦٠ | ٢٢٢ |
| سربیا | - | - | - | ١٠٦ | - | ١٤ | - | ١٦٥ | - | - | ١١ | - | ٧٤ | ٥ | ١١٢٠ | ٥٧٤ | ٦٠ | ١٥٤ |
| رووسیا | - | - | ٢٠ | - | - | ٤٢ | - | ٣٣٤ | ١١١١ | - | - | ١٧٢ | - | ٤٧ | ٢٥٥ | ١٠١ | ٧٠ | ٣٩٨ |
| مەکسیک | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | ١٣٣٣ |
| سۆماڵ | - | - | - | - | ٩٥ | ٨٩٣ | - | ٨٠ | - | - | ٢٧ | ٦ | - | ٣٩ | ١٥٠٦ | ١٢٦ | ٩٦٠ | ١٠٧ |
| ئەفغانستان | - | - | - | - | - | ٦٨ | - | ٦٣ | - | ٧ | - | ٣٢ | - | ١٢ | ٣٣٦ | ٨٢ | ١٥١٠ | ٥٣ |
| سریلانکا | - | - | - | - | - | ٦١ | - | ١٠٠ | ٢٢ | - | - | ٥ | - | ٢١ | ٧ | ٢٦٢ | ٦٤٥ | ١١٨ |
| تورکیا | - | - | - | - | - | ٤٤ | - | ٢٩ | ٥ | - | ١٩ | - | ٢٥ | - | ١٥٤ | ٣٤١ | ١٢٥ | ٣٠ |
| کۆلۆمبیا | - | - | - | - | - | ٥ | - | - | - | ٧٥ | - | - | - | ١٠٧٧ | - | ٣١ | ٢٠ | ٧١٤ |
| نیجیریا | - | - | - | ٥ | ١٦ | ١١٢ | - | ٤٦ | - | - | - | ٦ | - | ٢٩٥ | ٦٤ | ١٠٤ | ٤٢٠ | ٨٦ |
| ئێران | - | - | - | - | - | ٨٠ | ١٧ | ٨١ | - | - | - | - | - | - | ٢٠٥ | ٩٦ | ١١٤٠ | ١٤٣ |
| سووریا | - | - | - | - | - | ١٦ | - | ٢٨ | - | - | - | ٥ | - | - | ١٦٣ | ٩٠ | ١٠٥ | ٢٦ |
| هایتی | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | ١٦٩٢ |
| هندستان | - | - | - | - | - | ٢٨ | ٥ | ٢٢ | ١٧ | - | ١٤ | ٤١١ | - | ١٥٤ | ٤٦ | - | ٢٥٥ | ٣٠٧ |
| جۆرجیا | - | - | - | - | - | ١٠ | - | - | - | - | - | ٤٧ | - | - | ٣٠ | ٥٤ | ٢٠ | ١٢ |
| بانگلادیش | - | - | - | - | - | - | ١١ | - | ٨ | - | - | ٦٣ | - | ١٤ | ٤١ | ١٦ | ٢٩٥ | ٨١ |
| کۆنگۆ | - | - | - | - | ١٢ | ٥ | - | ٢٤ | - | ٥ | - | - | - | ٥٢ | ٣٢ | ٥٢ | ٢٦٠ | ٤١ |
| ئەریتریا | - | - | - | - | ٨٥ | ٥٧ | - | ٢١٣ | - | - | - | - | - | - | ٣٦١ | ٨٣٢ | ٦٤٠ | ١٤٣ |
| سلڤادۆر | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | ١٣ | - | ٥ | ٩٢٣ |

ئەم لیستەی خوارەوش بریتییە لە ناوو ئاماری چەند وولاتێکی دیکە کە خەڵك جێی هێشتونو داوای پەنابەریان کردووە لە وولاتانی دی، بەلاّم ناوی ئەو وولاتانەی تیادا نییە کە داوای پەنابەرییان لێ کردوون.

| وووڵات | ژمارەی پەنابەر | وووڵات | ژمارەی پەنابەر | وووڵات | ژمارەی پەنابەر | وووڵات | ژمارەی پەنابەر | وووڵات | ژمارەی پەنابەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گینیا | ١٢٨٣ | زیمبابۆی | ١٢٢١ | ڤێتنام | ١١٢٣ | کۆتی دلڤۆر | ١٠٨٨ | کامیرۆن | ١٠٠٤ |
| ئەسیوبیا | ١٢٩١ | جەزائیر | ١٢٨٣ | گواتیمالا | ١٤٥٦ | لوبنان | ١١٩١ | سۆدان | ١٠١١ |
| مەنگۆلیا | ٨٧٠ | مەڵدۆڤیا | ٩٢٣ | ئازەربایجان | ٧٠٢ | ئۆکرانیا | ٧٦٢ | نایبار | ١٢٩٧ |
| بیلاروس | ٧٠٣ | ئۆزبەکستان | ٥٢٤ | مایتمار | ٦٥٧ | ولاّتی تر | ٣١٨٠٧ | | |

سەرچاوەکان: www.refugeecouncil.org.uk www.unhcr.org

# کەسێتی لوتکە خوازو
# تراژیدیاکانی تۆقین لە نزمایی

و: خدر ئیبراهیم

زەینی مرۆڤ هەمیشە بەدەست نەناسراوەکانەوە لەهەراسانیدایە، نەناسراوەکان تێکی دەدەن‌و زەین لەنێوەندی شتگەلە ئاشناکانی خۆیاندا ژیان بەسەردەبات‌و لەنێو مۆدێلی دیاریکراوو نەناسراویشدا، درێژە بەڕەوتی سوڕانەوەی خۆی دەدات، بەتەواوی لەگرامۆن دەچێ، لەچوونی بەرەو قەڵەمڕەوی نەناس‌و نەزانراوەکان دەتۆقێنێت. بەڵام خودی ژیان هەمیشە لەنێو نەناس‌و نەناسراوەکاندا دێت‌و دەچێت، ئێوە تەنیا ئەو وەختەی پەی بەناسین‌و زانینی شتەکان دەبەن کە ئامادەی سەفەرکردن بەرەو نەناسراوەکان بن، بەڵام ئێوە تۆقیون! ئێوە مەیلتان لەوەیە ژیان بەهەمان شێوەی زەینی خۆتان لە جوڵەدابێت‌و لەسەر بنچینەی ناسراوو نەزانراوەکانیش بڕوات بەڕێوە. بەڵام ژیان ناتوانێت پەیڕەوی لە مەیلی ئێوە بکات. ژیان هەمیشە بە ئاراستەی نەناس‌و نەزانراوەکان دەڕواو لە لافاوێك دەچێت کە ئێمە بخوازین بیوەستێنین. چونکە لەو دەمەی شتێك دەوەستێنین دەتوانین پێشبینی بۆ بکەین. ئێوە دەخوازن بەختەوەربن‌و بەدوای چێژەکانتا دەگەڕێن، بەڵام ئەوکەسەی خوازیاری چێژەکان بێت، پێویستە ئازارەکانیش قبوڵ بکات، هەروەك نموونەی (لوتکەو دۆڵەکان)! ئێوە لوتکەو بەرزاییەکان دەخوازن، بەڵام دۆڵ‌و نزماییەکانتان ناوێت، کەوایە دۆڵەکان بەرەو کوێ بچن، بێ هەبوونی دۆڵ‌و نزماییەکان، ئەدی چۆن چۆنی لوتکەو بەرزاییەکان دەتوانن بوونیان هەبێت؟ ئەگەر عاشق بە لوتکەکانن، دەبێ دۆڵ‌و نزماییەکانیشتان خۆشبوێ، چونکە ئەوانیش بەشێك لە چارەنووسن. مرۆڤ پردێکە لەنێوان ناسراوو نەسراوەکاندا، لەنێوان زانراوو نەزانراوەکاندا، لەجێدا وەستاون‌و متبوون، گێلیەتییە لەخەیاڵی گەڕان بەدوای نەناس‌و نەزانراوەکاندا. خۆسازکردن بۆ سەفەریش سەرەتای ژیری‌و یەکبوونە لەگەڵ نەناسراوەکانداو مانای بێداربوونەوە دەگەیەنێت. هەر گۆڕانێك لەپێناوی قبوڵکردن‌و ژیان گوزەراندندا بەگرفتە، بەڵام دوای ماوەیەك بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو گۆڕانە بەهاو سامانێکی زۆری پێمان بەخشیوە. مرۆڤی پێگەیشتوو مۆدێلە کۆن‌و دووپاتبووەکان، کە بێوەی‌و سەلامەتن، بەڵام بێزارکەرن، دووپات ناکاتەوە، ئەو چەشنە کەسانە لەپێناوی قبوڵکردنی بەرپرسیارێتی ژیاندا بەهەموو توانایانەوە، لەهەر خولەکێکدا ڕوانینی خۆیان تازە دەکەنەوە. ژیان دیارییەکی سازو ئامادەکراو نییە! ئێوە میراتگری هەمان ئەو ژیانەن کە خۆتان خولقاندووتانە. ئێوە لەژیاندا هەمان ئەو میوەیە بەدەست دێنن کە تۆوەکەیتان چاندووە. سەرەتا بەوە ناچاردەبن، کە مانایەك بەژیان ببەخشن، پاشان دەبێ، بە شیعرو ڕەنگو مۆسیقای ئاوێتە بکەن. دەبێ ڕاهێنەربن، ئەگەر ئەمەتان ئەنجامدا، ئەوا زیندوو دەبن!.

دونیا پڕە لەو خەڵکانەی کە خەمۆکن‌و هەموو تەمەنیان لەنێو خەم‌و دڵشکاویدا بەسەر دەبەن. هەندێکی تریش هەن، کە تەواوی ژیانیان بێ هیچ ناڕەحەتییەك بەشادی‌و خۆشیەوە بەسەر دەبەن. کەوایە ئەوە خۆتانن کە کاریگەری لەسەر چلۆنایەتی ژیانتان دادەنێن‌و لەسەر بنچینەی ئەو وێنەیەی کە لە زەینتاندا پێکهاتووە، شادمانی یا خەمبارێك دەسگیردەبێت. هۆشمەندی ئەوەیە کە (بەهەشت) بخولقێنن‌و شادمانی بەخۆتان ببەخشن، ئەگەرنا نابێتە پشکی ئێوە! تەنها ئەوکاتە دەبێتە پشکتان، کە بۆخۆتان بیخولقێنن. ئەمەش لە کرداری هەناسەدا دەچێت. تا ئەو کاتەی هەناسەدەدەن زیندوون‌و ئەو دەمەی کە دەیبەستن، ئیدی نین! ئێمە چاوەڕێی هەرشتێك لەژیان بکەین، هەر ئەوە بەدەست دەهێنین، ئەگەر لەنێو زەینماندا وێنەی کەسێکی لاواز بۆخۆمان فۆرموڵە بکەین، ئەو وێنەو بیروبۆچوونە وادەکا، کەدەست لەهەوڵ‌و تێکۆشان بەربدەین‌و لەخۆماندا هەلومەرجەکانی لاوازبوون فەراهەم بکەین. وێنە زەینیەکان بنچینەی کەسایەتی (هەست‌و ڕەفتارەکان) فۆرموڵەبکەن. بۆ ئەوەی ڕەفتارو دەسهات‌و ئەنجامەکان بگۆڕین، دەبێت وێنە زەینیەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردابهێنرێت، بەم شێوەیە تواناو وزە خودیەکان بەرەو زۆرتر دەچن. ئێمە لەڕێی ئەندێشەوە بیرکردنەوەکانەوە بەرەو پێش دەچین‌و بە پەیژەی ئەو وێنەیەی کە خۆمان کێشاومانە ڕوولە بەرزایی دەکەین. لەوە بەئاگابین کە هێزی وێناکردن‌و بیروبۆچوونەکانمان، دە ئەوندە بەهێزترن لە هێزی ویستەکانمان!. بەبەڵگەی ئەوەی کە هەندێ کەس لەسەرەتای کارکردنیاندا بەزویی لەباری دارایی‌و کۆمەڵایەتی‌و تێکڕای لایەنەکانی دییەوە بەرەو پێش دەچن‌و لەوەدا کۆبۆتەوە، کە ئەوان نەك بەتەنها توانای ئەنجامدانی هەموو ئەوانەیان هەیە، بەڵکو بەجۆش خرۆشەوە بە ئاراستەی ئامانجێکی دیاریکراو دەجوڵێن‌و بەو پەڕی وردبینیشەوە بەرنامەکانی داهاتوویان دیسپلین دەکەن. ئامانج‌و بەرنامەدانان، گرنگترین دەستاوردو هۆکارە بەردەستەکانی مرۆڤن‌و بەوپەڕی گشتگیرییەوە ژیان بەرەو بەردەوامی دەبەن. مرۆڤ بوونەوەرێکی ئامانجدارە، کاتێك بەدوای ئامانجێکەوە نەبین، بەڵگەیەکمان لەپێناو کۆششکردندا پێنابێ‌و لەبەرەنجامیشدا بەچەشنی " گۆمێکی وەستاو" لەجێی خۆماندا کپو نەجوڵاو دەمێنێتەوە، لەکاتێکدا سروشتی مرۆڤ واپێویست دەکات لە جوڵەو بزاوتی بەردەوامدابێت. بەبێ هەبوونی ئامانج، ڕووحی مرۆڤ سست‌و لاواز دەبێت‌و هەستی پوچگەرایی لەلا دەخولقێ. کاتێ مرۆڤ خاوەنی هیچ ئامانجێك نەبێت‌و سبەینێشی هەر بەچەشنی ئەمڕۆ چاولێبکا، دڵتەنگی‌و خەمۆکی دایدەپۆشێت. سەرکەوتووەکان لەهەر بوارێکدا، بەشێوەیەکی بێچەندوچوون بەهێزترین‌و خێراترین‌و باشترین‌و زیرەکترینی کەسەکان نین، بەڵکو پایەدارترینیانن.. پایەداری لەئاست ئامانج‌و بەدواداچوونی بێ ڕاوەستان لەو نێوەدا، هێمای سەرکەوتووییە. هێزو وزەی ئەو کەسەی باوەڕی بەشتێك بەخشیوە، لەگەڵ هێزو وزەی (٩٩)یەکسان دەبێ، کە تەنیا مەیلیان بەوشتە دێت، ژیان تەنها فرسەتێکە لەپێناوی شادمانیدا، لەپێناوی(بوون)و کرانەوەدا. ژیان لەخودی خۆیدا لێوان لێوو پڕە!. تا لێهاتوو نەبن، ناتوانن ژیان لەژێری‌و ڕەزامەندیدا لێواو لێو بکەن، ئێوە گۆڕانیەکتان لەدڵدایە کەدەبێ بگوترێت‌و سەمایەکیشتان لەبووندایە دەبێت بە جووڵە بنوێنرێت. یەکێك لە بەڵگەکانی ئەوەی کە هەموان بەسەرکەوتنی مەزن ناگەن،

لەوەدایە کە هەروەك ئاشكرایە" سەركەوتوویی" روخساری خۆی لەپشت هەوڵە جددیو بەردەوامەكاندا دەشارێتەوە. بۆیە دەبێت تەواوی توانا تاكەكەسیەكانتان بەكار ببەنو هەمیشە ئەوەتان لەیاددابێت كە لە دونیادا دووجۆرە دژواری بوونیان هەیە " دژواریەكی رێكو پێكو بە دیسپلین"و " دژواریەكی پڕ لە ئەفسوسو پەشیمانی". ئەو جیاوازیەی كە لەنێوان ئەو دوو دژواریەشدایە، لەوەدایە كە( دژواری بە دیسپلین) تەنها گرامێك كێشی هەیەو (دژواری پەشیمانی)ش، هێندەی تەنێك كێشی هەیە.

لێگەڕێن، هەر كارێكتان نیشانەیەك بێ بۆ یەكتاییتان، كەسێتی خۆتان لەخۆتاندا بەدەرخەن، لێگەڕێن ژیان لەهەبوونی ئێوەدا كەیفسازبێت.. ئەو وەختە ئیدی ژیان مانای چەرمەسەریتان پێنادا، بەڵكو بەچەشنی عەترێكی دڵارام دەبێت بۆتان!. كەسانی سەركەوتوو، بەرپرسیارێتی تەواوی كارەكانیان دەگرنە ئەستۆی خۆیان.. ئەمەش روویەكی تری هاوبەشی نێوان كەسە سەركەوتووەكانو رابەرە مەزنەكانە، ئەو كەسانە پێیانوایە كە تەواوی رووداوو پێشهاتەكانی نێو ژیانیان، بەرەنجامی كارو كردەوەكانی خۆیانەو خودی خۆیشیان بەتەنیا بەرپرسیاریەتی كارەكانیان قبوڵ دەكەن. بەڵام خەڵكانێكی تریش هەن، پێیانوایە كە تەنها پێشهاتو رووداوگەلەكانی نێوژیان، رۆڵ لە چارەنووسیاندا دەگێڕێت، ئەگەر ئێوەش لەسەر هەمان باوەڕی ئەوان بن.. ئەوا دەبێت پێتان بڵێم، كە دیارە ئێوەش پێشتر ملكەچی چەشنەبیروباوەڕێكی وەها بوون، چوونكە واتان وێنا كردووە، كەهیچ كارێكتان لەدەست نایەت.. بەو هۆیەشەوە هیچ جوڵەو بزاوتێكتان لەخۆتان نیشان نەداوەو سەرەنجامیش خۆتان كردۆتە قوربانی!. بۆیە دەخوازم بەوە قایلتان بكەم كە بەهەر چەشنو جۆرێك بێت، خۆتان بەرپرسیاری ژیانی خۆتانو چەندێكی (شادمان یا خەمبار)بن، (چالاك یا وەستاو) بن، (بێ هەوسەڵە یا پڕ مەیل)بن، هەموو ئەوانە خۆتان سەرچاوەی درووستكردنیان بوون، گەنجینەی ئێوە لەناخی خۆتاندایە، لەهیچ جێیەكی تردا بەدوایدا مەگەڕێن. هەر مرۆڤێك لەگەڵ چارەنووسێكی تایبەتیدا پێدەخاتە نێو دونیاوەو دەبێ ئەركێك راپەڕێنێتو پەیامێك بگەیەنێتو كارێك تەواو بكات. هاتنە بوونی ئێوە بەتەنها هەر رێكەوت نییە، هەموو بوونو چاوی لەوەیە كە كارێك بەدەستەكانی ئێوە بە ئەنجام بگات. ئەوانەی كە لەژیانی خۆیاندا دەسكەوتو بەرەنجامی(لە ئاسایی بەدەر) یان بەدەستهێناوەو خەڵكی دونیا بەچاوی رێزەوە بۆیان دەڕوانن، هەموویان خاوەن هەستی یەكتاییو یەكبوونی مرۆڤینو هێمای سەركەوتنیشیان بریتی بووە لە دروستكردنی گروپێكی پڕ لە هاوكاریو سەركەوتنی لەگەڵ ئەوانی تردا. ئەوانە بەو پەڕی توندوتۆڵیەوە روو لەكارەكانیان دەكەن، چوونكە پێیانوایە لەدەمی كاركردندا شتگەلێكی تازە فێردەبن، هەر لەو رێیەشەوە گەشەیان كردووەو دونیایەكی تازەتریان لە پێناوی خۆیاندا دۆزیوەتەوە. سەركەوتن لە نەبەردی ژیاندا، هەمیشە نابێتە پشكی ئەوكەسانەی كە بەهێزتر یان خێراترن.. بەڵكو درەنگ یا زوو ئەو كەسانە براوە دەبن كە بڕوایان هەیە.. ئەگەر لە گۆشەیەكدا بمێننەوەو سەرنج لەسەر لایەنە جۆربەجۆرەكانی بەركەماڵبوونتان كۆنەكەنەوە، یاخود تەنها سەرنج بدەنە مەسەلەیەكو ئەوانی دی وەلابنێن، ئەوەی بەدەستی دەهێنن، كەم دەبێتو ئەوەشی كە فێری دەبن لەخانەی هیچدا دەبێت. كەواتە باشترین ئەو شتانەی كە هەتانە بە دونیای ببەخشن، تا لەبەرامبەردا باشترینەكانتان پێ بداتەوە.

سەرچاوە:

(روانشناس جامعە)- شمارە( ٢٦) ساڵ (٣) شهرویەر ١٣٨٦، ١٤، نوشتە(الهام بارسلطان)



# كازیوەی منداڵانی قەڵادزێ
# تاكە مەڵبەندی پەروەردەییو فێركردنە

راپۆرتی: رەنگین مەحمود

یەكێك لەو مەڵبەندە رۆشنبیریو پەروەردەییەی كە رۆژانە منداڵان كاتەكانی خۆیانیانی تیادا بەسەر دەبەنو ئارەزووەكانیانی تیادا بەرجەستە دەهێنن خانەی رۆشنبیری كازیوەی منداڵانی قەڵادزێیە كە دەیان منداڵی بەهرەمەندی پێگەیاندووەو لە قوتابخانە سەرەتایەكانیشدا نموونەی قوتابی زیرەكو سەركەوتوون، بۆیە زۆر بەلامانەوە گرنگ بوو بەمەبەستی زیاتر ناساندنی ئەو ناوەندە رۆشنبیریەی منداڵانی شارەكە لە نزیكەوە بیناسێنینو بۆ ئەم مەبەستە ئەم ریپۆرتاژەمان ئامادەكردووەو سەرەتا سەردانی بەشی (ئیدارە) مان كردو چاومان بە(خدر شێخ حسێن) بەرێوەبەری كازیوەی قەڵادزێ كەوتو چەند پرسیارێكمان ئاراستە كرد.

زنار:كەی ئەم مەڵبەندە كراوەتەوە

شێخ خدر: خانەی رۆشنبیری كازیوەی منداڵانی قەڵادزێ سەر بە وەزارەتی رۆشنبیریەو لە مانگی (مایس)ی ساڵی ( ٢٠٠٠) دوە كراوەتەوەو لە پێشوازی منداڵانی شارەكەماندایە.

زنار:كازیوەكەتان لە چەند بەش پێكدێت

شێخ خدر: بەگشتی لە پێنج بەش پێكدێت كە بەشەكانی هونەری وەكو (مۆسیقا +شانۆ + نیگاركێشان + هەڵپەركێ) و بەشی زانستی وەكو ( كۆمپیوتەر)و بەشی



جالاكی بەشی وینەكیشان

روناكیری كە بریتیە لە كتێبخانەیەكی منداڵان، هەروەها بەشی تەرفیهی وەكو ( هۆڵی ڤیدیۆ + یاریە ئەلكترۆنیەكان )و بەشی وەرزش كە پێكدێ لە یاریەكانی (تۆپی پێ + باڵە + شەترەنج + تێنس + جومناستیك ).

زنار: منداڵان زیاتر ئارەزووی چ بەشێك دەكەن

شێخ خدر: سەرەتا رێژەیەكی زۆری منداڵان سەردانی بەشی وەرزشیان دەكردو ئێستاش هەروایە بەڵام ئارەزووی منداڵان بۆ فێربوونی منداڵان زۆرە بۆ فێربوونی كۆمپیوتەرو بەشە تەرفیهیەكانو هونەریەكان.

زنار:مەڵبەندەكەتان سەرەتا كازیوەی سەر بە منداڵپارێزی كوردستان بوو ئێستا بۆتە خانەی رۆشنبیری هۆكاری ئەمە چیە.

شێ خدر: بە پێی پەیوەستنامەی نێوان وەزارەتی رۆشنبیریو منداڵپارێزی كوردستان لە مانگی (مایس)ی ساڵی (٢٠٠٢) تاكو ساڵی (٢٠٠٥) راستەوخۆ منداڵپارێزی كوردستان سەرپەرشتی ئێمەی دەكردو ئەو كاتە بە ناوی كازیوە چالاكیمان ئەنجام دەدا، ئێستاش سەر بە بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری منداڵانی رانیەین بە ناوی خانەی رۆشنبیری كازیوەی منداڵانی قەڵادزێو ئێستاش زیاتر هەر بەناوی كازیوە ناسراوین .

زنار: گیروگرفتی بەشەكانتان چین.

شێخ خدر: گەورەترین كێشەی فەرمانگەكەمان كەمیو نەبوونی میلاكە بۆ بەشەكان، ئێمە زیاتر لە چواردە بەشمان هەیەو هەوڵی زۆرمان داوە بۆ دابینكردنی میلاك چونكە تەنها پێنج راهێنەرمان هەیە بەڵام ئەمەیان پەیوەندی بە زروفی حكومەتی هەرێمەوە هەیە كە دامەزراندنی راگرتووە.

زنار: لە رێی ئارەزووی منداڵانەوە نیازتان نیە بەشی دیكە بكەنەوە.

شێخ خدر: جگە لەم بەشانە دەتوانین بەشی تر بكەینەوە وەكو میكانۆ كە تائێستا ئەو بەشەمان نیە كە منداڵان زۆر ئارەزووی دەكەن.

زنار:بەرای ئێوە مەڵبەندەكەتان ناوەندێكی پەروەردەكردنە یان فێركردن.

شێخ خدر: خانەی رۆشنبیری كازیوەی منداڵانی قەڵادزێ مەڵبەندێكی فێركردنو پەروەردەییە چونكە منداڵان لە رێی خولە تایبەتو بەردەوامەكان فێری كۆمپیوتەرو مۆسیقاو شانۆو وێنەكێشانو وەرزش دەبنو لە روانگەی پەروەردەیەوە ئامۆژگاری



جالاكی بەشی شانۆ

رێنمایی بەردەوام دەکرێن لەسەر ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە منداڵانەوە.

زنار: شێوازی کارکردنتان یان سیستمی کارتان لەسەر چ بنەمایەکە.

شێخ خدر: شێوازی کارکردنمان ئەوەیە دوای ئەوەی بە پاسی خانەکەمان منداڵانی گەڕەکە دوورەکان دەگوازینەوەو لە پرسگە ناونووس دەکرێن هەر منداڵەو دەچێت بۆ ئەو بەشەی کە ئارەزووی دەکات ئێمەش بە سیستمی خولی تایبەت یان خولی بەردەوام منداڵان لە بوارە جیاجیاکان فێردەکەین.

دواتر سەردانی بەشی (کۆمپیوتەر)مان کردو (هێمن حسەن) وەکو سەرپەرشتیاری ئەو بەشە بەم شێوەیە بۆمان دوا :﴿بەشەکەمان زیاتر لە پشووی هاویندا خولەکانی بەردەوامن تا ئێستاش ڕۆژانە کراوەیەو فێرکردن تەنها لە شێوەی خولدا خۆی نابینێتەوە بەڵکو ئەو منداڵانەی لە خولەکاندا سوودمەند بوون بەردەوام سەردانی ئێرە دەکەن تا زیاتر فێربن، خولەکانمان بە درێژایی ساڵ نیە بەڵکو لە پشووی نیوەی ساڵو پشووی هاوینەو ماوەی خولەکانیش پانزە ڕۆژ دەخایەنێت بۆ بەرنامەکانی ( وۆردو پەینت)و توانیومانە ئەمساڵ شانزە خول بکەینەوە لەهەر خولێکدا چواردە منداڵ بەشدار بوونو سوودمەند بوون کە تەمەنیان لە نێوان (١١- ١٤) ساڵیدا بووەو ئەمەش ئامادەکردنیانە بۆ خوێندنی ئەم بابەتە لە قۆناغەکانی خوێندندا﴾. بەشی مۆسیقا یەکێکە لەبەشە هونەرییە چالاکەکانی کازیوە (مامۆستا مەحمود خدر) کە سەرپەرشتیاری ئەم بەشەیە بەم شێوەیە دەربارەی بەشەکەیانو چالاکیەکەیان دوا : ﴿ بەتایبەت لە پشووی هاویندا بەشەکەمان چالاکی زۆر باشی هەبووە لە کردنەوەی خولو فێرکردنی منداڵان لەسەر بەرنامەی زانستی خوێندنەوەی نۆتەی مۆسیقاو پرۆڤەکردن لەسەر ئامێرە مۆسیقیەکان ، نابێ ڕۆڵی کاك (خالید بابەکر) لەبەرچاو نەگرین چونکە ئەمساڵ وەکو خۆبەخشێك زۆر هاوکاری بەشەکەمانی کردووەو ئەزموونێکی باشی لە بواری مۆسیقادا هەیە، کێشەی بەشەکەمان بە ڕاستی نەبوونی شوێنێکی گونجاوە بۆ پرۆڤە کردنو ئەنجامدانی چالاکیەکان بۆیە داواکارین لە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە سەکۆیەکی شانۆمان بۆ دروست بکات لە هۆڵەکەدا، لە ڕووی ئامێریشەوە بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری منداڵانی ڕانیە بە پێی توانا ئامێرو کەلوپەلیان بۆ دابین کردووین، تیپێکی تایبەت بە مۆسیقای منداڵان لێرە دامەزراوە کە لە (١٥) ژەنیار پێکهاتووە کە



خدر شێخ حسێن بەڕێوەبەری کازیوەی قەڵادزێ

دەتوانن بە شێوەیەکی سەرەتایی مۆسیقا بژەننو کوران زووتر فێردەبن لە کچان ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەکەوێتە سەر خودی منداڵەکە کە تاچەند ئارەزووی فێربوونی هەیە﴾. بەشێکی دیکەی هونەری لە کازیوەدا بەشی (نیگارکێشان)ە کە ( م .عەبدولڕەحمان ئەحمەد ) سەرپەرشتیاری بەشەکەیە دەربارەی توانای بەهرەی منداڵانو چالاکی بەشەکە بەم شێوەیە بۆمان دوا : ﴿ سەبارەت بە شێوازی کارکردنمان لێرەدا ئەمساڵ شێوازێکی نوێمان پەیڕەو کردووە کە لەسەر بنەمای متمانە بەخشینە بە منداڵان چونکە منداڵەکان خۆیان بونەتە مامۆستاو توانیویانە بەهرەکانیان بە هەندێ منداڵی دیکە بگەیەنن، لێرەدا لەسەر شێوازێك کارمان کردووە کە ئەویش سەرەتا فێربوونو ناسینی ڕەنگەکانو گونجاندنیانە لەگەڵ شێوەو فیگەرەکاندا دواتر کارکردن لەسەر ئیشی دەستو بۆیەی ئاوی کە بۆ هەریەکێك لەم بوارانە خولی تایبەتو درێژخایەنمان کردۆتەوە، جگە لە کردنەوەی خولەکان سازدانی پێشانگای (لە منداڵەوە بۆ منداڵ) کە تایبەت بووە بە کاری ڕەنگکاریو وێنەکێشان لە (٢٨ / ٦ / ٢٠٠٧)و دواتر سازکردنی پێشانگای (ڕەنگاڵە) کە تایبەت بووە بە ئیشی دەستی منداڵان کە بۆ یەکەمجارە لە قەڵادزێ بکرێتەوە لە ڕۆژی (٣٠ / ٨ /٢٠٠٧) لەگەڵ ئەمانەشدا سازدانی گەشتێکی یەکترناسینی منداڵانی بەشی نیگارکێشان بۆ کازیوەی ڕانیە بە مەبەستی یەکتر ناسینو هاوڕێیەتی لەگەڵ منداڵانی هەمان بەشی کازیوەی ڕانیەدا، لێرەدا تارادەیەکی باش منداڵان سوودمەند بوون چونکە پێش هەموو شتێك فێری ئەوە کراون کە بە شێوازی گروپبەندی هاوکاری یەکتری بکەن لەسەر بنەمای ڕێزگرتنو خۆشەویستیو هاوڕێیەتی جگە لەوەش فێری ئەوە کراون کە پشت بەخۆیان ببەستنو ئەو شوێنەی خۆشبوێت، لەگەڵ ئەمانەشدا منداڵەکان فێری دەستڕەنگینیو نیگارکێشان بوون کە تائێستاش لە ماڵەوە یان لە کازیوە خەریکی کارکردننو پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی مامۆستا ئیبراهیم حەسەنیش بدەین کە پێشتر چەند ساڵێك لێرە کاری کردووەو ئێستاش هاوکارمانە﴾. کتێبخانە بەشێکی گرنگی ئەم ناوەندە ڕۆشنبیریەیە کە تیایدا ڕۆژانە منداڵان سەردانی دەکەنو لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبو گۆڤارەکاندا گەشە بە بیرو هزری منداڵانەیان دەدەن خاتوو (دلکەش کەریم) سەرپەرشتیاری ئەم بەشە دەربارەی سەرچاوەی گۆڤارو کتێبەکانو چالاکیە ڕوناکبیریەکان بەم شێوەیە بۆمان دوا :﴿ سەرچاوەی کتێبو گۆڤارەکان زیاتر



**جالاکی بەشی کومبیوتەر**



جالاکی بەشی موسیقا

لە ڕێگەی منداڵپارێزو بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری منداڵانی ڕانیەو کازیوەی قەڵادزێوە بۆمان دابین دەکرێت، ئەمساڵ کتێبو سەرچاوەیەکی زۆر کەممان بۆ دابینکراوەو سەرچاوەیەکی زۆر باشی منداڵان لە بازاڕو کتێبخانەکاندا هەیە کە هیواخوازم بۆمان دابین بکەن، ئێمە ساڵانە هەڵدەستین بە سازدانی ڤیستیڤاڵی ڕوناکبیری بۆ هۆنراوەو پەخشانو چیرۆك خوێندنەوە کە لەلایەن مناڵانەوە نووسراونو پێشتر بڵاوکراوەی (ژیکەڵە)مان هەر لەو بەشەدا چاپو بڵاودەکردەوە کە (م.عەبدولڕەحمان ئەحمەد) ئەو ئەرکەی دەگرتە ئەستۆی خۆیو سەرپەرشتی دەکرد کە هیوادارم جارێکی دیکە چاپ بکرێتەوە تاخزمەت بە منداڵانی شارەکەمان بکات کە تایبەت بووە بە بەرهەمی منداڵان خۆیان، لە ڕووی ئامارەوە نزیکەی هەزار کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامەی منداڵانەمان هەیە﴾.
وەرزش بە گشتی یەکێکە لەوخولیاو ئارەزوانەی کە منداڵان هەمیشە حەزی لێدەکەن بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند ساتێکی خۆش لەگەڵ حەزو ئارەزووەکانیان، بەشی کۆنفۆ و جومناستیك یەکێکە لەو بەشە وەرزشیانەی کە منداڵان بە بەردەوام سەردانی دەکەنو بە جلو بەرگی وەرزشیەوە خەریکی مەشقو ڕاهێنانن مامۆستا (مەمەند محەمەد)کە وەکو ڕاهێنەرێکی ئەو بوارە لێرەدا کار دەکات دەربارەی وەڵامی پرسیارەکانمان بەم شێوەیە بۆ گۆڤارەکەمان دوا ﴿ ئەو ڕاهێنانەی بە منداڵانی دەکەین زیاتر بۆ فێربوونی تەقڵەو کاتایەو چالاکی زۆرمان لە بۆنەکاندا کردووەو بەشداری گەشتی گوندەکانمان کردووەو لە ڤیستیڤاڵەکاندا ئامادەیمان هەیە، لە ڕاستیدا ئەم یاریە جۆرێکە لە بەرگری کردن نەك شەڕکردن بۆیە دەبێت منداڵەکانوا فێربکرێن ئەم یاریە تەنها بۆ حەزو ئارەزوویە نەك بۆ شەڕکردنو ئازاردان، ئەم یاریە جوڵەی زۆری تێدایە کاتێك منداڵەکە دەچێتە ناو هاوڕێکانی هەست دەکات شتێك دەزانێتو خۆی نمایش دەکاتو ڕاهێنانەکان دووبارە دەکاتەوە تاوەکو بزانێ چەند سەرکەوتووە چونکە سروشتی منداڵان لەو تەمەنەدا لەوەدایە کە حەزی لە موبالەغەیە﴾. دەربارەی چالاکیەکانی بەشی وەرزش خاتوو ( لەیلا مەحمود) دەربارەی بەشەکەیانو چالاکیەکانیان بەم شێوەیە بیروڕای خۆی دەربڕی ﴿ لە بەشەکەماندا جگە لە یاری کۆنفۆ چوار یاری دیکەی جۆراوجۆر هەیە کە ڕۆژانە لە هەریەك لەو بەشانەدا منداڵان ڕاهێنانی خۆیان دەکەن، زۆرجار بە شێوەی تیپ مناڵەکان ڕێکدەخەینو یاریەکانی بالەو تۆپی پێو شەترەنجو تێنس لەسەر بنەمای یاسایی فێردەکرێن، ئێمە ساڵانە چەندین چالاکی جۆراوجۆری وەرزشی سازدەکەین لەگەڵ کردنەوەی خولەکانی فێرکردنو گەشتی وەرزشی بۆ دەرەوەی قەڵادزێ سازدەکەین بە تایبەتی بۆ کازیوەی ڕانیە بەمەبەستی ئەنجامدانی یاری دۆستانە، نابێ ئەوەشمان بیر بچێت کە مامۆستا (عوسمان خەلیفە) سەرەتا ڕۆڵێکی زۆرباشی بینیوە لە پێگەیاندنی منداڵانی بەشی وەرزش﴾. لە کۆتاییدا ( عومەر حەمە ڕەحیم) ی شوفێری پاسەکەمان بینیو گووتی ﴿ ڕۆژانە لە کاتژمێر ١٥ - ٨ ی بەیانیەوە دەردەچمو منداڵانی گەڕەکە دوورەکان دەهێنم لەناو پاسەکەدا سروودو گۆرانی منداڵانە بۆ منداڵەکان هەڵدەکەمو لە سواربوونو دابەزیندا هاوکاریان دەکەینو دەیانبەم بۆ گەشتو سەیران﴾.

ماوەتەوە بڵێین کە ئەم مەڵبەندە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی تەمەنیدا خزمەتێکی بەرچاوی بە منداڵانی دەڤەرەکە بە گشتی کردووەو پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بەجدی لە هەوڵی دابینکردنی پێداویستیەکانو چارەسەری کێشەکاندابێت چونکە منداڵانی ئەمڕۆ نەوەی ئایندەو داهاتوون با ئێمەش هەمووومان لە هەوڵی ئایندەیەکی دروستو باشدابین.




جالاکی بەشی وەرزش

# لایەنێکی دیکەی ژیانی گیڤارای شۆڕشگێڕ

**ئا: باوکی ژیلا**

لەم مانگەدا چل ساڵ بەسەر کوشتن و گوللەباراکردنی سەرکردەو سیمبولی شۆڕشگێڕ «ئەرنستۆ تشی گیڤارا» تێدەپەڕێ، گیڤارا لەدایك بووی ساڵی ١٩٢٨ وڵاتی ئەرژانتینە، ئەو لەکاتێکدا قوتابی بەشی دەرمانسازی بوو گەشتێکی بە سواری پاسکیل بەتەواوی ئەمریکای لاتینیدا کرد. لەو گەشتەدا تشی وەزعی نالەبارو هەژاری و بێدەرەتانی گەلانی ئەمریکای لاتینی بۆ دەرکەوت، هەربۆیە بە بیروباوەڕی مارکسیزم ئاشنابوو لە مەکسیك فیدل کاسترۆی سەرکردەی شۆڕشی کوبای ناسی و لەگەڵیدا بەشداری ئەو شۆڕشەی کرد کە بوو بەهۆی رووخاندنی رژێمی پاتیستاو دامەزراندنی کۆماری کوبای سۆسیالیستی. بەڵام گیڤارا هیچ پۆستێکی وەرنەگرت و رووی لە وڵاتی بۆلیڤیا کرد بەمەبەستی درێژەدان بە شۆڕش و رزگارکردنی ئەو وڵاتە، بەداخەوە هەر لەو وڵاتەو لە کردەوەیەکی هاوبەشی موخابەراتی چەند دەوڵەتێکدا گیڤارا دەکەوێتە کەمینەوەو لە شەڕێکی سەختدا دەستگیر دەکرێت، دوای رۆژێك لەدەستگیرکردنی گوللەباران دەکرێت. وێڕای تێپەڕبونی چل ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا بەڵام تاکو ئێستاش وەکو سیمبولێکی شۆڕشگێڕو بەرخودان یادەوەری بەزیندوویی ماوەتەوە. ئەو یادو بیرەوەریەش تەنها لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی نیە کە خۆی لەوێ لەدایك بووەو خەباتی کردووە، بەڵکو تەواوی وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوەو ناوەناوە چیرۆك و رووداوی ئەو پاڵەوانە ئەفسانەیە بڵاودەبنەوە. زۆر کتێب و چیرۆك لەبارەی ژیانی ئەوو شەڕی پارتیزانی و تەنانەت لایەنی توندوتیژو خوێناوی ئەو هەروەك ماوەیەك پێش ئێستا کارمەندێکی پێشووی موخابەراتی کوبایی بڵاویکردەوە نوسراوو بڵاوکراونەوە. ئەوەی جێگای ئاماژەیە کە خانەوادەی گیڤارا دەیانەویست کورەکەیان ببێتە دکتۆر، بەڵام ئەو وێڕای خوێندنی پزیشکی گرنی بە خوێندنی ئابوریش داوە وەکو ئارەزوویەك. لەلایەکی دیکەشەوە وەکو زۆربەی لاوە چەپەکانی ئەو سەردەمە حەزی لەنوسینی شیعرو پەخشان بووە، بیست ساڵ پێش ئێستا نیکۆلاس گۆلین کەشاعیرێکی خەڵکی کوبایەو هاوڕێیەکی گیڤارابووە دوو شیعری گیڤارای بڵاوکردەوە، یەکێکیان بۆ پیرێژنێکی ئەرژانتینیە کە بەدەست نەخۆشی رەبوو نەداری و هەژاریەوە دەینااڵندو چاوەڕوانی مردنی دەکرد بەناوی ماریای پیرەوەیە:-

ماریای پیر، دەمریت،
بەراستیمە.
ژیانت تەژی بوو لە سەختی
نە خۆشەویتێکت هەبوو، نە تەندروستی،
نە پارە،
جگە لە برسیەتی هیچ شتێك هاوژیانی تۆ نەبوو.
دەمەوێ لە بارەی هیواکانتەوە بدوێم
سێ هیوا جیاوازەکانت
ئەو هیوایانەی کچەکەت بەبێ هەستپێکردن کۆپی کردن
ئەو دەستە پیاوانەیەی منداڵێك بگرەو
بیانخە ناو دەستە زەرد هەڵگەڕاوەکانت و
هەردوو مەچەکە رەق و وشکهەڵاتوەکانت بسڕەوە
گوێبگرە ئەی داپیرەی پرۆلیتار
باوەڕبێنە بە مرۆڤی ئایندە
باوەڕ بەو ئایندەیە بێنە کە نایبینی
نوێژ بۆ خوایەکی دڵرەق مەکە
کە هیوای ژیانت لێدەستێنێتەوە
و داوای مردنی رەحمەت مەکە
با ببینی دووڕە ئاسکۆڵەکانت گەورە دەبن
ئاسمان کەرەو تاریکی داتدەپۆشێ
بە ئایدۆلۆژیام سوێند دەخۆم
لەبڕی ئەوە تۆڵەی سوورت دەبێ و
هەموو نەوەکانت سپێدەیەکی نوێ دەژین
بە ئاشتی بمرە ئەی پیرێژنی جەنگاوەر
دەمری، ئەی ماریای پیر

هەڵبەتە شیعرەکە زۆر درێژەو لەوانەیە وەرگێرانی هەمووی چەند لاپەڕەیەکی بوێت، بەڵام ناوەرۆکی ئەو تێکستە شیعریە باس لە ژیانی پڕلە چەرمەسەری و نەهامەتی و نەداری ئەو پیرێژنە دەکات کە لە چاوەڕوانی مەرگدایەو دوای خۆشی ئەو ژیانەی بۆ نەوەکانی بەجێیدەهێڵێ، بەڵام تشی بەڵێنی ئەوەی پێدەدات کە ئایندەی نەوەکانی رۆشن دەبێت لە سایەی ئەو شۆڕشەی کە گیڤاراو هاوڕێکانی لەدژی رژێمەکانی ئەوسای ئەمریکای لاتینی بەرپایان کردبوو. هەڵبە ئەگەر بە پێوەری شیعری کلاسیك و تازەش بێت ئەو شیعرە ئاستێکی زۆر بەرزی نیە، بەڵام ئەو شیعرە لایەنێکی دیکەی کەسایەتی گیڤارا دەردەخات کە بەلای زۆربەمانەوە شاراوەیە.





# له نێوان ڕیزکردنی تێکستەکانو هەڵەی میتۆدیدا
# مامۆستا ئاواتو بەهمەن غەفور بە نموونە.

سروش

سەردەمی ئێمە، بەشێوەیەکی تایبەت، سەردەمی ڕەخنەگرتنە، هەموو شتێك دەبێت قابیلی ڕەخنە لێگرتن بێت.١
کانت

نوسەر ئەو کەسە نییە کە دادەبەزێت بۆ لای خوێنەر، بەڵکو کەسێکە خوێنەر ناچار دەکات سەرکەوێت بۆ لای ئەو.٢
بەختیار عەلی

باوەڕ ناکەم خوێنەرێکی جددی هەبێتو نووسینەکانی (مەریوان وریا قانیعو بەختیار عەلیو ئاراس فەتاحو ڕێبین هەردی) نەخوێندبێتەوەو بۆشاییەکی گەورەیان لە فیکری هەر خوێنەرێکدا پڕ نەکردبێتەوە. ئەمە جگە لەوەی ڕەهەندو ئەو تێزانەی لەم چەند ساڵەی دواییدا خستوویەتییە ناو کایەی سیاسیو کولتووریو مەعریفییەوە لە کوردستانداو ئەمڕۆکە نەوەیەکی ڕەخنەگری دروستکردووە کە توانای قسەکردنو بیرکردنەوەو نوسینی گرنگیان هەیە.٣ مەریوان وریا قانیع لە کتێبی دەربارەی فەلسەفەو ئیسلامو ڕۆشنگەری وەلامێك بۆ کتێبەکەی کاك مەلا بەختیاردا بەم شێوەیە دەنوسێت: هیوادارم ئەم وەلامە جۆرێك لە ((هەستی بەرپرسیاریی))و جۆرێك لە ((ترسی مەعریفی)) دروستبکات، بە تایبەتی لای ئەوانەی فیکر بۆ ئینشانووسینو نووسین بۆ قسەی سەر جادەو ڕەخنە بۆ موهاتەراتی سیاسی کورتدەکەنەوە.٤ کەچی لە ژمارە (١٠) ی گۆڤاری زنار لە لاپەڕە سیانزەو سیو یەك بابەتەکانی هەر یەك لە (تێکشکانی بەهاکانی کۆمەڵگا لە سایەی عەقڵی داخراودا)ی مامۆستا ئاواتو پرسیارێکی دیمانەکەی بەهمەن غەفور لەگەڵ عەتا سەقزیدا بێ هیچ ترسێکی مەعریفیو هەستێکی بەرپسیاری لە هەمبەر میتۆدی نووسیندا، بێپەروا چەندین تێکست دەهێننو دەیخەنە سەر یەك، بێئەوەی لانیکەمی ئەخلاقی نووسینو میتۆدیەتی نوسین ڕەچاوکەن. لە ڕاستیدا سەرەتا گومانم هەبوو خودی گۆڤارەکە ئاماژەی بەو سەرچاوانە نەکردبێت کە مامۆستا ئاواتو پرسیارەکەی بەهمەن غەفور بێ هیچ ترسێكو بەرپرسیاریەتیەك تێزەکانی (مەریوان وریا قانیعو بەختیار عەلی)یان کۆپیکردبێت. بەلام کاتێك سەیری ئەم چەند دێڕەی سەرەتای مامۆستا ئاواتم کرد ئەوەندەی دیکە تووشی شۆك بووم. بەڕێزیان دەنوسێت:(پێش ئەوەی باسی تێکشکانی کۆمەڵگا بکەم، بە چاکی دەزانم (پێناسێکی سادە!!!) بۆ عەقڵی داخراو بە مانا تازەکەی دۆگماتیزم بکەم).٥ لێرەدا مامۆستا ئاوات جگە لەوەی کە هیچ ئاماژەیەکی بە ناوی نووسەری ئەم پێناسەیە نەکردووە کە مەریوان وریا قانیع لە کتێبی ( شوناسو ئالۆزی) چەند ووتارێك دژ بە دۆگماتیزم کە لەپێشەکی ئەم کتێبەدا: هێما بۆ عەقڵ، دۆگماتیزم، مانا دەکات. بەڕێزیان ئەم پێناسایە بە پێناسەیەکی سادە ناوزەد دەکاتو خوێنەرێك کتێبەکەی (مەریوان وریا قانیع)ی نەخوێندبێتەوە وادەزانێت ئەم (پێناسە سادەیە!!!) هی مامۆستا ئاواتە. دواتر لە ناوەڕاستی پارچەی دووەمی بابەتەکەیدا، بەڕێزیان بێ هیچ پێشەکییەكو پاشەکییەك بۆ ڕۆشنگەری باس لە ڕۆشنگەری دەکاتو دەڵێت: هەر بۆیە دۆگماتیزمو سادەگۆیی دوژمنی سەرەکی ڕۆشنگەرین. ڕۆشنگەری بە مانا کانتییەکەی کە بریتییە لە توانای وەگەڕخستنی ئاشکراو سەربەخۆی ڕەخنەییانەی عەقڵ، کە لە سەریکەوە مەعریفەیەکی کراوەو زانستیو بەرهەمهێن، لە سەرێکی دیکەوە، جۆرێك لە بەرپرسیارێتی بە مرۆڤ دەبەخشێت بۆ دابینکردنی ژیانێکی ڕێزدارو گرنگ.٦ دیارە وەك لە سەرەوە هێمام بۆ کرد مامۆستا ئاوات ئەم تێکستەی مەریوان وریا قانیع بێ هیچ پێشەکییەكو پاشەکییەك دێت لەو ناوەڕاستە دایدەنێت. بێئەوەی هیچ پەیوەندییەکی دوورو نزیکی بە بابەتەکەوە هەبێت. لە پێش ئەم تێکستەداو لە کۆتاییەکەشیدا مامۆستا ئاوات ووشەی (بۆیە) دەهێنێتو بەم کارەشی سەرەتاو کۆتاییەکەی بەیەکەوە گرێدەدات. ئەمە چ جای ئەوەی بەڕێزیان وەك جولیا کریستیڤا دەڵێت: (نوسین دیالۆگێکە لەگەڵ تێکستەکانی تردا).٧ ئەم شەرەفەی بە خۆی بەخشیبا. لە کۆتایی گواستنەوەکەی ئەم تێکستەدا هەڵەیەکی دیکەی مامۆستا ئاوات ئەوەیە کە تیایدا هاتووە: بۆ دابینکردنی ژیانێکی ڕێزدارو گرنگ. بەلام لە ڕاستیدا بەم شێوەیەیە: بۆ دابینکردنی ژیانێکی ڕێزدار هێجگار گرنگە.٨ مەبەستی ئێمە لێرەدا تەنیا نیشاندانی ئەو تێکستانەی نوسەر(مەریوان وریا قانیع)ە. کە بەڕێزیان



بە بێ هیچ ترسێك کتو مت گواستونیەتەوەو خوێنەری سادە وادەزانێت ئەمانە بەرهەمی فیکری مامۆستا ئاواتەو هەڵگری بڕوانامەیە لە فیکری سیاسی. هەمان فۆرمو هەمان ئالیەت لە پرسیارەکەی دیمانەی بەهمەن غەفوردا دەبینرێت لە هەمان ژمارەو لەلاپەڕە ٣١ کە پرسیار لە بەڕێز عەتا سەقزی دەکات: (دەکرێ ئاستی نوسین دابەزێنرێ بۆ خوێنەر، یان خوێنەر بەرز بکەیتەوە بۆ ئاستی نوسینی نوسەرەکان). لە ڕاستیدا بەر لە بلاوکردنەوەی کتێبەکەی بەختیار عەلی (خوێنەری کوشندە)کە کۆمەڵە وتارێکەو خودی بابەتی خوێنەری کوشندە، نەمبینیوە شتێکی لەم شێوەیە بگوترێتو دواجار مەفهومێك بێت لەسەر ئاستی واقیع مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

پەراوێزەکان:

١/ پێش پێشەکیی کتێبەکەی دەربارەی فەلسەفەو ئیسلامو ڕۆشنگەری وەلامێك بۆ کتێبەکەی کاك مەلا بەختیار مەریوان وریا قانیع ئەم ووتەیەی کانتی لەوێدا هێناوەتەوە. ٢/ خوێنەری کوشندە کۆمەڵە وتار بەختیار عەلی ل ٤١ ٣/ دەربارەی فەلسەفەو ئیسلامو ڕۆشنگەری وەلامێك بۆ کتێبەکەی کاك مەلا بەختیار مەریوان وریا قانیع ل ٢٤ ٤/ هـ. س. پ ل ١٥ ٥/ شوناس و ئالۆزی چەند ووتارێك دژ بە دۆگماتیزم مەریوان وریا قانیع ل ٨ ٦/ هـ. س. پ ل ١٠ ٧/خوێنەری کوشندە کۆمەڵە وتار بەختیار عەلی ل ٤١ ٨/ شوناس و ئالۆزی چەند ووتارێك دژ بە دۆگماتیزم مەریوان وریا قانیع ل ١٠

soroosh_xama@yahoo.com

# بێ كاری مەفهومەكانی، جۆرەكانی، شێوازەكانی چارەسەركردنی

لە عەرەبییەوە/م.موەفەق میراودەلی

پێكهاتەی بێ كاری لەوڵاتانی جیهاندا گرفتێكی سەرەكییە، بەشێوەیەك لەوڵاتانی هەژاردا یەك ملیار كرێكاری بێ كار هەیە، تارادەیەك ساڵانەلە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نزیكەی سێ ملیۆن كرێكار دەچێتە ریزی بێ كارییەوە، ئەو بێ كارییەی ئێستا لەسەرەتادا دەچێتە قۆناغێكی تازەوە كە لەسەردەمی دوای جەنگی جیهانی دووەم جیاوازە.بێ كاری بەشێكە لە خوولی ئابووری وڵاتانی پیشەسازی، بەو مانایەی لەگەڵ بێ بازاڕی ئابووریدا دەردەكەوێت و لەگەڵ قۆناغی بوژانەوەدا نامێنێت، بەڵام لە كاتی ئێستادا نیوسەدەیە بێ كاری زیادی كردووەو بۆتە گرفتێكی قەوارەدار، سەرەڕای بوونی بوژانەوەی ئابووری و گەشەی ئابووری یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو، وڵاتانی ئیشتراكی ئەو بێ كارییەی لە رابردوو توشیان بووە نەیان ناسیوە، بەشێوەیەكی گشتی بێ كاری لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوودا زیادو فراوان بووە لەگەڵ ئەوەشدا نشوستیان هێناوە لەهەمبەر هەوڵەكانیان بۆ گەشەپێدانی ئابووری، قەرزی دەرەكی لەو وڵاتانە زیادی كردووە، سەرەڕای بڵاوبونەوەی نەخوێندەواری، ئاستی فێركردن هاتۆتە خوارەوە، ئەدای ئابووریان لاوازبووە، سیاسەتێكی ئەوتۆی پەروەردەو فێركردن نییە، بەدەر لەوانە مەترسیەكی ئەو وڵاتانە ئەوەیە لە فكرەی ئابووری سەربەخۆدا هەژارن بەمەبەستی تێگەیشتن لە گرفتی بێ كاری و ڕێگەی دەربازبوون لەو كێشەیە، بەڵام تەیارێكی فكرەی زۆر بەهێز بڵاوبۆوە، بانگەشەی بۆ ئەوە دەكرد كە بێ كاری پەیوەندی بەو كەسانەوەیە كە قوربانی لەپێناو دەدەن و نشوستیان هێناوەو ڕانەهاتوون لەگەڵ هەڵ و مەرجی ركەبەرێی و جیهانگیریدا.

**مانای بێ كاری:** مەبەست لە بێ كاری لە مەفهومی ئابووریدا نەبوونی كار یاخود نەبوونی دەرفەتی كاركردنە بۆكەسێك تواناو ئارەزوی كاركردنی هەبێت، ئەمە مەفهومی بێ كارییە، بەڵام پێویستە دوو مەرجی بنەرەتی بۆ بێ كاری هەبێت، یەكەمیان:كەسەكە توانای كاركردنی هەبێت، دووەمیان:بەدوای كاردا بگەڕێت، بەو كرێیە ڕازیبێت كە لەبازاڕدا باوەو لەبەرامبەر ئیشەكە وەریدەگرێت، ئەو دوو مەرجە لەگەڵ ئەو بێ كارانەدا جێبەجێ دەبێت كە بۆ یەكەم جار دەچنە بازاڕی كارو ئەوانەی لە پێشوودا كاریان هەبووەو ئێستا بێ كارن، ئەوانەی وازیان لەكاركردنی پێشوویان هێناوە بەهەر هۆیەك بێت ئێستا كاریان دەست ناكەوێتەوە.

**جۆرەكانی بێ كاری:** ١- بێ كاری خولدار/ ئەمە لەگەڵ خولی ئابووریدایە، ماوەو كاتەكەی سێ بۆ دە ساڵە.

٢- بێ كاری هەڵسوكەوت/ ئەمە كاتێ روو دەدات كە كرێكار ئیشەكەی واتە پیشەكی دەگۆڕێت یاخود لە ناوچەیەكەوە دەچێتە شوێنێكی دیكەو لە ئەنجامی جێگۆڕكێ و پیشە گۆڕین توشی دەبێت.

٣-بێ كاری هەیكەلی/ جۆرێكی دیكەیە كە دووچاری بەشێ لە هێزی كار دەبێت بەهۆی گۆڕانكاری هەیكەلی كە لەئابووری نەتەوەیدا روو دەدات.

٤- بێ كاری تەوزیمی(السافرە)ئەمە بێ كاربوونی زۆرترین هێزی كارەو توندو تیژە لە بێ كاری(خولدار،هەڵسوكەوت،هەیكەلی)پێك دێت.

٥- بێ كاری شاراوە/ ئەو حاڵەتەیە كە ژمارەیەكی زۆری هێزی كار بەكاربهێنێت كە لەسەرووی پێداویستی تۆوەیە، واتە بەو مانایەی بوونی هێزێكی كاری زیاد كە بەرهەمێكیان نییە، ئەم جۆرە لەزۆربەی داموو دەزگاكانی كەرتی تایبەتی عێراق دا بڵاوبۆتەوە

**هۆكارەكانی بڵاوبونەوەی بێ كاری:** تێكرای بێ كاری جیاوازە، بەتایبەت لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، عێراق لە پێشەوەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دایە، ڕێژەی بێ كاری ( ٥٩٪)لەسەرجەمی هێزی كار،(٣١٪)ی بێ كاری كاتی یە، لە(٤٣٪)بێ كاری شاراوەیە، هەروەكو خەمڵێنراوە ڕێژەی ئافرەتانی بێ كار(٨٥٪)یە لە هێزی كاری ئافرەتان لە عێراق دا.

یەكەم/ سەرنەكەوتنی بەرنامەی گەشەپێدان لە گرنگی دان بە لایەنی كۆمەڵایەتی بەڕێژەی گونجاو، بەرەودواوەچوونی ئەدای ئابووری و بەرەودواچوونەوەی توانای پاراستنی سەرمایەگوزاری و ڕەخساندنی هەڵ كاركردن بە ئەندازەیەكی گونجاو بەرەو دواوەچوونی ڕۆڵی دەوڵەت لە دۆزینەوەی هەڵی كاركردن لەداموو دەزگاكانی دەوڵەتو شوێنە گشتییەكان، پاشەكشەكردنی پلە پلە لەمەیدانی بەرهەمهێناندا.

دووەم/ ئەو جەنگانەی كە دوچاری عێراق بوون لە سێ دەیەی رابردوو، هەروەها گەمارۆی ئابووری نێودەوڵەتی عێراق(١٩٩١-٢٠٠٣)كەم بوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و گەشەكردن بۆ نزمترین ئاست، ئاراستە كردنی داهاتی نەتەوەی بەرەو دابین كردنی پێداویستییەكانی جەنگەكان.

سێیەم/ لەناوچوون و دزینو سوتانی داموو دەزگاكانی دەوڵەتو دارایی گشتی، كە شوێنەوارەكانی وێرانكردنو تیرۆرو وەستانی تەواوی بەرهەمهێنان دەركەوت، كەم بوونەوەیەكی زۆری ناردەنی نەوتو كەم بوونەوەی باج.

چوارەم/گەندەڵی دارایی و ئیداری كە هەموو داموو دەزگاكانی دەوڵەت بەدەستیەوە دەناڵێنن و كاری تاڵانو بردنی داهاتی گشتی و دزینی نەوت بەردەوامە، هەروەها پێداویستیەكانی دابین كردنی ئاسایشی وڵات.

**ئەو ڕێو شوێنانەی بۆ چارەسەركردنی گیروگرفتی بێ كاری پێویستن ئەمانەن:-**

١- خشتەگەرو سەركار خستنی ئەو هێزەی بێ كارە لەهەموو كەرتە ئابوورییەكانی وڵات.

٢-دابین كردنی پاراستنی كۆمەڵایەتی بێ كاران و فراوان كردنی پرۆژەكانی زەمانەتی كۆمەڵایەتی.

٣- هاوكاری و هاندانی كەرتی تایبەتی ناوخۆی تاوەكو ڕۆڵی خۆی لە پرۆسەی گواستنەوە ببینێت بەرەو ئابووری بازاڕ.

٤- فراوان كردنی بەرنامەی مەشق و ڕاهێنان لە پیشەو پیشەسازییە جۆربەجۆرەكان.

٥-ڕەخساندنی هەڵ و مەرجی كاری بەرهەمهێن لە میانی زیادكردنی قەبارەی سەرمایەگوزاری بەشێوەیەكی هاوسەنگ لە كەرتە جۆربەجۆرەكان.

٦- سەرخستنی بەرزكردنەوەی ئاستی پەروەردەو تەندروستی و نیشتەجێ بوون و چاودێری كۆمەڵایەتی.

٧- دەركردنی یاسای تایبەت بۆ ڕاكێشانی سەرمایەگوزاری بیانی.

٨-ڕەخساندن و بنیادنانی پیشەسازی گەشتوگوزار، ئەو وڵاتە لە پێگەی گەشتوگوزاردا دەوڵەمەندە.

سەرچاوە: www.siironline.org



# تیپی لاوان‌و چارەگە سەدەیەك لە خزمەتی تۆپی پێی قەڵادزێ

ئا: عەبدولڕەحمان ئەحمەد

ئەگەر بمانەوێت لاپەڕەکانی مێژووی تۆپی پێی شاری قەڵادزێ هەڵدەینەوە ئەوا دەبێت لە زۆر شوێندا ئێستێك بکەین چونکە چەندین لایەنی پرشنگداری هەیە کە ساڵانێکی دوورو درێژو بێ پسانەوە خزمەتیان لە شارەکەدا بە لاوان‌و وەرزش کردووە کە ناکرێ فەرامۆش بکرێ‌و باس نەکرێ، تیپی وەرزشی (لاوان) لە قەڵادزێ یەکێکە لەو تیپە وەرزشیە جەماوەریانەی کە بۆتە مێژوویەك بۆ تۆپی پێی ناوچەکە چونکە نزیکەی (٢٥) دەبێت لە کاروانی تۆپی پێ‌و وەرزشی قەڵادزێ دانەبڕاوەو لەو نێوەدا چەندین یاریزانی باش‌و لێهاتووی تیپەکە بە درێژایی ئەم چەند ساڵەی تەمەنی بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی قەڵادزێ‌و یانەی وەرزشی قەڵادزێ کردووە هەڵبژێردراون‌و یاریان بۆ کردووە. لەو ماوەیەی تەمەنی ئەو تیپەدا کە خۆی لە نزیکەی چارەگە سەدەیەکدا دەبینێتەوە هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو تیپانەدا بووە کە لەقەڵادزێدا هەبوون هەر بۆیە یاریزانان بە تاسەوە بوون بۆ یاریکردن لە ڕیزی ئەم تیپەدا چونکە هەموویان درکیان بەوە دەکرد کە ئەم تیپە وەك قوتابخانەیەك وایەو تیپێکی جەماوەریەو لەسەر بنەمای خزمەتکردن بە وەرزش‌و تۆپی پێی لە ناوچەکەدا کاردەکات. بۆیە لێرەدا گەرەکمانە کە گوزەرێکی خێرا بە ناو مێژوو دەستکەوت‌و نازناوو سەروەریەکانی ئەم تیپەدا بکەین کە بەیەکەمین تیپ دادەنرێت لە ناوچەی پشدەرو قەڵادزێ کە لەگەڵ ڕەوتی هەموو ڕووداوەکاندا هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە کە چەندین گەنج‌و لاوی وەرزشکار یاریان بۆ کردووە تا ئەمڕۆ هەڵوێستی هەبووەو بۆتە ناسنامەیەك بۆ تۆپی پێی شارەکەو ئێستاش ئەم تیپە لەسەر ڕێچکەی خۆی دەڕوات و بەردەوامە، لەگەڵ ئەمانەشدا تیپی لاوانی قەڵادزێ خاوەنی گەورەترین دەستکەوتی مێژوویە لە کوردستاندا کە لە ساڵی (١٩٩٦)بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کوردستانی باشووردا یاریەکی دۆستانە سازبدات لەگەل تیپێکی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە لەکوردستانی ڕۆژهەلاتەوە هاتبۆوە شاری قەڵادزێ بەمەش بەیەکەمین ڕووبەڕووبونەوەو بەیەکگەیشتن دادەنرێت لە مێژووی وولاتەکەماندا.

*** سەرەتای دامەزراندنی تیپی لاوان (هەشتاکان)**

سەرەتای دروستبوون‌و دامەزراندنی تیپی لاوان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٢) دوای ئەوەی کە کۆمەڵێك لە یاریزانی خوێن گەرم‌و لاوی شارەکە ئەم تیپەیان دروستکردو لە ماوەی تەمەنی ئەم تیپەدا بەهێزترین تیپی شارەکەو ناوچەکە بووە چونکە توانیویەتی لە (شەش) خولی ناوخۆی قەڵادزێدا (پێنج) جار ببنە پاڵەوانی خولەکان کە زیاتر تیپەکانی (هەژارو سیروان) لەو سەردەمەدا ڕکابەری سەرەکی بوون، هەر لەبەر ئەمەش بووە کە



هەڵبژاردەی قەڵادزێ لە ساڵی ١٩٨٥ کە زوربەی یاریزانەکانی سەر بە تیپی لاوان بوون



## تیپی تۆپی پێی لاوان لەدوای راپەڕین

(١٠) لە یاریزانەکانی تیپی لاوان لە ڕیزی هەڵبژاردەی قەڵادزێی هەشتاکاندا یاریان کردووە  کە ئەمانە بوون ( ڕێبوار محەمەد یوسف ، د.شەپۆل فەتحی کەریم، م.سابیر ڕەفیق، فەرەیدون حەسەن سەعید، م.ئاری عەباس، عەبدولهادی حمە عەلی، خوالێخۆشبوو عوسمان کاکل، سمکۆ ڕەفیق، بەختیار هەڵەبجەیی‌و دواتریش ئومێدی مەحمود ئاغاو نەوزاد حەسەن ( نەوزادە چکۆل )و لەلایەن (ڕێبوار محەمەد یوسف) ەوە سەرپەرشتی کراوە. ئەم تیپە لەم سەردەمەدا توانیویەتی تەکانێك‌و گڕوتینێکی باش لە هەڵبژاردەی قەڵادزێ بدات لە سەردەمی هەشتاکاندا کە بە سەردەمی زێڕینی تۆپی پێی قەڵادزێ دادەنرێت‌و یەکێك بوون لە بەهێزترین تیپەکانی پارێزگای سلێمانی چونکە بۆ چەند جارێك توانیویانە ببنە پاڵەوانی خولی قەزاکان، تیپی لاوانی ئەوسا خاوەنی جەماوەرێکی وەرزشی زۆرو بەرفراوان بووە هەرکاتێك یاریان کردووە جەماوەری شارەکە لە یاریگا ئامادەییان هەبووەو هانی تیپەکەیان داوە،  ئەم تیپە تا ساڵی (١٩٨٧) لە یاریکردن‌و خزمەتی وەرزشی شارەکە بەردەوام بووەو لە نێوەندەدا چەندین یاری دۆستانەی لەگەڵ تیپەکانی دەرەوەی قەڵادزێ ئەنجامداوە بەڵام بەهۆی شەڕی نێوان (عێراق‌و ئێران) بوونە سەربازی‌و نالەباری بارودۆخی قەڵادزێ‌و تۆپباران‌و دواتر ڕاگواستنی پشدەر ئیتر تیپەکە بەرەو هەڵوەشان چووەو چرای تەمەنی لەم ساڵەدا کوژاوەتەوە.

* دوای ڕاپەڕین ( نەوەدەکان)

دوا بەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری (١٩٩١)دا خەڵکی شاری قەڵادزێ سەرلەنوێ شارەکەیان ئاوەدان کردەوەو وەرزشکارانیش وەکو هەموو چین‌و توێژەکانی دیکە لەو هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوە ڕۆڵیان هەبوو، ئەوە بوو لاوان‌و گەنجان ڕوویان لە یاریگا کردەوەو چەند تیپێکی وەرزشیان دروستکردو چەند خولێکی تۆپی پێش کرانەوە لەو نێوەندەدا هەرلەم ساڵەدا چەند یاریزانێك‌و وەرزشکارێکی شارەکە کۆبونەوەیەکیان لەناو بینای قوتابخانەی (دابان) سازکرد کە لەسەر بلۆك دانیشتبوون بەمەبەستی دروستکردنی تیپێکی وەرزشی ئەوە بوو هەر لەم کۆبوونەوەیەدا لەسەر پێشنیاری کاك (ئاوات حەمید) کە ناسراوە بە (ئاواتی گەزۆ) بڕیاردرا بە سەرلەنوێ زیندوو کردنەوەی تیپی وەرزشی لاوان‌و ئیتر ووردە ووردە یاریزانان پەیوەندیان بە تیپەکەوە دەکرد، ئەم تیپە لەم کاتەدا دوای جیابوونەوەی هەندێك لە ئەندامانی لە تیپی ( پێشەوا) لەسەر دەستی ( ئاوات حەمید، عەبدولڕەحمان ئەحمەد، حسێن مام ڕەسوڵ، عەبدولهادی حمە عەلی، ڕەحیم کاکل، ڕێبوار ئیبراهیم، شوانە ڕەسوڵ، ئومێد ڕەسوڵ، یەحیا عەبدولڕەحمان، ئیدریس سدیق، خالید بابەکر، نەجات حەسەن) دروستبۆوەو دواتر هەریەك لە بەڕێزان ( د.شەپۆل فەتحی کەریم، ڕێبوار محەمەد یوسف، م.سابیر ڕەفیق، فەرەیدون حەسەن سەعید) پەیوەندیان بە تیپەکەوە کرد چونکە پێشتر ئەندامە تیپی لاوان بوون دوای ئەمانەش هەریەك لە (م.مەهدی حەمە عەلی، وەستا کوێخا، قادر حەبیب، م.حەسەنە ڕەش، سەید عەزیز، عومەرە ڕەش، ئەردەڵان محەمەد، خالید ئەحمەد، کەمالی حەلاق، ئومێدی حەلاق، ڕیشوان محەمەد یوسف، بەکر ڤیالی، نزار مەلا فەقێ ڕەسوڵ، ئەبو عەلی ڕەواندوز) لە تیپی لاواندا یاریان کردووە لەلایەن (ئاوات حەمید، عەبدولڕەحمان ئەحمەد، ڕەحیم کاکل، جوانڕۆی خاڵ هەمزە ) ماوەیەك

سەرپەرشتی دەکراو دواتر لەلایەن (عەبدولهادی حمە عەلی، نەجات حەسەن، م.سابیر ڕەفیق)ەوە سەرپەرشتی دەکرا. بۆ ماوەی (شەش) ساڵ تا ساڵی (١٩٩٧) بەبەردەوامی ئەم تیپە لە چالاکی وەرزشی ڕۆڵی هەبووەو بەشداری سەرجەم خولەکانی ناوخۆی کردووەو چەند یاریزانێکی باش‌و گرنگی پێشکەش بە یانەی قەڵادزێ کردووەو خاوەنی زۆرترین جەماوەری وەرزشی بووەو تەنانەت لە زۆرێك لە یاریەکاندا بە دەهۆڵ کوتان هانی تیپەکەیان دەدا، چەندین کەس وەکو خەمخۆر کاری بۆ دەکرد وەکو ( حمە ڕەشی کارەبا )ڕکابەری سەرەکی تیپی لاوان لەو کاتەدا تیپی (سۆران) بوو کە تیپێکی زۆر بەهێز بوو کە بەیەکەوە سەرەڕای کێبەرکێ‌و توندی نێوانیان بەڵام بەردەوام پێکەوە خزمەتێکی گەورەیان پیشکەش بە وەرزش‌و تۆپی پێ‌و یانەی شارەکە کرد کە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوون. لە گرنگترین ئەنجامەکانی دوو جار بوونی پاڵەوانی خولی ناوخۆی قەڵادزێ کە یەکێکیان خولی (شەهید مام جوتیار) بوو سەرەڕای ململانێیەکی توندی تیپەکانی(سۆران‌و لیوای تایبەت) لە خولی (شەهید عومەر محی دین) پلەی دووەمیان دەستەبەر کرد دوای ئەوەی کە لە یاری کۆتایدا بە تیپی سۆران دۆڕان بە لێدانی پەنالتی. یەکێك لە سەروەریەکانی تیپی لاوان لەو سەردەمەدا ئەوەیە کە توانیویەتی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی تۆپی پێی کوردستاندا یاریەکی دۆستانە لەگەڵ تیپێکی دەرەوەی هەرێمدا بکات لە یاریگای (شەهید م.مەهدی) ئەویش تیپی (هما)ی شاری سەردەشتی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو کە زیاتر لە ( ٤٠٠٠) کەس ئامادەی بینینی یاریەکە بوون‌و لە کۆتایدا (٣×٣) یەکسان بوون بڕیار بوو تیپی لاوانیش سەردانی ئێران بکات بۆ ئەنجامدانی یاریەکی دۆستانە بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران ڕێگەیان بە ئەندامانی تیپی لاوان نەدا هەر بۆیە لە مەرزی (کێلێ)وە گەڕانەوە.

* تیپی لاوان لە ئەمڕۆدا

دوای ئەوەی کە لە ساڵی (١٩٩٧) دا تیپی لاوان نەماو لەگەڵ خۆیدا ئەو هەیبەت‌و هێزەی تری تۆپی پێی قەڵادزێ هەیبوو بۆ ماوەی چەند ساڵێك نەماو تا ئەو ساڵانەی ڕابردووش تۆپی پێی قەڵادزێ باجی نەمانی تیپی لاوانی دەدا چونکە بە نەمانی ئەو تیپە تیپی سۆرانیش نەما کە ڕکابەری سەرەکی بوو بەیەکەوە هێزێکی زۆریان بە تۆپی پێی شارەکە دابوو، ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٩٩)ەوە جارێکی دیکە لەلایەن چەند گەنج‌و لاوێکی شارەکە تیپەکە دامەزرایەوەو هاتنەوە مەیدانی یاریکردن‌و چالاکی، تا ئێستاش بەردەوامن‌و بەشداری سەرجەم خولەکانی ناوخۆی قەڵادزێیان کردووەو لەلایەن کاك (شێخ زولفەقار )ەوە سەرپەرشتی دەکرێن، چەندین یاری دۆستانەیان لەگەڵ تیپەکانی دەرەوەی قەڵادزێ ئەنجامداوەو ساڵی (٢٠٠٣) لە خولی ناوخۆی تیپەکانی ناو قەڵادزێدا توانیویانە پلەی دووەم دەستەبەر بکەن، یاریزانیان لە ڕیزی یانەی وەرزشیدا هەیە، ئەم تیپە ئێستا لە ڕیزی پلە یەکەکانی قەڵادزێیەو ئەو یاریزانانەی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا لەم تیپەدا یاری کردووە جگە لە (شێخ زولفەقار) کە سەرپەرشتیان دەکات ئەمانەبوون (ئاوات ئەحمەد، ئالان محەمەد، هێمن حەسەن، ڕەسوڵ مستەفا، ئەیاد کەرکوکی، حەمرین خالید، سەلام محەمەد، مستەفا حاجی، ئیبراهیم دڵشاد، ئازاد محەمەدئەمین، ئاریان حەسەن، هەرێم محەمەد، چیا عەلی، ئاوات عەلی، خالید حەمە، خدر صالح، هاوکار خدر، ئاراس ئەحمەد، بەختیارە ڕەش، هێمن محەمەد کاڵەك، محەمەد عەبدوڵڵا، حسێن محەمەد، هێمن ئیبراهیم، کارزان ڕەشید، ڕێبوار حسێن) ماوەتەوە بڵێین کە تیپی وەرزشی لاوان لە کاروانی تۆپی پێی شاری قەڵادزێدا تەمەندرێژترین تیپ بووەو زۆرترین خزمەتی لەم بوارەدا پێشکەش کردووە، ناوی ئەم تیپە هەمیشە لای یاریزانان‌و جەماوەری وەرزشی تا ئەمڕۆش بەگەورەیی سەیر دەکرێت.

★ بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوودم لە (م.ئاری عەباس و شێخ زولفەقار) وەرگرتووەو سوپاسیان دەکەم‌و زۆر داوای لێبووردن لە هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە ناومان نەهێناون و لە بیرم نەبووە ، من زۆر هەوڵمداوە بۆ گەڕان بەدزای زۆرترین زانیاری بەڵام هەرئەوەندەم دەستکەوتووە و هەر کەسێکیش زانیاریەکی زیاتری لایە ئەگەر بماندات زۆر سوپاسی دەکەین .



پێکهاتەی تازەی تیپی تۆپی پێی لاوانی قەڵادزێ

# له جیهانی کاریکاتێرەوە....
















# برادلی‌و دیاز پەیوەندیان هەیە

لەمـــاوەی رابـــردوودا پروپاگەندەی بوونی پەیوەندی سۆزداری نێوان کچە ئەستێرەی سینەمای ئەمریکایی کامیرۆن دیازو هونەرمەند برادلی کۆپەر بڵاوبۆوەو دیاز پشوی کۆتایی هەفتەی لە نیۆیۆرك لەگەڵ کۆپەر بەسەر بردبوو. رۆژنامەی پۆست بڵاویکردەوە کەهەردووکیان ئێوارە خوانێکی رۆمانسیان بەیەکەوە خواردووەو دواتر روویان لەیەکێك لەیانەکانی شەوانە کردووە بۆ کات بەسەربردن بەیەکەوەو دڵخۆش دیاربون‌و لەوە دەچێت پەیوەندیەکەیان لە هاوڕێیەتی تێپەڕاندبێت. شیانی باسە کۆپەر دوا دەستگیرانی دیازە دوای ئەوەی ناوبراو لە هاوڕێی پێشووی جاستن تیمبەرلێنگ جیابۆوە.

# دەستکاری دۆسیە پزیشکەکانی کلۆنی دەکرێت



دوای ئەوەی ئەستێرەی ناوداری ئەمریکایی‌و

سارە لارسۆنی هاوڕێی دووچاری رووداوێك بوونەوە لەکاتی لێخوڕینی ماتۆرسکیلدا لە کۆتایی مانگی رابردوواو لەتازەترین پێشهاتدا چەند کارمەندێکی ئەو نەخۆشخانەی ویلایەتی نیوجێرسی لەکار راگیران دوای ئەوەی بە سەیرکردنی دۆسیەی کلۆنی تۆمەتبارکران. کلۆنی تەمەن ٤٦ساڵ پەراسوویەکی لەو رووداوەدا شکابوو هەروەها لارسۆنی هاوڕێشی قاچێکی شکابوو لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی نۆرس بیرگنی ویلایەتی نیوجێرسی چارەسەریان بۆکراو، داتر چل کارمەندی ئەو نەخۆشخانەیە بە بیپێنەدانی مووچەیان لەکارەکەان راگیران بەهۆی ئەوەی سەیری دۆسیەی ناوبراویان کردبوو چەند زانیاریەکیان لەبارەیەوە دابوو بە راگەیاندنەکان ك بەپێی یاسای ئەمریکا بە پێشێلکرنی یاسای فیدراڵی دادەنرێت.

# کلیپێکی تازەی ئەلیسا

گۆرانیبێژی لوبنانی ئەلیسا سەرقاڵی کلیپکردنی گۆرانیەکی تازەیە بەناوی (لوتعرفوا)لە شاری بەیرووت، لەماوەی رابردوودا ئەلیسا دوو ئاهەنگی لەشاری ئەسکەندەریە سازکردو بڕی ٧٠ هەزار دۆلاری وەرگرت. هەروەها ئەلیسا ئەو قسانەی رەتکردەوە کە دەیانگووت ناکۆکی کەوتۆتە نێوان ئەوو شاب مامی‌و گووتی لەراستیدا بەنیازین دویتۆیەك لەو ماوەیەدا بەیەکەوە تۆمار بکەین. شایانی باسە دوا ئەلبومی ئەلیسا کە بەناوی(بسنتاك)بوو سەرکەوتنێکی گەورەی لەسەرتاسەری وڵاتانی عەرەبی بەدەستهێنا.



# ئۆپرا خاوەنی زۆرترین مووچەیە

ئۆپرا وینفری پێشکەشکاری بەرنامەی ئۆپرا بە پێی ئەو لیستەی گۆڤاری فۆربسی ئابووری بڵاویکردەوە خاوەنی بەرزترین‌و زۆرترین مووچەیە لەناو سەرجەم پێشکەشکارو کەسایەتیە تەلەفزیۆنیەکانی ئەمریکادا چوونکە بڕی ٢٦٠ ملیۆن دۆلار وەکو مووچە لە مانگی٩ی ٢٠٠٦تا مانگی ٩ی ٢٠٠٦ وەرگرتووە کە بەمەش بڕێکی یەکجار زۆری لەگەڵ نزیکترین رکابەری جیاوازی هەیەو ناوی جیری ساینفیلدەو تەنها بڕی ٦٠ ملیۆن دۆلاری لەهەمان ماوەدا مووچە بووەو سیمۆن کویلی ناوبژیوانی بەرنامەی (ئەمریکان ئایدۆڵ) بە پلەی سێیەم دێت بە بڕی ٤٥ملین دۆلارو لەپلەی چوارەم دیڤید لیترمان بەبڕی ٤٠ ملیۆن دۆلار دێت.



## چێشتخانەکانی لەندەن بەرزترین نرخو خراپترین خزمەتیان هەیە




لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لایەنێکی پەیوەندیدار بە پۆلێنکردنی چێشتخانەکان لەبەریتانیا ئامادەی کردبوو، بۆی دەرکەوت کە چێشتخانەکانی لەندەن لەسەر ئاستی جیهاندا گرانترینن‌و نرخی یەك ژەم خواردن لە چێشتخانەیەکی ئاسایی لەندەن دەگاتە نزیکەی(٣٩) جونەیهی ئوسترلینی، شایانی باسە لەندەن وێرای ئەمە بە یەکێك لە گرانترین شارەکانی جیهان دەژمێردرێت لەرووی کرێی تاکسی‌و خانوو زۆر لایەنی دیکەی ژیان رۆژانەی خەڵکدا. سەرباری ئەو گرانیەی نرخی خواردن بەڵام خزمەتکردن لەم چێشخانانەدا لە ئاستی پێویستدا نیەو بەپێی هەمان لێکۆڵینەوە رێژەی ٥٣٪سکاڵاکان بەهۆی خراپی خزمەتکردنو ٧٪ بەهۆی خراپی خواردنەکانەوەیە کە ئەمەش بەرزترین راددەی سکاڵایە لەوجۆرە لە هەموو جیهاندا.

## وانەی قۆپیەکردن

مامۆستایەکی زانکۆی گەورەترین کۆلیژی بەڕێوەبردنی کاروبار لە ئوستڕالیا بریاریدا قوتابیەکانی فێری چۆنیەتی قۆپەکردن بکات لە تاقیکردنەوە ئەزمونیەکانی ئەوانەی دەیانەوێت بە پەیژەی ئیداری کۆمپانیاکاندا سەرکەون، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە پرۆفیسۆر رۆبەرت سبلین مامۆستای کۆلیژی ماکواری بە بێ هیچ هەستکردنێك بە عەیبەو شەرمەزرای قوتابیەکانی هاندەدات بۆ قۆپیەو فێڵکردن بە بیانووی ئەوەی واش نەبێت خۆیان درۆ هەر دەکەن.

## ململانێی ژنێکی ئوسترالیو ماسیەکی قرش



ژنێکی ئوستڕالی توانی خۆی لە پەلاماری ماسیەکی قرشی زەبەلاح کە درێژیەکەی دوو مەترو نیو دەبوو دەرباز بکات دوای ئەوەی قرشەکە لەسەر بەلەمە بچووکەکەی خستبوویە خوارەوە، پۆلیس رایگەیاند کە ئەو ژنە تەمەنی ٥٢ ساڵەو دەستی راستی بریندار بووە بەر لەوەی خۆی دەربازبکات‌و بگەڕێتەوە ناو بەلەمەکەی‌و خۆی بگەیەنێتە کەنار دەریاو دواتر لەلایەن پۆلیسەوە گەیاندراوەتە نەخۆشخانەو چارەسەری پێویستی بۆ کراوە، جێگای باسە لە ئوستڕالیا راوکردنی ماسی قرش قەدەغەیە هەتاکو لەو جۆرەش بێت.

## خۆتی لێ گێل بکە



لە دەستپێشخەریەکی گرنگو بوێرانەو تاك وێنەدا لە شاری جوانجتشۆی ولاتی چین یەکەمین یانەی کەچەلان(ئەونەی قژیان رووتاوەتەوە لەژێر درووشمی "خۆتی لێ گێل بکەو چێژ لە ژیانت وەربگرە وەکو هیچ نەقەومابێ" بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی دەنگوباسی چینی(شینخوا)رێژەی لەسەدا چلی دانیشتوانی چین بەدەست قژ روتانەوە دەناڵێنن. بە پێی گووتەی هو شیانتیشگ کە مامۆستای زانکۆو راوێژکاری ئەو یانەیەیە" ئەو یانەیە هەلێك بۆ ئەوانە دەرەخسێنێ کە دووچاری نەخۆشی قژ روتانەوەبوون بۆ ئاڵو گۆڕکردنی ئەزمونی چارەسەری‌و سوود وەرگرتن‌و بەئاگابوون لەو چارەسەریانەی لەناوخۆو دەرەوەی وڵات پەیدادەبن".

## پیاوان حەز بە خواردنی دایکیان دەکەن



ژنان هەرچەندە لە ئامادەکردنی خواردندا کارامەبن بەڵام مێردەکانیان هەر حەزیان لە خواردنی دەستی دایکیانەو لەبیرەوەری‌و هەستی تامکردنیان تا تەمەنێکی زۆریش ئەو تام‌و چێژە تایبەتیەی خواردنی دایکیان هەر دەمێنێ، ئەمە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی میسی بوو کە لەسەر یەکێك لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکان بلاوکرایەوە. لەو لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت لە٧٠٪پیاوەکان حەزیان لە خواردنی دایکیان بوو لە٣٠٪ دانیان بەوەدانا کە ژنەکانیان لە دروستکردنی خواردن دەسترەنگین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانیان بەوەشدانا کە هاوکات حەز بە خواردنی دەستی دایکیشیان دەکەن.

# مایکرۆسۆفت‌و گرفتی بازاری کۆپی ویندۆزی ساختە



بەرپرسێکی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت رایگەیاند کە کۆمپانیاکەی لەم ماوەیەدا هەڵدەستێ بە ئەکتیڤکردنی سیستەمێکی نوێی ئیشپێکردنی (Windows Vista)بەناوی (Reduced Functionality) کە بەهۆیەوە نوسخە کۆپی کراوەکە دەستنیشان دەکرێت، شایانی باسە ملیۆنەها کەس توانیویان سیستەمی( Windows Genuine Advantage) تێدەپەڕێنن‌و لەماوەی رابردوودا وەکو نوسخەی ئۆرجینال بە هەموو گۆڕانکاریەکانیەوە بەکاربهێنن و لێی سوود مەندبن. بە پێی گوتەی ئەو بەرپرسە ئەو گۆڕانکاریە تازەیە لەگەڵ ئەو نوسخە تازانەدا هەیە کە کۆمپانیاکە خستوونەتیە بازاڕەوە بەشێوەیەکی شاراوە دانراوە لەکاتی ئەکتیڤکردنی سیستەمی کارپێکردنەکەدا شاشەیەکی رەش پەیدادەبێت‌و چیتر بەکارهێنەر ناتوانێ سوود لەو نوسخە کۆپی کراوانە وەربگرێت. ئەگەر ئەو قسانە راست بێت‌و توانرا ئەو سیستەمە بەکاربخرێت بێگومان گەورەترین لێدان دەبێت کە کۆمپانیای ناوبراو لەبازاڕی هاککەرانی دەدات.

## گۆگڵ خزمەتگوزاری پۆستی ئەلیکترۆنی gmail پێشدەخات




کۆمپانیای گۆگڵ بەنیازە کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەسەر ئیمەیلی gmailبێنێت کە گرنگترینیان خزمەتگوزاری (View Account Activity) و بەهۆی ئەو خزمەتگوزاریەوە بەکارهێنەران دەتوانن ژمارەی ئەو (ئای پی)یە بزانن کە هەڵساوە بە چالاکی جۆراوجۆر وەکو ناردنی نامە، هەروەها لەو گۆانکاریانەی کە بەنیازە بەسەر ئیمەیلەکەی دابێنێ بەکارهێنانی خزمەتگوزاری وەرگێڕانی نامەکانە بەهۆی ئەو ئایکۆنی وەرگێڕانەی لە خزمەتگوزاری گۆگڵ خۆیدا هەیە. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە هەمان کۆمپانیا خزمەتگوزاری ( "Gmail")بۆ مۆبایلەکان زیادکرد کە بەهۆیەوە بەکارهێنەرانی ئەو مۆبایلانە دەتوانن بەخێرایی ئیمەیڵەکانیان بکەنەوە بەخێرایی پێنج بەرابەری خێرایی پێشوی هەمان خزمەتگوزاری دەتوانرێت لە کۆمپیوتەرە کەسیەکانیش سودی لێوەربگیرێ.

## فلیمەکانی YouTube لەسەر ماڵپەڕەکانی تر نمایش دەکات

کۆمپانیای گۆگڵ رایگەیاند کە لەماوەیەکی نزیکدا ئەو فلیمانەی لەسەر ماڵپەڕی YouTubeدایبەزاندبوو لەسەر ماڵپەڕی دیکە نمایشیان دەکات بەو هیوایەی کە لەرێگای ئەو ریکلامانەی لەگەڵ فلیمەکاندا نمایش دەکرێن سوودێکی ماددی بکات.ئەوەی جێگای باسە خودی ماڵپەڕەکە شێوازی ئەو فلیمە دیاریدەکات کە دەیەوێت نمایشی بکات بۆ نموونە هەندێك ماڵپەڕی تایبەت بە ئۆتۆمبیل ئەو فلیمانە نمایش دەکات کە پەیوەندیان بەو بوارەوە هەیە، شیاوی باسە تاکو ئێستا زیاتر لە(١٠٠) ماڵپەر ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ نمایشکردنی ئەو فلیمە ڤیدیۆییانەی لەسەر ماڵپەڕی YouTube نمایشکراوون.

# لە وەرگێڕاندا گۆگڵ بەسەر مایکرۆسۆفتدا سەرکەوتوو دەبێت




زۆربەی ئەو کەسانەی کەخزمەتگووزاری وەرگێڕانی نوێی بەکاریدەهێنێ سەرەرای ئەو هەڵانە کە لەویش روودەدەن بەڵام هێشتا بەلای کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کە لەسەر ماڵپەڕەکەی خۆی زیادیکردوە بەکار دەهێنن، گلەیی و بێزاری خۆیان دەربڕیوە، ئەویش بەهۆی خراپی مامەڵە کردنی ئەو خزمەتگوزاریە لەگەڵ دەقەکان و گەڕاندنەوەی بۆ دەقەکە رەسمیەکەی خۆی. بەبەراورد لەگەڵ هەمان خزمەتگوزاری کە کۆمپانیای گۆگڵ بەکارهێنەرانەوە خزمەتگووزاریەکەی گۆگڵ باشترو سەرکەوتووترە لەوەی مایکرۆسۆفت. شایانی باسە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت خزمەتگوزاریەکی تازەی بەناوی( Windows Live Translator)تایبەت بە وەرگێرانی خێرای ماڵپەرو دەقەکان بە شێوەیەکی ئەزمونی بۆ ماڵپەڕەکەی زیادکردبوو لە پێناو پارمەتیدانی خزمەتگوزاری راستەوخۆو هەروەها لەچوارچێوەی رکابەری لەگەڵ کۆمپانیای گۆگڵدا بەڵام واپێدەچێت ئەم هەنگاوەی مایکرۆسۆفت تا ئێستا سەرکەوتو نەبووبێ.

# هۆتمەیڵ خانەنشین دەبێت




بەم زووانە ( Windows Live Hotmail)جێگای(MSN Hotmail) دەگرێتەوە بە(٣٦)زمان لە ئیتالیاوە دەکەوێتەکار. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە( ٢٠)ملیۆن کەس لە سەرتاسەری جیهان (ویندۆز لایف هۆتمەیل)یان تاقیکردۆتەوە بەکارهێنا، هەربۆیە مایکرۆسۆفت ئەو خزمەتگوزاریەی کە لەساڵی ١٩٩٦خستیە کارەوە بە باشترین پۆستی ئەلیکترۆنی داناوە بەکار هێنەرانی لە ناردنی نامەو وەرگرتن نامە سوودمەندبوون. چاوەڕواندەکرێت کە(٢٨٠)هەزار کەس لە سەرتاسەری جیهاندا لەبری شێوازە کۆنەکەی هۆتمەیل دەست بەبەکارهێنانی شێوازە نوێیەکەی خزمەتگووزاری مایکرۆۆفت بکەن و ئەو خزمەتگوزاریە تازەیە پاناتییەکی زیاتر دەدات بۆ هەڵگرتنی نامە کە قەبارەکەی(٢)گیگابایت دەبێت لەگەڵ پاراستنی ئاسایشی زیاتر بە جۆرێك کە لە(Inbox)دا هەر نامەیەك کە بۆت دێت لە بێزینگ دەدرێ و ئەگەر نامەکە لەکەسێکی ناسراوەوە هاتبوو رەنگی (سپی)دەبێت و ئەگەر لە کەسی نەناسراوەوە هاتبوو(زەرد)دەبێت و ئەگەر نامەکە فیلێکی تێدا بێت یان جێگای گوومان بێت(سور)دەبێت.

# لینۆکس هەنگاوی داهاتووی سیستەمی کارپێکردن

کۆمپانیا جیهانیەکانی تایبەت بە کۆمپیوتەر هەڵساون بە دامەزراندنی سیستەمێکی کارپێکردنی خۆرایی و کراوە بەناوی(LINUX) بە بەڕێوەبەرایەتی و کارپێکردنی خزمەتگووزاریەکانی گۆگڵ کە ملیارەها گەڕان و رۆژانەپێشکەش دەکات، هەروەکو خزمەتی ریکۆردە ڤیدیۆییە دیجتاڵیەکانی ناسراو بە(TiVo) دەکات جگە لە تەلەفۆنی(رازەر)ی مۆتۆرلاو چەندین ئامێری ئەلیکترۆنی دیکە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی خەلك دەیانەوێت(لینۆکس) بەکاربهێنن؟. بێگومان لەبەر ئەم هۆیانە"بۆ زۆر کەس لینۆکس وەکو بنەمایەکی سیاسی وایە کە ئەویش ئازادیەو خەلك حەزناکات بەتەنها وابەستەی (مایکرۆسۆفت یاخود ئەپڵ) بن، بەڵکو ئۆپشن دیکەیان پێویستە، بۆ ئەوان لینۆکس سیستمێکی کراوەو بەخۆراییە" بەڵام ئەوە تاکە هۆکار نیە بەڵکو هۆیەکی دیکە ئەوەیە کە ئەو سیستەمە بەخۆراییە یاخود نیمچە خۆراییە بە پێچەوانەی (ویندۆز)ی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت و(ئۆ ئێس ئێکس)ی کۆمپانیای ئەپڵ، ئەو سیسەمە مولکی تایبەتی هیچ کەسێك نیەو لەلایەن هەزاران کەس کەکار لەپێشخستنی دەکەن بەڕێوەدەبردرێت.



# تورەیی گەنجو هەڵوێستە ئەخلاقیەکانی لەکاتی پێویستدا



**غەفوور نادر حەمەدەمین**

بیرم نایەتو نەمخوێندۆتەوە لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورددا تا ئێستا، هیچ بەرەنگاریو قوربانیدانێك هەبووبێو لە ریزی پێشەوەیاندا ئەو گەنجە خوێنگەرمانە نەبووبن، کە ژیانیان لە ئاستی خوارەوەی چینەکان نەبووبێ..

ئەم رۆژانەی ئێستا گەنجانی ئەم ولاّتە قارەمانێتیەکی گەورەیان تۆمارکردو پۆل پۆل ناوی خۆیان دەنووسی بۆ قوربانیدانو لە درووشمەکانیاندا دەمانخوێندەوە کە چەندە تامەزرۆی پارێزگاری کردنن لە نیشتیمان، لە بەرامبەر دەوڵەتی عەسکەرتاریەتی تورکیا. ئەم رۆژانە شتێکی بەتەواوی سەرسوهێنەرمان دیت، بە ئەندازەیەك گەنجانی ئێمە ئامادەییان نیشاندا کە قەت تەسەور نەدەکرا، دیمەنی کەرنەڤاڵی خۆپێشاندانو ئیحساسی کۆڕوکۆبوونەوەو ئیمزاکانیان، ئەو حەقیقەتەی نیشاندایەوە، کە هێشتا خوێنی گەنجانو لاوانی ئەم میللەتە قوڵپ دەدا، ئامادەیە بۆ ژیانێکی سەرفراز خوێن بڕژێت..

لەپاڵ ئەو دیمەنە کە چاوی رۆژنامەنووسی وەکو زومی کامێرایەك بەسەر نیگای گەنجانی ئەم ولاّتەدا دەگەڕا، دەمبینی گەنجان سەرباری تورەییە جوانەکەیان، سەرباری بێ ئومێدیو نامۆییان لە ژیانو جێگەو رێگەیان، سەرباری ناعەدالەتیەکانی ولاّت لە سیستەمی ئابووریو ژیانی تاکەکان، کەچی ئەوان هێشتا (خراپترین ئیدارەی کوردیان پێباشترە لە باشترین ئیدارەی تورکی★)، ئەوان زۆر شەریفانە بە دەسەلاّتی کوردیان گوت: ئەوە ئێمەین جێگەی هیوای ئەم میللەتە نەك، ئێمەیەك کە لەو نیشتیمانەدا خاوەن بستێك زەوی نینو دوای ١٦ساڵ هێشتا لەژیانی گەنجانەی خۆیاندا ناژین. ئەو رۆژانە بە تەواوی جیاواز بوون.. دەبێ نیگای حوکمڕانی کوردیو پیاوانی دڵسۆزی ولاّتو ئەم هەرێمە زیاتر لە جاران سەیری تواناکانی گەنجو ئەم وزە خۆبەخشە بکات، کە لەکاتی تەنگانەدا لەسەر نیشتیمان ئاگردەکاتەوە، بێ ئەوەی نە خێزان، نەك مەعشوقەکەی، ڤێلا چەند قاتیەکەی هەڵبداتە ناو فڕۆکەو لە بەلاّی تۆپەکانی دوژمن لە گەڵ منداڵەکیدا ئاودیوی سنووری بکات..

پێویستە، دیمەنی ئەم چەند رۆژە بە تەواوی لە هزری سیاسیەکانی ئێمەدا بچەسپێو دنیابینی ئەوان بە جددی وەربگرنو بە تورەییەکانیان دڵخۆشبنو هانیان بدەن زیاتر تورە بن، چونکە سەرەنجام ئەوان ناز بەسەر سیستەمێکدا دەکەن کە خۆیان درووستیان کردووە لە رۆژگارێکدا خوێنیان بۆ داوەو ئامادەی زیاتریشن، چونکە نەوەی نوێ بە تورەییەوە جوانە، نەك بەخەمو گۆشەگیریو بێدەنگی، ئەها ئەم تورەییە گەنج چۆن لە دۆخە چارەنووسسازەکاندا ئاراستەی خۆی دەگۆڕێو وەردەچەرخێ رووەو دوژمن... دە وەرن لە سیمای گەنجانو لاوانی ئەم ولاّتە وردببنەوەو لە سەر دەستی ئەم نەوە جوانو پڕ حەماسەتە، وانەیەك فێرببین کە دەمێکە نەمان خوێندووە ئەویش.. ئێمەی میللەتێکی پارچە پارچە، دەورەدراو بە دوژمنی هار..

هەرتەنها با چاومان لە لێدوانی (یوئێنو نارەزایەتی رۆژنامەوانی دەوڵەتان)نەبێت، چونکە بە ئەزموون سەلمێنراوە، کە زۆر بوعدی مێژوویی گرنگدا، شیرەشیر بەسەر داگیرکەرانمان کراوە، کەچی هەر تالانیان کردینو هەر دەستدرێژیان بۆسەر ماڵو حاڵ کردووین، لەو کاتەدا، ئەوە کێ بوو مەشخەڵی رزگاری هەڵکردوو لە ئێستا سەرکردەکانمانی بردۆتە سەر شانۆی فەرشی سوور؟ بێگومان ئەو نەوەیە بوو کە لەسەر قۆناغی خۆیدا بێگوێدانە ئەو بۆچوونە، لە پەنا شاخە سەختەکانەوە ئاگری کردەوە، قەدەری ئێمە وایە کە هیچ کەسێك دۆستی هەمیشەییمان نییە وا ناشبێت باوەڕمان وابێ لە سیاسەتدا دۆستی هەمیشەیی دەدۆزینەوە، بەلاّم دەکرێت بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ زیندووەکانی ئەو میللەتەدا بکەین، کە ئومێد لە دڵماندا درووست بکەن بۆ رزگاری هەمیشەیی.. لە دوای کەرنەڤاڵی گەنجە ئازاکانی ولاّت پێویستە بە تەواوی نیگای دەسەلاّت لەسەر گەنج وەکو کائینێکی فەوزەیو بێ پرۆژە بگۆڕێو.. ئومێدی خۆی لەسەر هەڵبچنێ.

بەڕێوەبەری نوسین